

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

تاوان و سزا

وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد

ئەم کتێبە بەرهەمی خۆمانە
و تا ئێستاش لە هیچ شوێنێك
نەکراوە بە pdf

تایبەتە بە پەیجی
کتێبەکان بە pdf

غەزەلنووس

تاوان و سزا

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ڕەووف بێگەرد

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

بەشی سێیەم

١

ڕاسکۆلنیکۆڤ کەمێک ڕاست بووەوە و لەسەر قەنەفەکە دانیشت، لەسەرخۆ بە دەستی ئاماژەی بۆ ڕازومیخین کرد تا لافاوی هەستی پڕ و شەوقی ئاگرینی نەگونجانی خۆی بەرانبەر بە دایک و خوشکی بوەستێنێت، ئینجا دەستی هەردووکیانی گرت، نزیکەی دوو دەقیقە بە بێدەنگی، تەماشای هەر یەکێکیانی کرد. دایکی لە ڕوانینەکەی ترسا، لە نیگاکەیدا سۆزێکی گەورەی بەسوێ، لە هەمان کاتدا بێجووڵە و شێتانە، دەبینرا، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کەوتە گریان، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا ڕەنگی پەڕیبوو، دەستی لە ناو دەستی کاکیا دەلەرزی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی ناسەقامگیرەوە و ئاماژە بە ڕازومیخین وتی:

- لە گەڵیا بڕۆنەوە بۆ ماڵێ.. تا بەیانی، بەیانی هەموو شتێک.. دەمێکە گەیشتوون؟

پولخێریا ئیڤانۆڤنا وەڵامی دایەوە:

- ئەم ئێوارەیە، ڕودیا، شەمەندەفەرەکە زۆر زۆر دواکەوت، بەڵام ڕودیا، من بە هیچ جۆرێک ئێستا تۆ بەجێ ناهێڵم، من ئەمشەو لای تۆ..

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی ڕاوەشاند و بە تووڕەییەوە وتی:
- ئازارم مەدەن.
ڕازومیخین هاواری کرد:
- من لای دەمێنمەوە، دەقیقەیەک چییە بەجێی ناهێڵم، میوانەکان چاویان دەردەهات، خوای دەکرد سەریان بە دیواردا دەکێشا، مامەم مشوریان دەخوات.
پولخێریا ئیڤانۆڤنا توند دەستی ڕازومیخینی گوشی و وتی:
- نازانم چۆن سوپاست بکەم!
بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسان قسەی پێبڕی و بە تووڕەییەوە وتی:
- من ناتوانم، ناتوانم، ئازارم مەدەن، بەسە، بڕۆن. ناتوانم..
دونیا بە ترسەوە، بە هێوری و لەبەر خۆیەوە وتی:
- دایکە گیان با بڕۆین، هیچ نەبێت با دەقیقەیەک لە ژوورەکە بچینە دەرەوە، ئەگەر وانەکەین دیارە دەمانەوێت بیکوژین.
پولخێریا ئیڤانۆڤنا دەستی بە گریان کرد و وتی:
- یەعنی دوای سێ ساڵیش نابێت بیبینم؟
دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگی کردن:
- ڕاوەستن، قسەم پێمەبڕن، پێدەچێت بیرم لای خۆم نەبێت.. ئایا لۆژینتان دیووە؟
- نا ڕودیا، بەڵام لە هاتنمان ئاگادارە.
بە کەمێک دوودڵییەوە پولخێریا ئیڤانۆڤنا لەسەری ڕۆشت:
- بیستمان پیتەر پتروڤیچ گەورەیی نواندووە و ئەمڕۆ سەری لێداویت.
- بەڵێ.. گەورەیی نواندووە! دونیا، بە لۆژینم وت ئەگەر ئەمجارە بێتەوە لە پلیکانەکانەوە دەیخەمە خوارێ، دەرمکرد.

- ڕودیا، تۆ چی دەڵێیت! دیارە.. تۆ ناتەوێت بڵێی کە...
وەلێ پولخێریا ئیڤانۆڤنا کە بە ترسەوە قسەی دەست پێکرد، تەماشای دونیای کرد و بێدەنگ بوو. ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا لە کاکی ڕاما و چاوەڕوانی قسەی تری بوو، هەردوو ژنەکە ئاگاداری شەڕەکە بوون، ناستاسیا تا ئەو جێگایەی خۆی تێی گەیشتبوو، هەموو ڕووداوەکەی بۆ گێڕابوونەوە، هەردووکیان سەرسامی و شپرزەیی بڕستی بڕیبوون.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ناڕەحەتییەوە بەردەوام بوو:
- دونیا، من ئەم شووکردنەی تۆم ناوێت، بۆیە دەبێت لە بەیانی زووتر نییە بە لۆژین بڵێی کە تۆ ناتەوێت، بۆ کوێ دەچێت با بچێت..
پولخێریا ئیڤانۆڤنا هاواری کرد:
- ئای خودایا!
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە تووڕەییەکەوە کە زوو جڵەوی گرت وتی:
- کاکە، تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە دەیڵێیت.
دوایی لەسەرخۆ وتی:
- لەوە ناچێت تەندروستیت باش بێت، ڕەنگە نەخۆش بیت.
- وڕێنە دەکەم؟ وا نییە؟، نا.. تۆ لەبەر خاتری من دەبێتە ژنی لۆژین، وەلێ من قوربانیم ناوێت، بۆیە نامەیەک بۆ بەیانی ئامادە بکە، نامەی ڕەتکردنەوە، خۆیشم دەیخوێنمەوە، تەواو.
کچە دڵشکاوەکە هاواری لێهەستا:
- ناتوانم کاری وا بکەم! بە چ هەقێک..
دایکە بە ترسەوە ڕووی لە کچەکەی کرد و بەپەلە وتی:
- دونیا گیان، تۆیش تووڕەیت، بەسیەتی، سبەی.. ئەی تۆ نابینیت.. وایش چاکترە کە بڕۆین.

ڕازومیخین کە هێشتا سەرخۆش بوو، بە دەنگی بەرز وتی:
- وڕێنە دەکات! ئەگینا چۆن پڕکێشی دەکات!.. بەیانی هەموو ئەم گەوجایەتییانەی لەسەردا نامێنێت.. بەڵام ئەمڕۆ بە ڕاستی لۆژینی دەرکرد، ئەمە وایە، بەڵێ، ئەویش هەر تووڕە بوو، لێرەدا قسەی کرد، بە خۆیدا هەڵدەدا، پاشانیش کلکی نایە ناوگەڵی و بۆی دەرچوو.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری کرد:
- کەواتە ئەمە ڕاستە؟
دونیا بە سۆزێکەوە وتی:
- کاکە تا بەیانی، دەی دایە گیان.. خوات لەگەڵ ڕودیا.
بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەموو توانایەوە دووبارەی کردەوە:
- گوێت لێمە خوشکێ؟ من وڕێنە ناکەم، ئەم زەماوەندە سووک و ڕسواییە، قەیدی نییە با من ڕسوا بم، بەڵام تۆ، نابێت.. یەکێکمان بەسە.. هەرچەندە من ڕسوام، بەڵام ئەو خوشکە بە خوشک نازانم، یا من، یا لۆژین، فەرموو بڕۆن..
ڕازومیخین قیژاندی:
- ئاخر، بۆ تۆ شێت بوویت، زاڵم!
ڕاسکۆلنیکۆڤ ئیتر وەڵامی نەداوە، ڕەنگە هەر توانای وەڵامدانەوەیشی نەبووبێت، لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا، بەوپەڕی بێهێزیەوە ڕووی خۆی کردە دیوارەکە. ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا ماتیگرانە سەرنجێکی ڕازومیخینی دا. چاوە ڕەشەکانی بروسکەیەکیان دا، ڕازومیخین تەنانەت لەو نیگایە خەجڵی. پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش وەک یەکێک بروسکەی بەرکەوتبێت، لە شوێنی خۆیدا وشک بوو، نائومێدانە زۆر بە ئەسپایی بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:

- من به هیچ جۆرێک ناڕۆم، لێره بۆ خۆم له سووچێکدا.. دەمێنمەوە.. تۆ دونیا بگەیەنە.
ڕازومیخینیش هەر لەسەرخۆ، بەڵام زۆر بە تووڕەیی وتی:
- تۆیش هەموو شتەکان دەشێوێنیت! هیچ نەبێت با بڕۆینە تارمەی لای پلیکانەکان، ناستاسیا چرایەک دابگیرسێنە، سوێند دەخۆم..
کە بەرەو لای پلیکانەکان دەچوون بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی:
- ... لەوەدابوو لە من و پزیشکەکە بدات، دەزانن؟ هەر خودی پزیشکەکە! تەنانەت ئەو زوو خۆی بە دەستەوەدا، بۆ ئەوەی ئەم زیاتر ڕک نەیگرێت، ڕۆیشت، من بۆ ئاگالێبوونی لە خوارەوە مامەوە، کەچی جلی لەبەرکرد و بۆی دەرچوو، ئێستایش ئەگەر تووڕەی بکەن، هەڵدێت، هەر ئەمشەو.. دەشێ بەڵایەک بەسەر خۆی بهێنێت..
- ئەی هاوار تۆ چی دەڵێیت!
- پاشان هەرگیز بۆ ئاڤدوتیا ناشێت لە ژوورێکی کرێگرتەدا بەبێ تۆ بە تەنیا بێت. بیر بکەرەوە لە چ شوێنێک گیرساونەتەوە، ئاخر ئەو پیتەر پتروڤیچە بەدڕەگەزە نەیتوانی شوێنێکی چاکترتان بۆ بگرێت؟ بەڵام دەزانیت، من کەمێک سەرخۆشم، بۆیە جوێنم دا، گوێ مەدەرێ.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا جەختی کرد:
- دەچمە لای خاوەن ماڵەکەی ئێرە، لێی دەپاڕێمەوە بۆ ئەمشەو سووچێک بداتە من و دونیا، من ناتوانم بەم حاڵەوە بەجێی بهێڵم، ناتوانم.
بەدەم قسەکانەوە، لە یەکەمین قاڵدرمەدا، ڕاست ڕووبەرووی دەرگای ژووری خاوەن ماڵەکە وەستا بوون، ناستاسیا لە قاڵدرمەی خوارتردا ڕێگەی بۆ ڕووناک دەکردنەوە. ڕازومیخین لەڕادەبەدەر هەڵچوو بوو. پێش نیو سەعات، ئەو کاتەی ڕاسکۆلنیکۆڤی بەرەو ماڵ دەهێنایەوە،

هەرچەندە گەلێک زۆربڵێی کرد و خۆیشی بەمەی دەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆری خواردبووەوە، تەواو ئاگای لە خۆی بوو، کەچی ئێستا دڵی خۆش بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە خواردنەوەکە دووقات کاری لێکردووە. لەگەڵ دوو خانمەکەدا وەستابوو، دەستی هەردووکیانی خستبووە ناو دەستی خۆیەوە و بە پاساوی زۆر قەناعەتپێکەرەوە ئامۆژگاری دەکردن، بۆ ئەوەیش کە زیاتر بڕوای پێبکەن، لە دوای هەر وشەیەکەوە دەستی هەردووکیانی لە ناو دەستی خۆیدا وا وەک مەنگەنە دەگوشی، کە ئازاری پێدەگەیاندن، بە هەردوو چاویشی خەریک بوو ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا هەڵلووشێت، هیچ شەرمیشی لەو کارەی نەدەکرد. ژنەکان لە تاو ئێشی دەستیان هەندێکجار دەستیان لە ناو دەستە گەورە و ڕەقەڵەکانی دەردەهێنا، بەڵام ئەو نەک تەنیا گوێی پێنەدەدا، بەڵکو تا دەهات زیاتر بۆ لای خۆی ڕایدەکێشان، ئەگەر ئەوان فەرمانیان پێبدایە کە لەبەر خاتری ئەوان خۆی لە پلیکانەکان بخاتە خوارێ، بەبێ سێودوو ملی بۆ دەدان.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە نوقمی بیرکردنەوە بوو لە ڕودیای ئازیزی و تەواو بێحەوسەڵە بوو. هەر چەندە هەستی دەکرد کە ئەم کوڕە گەنجە لەڕادەبەدەر دڵسۆزی بەخەرج دەدات و زیادەڕۆیی لەدەست گوشینیا دەکات، وەلێ لەبەر ئەوەی بۆ ئەو ڕزگارکەربوو، بۆیە نەیدەویست گوێ بەو شتانە بدات و وردەکاریی تیا بکات. بەڵام ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، لەگەڵ بوونی هەمان ئەو نیگەرانییەدا کە لە دایکیا هەبوو، هەرچەندە نەدەترسا، بەڵام ڕوانینەکانی هاوڕێی براکەی کە ئاگریان لێدەبووەوە، سەرسامی و تا ڕادەیەک ترسی لێنیشاندبوو، تەنیا پشتی بەو قسانە قایم بوو، کە ناستاسیا دەربارەی ئەم پیاوە

ترسناکە کردبووی، هەر ئەوەیش ڕێگەی ئەوەی لێگرتبوو کە دەستی دایکی بگرێت و لەتاو ڕازومیخین هەڵبێت. هەروەها دەیشیزانی کە تازە هەڵاتن لە دەستی دادێک نادات، سەرئەنجام دوای دە دەقیقە کەمێک هێور بووەوە، چونکە لە تایبەتمەندییەتیی ڕازومیخین بەئاگا هات کە هەرچیەکی لە دڵدایە، ئیتر لە هەر حاڵێکدا بێت، هەمووی ئاشکرا دەکات، بۆیە هەرکەسێک سەروکاری لەگەڵدا بووایە، زۆر زوو دەیزانی کێیە و چی دەکات.

ڕازومیخین لە کاتێکدا کە دڵنیایی بە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دەبەخشی، هاواری کرد:

- هەرگیز نابێت لای خاوەن ماڵەکە بمێننەوە، ئەوە کاری کردە نییە، ئەگەرچی تۆ دایکیت، وەلێ ئەگەر بمێنیتەوە، بە تەواوی شێت دەبێت. ئەوسا خوا خۆی دەزانێت چی ڕوو دەدات. گوێ بگرە، بزانە چی دەکەم: ئێستا ناستاسیا لای دادەنیشێت و من ئێوە دەگەیەنمە ماڵەوە، چونکە ئێوە دوو ئافرەتن و ناتوانن بە تەنیا بە کۆڵاناندا بڕۆن، ئێمە لەم بارەیەوە لە پتروزبورگا.. بە کورتی، گرنگ نییە! کە ئێوەم گەیاند، بە ڕاکردن دەگەڕێمەوە ئێرە و دوای چارەکەسەعاتێک، بەڵێنی شەرەفتان دەدەمێ، دیسان دەگەڕێمەوە لاتان و لە چاکی و خراپیی ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگادارتان دەکەمەوە، پاشان، گوێ بگرن، لەلای ئێوەوە یەکسەر دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم، میوانم هەیە، هەموویان سەرخۆشن، زوسیموف هەڵدەگرم، ئەو پزیشکەیە کە چارەی دەکات و ئێستا لە ماڵەکەی مندایە، ئەو سەرخۆش نییە، قەت ناخواتەوە، ئەیبەم بۆ لای ڕودیا و دوایی هەردووکمان دێینە لاتان، بەم جۆرە ئێوە لە ماوەی سەعاتێکدا دووجار هەواڵی دەزانن و لە خودی پزیشکەکەیشی دەبیستن، هەر ڕووبەڕوو لە خودی پزیشکەکە، نەک

ترسناکە کردبووی، هەر ئەوەیش ڕێگەی ئەوەی لێگرتبوو کە دەستی دایکی بگرێت و لەتاو ڕازومیخین هەڵبێت. هەروەها دەیشیزانی کە تازە هەڵاتن لە دەستی دادێک نادات، سەرئەنجام دوای دە دەقیقە کەمێک هێور بووەوە، چونکە لە تایبەتمەندییەتیی ڕازومیخین بەئاگا هات کە هەرچیەکی لە دڵدایە، ئیتر لە هەر حاڵێکدا بێت، هەمووی ئاشکرا دەکات، بۆیە هەرکەسێک سەروکاری لەگەڵدا بووایە، زۆر زوو دەیزانی کێیە و چی دەکات.

ڕازومیخین لە کاتێکدا کە دڵنیایی بە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دەبەخشی، هاواری کرد:

- هەرگیز نابێت لای خاوەن ماڵەکە بمێننەوە، ئەوە کاری کردە نییە، ئەگەرچی تۆ دایکیت، وەلێ ئەگەر بمێنیتەوە، بە تەواوی شێت دەبێت. ئەوسا خوا خۆی دەزانێت چی ڕوو دەدات. گوێ بگرە، بزانە چی دەکەم: ئێستا ناستاسیا لای دادەنیشێت و من ئێوە دەگەیەنمە ماڵەوە، چونکە ئێوە دوو ئافرەتن و ناتوانن بە تەنیا بە کۆڵاناندا بڕۆن، ئێمە لەم بارەیەوە لە پتروزبورگا.. بە کورتی، گرنگ نییە! کە ئێوەم گەیاند، بە ڕاکردن دەگەڕێمەوە ئێرە و دوای چارەکەسەعاتێک، بەڵێنی شەرەفتان دەدەمێ، دیسان دەگەڕێمەوە لاتان و لە چاکی و خراپیی ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاگادارتان دەکەمەوە، پاشان، گوێ بگرن، لەلای ئێوەوە یەکسەر دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم، میوانم هەیە، هەموویان سەرخۆشن، زوسیموف هەڵدەگرم، ئەو پزیشکەیە کە چارەی دەکات و ئێستا لە ماڵەکەی مندایە، ئەو سەرخۆش نییە، قەت ناخواتەوە، ئەیبەم بۆ لای ڕودیا و دوایی هەردووکمان دێینە لاتان، بەم جۆرە ئێوە لە ماوەی سەعاتێکدا دووجار هەواڵی دەزانن و لە خودی پزیشکەیشی دەبیستن، هەر ڕووبەڕوو لە خودی پزیشکەکە، نەک

لە من، خۆتان لێی بپرسن، ئەگەر باری تەندروستی خراپ بوو، سوێند دەخۆم خۆم دەتانهێنمە ئێرە و ئەگەر باشیش بوو، بۆ خۆتان بخەون، وەلێ من هەموو شەوەکە هەر لێرە دەمێنمەوە. لە تارمەکەدا، ئەو پێی نازانێت، بە زوسیموفیش دەڵێم لای خاوەن ماڵەکە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لەبەردەستا بێت، باشە، چی بۆ ئەو باشترە ئێوە یان پزیشک؟ بێگومان پزیشک بەکەڵکترە، باشە دەی، بڕۆن بۆ ماڵەوە، لای خاوەن ماڵ هەر نابێت، ڕەنگە بۆ من بهێڵێت، بەڵام بۆ تۆ نا، چونکە.. چونکە ژنێکی گەلۆرە، ئەو بەنیسبەت ئاڤدوتیا ڕومانوڤناوە، تەنانەت ئەگەر ڕاستت دەوێت، ئیرەیی بە تۆیش دەبات.. بێگومان ئاڤدوتیا ئەوە هەر نەیکردبێت، ژنێکی زۆر سەیرە، بەڵام منیش هەر گەمژەم.. قیروسیا! با بڕۆین، بڕوام پێدەکەن؟ ها! بڕوام پێدەکەن یان نا؟

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا وتی:

- دایکە گیان، بێگومان ئەوەی کە دەیڵێت بەجێی دەهێنێت، ئەوە بەڵێنی خۆیەتی، تا ئێستا ئەو کاکمی ڕزگار کردووە، ئەگەر ڕاست بێت و پزیشکەکە بەوە قایل بێت، کە شەو لێرە بمێنێتەوە، ئیدی چی لەوە باشتر دەبێت؟

ڕازومیخین بەدەم دەستودەمخۆشییەوە هاواری لێهەستا:

- تۆ.. تۆ لێم تێدەگەیت، چونکە تۆ فریشتەیت، با بڕۆین، ناستاسیا هەر ئێستا بڕۆ سەرەوە و لای دابنیشە، چراکە دابگیرسێنە، چارەکێکی تر دەگەڕێمەوە..

هەرچەندە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا قەناعەتی تەواوی نەکردبوو، بەڵام جەختیشی نەکرد، ڕازومیخین ژێربالی هەردووکیانی گرت و بە پلیکانەکاندا هێنانییە خوارێ، دەبێت ئەوەیش بڵێین کە پولخێریا

ئەلێکساندروڤنا تا ڕادەیەک لە ڕازومیخین هەر دڵنیا نەبوو، بە خۆی دەوت: "ئەگەرچی دڵسۆز و زیرەکە، بەڵام تۆ بڵێی بتوانێت بەڵێنەکەی بەجێ بێنێت؟ ئەمەیش بەم حاڵەتەوە کە تیایەتی!"

ڕازومیخین لەوە گەیشت کە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا چی لە دڵدایە. بە هەنگاوە فراوانەکانی، بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت کە خانمەکان بە زەحمەت دەیانتوانی پێی بگەن، کەوتە سەر شۆستەکە، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانی پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش لەکار بخات، وتی:

- بەڵێ، تێدەگەم، تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە من لە چ حاڵێکدام! بێخود، یەعنی من سەرخۆشم، بەڵام کێشەکە لەمەدا نییە، من مەستی شەراب نیم، بەڵکو بینینی ئێوە سەرخۆشی کردووم، وەلێ گرنگ نییە، گوێم پێمەدەن، درۆ دەکەم، من شایستەی ئێوە نیم، بە هیچ جۆرێک شایستەی ئێوە نیم، هەر ئەوەندەی ئێوەم گەیاند، ڕاست دەچمە سەر جۆگاکە و دووجام ئاو بەسەرما دەکەم و هەموو شتێک تەواو دەبێت. ئەگەر دەزانن من هەردووکتانم چەند خۆش دەوێت! پێمەکەنن، تووڕە مەبن، لە هەموو کەس تووڕە بن، بەڵام لە من نا، من هاوڕێی ئەوم، کەواتە هاوڕێی ئێوەیشم، من وام دەوێت.. من دەمێکە ئەم هەستەم هەیە.. ساڵێک لەمەوبەر هەر لەم کاتەدا.. وەلێ نا، هەرگیز لەمەوپێش ئەو هەستەم نەبووە، چونکە ئێوە وەک لە ئاسمان کەوتبێتنە خوارەوە وایە، بە کورتی، من ئەمشەو هەرگیز نانووم.. زوسیموف لەوە دەترسا کە ڕودیا شێت بێت.. بۆیە نابێت بیوروژێنین..

دایک هاواری کرد:

- تۆ دەڵێی چی!

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا زۆر ترسا، پرسی:

- بەڕاست پزیشک وای وت؟
- وتی، وەلێ ڕاست نییە، هیچ ڕاست نییە، تەنانەت دەرمانێکی دایە، تۆزێک بوو، خۆم بینیم، ئەو کاتە بوو کە ئێوە گەیشتن.. ئاه.. خۆزگا ئێوە سبەی بگەیشتنایە، باش بوو ئێمە ڕۆیشتین، سەعاتێکی تر خودی زوسیموف هەواڵی تەواوتان دەداتێ. هیچ سەرخۆش نییە، منیش مەست نابم.. بەڵام بۆ ئەوەندەم خواردۆتەوە، کە سەرخۆش بم؟ لەبەر ئەوەی ئەو نەحلەتییانە کێشامیانە ناو قسەوە، ئاخر، من بڕیارم دابوو ئیتر خۆم نەخەمە ناو بێنەوبەردەی گفتوگۆوە.. قسەی هێند بێمانا دەکەن! خەریک بوو دەست بدەمە یەخەیان. من مامەم وەک سەرۆک لەوێ دانا.. سەرۆکی دانیشتنەکە، باوەڕ بکەن، ئەوان دەخوازن مرۆڤ هیچ کەسایەتییەکی خۆی نەبێت، ئەمە بە پێشکەوتن دادەنێن، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لە خۆی نەچێت، لە هەموو شتێک کەمتر لە هەقیقەتی خۆی بچێت، ئەمەیش لای ئەوان گەورەترین پێشکەوتنە. خۆزگا هەر هیچ نەبووایە درۆکانیشیان بە شێوازێکی زۆر تایبەت دەرببڕیایە، بەڵام.. پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە شەرمەوە قسەکانی پێبڕی و وتی:
- گوێ بگرە..
وەلێ قسەپێبڕینەکە ئەوەندەی تر ئاگری لە لاوەکە بەردا، ڕازومیخین بە دەنگی بەرزتر نەڕاندی:
- تۆ چۆنی بیر لێدەکەیتەوە؟ تۆ وادەزانیت من بۆیە ئەمانە دەڵێم، چونکە ئەوان درۆیان کردووە! نا، من ئەوانەم خۆش دەوێت، کە درۆ دەکەن، درۆ یەکەم تایبەتمەندیی مرۆڤە کە لە هەموو گیاندارەکانی تری جیا دەکاتەوە. بە درۆ دەگەیتە ڕاستی! من بۆیە مرۆڤم، چونکە درۆ دەکەم، هەرگیز کەس نەگەیشتۆتە ڕاستی ئەگەر چوارده جار یان

ڕەنگە سەدوچوارده جار درۆی نەکردبێت، ئەمەیش شایانی ڕێزلێگرتنە، بەڵام، ئێمە ناتوانین درۆکانیشمان بەپێی ئەقڵی خۆمان بکەین، درۆم لەگەڵدا بکە، بەڵام درۆی خۆت بکە و منیش ئەو کاتە ماچت دەکەم، درۆکردن بە شێوازی خۆت، لەو هەقیقەتە چاکترە کە لاساییکردنەوەی خەڵکی تر بێت. لە یەکەمیاندا تۆ مرۆڤی، لە دووەمدا تۆ تەنیا تووتییەکیت. ڕاستی هەرگیز لەناو ناچێت، بەڵام دەشێت ژیان لەناو بچێت. لەم بارەیەوە نموونە زۆرە، باشە، ئاخر ئێستا ئێمە چین؟ ئێمە هەموومان، هەموومان بەبێ ئاوارتەیەک، لەبارەی زانست، کولتوور، بیر و ئایدیۆلۆژی، ئارەزوو، قوتابخانەی ئازادیخوازی، ئەقڵ، ئەزموون و هەموو شتێک، هەموو شتێک، هەموو شتێک. ئێمە هێشتا لە پۆلە سەرەتاییەکانی خوێندنگاداین. حەزمان بە ئەقڵی خەڵکانی ترە، پێی ڕاهاتووین، وا نییە! ڕاست دەکەم؟

هەر بەم جۆرە بەدەم هاوار و دەنگەدەنگەوە دەستی خانمەکانی لە ناو دەستی خۆیدا توند دەگوشی و دەیوتەوە:

- وا نییە؟

پولخێریا ئەلێکساندروڤنای داماو وتی:

- خودایا.. من نازانم.

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە ویقارەوە وتی:

- وایە، وایە، هەرچەندە من لە گشت شتەکاندا لەگەڵتا نیم.

لە پڕێکدا، ڕازومیخین ئەمەندە توند دەستی گوشی، کە هاواری لێهەستا.

ڕازومیخین بە خۆشی و پێزانینەوە وتی:

- وایە؟ تۆ دەڵێی وایە؟ بەڵام تۆ.. تۆ سەرچاوەی چاکی، پاکی، هزر و.. کەماڵیت، بێنە دەستت، دەی.. تۆیش بێنە دەستت، دەمەوێت لە بەردەمتانا کڕنووش بەرم و هەر ئێستا دەستەکانیشتان ماچ بکەم.
هەر لەناوەڕاستی پیادەڕێکەدا کە خۆشبەختانە لەو کاتەدا تەواو چۆڵ بوو، بە چۆکدا هات.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە بێتاقەتییەکەی گەیشتبووە ئەوپەڕی، هاواری لێکرد:
- بەسە، تکایە، تۆ چی دەکەیت؟
دونیایش هەر بە نیگەرانی و پێکەنینەوە وتی:
- هەستە، هەستە!
- هەرگیز هەڵناستم، ئێوە دەستتانم بدەنێ. ئاوا، باشە، بەسە، هەستام، بڕۆین. من لێبوکێکی بێچارەم، من شایستەی ئێوە نیم، مەست و شەرمەزارم.. شایانی ئەوە نیم ئێوەم خۆش بوێت، بەڵام کڕنووش بۆ بردنتان ئەرکی هەموو کەسێکە، بە مەرجێک ئاژەڵ نەبێت، منیش کڕنووشم بۆ بردن.. باشە، ئەوەیش ژوورەکەتانە، هیچ نەبێت ڕادیون لەم لایەنەوە هەقیەتی کە پیتەر پتروڤیچی ئێوەی دەرکرد، چۆن لە ڕووی هاتووە لە ژوورێکی وادا داتانبنێت؟ ڕسواییە! دەزانن کێ دەهێننە ئێرە؟ ئاخر، تۆ دەزگیرانی ئەویت، نا؟ دەزگیرانی ئەویت. کەواتە با پێت بڵێم مێردەکەت تا بڵێی پیاوێکی قێزەونە.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دەستی بە قسە کرد:
- گوێ بگرە، جەنابی ڕازومیخین، تۆ خۆت فەرامۆش کردووە.
ڕازومیخین هاتەوە سەر خۆی و وتی:
- بەڵێ، ڕاست دەکەیت، من خۆم فەرامۆش کردووە، شەرمەزارم، بەڵام، بەڵام نابێت لەسەر ئەو قسانەی کە پێتانی دەڵێم تووڕە بن،

چونکە بە ڕاستگۆییەوە دەیانڵێم، نا، چونکە.. هوم، ئەگەر وابووایە کارێکی قێزەون بوو، بە کورتی، نەک لەبەر ئەوەی من ئێوەم.. هوم.. باشە با وابێت، پێویست ناکات، نایڵێم، بۆ ناوێرم! بەڵام ئێمە هەموومان کە ئەو هاتە ژوورەوە، هەستمان کرد ئەم کەسە لە ئێمە نییە، نەک لەبەر ئەوەی بە قژی لوولکراویەوە تازە لای سەرتاشەوە هاتبوو، نەک لەبەر ئەوەی پەلەی بوو ئەقڵی خۆیمان پێبفرۆشێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی سیخوڕ و ڕژدە، وەک جوولەکە، فێڵبازە و ئەمەیش دیار و ئاشکرایە، ئایا ئێوە بە ئاقڵی دەزانن؟ نا، دەبەنگە، دەبەنگە، ئاخر، ئایا ئەوە مێزدتە؟ ئەی خوا گیان!

لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لە پلیکانەکانەوە بەرەو لای ژوورەکە سەردەکەوتن، وەستا و وتی:

- خانمەکان بڕوانن، هەرچەندە ئەوانەی ئێستا لە ماڵەکەمدان، هەموویان سەرخۆشن، بەڵام هەموویان نەجیبن، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە درۆ دەکەین.. ئاخر منیش هەر درۆ دەکەم، بەڵام سەرئەنجام بە درۆکانی خۆمان دەگەینە ڕاستی، چونکە لەسەر ڕێگەی ڕاست وەستاوین، وەلێ پیتەر پتروڤیچ.. هەنگاو بەسەر ڕێگەی ڕاستا نانێت، هەرچەند ئێستا من جوێنم پێدان، بەڵام ڕێزم بۆ گشتیان هەیە، تەنانەت زامیوتوفیشم خۆش دەوێت، ئەگەرچی ڕێزی ناگرم. چونکە بێجگە لە تووتەڵەسەگێک چی تر نییە، تەنانەت زوسیموفی حەیوانیشم خۆش دەوێت چونکە خانەدانە و کاری خۆی دەزانێت. باشە، کەواتە ئیتر بەسە، هەموو شتێک وترا و داوای لێبوردن دەکەم، بمبوورن، وایە؟ باشە، با بڕۆین، من ئەم ڕارەوە دەزانم، لێرە بووم، لێرە، لەم ژووری ژمارە سێیەدا، کارەساتێک ڕووی دا.. دەی، ئێوە لە کوێن؟ کامە ژوور؟ هەشتەم؟ باشە، بەڵام شەو دەرگاکە دابخەن، نەهێڵن

کەس بێتە ژوورێ، چارەکەسەعاتێکی تر بە هەواڵەوە دێمەوە و پاشان دوای نیو سەعات لەگەڵ زوسیموفدا دێم، دەبینن، ماڵئاوا..
ڕۆیشتم.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە نیگەرانی و ترسەوە بە کچەکەی خۆی وت:
- ئای وای، دونیا گیان، دەبێت چی ڕوو بدات؟
دونیا لە کاتێکدا کە کڵاو و مانتۆکەی لابرد، وتی:
- دایکە گیان، هێور بە، خوا خۆی ئەم بەڕێزەی بۆ ئێمە ڕەخساندووە، هەرچەندە بە ڕاستی لە کۆڕی خواردنەوەوە هاتووە، بەڵام بڕوا بکە دەشێت پشتی پێببەسترێت، تا ئێستایش چەندە خزمەتی کاکمی کردووە!
- ئا، دونیا، خوا دەزانێت دێتەوە یان نا! بەڕاست نازانم من چۆن قایل بووم لای ڕودیا نەمێنمەوە! هیچ ئەوەم بە بیردا نەدەهات ئەو بەو حاڵەوە ببینم، چەند لەگەڵماندا دڵڕەق بوو! وەک ئەوەی بینینمانی پێ خۆش نەبێت..
فرمێسک لە چاویا قەتیس ما.
- نا دایکە گیان، وانییە، تۆ باش سەرنجت نەداوەتێ، تۆ هەر دەگریایت، دیارە نەخۆشییەکەی سەختە و ئەوەیش وای لێکردووە.
- ئای لەو نەخۆشییە! چی دەبێت، چۆن قسەی لەگەڵدا کردیت، دونیا؟ لەگەڵ قسەکاندا دایکە بە دزییەوە لە چاوی کچەکەی ڕوانی بۆ ئەوەی چی لە بیریدایە بیخوێنێتەوە. بەوەی کە دونیا لایەنی ڕودیای گرت و ئەمەیش بەو مانایەیە، کە بەخشیویەتی، کەمێک ئاسوودە بوو، بۆ ئەوەیش کە تەواو دڵنیا بێت، وتی:
- من بێگومانم سبەینێ ڕاکانی خۆی دەگۆڕێت.

- بەڵام من تەواو لەوە دڵنیام کە سبەینێش هەر لەو بارەیەوە دەپەیڤێت.

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، بەمە کۆتایی بە قسەی دایکی هێنا و ئەمەیش خۆی مەسەلەیەکی دروست کرد، چونکە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لە گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە ئێستا زۆر دەترسا.

دونیا لە دایکی نزیک بووەوە و ماچی کرد، دایکیشی بە هێوریی توند لە ئامێزی گرت، پاشان بە نیگەرانییەوە دانیشت و کەوتە چاوەڕوانیکردنی ڕازومیخین، لە پەناوە تەماشای کچەکەی دەکرد، کە ئەویش هەر لە چاوەڕوانیکردندا بوو، دەستی لە پشتییەوە هەڵپێکابوو، بیری دەکردەوە و لە ناو ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. ئەم پیاسەکردنە لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر خوویەکی ئاسایی ئاڤدوتیا بوو، دایکیشی لەو جۆرە کاتانەدا زۆر لەوە دەترسا، کە بیرکردنەوەکەی شلوێ بکات.

بێگومان ڕازومیخین بەو عەشقە کتوپڕەیەوە کە لە حاڵەتی مەستیدا بۆ ئاڤدوتیا هەڵگیرسابوو، زۆر پێکەنینهێن بوو، بەڵام بە تەماشاکردنێکی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، بەتایبەتی لەم بارەی ئێستایدا کە دەستی لە پشتەوە هەڵپێکابوو، بە غەمباری و بیرکردنەوەوە هاتوچۆی بە ژوورەکەدا دەکرد، هەرکەس بەو جۆرە بیبینیایە، ڕازومیخینی دەبەخشی، بە تایبەتی ئەگەر لە کاتی ئاسایی خۆی و دوور لە سەرخۆشی بووایە. ئاڤدوتیا گەلێک جوان بوو، باڵای بەرز و زۆر گونجاو و پڕ بوو، لە هەڵسوکەوتیا دیار بوو کە زۆر بڕوای بە خۆیەتی. هەرچەندە ئەمە هیچ لە ناسکی و نەرمی و ڕێکپۆشییەکەی نەدەهێنایە خوارێ. دەموچاوی لە کاکی دەچوو، بەڵام ئەم نمونەیەک بوو لە جوانی، قژی زەردێکی تێر و کەمێک لە قژی کاکی کاڵتربوو، چاوانی تا ڕادەیەک ڕەش و درەوشاوە و لەخۆبایی و لە هەمان کاتدا

هەندێکجار تا ئەوپەڕی نەرمونیان بوون، ڕەنگی دەموچاوی پەڕیبوو، بەڵام نەک پەڕینی نەخۆشی، ڕووی لە تەندروستیا گەش و پرشەپرشی بوو، دەمی کەمێک بچووک و لێوی سوور و قووت بوو، کە وەک چەناگەی هاتبووە پێشێ و تاقە ئەندامێکی بەخەوشی دەموچاوە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو خەوشە سیمای کەسایەتییەکی ڕەسەن و هەندێک لووتبەرزیی پێدەبەخشی. ئەگەرچی ڕووی تا ڕادەیەکی زۆر مانای جیدی و ڕامانی پێوە دیار بوو تا خۆشحاڵی، بەڵام زەردەخەنەیەکی دڵگیر و شایستە و پێکەنینێکی دڵبزوێن و بێگەرد سیماکەی ڕازاندبووەوە. کەواتە ڕازومیخین ناهەقی نەبوو بەو مەستی و گەرمی و سادەیی و خانەدانییەوە، وەک پاڵەوانێکی بەهێز کە هەرگیز شتی وا جوانی نەدیبوو، هەر لە یەکەم نیگاوە ئەقڵی لەدەست بدات. بەتایبەتی دەڵێی ئەم ڕێکەوتی یەکەم بینینە، وای کرد کە دونیا لە حاڵەتی جوانی و خۆشەویستی و دڵخۆشییەوە، کە بینینی براکەی بۆی ڕەخساند، پاشان لە حاڵەتێکی تریشدا کە چۆن لێوە قوت و جوانەکەی بەرانبەر بە داواکارییە سەخت و نادروستەکانی کاکی خەجڵین. ئەم دوو دیمەنە بڕستیان لە ڕازومیخین بڕی و هێز و توانای بەرگریکردنی نەهێشت. ڕازومیخین کاتێک لەسەر پلیکانەکان بە سەرخۆشی باسی ئەوەی کرد گوایا خاوەن خانووەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ، واتا پراسکوفیا بافلوفنا نەک تەنیا ئیرەیی بە ئاڤدوتیا ڕومانوفنا، بەڵکو بە پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش دەبات، قسەکەی ڕاست بوو، چونکە ئەگەرچی تەمەنی پولخێریا ئەلێکساندروڤنا چلوسێ ساڵ بوو، وەلێ هێشتا جوانییەکەی ڕابووردووی هەر مابووەوە و لەو تەمەنە گەنجتر دەینواند، ئەم مەبەستە بۆ هەموو ئەو ژنانە دەشێت، کە گیانی زیندوو

و هەستی نوێ و دڵێکی پڕ لە گەرمی و خۆشەویستییان تا پیری لەگەڵ خۆدا هێناوە، با ئەوەیش بڵێین کە پاراستنی هەموو ئەم خەسڵەتانە تاقە ڕێگەی مانەوەی جوانییە، تەنانەت لە تەمەنی پیریشدا.
ڕاستە قژی پولخێریا ئەلێکساندروڤنا تاڵی سپیی تێکەوتبوو، تەنک ببوو. لۆچی وردیلە کەوتبووە لاچاوی و خەموخەفەت چاڵی و سیسییان لەسەر گۆناکانی دانابوو، لەگەڵ ئەمانەیشدا دەموچاوێکی دڵگیر بوو، وێنەیەک بوو لە دونیای دوای بیست ساڵی تر. تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو وەک دونیا لێوی خوارەوەی قنج نەبوو.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا ژنێکی زۆر بەهەست بوو، بەڵام نەک زێدەڕۆ کە بگاتە سۆزایەتییەکی دەستکرد، شەرمن و سازشکار بوو، وەلێ تا ڕادەیەکی دیاریکراو، لە گەلێک مەسەلەدا خۆی دەدا بەدەستەوە. لە زۆر شتا، تەنانەت لەو شتانەیشدا کە پێچەوانەی بیروباوەڕی بوون، بەڵام هەمیشە سنوورێکی بۆ شەرەف و یاسا و بیروباوەڕی خۆی دانابوو، کە هیچ کات و هەلومەرجێک ئەو سنوورەی پێ نەدەبەزاند.
هەر دوای ڕۆیشتنی ڕازومیخین بە بیست دەقیقە، دووجار لەسەر یەک بەڵام لەسەرخۆ، لە دەرگاکە درا، ئەو گەڕابووەوە و هەر ئەوەندەی دەرگاکەی لێکرایەوە، یەکسەر وتی:
- نایەمە ژووری، کاتم نییە، لە خەوێکی خۆش و قووڵدا بوو، خەوێکی ڕەحەت و ئاسوودە، خوا بکەم دە سەعاتی تر هەڵنەستێت. ناستاسیای لایە، پێم وت تا نەگەڕێمەوە نەڕوات، ئێستا دەچم و زوسیموف دێنم، ئەو هەموو شتێکتان پێدەڵێت، ئێوەیش بنوون، دەزانم ماندوون..
بەدەم قسەکانەوە ڕێی داڵانەکەی گرت و ڕۆیشت.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە لەڕادەبەدەر دڵخۆش بوو، وتی:

- چ لاوێکی زیرەک و دڵسۆز و بەوەفایە!
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا هەر بەدەم پیاسەی ناو ژوورەکەوە، زۆر بە گەرمی وتی:
- پێدەچێت مرۆیەکی خۆش ڕەوشت بێت.
دوای نزیکەی سەعاتێک، لە ڕاڕەوەکەدا دەنگی پێ هات و پاشان لە دەرگاکە درا، هەردوو ئافرەتەکە ئەمجارە، تەواو بڕوایان بە بەڵێنەکەی ڕازومیخین کرد و چاوەڕێ بوون، وایش بوو، ڕازومیخین زوسیموفی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، زوسیموف زوو بەوە قایل ببوو کە واز لە میوانییەکە بهێنێت و بڕوات بۆ بینینی ڕاسکۆلنیکۆڤ، بەڵام بە دوودڵی و بێمەیلیەوە هاتبوو بۆ لای خانمەکان، چونکە بڕوای بە قسەکانی ڕازومیخین نەبوو، کە بە سەرخۆشی کردبوونی، وەلێ زوو هەستی خۆویستییەکەی ئاسوودەی کرد و بە خۆشییەوە قایل بوو، چونکە زانی ئەوان بە ڕاستی چاوەڕوانیی ئەویان کردووە، دە دەقیقەی ڕێک دانیشت، بە تەواویی پولخێریا ئەلێکساندروڤنای دڵنیا کرد. قسەکانی بەڵگەی ئەوە بوون کە زۆر بایەخ بە نەخۆشەکە دەدات، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە لەسەرخۆیی و جیدیەوە دەریدەبڕین، تەواو وەک پزیشکێکی تەمەن بیستوحەوت ساڵە کە ڕاوێژێکی گرنگی پێبکرێت، بە هیچ جۆرێک لە بابەتەکە دوور نەکەوتەوە، هیچ حەزێکی وایشی دەرنەبڕی کە بۆنی ئەوەی لێبێت بیەوێت پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ خانمەکاندا ببەستێت. چونکە هەر کە هاتە ژوورێ و جوانییە سەرسووڕهێنەرەکەی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنای بینی، ئیتر زوو هەوڵی دا سەرنجی نەداتێ، بە درێژایی ئەو ماوەی دیدەنییە تەنیا ڕووبەرووی پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دەدوا، ئەمە ڕەزامەندییەکی دەروونیی گەلێک زۆری پێبەخشی. لەبارەی

نەخۆشەکەیشەوە دەریخست کە لە ئیستادا باری تەندروستییەکەی زۆر هیوابەخشە. بەپێی بۆچوونی ئەویش، هۆکاری نەخۆشییەکە، بێجگە لە خراپی باری دارایی ئەم مانگانەی دوایی نەخۆشەکە، لایەنی دەروونیشی تیایە. ئەمە بەرهەمی چەندان هۆکاری تری ئاڵۆزیی سایکۆلۆژی و دارایی و ترس و خەم و هەندێ بیروباوەڕ و شتی ترە. کە زوسیموف هەستی کرد ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا زۆر بە وردی گوێی لە قسەکانی گرتووە، زیاتر کەوتە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، کە پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش بە ترس و دوودڵییەوە پرسیاری ئەوەی لێکرد کە بڵێی نەخۆشییەکە "نیشانەی شێتیەتی" پێوە بێت، زوسیموف بە گاڵتەیەکی لەسەرخۆ و ئاشکراوە وەڵامی دایەوە: کە زیدەڕۆییان لە قسەکانی ئەودا کردووە، بەڵام هەڵبەتە لای نەخۆشەکە هەست بە دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەیی دەکرێت، کە بێگومان ئەوە سەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی بەردەوامە لە شتێک، چونکە خودی ئەو، واتا زوسیموف لە ئیستادا زۆر بە سەختی خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو بەشەی زانستی پزیشکییە. وەلێ دەبێت ئەوەیش لەبیر نەکرێت کە نەخۆشەکە تا نزیکەی ئەمڕۆیش هەر وڕێنەی کردووە.. بێگومان هاتنی خێزانەکەی هێز و توانای تازەی دەداتێ، دڵخۆشی دەکات و دەوری دەبێت لە چاکبوونەوەیدا. ئینجا زۆر بە بایەخەوە بەردەوام بوو لەسەر گفتوگۆکەی و وتی: "بە مەرجێک تووشی ڕاچڵەکین و شڵەژانی توندی ڕۆحی نەبێت".

پاشان زوسیموف هەستا، بە ویقار و ڕووی خۆشەوە ماڵئاوایی لێکردن، بە درود و سوپاسگوزارییەکی دڵسۆزانەوە بەڕێ کرا، تەنانەت دەستە چکۆلەکانی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، بەبێ ئەوەی خودی زوسیموف ج پێشدەستی و ئاماژەیەکی بۆی هەبێت، بۆ

مالئاواییلیکردن، هاته پیشی و تەوقەی لەگەلدا کرد. زوسیموف بە تەواویی ڕازیبوونییەوە لەو دیدەنییە و لە ڕەفتاری خۆی، چووە دەری.

ڕازومیخین لە چوونە دەرەوەیدا لەگەل زوسیموف پێی وتن:

- بەیانی قسە دەکەین، ئێستا دەبێت بخەون، سبەینی زوو دێمە لاتان و هەواڵتان بۆ دەهێنم.

کە ئەو دوو لاوە گەیشتنە سەرشەقامەکە، زوسیموف زۆر بە دڵگەرمییەوە وتی:

- ئەم ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنایە چ کچێکی دڵڕفێنە!

- دڵڕفێن؟ وتت دڵڕفێن؟

ڕازومیخین ئەم قسانەی بە دەنگی بەرز دووبارە کردەوە، لەپڕێکا پەلاماری زوسیموفی دا و دەستی لە گەرووی نا:

- ئەگەر تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان پڕکێشی بکەیت.. تێدەگەیت.. تێدەگەیت؟

هەر بەدەم یەخەڕاکێشان و نووساندنی بە دیوارێکەوە هاواری کرد:

- گوێت لێمە؟

زوسیموف کە هەوڵی ئەوەی بوو خۆی لە دەستی ڕزگار بکات، وتی:

- وازم لێبێنە، شەیتانی سەرخۆش.

هەر کە ڕازومیخین دەستی لێبەردا، ئەو تەواو لێی ڕاما و لەپڕا دایە قاقای پێکەنین، ڕازومیخین بەرانبەری وەستابوو، دەستی شۆڕ کردبووەوە، بە ڕوویەکی ترشوتاڵەوە لێی دەڕوانی، پاشان بە سیمایەکەوە کە لە هەوری تیرەوتار دەچوو، لەسەرخۆ وتی:

- هەڵبەتە.. من کەرم.. بەڵام.. تۆیش.. تۆیش هەر وایت..

- نا هاوڕێ. من هەرگیز وانیم، من لە ناو خەیاڵاتی بۆشدا ناژیم.

هەردووکیان بە بێدەنگی کەوتنە ڕێ، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە گەیشتنە ماڵی ڕاسکۆلنیکۆڤ، ڕازومیخین کە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو، بێدەنگییەکەی شکاند و بە زوسیموفی وت:

- گوێ بگرە، تۆ کوڕێکی زۆر چاکیت، بەڵام تۆ بێجگە لە هەموو ئەو سیفەتە خراپانەی کە هەتە، ژنبازیشیت، من ئەمە دەزانم، لە کەسە ڕسواکانیشیت، تۆ پیاوێکی هیچوپووچیت، تۆ ڕادەبوێریت و قەڵەو دەبیت، کۆ لە هیچ شتێک ناکەیتەوە، من ئەمە بە پیس ناودێر دەکەم، چونکە ئەوە مرۆڤ بەرەو لای پۆخڵی دەبات، تۆ هێند زمانلووسیت کە دەبێت دانی پێدا بنێم، نازانم چۆن لەگەڵ ئەم هەموو شتانەدا تۆ دەتوانیت پزیشکێکی چاک و دڵسۆز بیت، جەنابی پزیشک لەسەر دۆشەکی پەڕ دەنوێت و شەوانە لەبەر نەخۆش لە جێگاکەی خۆی هەڵدەستێت.. سێ ساڵی دی ئیتر لەبەر نەخۆش لە شوێنەکەت هەڵناسیت.. بەڵام قیروسیا، مەسەلەکە ئەمەیان نییە. مەسەلەکە شتێکی ترە: تۆ ئەمشەو لە ماڵی خاوەن خانووەکە دەنوویت (بە هەزار حاڵ قایلم کردووە) منیش لە چێشتخانەکەیدا دەخەوم، ئەمەیش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی چاکتر ئاشنای بیت.. بۆ ئەوەی بزانیت ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە وا نییە. لەودا هاوڕێ، سێبەرۆکەیەکیش لەو شتانەی بەسەرەوە نییە.

- من هەرگیز وا بیرم نەکردۆتەوە.

- هاوڕێ لەودا، شەرم، بێدەنگی، ئابڕوو، خانەدانییەکی زۆر هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هەناسەی قووڵ و توانەوەی وەک مۆمیش هەیە، هەمیشە وەک مۆم دەتوێتەوە! سوێندت دەدەم بە هەموو شەیتانەکانی دنیا، من لە دەستی ڕزگار بکە، ئەو زۆر ڕووخۆشە، لە چاکەت دەرناچم، بە سەر خزمەتت دەکەم.

زوسیموف زیاد له جاران دایه قاقای پێکەنین:
- تۆ زۆر سەیریت! باشە من دەتوانم چی لێبکەم؟
- دڵنیات دەکەم کە ماندووبوونی زۆری ناوێت، تەنیا قسەی بۆ بکە، چی ئەڵێی بیڵێ، هەر لە پاڵیا دابنیشە و بۆی بڵێ، بێجگە لەوە تۆ پزیشکیت، باسی دەرمانی نەخۆشییەکی بۆ بکە، سوێندت بۆ دەخۆم پەشیمان نابیتەوە، پیانۆیشی هەیە، تۆ خۆت دەیزانی کە من ورینگەورینگێک بە پیانۆ دەکەم، گۆرانییەکی ڕەسەنی ڕووسی دەزانم، گۆرانیی "فرمێسکە ئاگرینەکانم دەبارێنم" گۆرانییە ڕەسەنەکانی زۆر حەز لێیە، بەڵێ، باس لە ئاواز کرا. تۆیش پیانۆژەنێکی زرنگیت، مامۆستای خودی ڕوبنشتاینیت[1]، سوێندت بۆ دەخۆم پەشیمان نابیتەوە.
- باشە، تۆ هیچ بەڵێنێکت پێداوە؟ گرێبەستێکت لەگەڵدا مۆر کردووە؟ ڕەنگە بەڵێنت دابێتێ کە بیهێنیت..
- هەرگیز، هەرگیز، قەت شتی وا نەبووە، هەرگیز وانییە، چبارف دەیویست..
- کەواتە وێڵیکە.
- ئاخر، نابێت هەر ئاوا وێڵ بکرێت.
- بۆ نابێت؟
- چونکە هەروا بە سادە و ساکاری ناکرێت، مەسەلەکە پەیوەندیی تێکەوتووە.
- باشە بۆ فریووت داوە؟

---

[1] rupinstein

تەنگی شێوان و هەناسەی هێور و شوێنی گەرم و نەرمە، ڕێک وەک ئەوە وایە کە تۆ مردبێتیت، کەچی زیندوویشی و خۆشی لە هەردوو حاڵەتەکە وەردەگریت، باشە هاوڕێ، زۆرم چەنەدا، کاتی نووستنە، گوێ بگرە، من کە شەو بەئاگا هاتم، سەرێک لە ڕاسکۆلنیکۆڤ دەدەم، تا بزانم چۆنە، بەڵام گرنگ نییە، هەموو شتێک بە چاکی بەڕێوە دەچێت، تۆیش زۆر نیگەران مەبە، ئەگەر ویستت، تۆیش سەرێکی لێبدە، ئەگەر هەستت بە شتێک کرد، بۆ نموونە وڕێنە یان تا، یان هەر شتێکی دی، یەکسەر هەڵمبستێنە، هەرچەندە ئەمە زەحمەتە.

٢

ڕۆژی دوایی ڕازومیخین بەدەم لێکدانەوە و مەراقەوە، لە نێوان سەعات حەوت و حەوتونیوی بەیانیدا لە خەو هەستا، بەو بەیانییە گەلێک کێشەی چاوەڕواننەکراو ڕوویان تێکردبوو، هەرگیز پێشتر وێنای ئەوەی نەکردبوو کە بشێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە حاڵێکی لەو جۆرەوە لە خەو ڕابێت، ڕۆوداوی شەوی پێشتری بە وردودرشتیەوە هاتەوە بیر، دەیزانی شتێکی نائاسایی بەسەر هاتووە و شتێک کاری تێکردووە، کە تا ئێستا دۆستایەتی لەگەڵیدا نەبووە و هیچ پەیوەندییشی بە کاریگەرییەکانی پێشتری ئەوەوە نییە، بۆ نموونە تەواو لەوە دڵنیا بوو، کە ئەو ئومێدەی لە دڵیا بڵێسەی سەندووە، مەحاڵە بێتە دی. بەڵکو ئەوەندەیش مەحاڵە کە تەنانەت هەر بە بیرلێکردنەوەیشی شەرمی لێهات و بەپەلە چووە سەر خەمگەلێکی دی، کە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بوون و ئەو گرفتاریانەی کە لە "دوێشەوی نەحلەتیەوە" بۆی مابووەوە.

ناخۆشترین شت کە لە یادەوەریدا مابووبێتەوە، ئەوە بوو کە تا چ ڕادەیەک دوێشەو پیس و نامەردانە ڕەفتاری کردووە، هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی کە مەست بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ڕووبەڕووی کچێکی گەنج کە لەو بارە تایبەتییەدا بوو، بە هۆی ئیرەیی پێبردن و کەریەتییەکەی خۆیەوە و بەبێ ئەوەی ئاگای لە پەیوەندیی وردی کچەکە و دەزگیرانەکەی بێت، یان ئەو کەسە بە چاکی بناسێت، جوێنی پێداوە، باشە بە چ هەقێکەوە وا بەپەلە و خێرا کەوتە داوەریکردنی ئەو کوڕە؟ کێ ئەوی بە دادوەر داناوە؟ ئایا مرۆڤێکی وەک ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بۆ پارە خۆی بە پیاوێکی نالایەق دەفرۆشێت؟ کەواتە گومان لەوەدا نییە کە ئەو پیاوە لایەنی چاکەی تیایە. بۆ مەسەلەی ژوورە فەرشکراو و ئامادەکانیش؟ بەڕاست ئەو لە کوێ بزانێت ئەم ژوورانە وان؟ ئاخر ئەو خەریکی ئامادەکردنی ماڵە.. ئاە.. ئەو شەوە چەند خوێڕیەتیی بەخەرج داوە! بەڵام دەتوانێت چ پاساوێکی هەبێت.. سەرخۆش بووە؟ ئەمە پاساوێکی گەوجانەیە، کە زیاتر ڕسوای دەکات. مەی ڕاستیی مرۆڤ دەردەخات، وا ڕاستییەکان بە تەواویی دەرکەوتن، واتا "ناپاکیی دڵی ڕەق و پڕ لە ئیرەییەکەی" دەرکەوت. پاشان ئارەزوویەکی لەم جۆرە، بۆ یەکێکی وەکو ڕازومیخین، هەرگیز بەدی دێت؟ بەرانبەر بە کچێکی وا جوان، ئەو چییە؟ بەدمەستێکی چەنەباز و فشەکەری دوێنێ!

ئایا دەشێت بەراوردێکی هێند قەشمەر و سەرسامهێن بکرێت؟

ڕازومیخین لەم بیرکردنەوەیەدا تەواو ڕەنگی سوور داگەڕا، لەپڕێکدا وەک ئێستا بێت، ئەوەی بیر هاتەوە کە چۆن ئەو کاتەی دوێنێ لەسەر پلیکانەکان وەستابوو، دەیوت کە خاوەن خانووەکە ئیرەیی بە ئاڤدوتیا ڕۆمانوفنا دەبات.. ئەمە بە یەکجاری بڕستی لێبڕی، ڕازومیخین بە

هەموو هێزی مشتەکۆڵەیەکی وای بە وەجاخی مووبەقەکەدا، کێشا کە دەستی بریندار بوو خشتێکیشی شکاند.
دوای کەمەکێک، هەستی بە ڕسواییەکی قووڵ کرد، وتی:
- هەڵبەت، هەڵبەت، شوێنەواری ئەم هەموو ڕسواییە هەرگیز لەناو ناچێت.. کەواتە بیرلێکردنەوەیشی بێهودەیە، بۆیە دەبێت بێدەنگ بڕۆم و.. ئەرکەکانم بە ئەنجام بگەیەنم.. بێدەنگ و بێ داوای لێبوردن کردن و هیچ وتن.. بێگومان ئیدی هەموو شتێک تازە لەکیس چووە.
لەگەڵ ئەمانەیشدا ڕازومیخین لە کاتی جللەبەرکردنیدا، زیاد لە ئاسایی بایەخی بە بەرگی دا، بێجگە لەم قاتە جلی تری نەبوو، ئەگەر هەیشی بووایە، ڕەنگە لەبەری نەکردایە "ڕێکپۆش نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت، نەدەبوو بە پیسوپۆخڵی و نارێکوپێکی، بڕواتە لایان و هەستی ئەوان بڕوشێنێت. بەتایبەتی کە ئەوان پێویستیان بەمە و دەیانەوێت لایانبێت". جلەکانی بە چاکی بەَ فڵچە پاک کردەوە، کراسەکەی تا ڕادەیەک بەردەوام پاک بوو، لەم لایەنەوە ڕازومیخین زۆر ڕێکوپێک دەینواند.

ئەو بەیانییە ڕازومیخین زۆر بایەخی بە پاکوخاوێنی خۆی دا، ناستاسیا سابوونی هەبوو، سەرومل و بە تایبەتی دەستی زۆر باش شۆرد، کە هاتە سەر ئەوەی ئایا ڕیشی بتاشێت یان نا (پراسکوفیا بافلوفنا گوێزانی گەلێک چاکی هەبوو، کە دوای مردنی بەڕێز زارنیتسنی مێردی بۆی مابووەوە)، بێ ئەوەی بەزەیی بە خۆیدا بێتەوە بە نەرێ وەڵامی دایەوە: "با وەک خۆی بێت، ئەگینا وا دەزانن من لەبەر خاتری.. هەڵبەتە، بێگومان وا بیری لێدەکەنەوە، کەواتە من هەر نایتاشم". پاشان زیاتر لە خۆی نووسا و وتی: ".. بەتایبەتی کە من ئەوەندە پیس و نەگریسم، لە سەرسەریی ناو کۆڵان و شەقامەکان

دەچم.. باشە وا وتمان پیاوێکی شەریفم، باشە، بەشەرەفبوون شانازیی نەگەرەکە، هەموو کەسێک پێویستە لەسەری شەریف بێت، بەڵکو زیاتریش.. لەگەڵ ئەوەیشدا کە من خۆم دەزانم هەندێ کاری ناڕەوام کردووە. نەک کاری ناڕەوا، بەڵکو کارگەلێکی ئاوا.. هەندێکجاریش بیری وام بەسەردا دێت.. هوم.. چۆن ئەمانە لەگەڵ ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنادا بەراورد دەکرێت: لەعنەت لە شەیتان! باشە، با وابێت، من هەروا دەمێنمەوە، سوک و ڕسوا و سەرسەری، بە جەهەنەم، لەمەیش خراپتر دەبم..!"

زوسیموف کە شەو لە ماڵی پراسکوفیا پافلوفنا ڕۆژی کردبووەوە، ڕازومیخینی لەم قسەوباسەدا بینی، کە لەگەڵ خۆیدا دەیکرد، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵەکەی، خێرا سەری لە نەخۆشەکە دا، ڕازومیخین پێی وتبوو نەخۆشەکە لە خەوێکی قووڵدایە، زوسیموف وتی لە خەو هەڵیمەستێنن، بهێڵن خۆی هەستێت و بەڵێنیشی دا سەعات دە سەری لێبداتەوە، ئینجا لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- بێگومان ئەگەر لە ماڵەوە بێت، ئاه. پزیشک کە دەسەڵاتی بەسەر نەخۆشدا نەبێت، چەند گرانە چارەسەرکردنی! پێم بڵێ، ئەم دەچێت بۆ لایان یان ئەوان دێنە لای ئەم؟

ڕازومیخین کە لە مەبەستی سەرەکیی پرسیارەکە گەیشت، وەڵامی دایەوە:

- وا دەزانم ئەوان بێن بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی لەبارەی کاروباری خێزانیی خۆیانەوە گفتوگۆ بکەن. بۆیە من دەڕۆم، تۆ لەبەر ئەوەی پزیشکیت، لە من زیاتر مافت هەیە.

- خۆ منیش قەشە نیم گوێ لە دانپیانانەکانی بگرم، دێم و دەڕۆم، منیش کاری زۆرم هەیە.

ڕازومیخین برۆی هێنانەوە یەک و وتی:
- من شتێک بێتاقەتم دەکات، دوێنێ بە سەرخۆشی، کە لەگەڵ ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتمەوە، لە ڕێگە زۆرم چەقەچەق کرد، قسەی قۆڕ و هەڵەت و پەڵەت، هەر لەو میانەدا وتم کە تۆ دەترسیت نەکا ئەو.. نزیک بێت لە شێتبوونەوە.
- تۆ دوێنێ ئەمەت بە خانمەکانیش وت.
- دەزانم کەریەتیم کرد، حەز دەکەیت لێم بدە، بەڵام بە ڕاستی تۆ لەو باوەڕەدایت کە ڕەنگە شێت بێت؟
- قسەی هیچ دەکەیت، باوەڕی چی؟ تۆ خۆت ئەو کاتەی کە منت دەهێنا بۆ لای، وات دەزانی پەرکەمی لەگەڵدایە.. خۆیشمان دوێنێ زیاتر نەوتمان پێدا کرد، بەتایبەتی تۆ.. باسی چیرۆکی بۆیەچییەکەت لە بیرە؟ بابەتێکی سەیر بوو، ڕەنگە ئەو لەسەر ئەمە شێتگیر بووبێت، ئەگەر دەمزانی ئەو ڕۆژە لە مەڵبەندی پۆلیس چی بەسەر هاتووە، ئەو بێژوە بە بەدحاڵیبوونی خۆی چۆن سووکایەتیی پێکردووە! هوم، هەرگیز نەمدەهێشت ئەو باسەی دوێشەوکردمان بەسەر زمانتا بێت. ئەم جۆرە نەخۆشانە مشکێکت لێدەکەن بە چیایەک و ئەفسانە وەک واقیع دەبینن.. ئەوەی لە بیرم مابێت، لە گێڕانەوەکەی دوێنێشەوی زومیوتوفەوە لە نیوەی مەسەلەکە گەیشتم، ئەمە هیچ نییە، من ئاگام لە شتی سەیرترە، پیاوێکی تەمەن چل ساڵ کە تووشی نەخۆشی ماخولیا ببوو، هەموو ڕۆژێک کە لەسەر سفرە دادەنیشت، منالێکی تەمەن هەشت ساڵانە گاڵتەی پێدەکرد، ئەویش خۆی پێنەگیرا و منداڵەکەی کوشت. ئەمەی ئێمەیش بە جلی دڕاو و نەخۆشییەوە، لەگەڵ ئەو پۆلیسە بێشەرم و بەدحاڵییەدا! بەرانبەر بە کەسێک کە تووشی ماخولیا بووبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر خۆی بە گەورە

بزانێت! ڕەنگە هۆی ڕاستەقینەی نەخۆشییەکەی ئەمە بێت، بەهەرحاڵ، بۆ دۆزەخ.. بەڵام بە ڕاستی ئەم زامیوتوفە کوڕی چاکە، وەلێ، هوم.. دوێنێ بە بەلاش ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە، گەلێک چەنەبازە.

- بۆ بۆ کێی باس کردووە؟ تەنیا من و تۆ نەبووین؟

- بۆ پورفیریشی باس کردووە.

- جا چییە ئەگەر پۆرفیری بزانێت؟

- بەڕاست، تۆ هیچ کاریگەریت لەسەر دایک و خوشکی هەیە؟ دەبێت ئەمڕۆ زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

ڕازومیخین بە ساردییەوە وتی:

- پێک دێن.

- بۆ لەگەڵ لۆژیندا ئەو هەڵوێستەی نواند؟ لۆژین پیاوێکی دەوڵەمەندە و پێناچێت کچەکەیش ڕقی لێی بێت.. ئەوانیش خاوەنی سەلکەتورێک نین، ها؟

ڕازومیخین بە تووڕەییەوە شیڕاندی:

- ئاخر تۆ ئەم خۆتێهەڵقورتاندنەت لەچییە؟ من چوزانم سەلکێک تووریان هەیە یان نا، خۆت لێیان بپرسە بەڵکو لەوەیش بگەیت..

- تۆ هەندێکجار زۆر دەبەنگیت، سەرخۆشییەکەی دوێنێت هێشتا تیا ماوەتەوە.. خوات لەگەڵ، بە ناوی منەوە سوپاسی پراسکوفیا پاڤلۆڤنایش بکە بۆ میوانداریەکەی.. دەرگاکەی لەسەر خۆی پێوە دابوو کە ڕۆژباشم لێکرد و ئەو لەو دیوەوە چ وەڵامێکی نەدامەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو سەعات حەوت لە خەو هەستابوو، سەماوەریان بۆ هاوردبووە ڕاڕەوەکەوە.. تەنانەت من شانازیی بینینیشیم بەرنەکەوت.

لە سەعات نۆی تەواودا ڕازومیخین لەگەڵ باکالیڤدا لای ئەو ژوورانە بوون، کە بە کرێ گیرابوون، هەردوو خانمەکە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی بوون، لە سەعات حەوتەوە، ڕەنگە زووتریش، هەردووکیان لە خەو هەستابوون. ڕازومیخین کە دەموچاوی وەک شەوەزەنگ بەیەکدا دابوو، بە بێزارییەوە سڵاوی لێکردن، لەپڕێکدا ڕقی لە خۆی هەستا. چونکە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە شەوقەوە پێشوازی لێکرد و وا بەدەستیا نووسا، زۆری نەمابوو ماچیان بکات. ڕازومیخین نیگایەکی ترسئامێزی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا کرد، وەلێ لەو دەموچاوە فیزاوییەوە ئێستا نیشانەی ڕێز و هاوڕێیەتی و سوپاسگوزاریەک، لەباتی ڕوانینی گاڵتەئامێز و نەفرەتلێکردن، کە خۆی چاوەڕوانی ئەمەیان بوو، دەخوێندرایەوە. کە ئەگەر بە جوێنپێدانەوە پێشوازییان لێبکردایە بۆ ئەم ئاسان و ئاسوودەتر دەبوو، چونکە لەم حاڵەتەی ئێستادا ئەو زۆر هەستی بە نارەحەتی دەکرد. بەڵام بۆ خۆشبەختی ئەو، دەرگای قسە کرایەوە و ئەویش زۆر زوو پێوەی نووسا.

کە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بیستی ڕودیا "هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە"، بەڵام "باری تەندروستیی زۆر باشە" زۆری پێ خۆش بوو، چونکە دەبوو پێشتر لەبارەی هەندێک کاروبارەوە ڕاوێژ بکات و ڕوونیان بکاتەوە. پاشان قسە هاتە سەر نان و چای بەیانی، بە ڕازومیخینیان وت دەبێت بەرچاییان لەگەڵدا بخوات، چونکە هێشتا ناشتایان نەکردبوو و لە چاوەڕوانی ڕازومیخیندا بوون. ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنا زەنگی لێدا، خزمەتکارێکی شرەلەبەری پۆخڵ هات بەدەم زەنگەکەوە، داوای چایان لێکرد، سەرئەنجام چایان هێنا، وەلێ دیمەنەکە هێند پیس و دزێو بوو، کە خانمەکان بێزار بوون. خەریک بوو ڕازومیخین جوێنێکی خەست بە شوێنەکە بدات، بەڵام زوو

لۆژینی بیر کەوتەوە، بێدەنگ و بێزار بوو، وەلێ کە پرسیارەکانی پولخێریا ئەلێکساندروڤنای بەسەردا داڕژا، گەلێک خۆشحاڵ بوو.
لە وەڵامی پرسیارەکاندا ڕازومیخین سێ چارەکەسەعات قسەی کرد، بە درێژایی ئەو ماوەیە بەردەوام قسەیان پێدەبڕی و پرسیاری تازەیان لێدەکرد، توانی ئەوەی کە دەیزانی لەبارەی بەسەرهاتەکانی دواساڵی ژیانی ڕادیون ڕومانوڤیچەوە، هەموویان بۆ باس بکات تا گەیشتە سەر نەخۆشییەکەیشی، لەگەڵ ئەمانەیشدا هەر گەلێک شتی نەدرکاند، وەک ڕووداوی لای پۆلیس و ئەو بەسەرهاتەی لێی کەوتەوە. خانمەکان زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان لێگرتبوو، وەلێ کە زانی قسەی کۆتایی پێهاتووە و گوێگرەکانی قایلن، تازە هەستی بەوە کرد کە بە لای ئەوانەوە ئەم هێشتا دەستی بە قسە نەکردووە.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا زۆر بەپەلە وتی:
- پێم بڵێ. پێم بڵێ بیروڕای تۆ چۆنە.. ببوورە، من هێشتا نازانم ناوت چییە؟
- دیمیتری پروکفیچ[1]
- زۆر باشە، دیمیتری پروکفیچ، گەلێک حەز دەکەم بزانم.. بەگشتی ئەو چۆن لە شتەکان دەڕوانێت، یەعنی لە مەبەستەکەم تێبگە، چۆن چاکتری بڵێم! حەز لە چی دەکات و ڕقی لە چییە؟ ئایا هەمیشە وا تووڕە و تڕۆیە؟ مەیل و ئارەزووی – ئەگەر بتوانین وای بڵێین- لە چییە؟ ئێستا چی زۆر کاری لێدەکات؟ حەز ئەکەم ئەگەر..
دونیا وتی:
- دایکە گیان، چۆن دەبێت وەڵامی هەموو ئەمانە بەیەکجار بداتەوە!

---

[1] *Dimitri prokofich*

- خودا گیان، ئاخر دیمیتری پروکفیچ من هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم بەم حاڵەوە ببینم.
دیمیتری پروکفیچ وەڵامی دایەوە:
- هەڵبەتە ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، من دایکم نییە، بەڵام هەموو ساڵێک مامم دێتە ئێرە و هەموو جارێکیش تا ڕادەیەک نامناسێتەوە، تەنانەت سەروسیمایشم، لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی زۆر ئاقڵیشە. بێگومان بە درێژایی ئەم سێ ساڵ لەیەکدابڕانەی ئێوەوە، گەلێک ئاو لە ئاش گەڕاوە، نازانم چیتان پێبڵێم؟ ساڵونیوێکە من ڕادیون دەناسم، لەو کاتەوە ڕووگرژ، مڕومۆچ، بە خۆی دەنازێ و لووتبەرزە. لەم دواییەدا و ڕەنگە زۆر پێشتریش تووشی بەدگومانی و ماخۆلانیش بووە. جوامێر و میهرەبانە، پێی خۆش نییە هەستوسۆزی خۆی دەربڕێت، حەز دەکات دڵڕەقی بنوێنێت، نەک سکاڵای دڵی خۆی بکات، هەندێکجارییش ماخولیایی نییە، بەڵکو تەنیا سارده و تا ڕادەیەک هەستی ناجوڵێ و گیانی مرۆڤایەتیی تیا نامێنێ، بە ڕاستی وەک ئەوە وایە کە دوو خووی دژ بەیەک لەودا هەبن و جێ لە یەکتری بگرن. هەندێکجاریش تەواو بێدەنگ و بێقسەیە. ئەو خۆی وا دادەنێت کە هیچ دەرفەتی نییە، یان هەموو سەر دەکەنە سەری، کەچی بۆ خۆی درێژ لێی ڕادەکشێ و چ کارێک ناکات. هیچ قۆشمەبازیش نییە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی قسەی خۆشی پێنەبێت، نا، بەڵکو وەک بڵێی دەرفەتی ئەوەی نەبێت خۆی بەو کارە بێهودانەوە خەریک بکات. کە لەگەڵیدا دەدوێن، تا کۆتایی گوێ لە بەرانبەرەکەی ناگرێت، هەرگیز ئەو شتەی سەرنجی هەموان ڕادەکێشێ، لای ئەو گرنگ نییە. زۆر بە خۆی دەنازێ و هەڵبەتە هەقیشیەتی، باشە ئیتر

چی؟.. من وای بۆ دەچم هاتنی ئێوە کاریگەریی لەسەر چاکبوونەوەی دەبێت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە لە بیروڕای ڕازومیخین دەربارەی ڕودیا بێتاقەت بوو، هاواری کرد:

- ئاخ، خوا بکەم وا بێت.

ڕازومیخین سەرئەنجام بوێرانەتر تەماشای ئاڤدوتیا ڕومانوڤنای کرد، لە کاتی قسەکردنەکەدا هەندێکجار سەیری کرد، بەڵام نیگاکانی زۆر کاتی و کتوپڕبوون و زوویش چاوی کەلا دەخست، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا جارێک لە پاڵ مێزەکەدا دادەنیشت و بە وردی گوێی دەگرت، جاری تر سەرلەنوێ هەڵدەستا و وەک خووی پێوە گرتبوو، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری ژوورەکە پیاسەی دەکرد، دەستی وەک خاچ لێدەکرد و لێوی دەکرۆشت، هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە هەندێکجار پرسیارێکی دەکرد و بیری دەکردەوە، ئەویش هەر ئەو خووەی هەبوو کە تا کۆتایی گوێ بۆ ئەوە نەگرێت کە دەیڵێن. کراسێکی ڕەنگ تێری ناسکی لەبەردا بوو، دەزماڵێکی سپی و تەنکی بە گەردنییەوە ئاڵاندبوو. ڕازومیخین بە گەلێک بەڵگە زوو لەوە تێگەیشت کە ئەو دوو ژنە زۆر هەژارن، وای لێکدایەوە ئەگەر ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بەرگێکی شازادانەی لەبەردا بووایە، ئەوسا ئەم هیچ لێی نەدەترسا، بەڵام ئێستا ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە جلەکانی ئەمەندە نابووت بوون و بارێکی هەژارانەی لە خۆی گرتبوو، ترسی خستبووە دڵی ئەمەوە و لە هەر وشە و ڕەفتارێکی خۆی دەترسا، بێگومان ئەمە بۆ کەسێکیش کە ئاسایی بڕوای تەواوی بە خۆی نەبێت، هۆی ناڕەحەتی بوو.

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە زەردەخەنەوە وتی:

- تۆ زۆر شتی گرنگت لەبارەی ڕەوشت و خوی براکەمەوە پێوتین.. بێلایەنیش بوویت، وا چاکە، من وا دەزانم تۆ ستایشی دەکەیت.
دوای کەمێک بیرکردنەوە لەسەری ڕۆیشت:
- ڕەنگە بە ڕاستی ژنێکیش لە ژیانیدا هەبێت.
- من شتی وام نەوتووە، دەشێ لەم بارەیەوە تۆیش ڕاست بکەیت.. تەنیا..
- چی؟
ڕازومیخین بە جەختەوە وتی:
- ئاخر، ئەو کەسی خۆش ناوێت، ڕەنگە هەروایش بمێنێتەوە.
- یەعنی توانای خۆشویستنی نییە؟
- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، دەزانیت تۆیش زۆر سەیر لە براکەت دەچیت، لە هەموو شتێکدا!
ڕازومیخین ئەم قسانەی لەپڕێکدا کرد و بە شێوەیەکیش کردی، کە خۆی چاوەڕوانی نەبوو. بەڵام ئەوەی لەبارەی براکەی ئەو کچەوە وتبووی، کە خێرا وەبیر خۆی هێنایەوە، وەک چەنەوەر سوور داگەڕا و زۆریش پەشۆکا. ئاڤدوتیا ڕومانوفنا کە لێی دەڕوانی، نەیتوانی ڕێ لە پێکەنینەکەی خۆی بگرێت.
پولخێریا ئەلکساندروفنا کە تا ڕادەیەک دڵگران ببوو وتی:
- پێدەچێت دەربارەی ڕودیا هەردووکتان هەڵەبن، دونێچکا، مەبەستم باری ئێستای ئەو نییە، ئەوەی پیتەر پتروڤیچ لەم نامەیەدا نووسیویەتی و.. من و تۆیش واماندەزانی ڕەنگە ڕاست نەبن. وەلێ دیمیتری پروکفیچ تۆ دەتوانیت وێنای ئەوە بکەیت کە ئەو تا چ ڕادەیەک سەیر و چۆنی بڵێم، ڕاڕایە، من هەرگیز نەمتوانیووە پەی بە خووخدەی ئەوبەرم، تەنانەت ئەو کاتەیش کە تەمەنی پانزە ساڵان

بوو، من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە ئێستایش دەتوانێت لەپڕێکدا کارێکی وا بکات، کە هیچ مرۆڤێک هەرگیز ئەو کارەی بە خەیاڵدا نەیەت.. با زۆر دوور نەکەوینەوە، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر، نازانیت چۆن ئێمەی سەراسیمە کرد و هێناینییە ژاروژەنگ، تەنانەت زۆری نەمابوو دیقی ڕەش بکەم، کاتێ کە بیستم لەسەری داوە لەگەڵ ئەو کچەدا.. ناوی چییە؟ کچی خاوەن خانووەکە، خاتوو زارنیتسینادا زەماوەند بکات.

ئاڤدۆتیا ڕومانوڤنا لە ڕازومیخینی پرسی:

- ئایا تۆ هیچ وردەکارییەک لەبارەی ئەو چیرۆکەوە دەزانیت؟

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بەگەرمییەوە وتی:

- تۆ ئەوەت بە خەیاڵدا دێت کە فرمێسکەکانم، ئاواتەکانم، نەخۆشیم، تەنانەت مردنیشم لە ئەنجامی خەفەت و هەژاریمانەوە، بیانتوانیایە ئەو لەو کارە بگێڕنەوە؟ نەخێر، زۆر بە هێوری هەموو کۆسپەکانی دەبڕی، بەڵام ئایا ئەمە دەشێت؟ بەڕاست دەشێت ئێمەی خۆش نەوێت؟

ڕازومیخین بە پارێزەوە وەڵامی دایەوە:

- هەرگیز لەو بارەیەوە هیچی بە من نەوتووە، بەڵام من لە خودی خاتوو زارنیتسیناوە کە چیرۆکبێژێکی باشیش نییە، هەندێک شتم بیست، کە تا ڕادەیەک بەلامەوە سەیر بوون..

هەردوو ژنەکە پێکەوە پرسییان:

- چیت بیستووە؟

- هیچ شتێکی نائاساییم نەبیستووە، بەڵام ئەوەم زانی کە بڕیاری تەواو لەسەر زەماوەندەکە درابوو، وەلێ کچەکە مرد و کارەکەیش بە دڵی خاتوو زانیتسینا نەبوو. بێجگە لەمانە دەڵێن کچەکە جوان نەبووە،

تەنانەت ناشیرینیش بووە.. زۆریش لەشبەبارو.. ڕەفتار سەیریش بووە.. بەڵام دەڵێن ئاکاری چاکە و شایستەی تیا بووە، بێگومان شایستە و ئاکارچاک بووە ئەگینا هەر هیچ مانایەکی تیا نەدەما. هیچ جیازییەکیشی نەبووە، گوایا ڕودیا هەرگیز بیری لە جیازی نەکردۆتەوە.. بە ڕاستی داوەریکردن لە کێشەیەکی وادا کارێکی دژوارە.

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە کورتی وتی:

- من بێگومانم کچێکی باش بووە.

- خوا لێم نەگرێت، وەلێ من بە مردنەکەی دڵخۆش بووم، هەرچەندە نازانم لەو دووانە کامیان ئەویتری بەدبەخت دەکرد. کوڕەکەم؟ یان ئەو؟

بەدەم قسەکانەوە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا، بەپارێز و دزەنیگاوە بۆ دونیا، کە دەیزانی بۆ کچەکەی ناخۆش بوو، سەرلەنوێ دەربارەی دیمەنەکەی دوێنێی نێوان ڕودیا و لۆژین دەستی بە پرسیار کرد. بێگومان ڕووداوەکە زیاد لە هەر شتێکی تر، تا سنووری ترس و لەرز، ئەوی دوودڵ کردبوو. جارێکی دی ڕازومیخین، لە سەرەتاوە تەواوی بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، وەلێ ئەمجارەیان بیروڕای خۆیشی خستە سەر. بەبێ پێچوپەنا ڕاسکۆلنیکۆڤی بەوە گوناهبار کرد، کە هەر بە دەستی ئانقەست سووکایەتیی بە پیتەر پیتروڤیچ کردووە، ئەمجارەیان ڕازومیخین نەخۆشیی ڕودیای نەکردە پاساو بۆ کارەکە، پاشان بەردەوام بوو:

- پێش نەخۆشکەوتنەکەیشی هەر ئەو خەیاڵەی لەژێر سەردابوو.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە بێحاڵییەوە وتی:

- منیش هەروای بۆ دەچم.

وەلێ سەری زۆر لەوە سووڕما، کە چۆن ڕازومیخین ئەمجارە لەبارەی پیتەر پتروڤیچەوە لەسەرخۆ و تەنانەت بەڕێزەوە قسەی کرد. ئەمە ئاڤدوتیا ڕومانوفنایشی سەرسام کردبوو.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خۆی پێنەگیرا و وتی:
- کەواتە ڕات بەرانبەر بە پیتەر پتروڤیچ وایە؟
ڕازومیخین بە گەرمی و جەختکردنەوە وەڵامی دایەوە:
- دەربارەی مێردی ئایندەی کچەکەت ناتوانم ڕایەکی ترم هەبێت، ئەمەیش تەنیا لەبەر ئەدەبێکی ڕووکەش نالێم، بەڵکو.. لەبەر.. باشە، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی کە ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە مەیلی خۆیان ئەویان هەڵبژاردووە، کە دوێنێشەویش من قسەی خراپم لە بارەیانەوە کرد، چونکە سەرخۆش و ناتەواو بووم، هەروەها.. شێت بووم، بەڵێ شێت و بێمێشک بووم، بە تەواویی عەقڵم لەدەست دابوو.. لەو لایەنەوە من ئەمڕۆ خەجاڵەتم.
ڕازومیخین ئەمانەی وت و سوور داگەڕا و بێدەنگ بوو.
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنایش سوور داگەڕا بەڵام بێدەنگییەکەی نەشکاند، لەو کاتەوەی قسە هاتە سەر لۆژین، وشەیەکی نەهاتە سەر زار.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش لەوەدا کە پشتیوانی لە کچەکەی نەکرد، دیاربوو کە دوودڵ بوو، لە دواییدا هەر بەو دوودڵی و نیگا یەک لە دوایەکەکانیەوە بۆ کچەکەی، دانی بەوەدا نا کە تا ئێستا لە مەسەلەکە زۆر دەترسێت، وتی:
- بڕوانە دیمیتری پروکفیچ.. دونێچکا، من لەگەڵ دیمیتری پروکفیچدا تەواو بە ڕاشکاوی دەدوێم.
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە دەنگێکی پڕ لە قەناعەتەوە وەڵامی دایەوە:
- بێگومان، دایکە گیان.

دایکه بەو مۆڵەتەی کە بۆ باسکردنی خەم و ئازارەکانی خۆی وەریگرتبوو، دەتوت کێوێک لەسەرشانی لاچووە، خێرا کەوتەوە قسە:
- مەسەلەکە ئاوایە، ئەمڕۆ سەرلەبەیانی زوو، نامەیەکمان لە پیتەر پتروڤیچەوە پێگەیشت کە وەڵامی هەواڵی گەیشتنەکەمان بوو بۆ ئێرە. دەزانیت، دوێنێ بڕیار بوو، وەک خۆی لە پێشدا بەڵێنی دابوو، کە بۆ پێشوازیمان بێتە وێزگە. کەچی نۆکەرێکی ناردبووە پێشوازیمان، کە ناونیشانی ئەم ژوورانەی پێبوو، بۆ ئەوەی ڕێگەمان پیشان بدات، پیتەر پتروڤیچ ڕایسپاردبوو پێمان بڵێت کە ئەم بەیانییە خۆی دێتە لامان، وەلێ لەباتیی خۆی دیسان ئەم بەیانییە ئەم نامەیەی گەیشت.. وا چاکترە خۆت بیخوێنیتەوە، لێرەدا شتێک هەیە منی زۆر نیگەران کردووە.. ئێستا خۆت تێدەگەیت ئەو شتە چییە.. بەڵام دیمیتری پروکفیچ، دەبێت ڕای خۆتم بە ڕاستی پێبڵێیت، تۆ لە هەموو کەسێک باشتر ڕەوشتی ڕودیا دەناسیت، لە هەموو کەسێک باشتریش دەتوانیت ڕێنمایی بکەیت، با هەر لە پێشیشەوە پێت بڵێم کە دونێچکا هەر لە سەرەتاوە لە مەسەلەکە گەیشتووە و بڕیاری خۆی داوە، بەڵام من هێشتا نازانم چی بکەم و تا ئێستا هەر چاوەڕێی تۆم.
ڕازومیخین نامەکەی کردەوە، کە مێژووی دوێنێی پێوە بوو، دەستی بە خوێندنەوەی کرد:
"خاتوو پولخێریا ئەلێکساندروڤنای ئازیز، بەوپەڕی ڕێزەوە پێت ڕادەگەیەنم کە بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی چاوەڕواننەکراوەوە نەمتوانی بۆ پێشوازیتان بێم بۆ وێزگەی ڕێگەی ئاسن، لەبەر ئەوە یەکێکم نارد تا ڕادەیەک شارەزا و زرنگە، هەروەها بە هۆی هەندێک کاری زۆر پەلەوە کە لە ئەنجومەنی پیران بۆم پێش هاتووە، بۆ ئەوەیش دیداری تۆ لەگەڵ کوڕەکەتاندا و ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا لەگەڵ کاکیدا بە باشی بەڕێوە بچێت، سبەی بەیانیش شانازیی بینینی ئێوەم نییە، شەرەفی بینینتان و پێشکەشکردنی سڵاو و ڕێزم لەلای

خۆتان، لە پێش سبەینێ و لە سەعات هەشتی تەواویی دوای نیوەڕۆدا بۆ ناڕەخسێت. لەو ڕووەوە، زۆر بە ڕاشکاوی دەخوازم و جەخت لەسەر ئەوە دەکەم، کە کاتی هاتنم بۆ لاتان با ڕادیون ڕومانوڤیچ لەوێ نەبێت، چونکە کە دوێنێشەو لە ماڵەکەی خۆیدا چووم بۆ سەردانی، زۆر بێئەدەبانە و خراپ شکاندمی، بێجگە لەمانە، بەتایبەتی خۆم لەگەڵ ئێوەدا لەبارەی شتێکەوە قسەوباسێکی زۆرم هەیە، دەمەوێت لە بیروباوەڕی ئێوەیش ئاگادار بم، حەز دەکەم بەوپەڕی ڕێزیشەوە پێشەکی ئەوەتان پێڕابگەیەنم، کە لەگەڵ ئەم داواکارییەمدا، ئەگەر ڕووبەڕووی ڕادیون ڕومانوڤیچ ببمەوە، بەبێ سێودووکردن دەگەڕێمەوە دواوە، ئەوسایش هەرچی ڕوو بدات، گوناهەکەی لە ئەستۆی ئێوەیە. بۆیە ئەمەتان بۆ دەنووسم، چونکە ڕادیون ڕومانوڤیچ لە دیدەنیکردنەکەی مندا بۆ لای نەخۆش دیار بوو، کەچی دوای دوو سەعات لەپڕێکدا چاک بووەوە. بۆیە دەڵێم لەوانەیە هەر لە ماڵەکەی خۆی بێتە دەرێ، بێتە لای ئێوە. من بڕوای تەواوم بەمە هەیە، چونکە بە چاوی خۆم ئەوم لە ماڵی یەکێکدا بینی، کە بە سەرخۆشی کەوتبووە ژێر گالیسکەوە و هەموو گیانی شکاو و پاشان مردبوو. دوێنیشەو بە بیانووی ناشتنی تەرمی ئەو پیاوەوە بیست و پێنج ڕۆبڵی دایە کچەکەی، کچەکەی ناوبانگی خراپە و هەموو کەس دەیناسێت. لە کاتێکدا کە من دەزانم ئێوە بە چ دەردەسەرییەک ئەو پارەیەتان بۆ پەیدا کردووە. ئەو ڕەفتارەی زۆر سەرسامی کردم. ڕێزی تایبەتیم بۆ ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا هەیە، هیوادارم هەستی وەفاداری و ڕێز و دڵسۆزیی نۆکەری خۆتان قبووڵ بکەیت.

"لۆژین"

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا چاوی پڕ بوو لە گریان و وتی:

- دیمیتری پروکفیچ، ئێستا من چی بکەم؟ ئاخر، چۆن دەتوانم بە ڕودیا بڵێم نەیەت بۆ ئێرە؟ ئەو دوێنێ لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەبێت پیتەر پتروڤیچ دەربکەم، ئێستا ئەمی تر دەخوازێت کە نابێت

ئەو ببینم. ئاخر ئەو کە بەمە بزانێت، هەر بەتایبەتی دێت و.. ئەوسا چی دەقەومێت؟

ڕازومیخین خێرا و لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا چ بڕیارێک دەدات، بە قسەی بکە.

- ئای خودا گیان! ئاڤدوتیا دەڵێت.. خوا خۆی دەزانێت چی دەڵێت و مەبەستەکەیشی ڕوون ناکاتەوە. دەڵێ وا چاکترە، واتا نەک وا چاکە، بەڵام لەبەر هۆیەک، حەتمەن پێویستە ڕودیا بەتایبەتی ئەمشەو سەعات هەشت بێت و دەبێت ئەو دووانە یەکتری ببینن.. وەلێ من دەمویست تەنانەت نامەکەیشی پیشان نەدەم، بەڵکو بە فڕوفێڵێک، یان بە هۆی تۆوە کارێکی وا بکەم، کە نەیەت.. لەبەر ئەوەی زۆر تووڕەیە.. بێ لەمانە من لەوە ناگەم کێ سەرخۆش بووە و مردووە و کچێکی هەبووە، چۆن ڕودیا دوافلسی خۆی داوەتە ئەو کچە.. ئەو پارەیەی..

ئاڤدوتیا ڕومانوفنا لەسەری ڕۆشت:

- ئەو پارەیەی بەو حاڵە دەستت کەوت، دایە گیان...

ڕازومیخین بە بیری پەرتەوە وتی:

- دوێنێ حاڵی باش نەبوو، ئەگەر دەزانن دوێنێ لە چایخانەدا چی کردووە، هەرچەندە شتێکی ئاقڵانە بوو.. هوم! لەبارەی ئەو کەسەی مردووە و کچەکەی لە ڕاستیا دوێنێ کە دەگەڕاینەوە ماڵێ، شتێکی بە من وت، بەڵام من هیچ لە قسەکانی تێنەگەیشتم.. هەڵبەت، من خۆیشم دوێنێ..

- دایە گیان لە هەمووی چاکتر ئەوەیە ئێمە خۆمان بچین بۆ لای، لەوی بڕوات هەبێت، یەکسەر دەزانین دەبێت چی بکەین، هەرچەند درەنگیشە، خودایا! سەعات لە دە تێپەڕیووە!

ئەم ڕستەیەی دوایی دونیا لە کاتێکدا وت، کە تەماشای سەعاتە ئاڵتونییە زۆر قەشەنگەکەی کرد کە بە مینا ڕازابووەوە، سەعاتەکە بە زنجیرێکی ناسک و جوان کە کاری ڤینیسیا بوو، ئاوێزانی گەردنی بوو، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ خشڵەکانی تریدا هاوسەنگ نەبوو.
ڕازومیخین لەگەڵ خۆیدا دوا: "دیاریی دەزگیرانەکەیەتی".
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە نیگەرانی و شپرزەییەوە وتی:
- ئاخ، بەڵێ کاتی ڕۆیشتنە، دونیا گیان، کاتی ڕۆیشتنە، ئەگینا وا هەست دەکات کە لە دوێشەوەوە ڕقمان هەستاوە، بۆیە نەچووین بۆ لای، ئای وای، خودایا!
بەدەم ئەم قسانەوە، بەپەلە کۆڵوانەکەی دا بە شانیا و کڵاوە بچووکەکەی لەسەر نا، دونیایش جلی لەبەر کرد، ڕازومیخین سەرنجی دا کە دەستکێشەکانی دونیا نەک هەر کۆنە، بەڵکو دڕاویشە، لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئاشکرا جلەکانیان کۆن دیار بوو، وەلێ سیمایەکی بە ویقاری پێدابوون، ئەمە بۆ هەموو ئەوانە ڕاستە، کە دەزانن چۆن بەرگی هەژارانە بپۆشن. ڕازومیخین بە ڕێزێکی گەلێک زۆرەوە تەماشای دونیای دەکرد، شانازی بەوەوە دەکرد کە لەگەڵیا دەڕوات و بە خۆی دەوت: "ئەو شاژنەی[1] کە لە بەندیخانەدا گۆرەوییەکانی خۆی دەدووریەوە، بێگومان لەو چرکەساتەدا شکۆمەندتر و لە شاژن مەزنتر دەینواند وەک جاران کە لە جەژن و ئاهەنگەکاندا دەبینرا".
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە دەنگی بەرز و پڕ لە سەرسامییەوە هاواری کرد:

---

[1] لێرەدا نووسەر مەبەستی لە ماری ئەنتوانێتە لە پەیکەرەکەدا.

- خودایا. ئایا هەرگیز ئەوەم بە بیردا دەهات کە لە بینینی کوڕەکەم، ڕودیای زۆر ئازیزم، ئاوا تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بم!
پاشان تەماشایەکی پڕ لە سەرنجی ڕازومیخینی کرد و وتی:
- دیمیتری پروگفیچ، من دەترسم!
دونیا ماچی کرد و وتی:
- دایە گیان مەترسە، وا چاکترە بڕوات پێی هەبێت، من بڕوام پێیەتی.
ژنەی بێچارە هاواری کرد!
- خودایا، منیش بڕوام هەیە، بەڵام من بە درێژایی دوێنێشەو نەنوستووم.
هەرسێکیان گەیشتنە سەرشەقامەکە.
- دەزانیت دونێچکا، هەر ئەوەندەی سەر لە بەیانی کەمێک خەو بردمییەوە. لەپڕێکدا مارفا بتروڤنای خوالێخۆشبوو هاتە خەوم.. سەرتاپا سپیپۆش بوو.. لێم نزیک کەوتەوە، دەستی گرتم و سەری لێڕاوەشاندم، ئەوەندە بە جیدی ئەم کارەی کرد، دەتوت سەرزەنشتم دەکات.. ئایا خێرە؟ ئاخ، دیمیتری پروکفیچ، تۆ هێشتا نایزانیت، مارفا پتروڤنا مردووە.
- نەخێر، نایزانم، کام مارفا پتروڤنا؟
- لەپڕێکدا مرد، جا بزانە..
دونیا هاتە ناو قسەکانەوە و وتی:
- دوایی دایکە گیان، ئاخر ئەم هێشتا نازانێت مارفا پتروڤنا کێیە؟
- چۆن نازانێت؟ من وامدەزانی هەموو شتێک دەزانێت، بمبوورە دیمیتری پروکفیچ، ئەم ڕۆژانە من کەمێک ئەقڵم لەدەست داوە، بە ڕاستی من تۆم بە پەیامبەرێکی لای خوا دەزانی، بۆیە بە تەواوی بڕوام بەوە بوو کە تۆ هەموو شتێک دەزانیت، من تۆ بە یەکێک لە

خۆمان دادەنێم.. پێتان ناخۆش نەبێت کەوا دەڵێم، ئای ئای! ئەوە دەستی ڕاستت چییەتی، بریندار بووە؟
ڕازومیخین زۆر بە خۆشحاڵییەوە وتی:
- بەڵێ، بریندارە.
- من هەندێکجار زۆر بە سۆزەوە قسە دەکەم، بە جۆرێک کە دونیا ئاگادارم دەکاتەوە.. وەلێ، ئەی خودایا، ئەو ژوورە بێکەڵکە چییە کە ئەو تیایدا دەژی! بڵێی ئێستا بەئاگا هاتبێت؟ ئەو ژنە، مەبەستم خاوەن خانووەکەیەتی، ئایا ئەوە بە ژوور دادەنێت؟ گوێ بگرە، تۆ دەڵێی ئەو حەز ناکات قسەی دڵی خۆی بە کەس بڵێت، ئەی باشە ئەوە دەبێت کە من بە.. سۆز و لاوازیی خۆمەوە بێتاقەتی بکەم؟ ئایا ڕێنماییەکم دەکەیت، دیمیتری پروکفیچ؟.. چۆنم لەگەڵیا؟ دەزانیت، من بە تەواویی ئەقڵم لەسەردا نەماوە.
- زۆر پرسیاری لێمەکە، بەتایبەتی کاتێک کە ڕوو گرژ دەکات، لەبارەی تەندروستیشییەوە زۆری لەسەر مەڕۆ، پێی خۆش نییە.
- ئاخ دیمیتری پروکفیچ، دایکایەتی چ بەڵایەکە! سەیری ئەو پلیکانانەیش بکە.. چ پلیکانەیەک!
دونیا کەوتە دڵدانەوەی دایکی و وتی:
- دایکە گیان، تۆ ڕەنگیشت پەڕیووە، هێور بە ئازیزم، بێگومان بە بینینی ئێمە دڵخۆش دەبێت.
پاشان بریقەیەک کەوتە ناوچاوی و لەسەری ڕۆشت:
- ئیتر تۆ بۆ ئەوەندە ئازاری خۆت دەدەیت!
- ڕاوەستە، با لە پێشا من تەماشایەک بکەم، بزانم لە خەو هەستاوە یان نا؟

خانمەکان هێدی هێدی کەوتنە دوای ڕازومیخین کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت، کە لە قاتی چوارەمدا گەیشتنە بەرانبەر ماڵی خاوەن خانووەکە، بینیان دەرگای ماڵەکە درزێکی بچووکی تێکەوتووە، لە تاریکییەکەدا دوو چاوی ڕەش و زۆر تیژ تەماشایان دەکات، کە نیگاکان بەریەکتری کەوتن، دەرگاکە لەپڕا داخرا، دەنگێکی وای لێوە هات، لەوەدا بوو پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لە ترسا بقیژێنێت.

٣

زوسیموف بە خۆشییەوە پێشوازیی لێکردن و بە دەنگی بەرز وتی:

- تەندروستیی باشە، باشە.

دە دەقیقەیەک دەبوو هاتبووە ئەوێ و لە سووچەکەی دوێنێشەودا، لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، ڕاسکۆلنیکۆڤیش لە سووچێکی بەرانبەریدا دانیشتبوو، بە پێچەوانەی جارانەوە جلەکانی هەموو لەبەردا بوو، تەنانەت دەست و دەموچاوی باش شۆراو و قژی داهێنابوو. ژوورەکە لەپڕێکدا پڕ بوو، ناستاسیا هەرچۆنێک بوو بە دوای میوانەکاندا هاتە ژوورێ و گوێقولاغ بوو.

لە ڕاستیدا لەوە دەچوو باری تەندروستیی ڕاسکۆلنیکۆڤ باش بێت. بە تایبەتی لە چاو دوێنێشەودا، بەڵام زۆر ڕەنگی پەڕیوو خەیاڵبردە و ڕووتاڵ بوو. لە کەسێکی بریندار یان لە یەکێک دەچوو، کە ئازارێکی زۆر لە لەشیدا بێت، برۆی هاتبوونەوەیەک، لێوی لێکنراو و ڕوانینی بڵێسەداربوو، کەم و بەبێ مەیلی قسەی دەکرد، وەک بڵێی ئەرکێکی لەسەرە و دەبێت بەجێی بێنێت، جارجارە ئاسەواری دوودڵییەک لە ڕەفتاریدا دەردەکەوت، تەنیا پێویستی بەوە بوو کە دەستی یان

پەنجەی بە لەفاف بپێچێت، تا تەواو لەو کەسە بکات، کە یان پەنجەی مووی لێهاتووە یان دەستی زەبری بەرکەوتبێت یان ژانی تێگەڕابێت.
لەگەڵ ئەمانە هەموویدا، تەنانەت ئەو ڕەنگپەڕیوویی و ڕوومۆنییەی، کاتێ کە دایک و خوشکی چوونە ژوورێ، دەتوت تیشکێک ڕوناکی کردەوە، وەلێ ئەمە بێجگە لە خەم و پەرێشانییەکەی حاڵەتی ڕەنج و ئازارێکی زۆری لێ زیاد کرد. ڕووناکییەکە زوو کوژایەوە، بەڵام ئازارەکە مایەوە، زوسیموفیش کە چاودێریی نەخۆشەکەی دەکرد و بە گەرمیی پزیشکێکی تازە کارەوە لە حاڵی دەڕوانی، بە سەرسوڕماوییەوە بینی کاتێک کەسوکاری نەخۆشەکەی هاتنە ژوورێ، لەباتیی خۆشی و شادیکردن، لە دەموچاوی نەخۆشەکەدا جۆرە سووربوونێکی نهێنی لەسەر بەرگەگرتنی ئازارێکی بێچارەسەر دەبینی، پاشان بینی تا ڕادەیەک هەر وشەیەکی گفتوگۆکە وەک تیرێک وابوو بەر یەکێک لە زامەکانی نەخۆشەکە بکەوێت و لە جاران زیاتر پەرێشانی بکات. هەروەها زوسیموف لەوەیش سەری سووڕما، کە چۆن نەخۆشەکە خۆی دەگرێت و دەتوانێت هەستی ماخولیاکەی دوێنێی بشارێتەوە، کە بە بچووکترین وشە لە پێستی خۆی دەردەچوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕووخۆشییەوە دایک و خوشکی ماچ کرد و وتی:
- بەڵێ، خۆیشم هەست بەوە دەکەم کە چاکترم.
دەموچاوی پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لە خۆشیا گەشایەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی لە ڕازومیخین کرد و بە خۆشییەوە دەستی گوشی، کەوتەوە قسەکردن:
- ئەوەی کە دوێنێ وتوومە، ئەمڕۆ نایڵێمەوە.

زوسیموف که له ماوەی دە دەقیقەی دانیشتنیدا لەگەڵ نەخۆشەکە، قسەی پێنەمابوو، لە هاتنی دیدەنیکەران زۆر دڵخۆش بوو، کەوتەوە وتن:

- من لە حاڵی ئێستای سەرسامم، سێ چوار ڕۆژی تر، ئەگەر هەر ئاوا بەرەو پێش بڕوات، بە تەواوەتی دەگەڕێتەوە سەر باری جارانی، واتا وەک مانگێک یان دوو مانگ یان ڕەنگە.. سێ مانگ لەمەوبەری لێدێتەوە، ئاخر، ئەم حاڵەتە لە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەرەوە زەمینەی بۆ ڕەخساوە، ها؟

پاشان زوسیموف زەردەخەنەیەکی کرد، بە دوودڵیەوە وەک لەوە بترسێت نەوەکا نەخۆشەکە نارەحەت بکات، وتی:

- ئێستا دان بەوەدا دەنێیت کە ڕەنگە گوناهی خۆتی تیا بێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ساردییەوە وتی:

- زۆر ڕێی تێدەچێت.

زوسیموف کە قسەی لە دەمدا خۆش ببوو، لەسەری ڕۆشت:

- من لەو لایەنەوە ئەمە دەڵێم، کە چاکبوونی ئێستای تۆ لە پێش هەموو شتێکدا پەیوەندیی بە خۆتەوە هەیە، ئێستا کە دەتوانم لەگەڵتا بدوێم، حەز دەکەم قەناعەت بەوە بکەیت کە بۆ ئەوەی بە تەواویی چاک ببیتەوە، دەبێت ئەو هۆکارە سەرەتایی و سەرەکییانە ڕیشەکێش بکەین، کە بوون بە هۆی نەخۆشییەکەت، ئەگینا لەوانەیە حاڵتان بەرەو خراپتر بچێت، من ئەو هۆکارە سەرەتاییانە نازانم چین، وەلێ تۆ دەبێت بیانزانیت، تۆ پیاوێکی بەئاوەزیت و بێگومان ئاگاداری حاڵی خۆت بوویت. بەپێی بۆچوونی من سەرەتای تێکچوونی تۆ تا ڕادەیەک لەو کاتەوەیە، کە وازت لە زانکۆ هێنا. تۆ توانای بێکاریت نییە، بۆیە

هەم کار و هەم ئامانجێکی پتەوی سەقامگیر، بە ڕای من، یارمەتییەکی چاکت دەکەن.

- بەڵێ، بەڵێ، تۆ بە تەواویی لەسەر هەقیت.. من هەرچی زووتر دەگەڕێمەوە زانکۆ و ئەوسا هەموو شتێک.. بە شێوەی سروشتی خۆی بەڕێوە دەچێت.

زوسیموف کە مەبەستی لەو پەندە ئاقڵانانەی خۆی زیاتر سەرنجڕاکێشانی خانمەکان بوو، ئێستا کە وتەکەی گەیشتە کۆتایی، کەمێک شڵەژا و شپرزە بوو، کە تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد، لە ڕوویدا حاڵەتێکی گاڵتەجاڕیی خوێندەوە، بیری کردەوە، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، چونکە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خێرا سوپاسی زوسیموفی کرد، کە دوێنێشەو دیدەنیی لێکردوون.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگەرانییەوە وتی:

- چۆن؟ دوێنێشەو هاتە لاتان؟ کەواتە ئێوەیش ماندووبوونی ڕێگە نەیهێشتوە دوێنێشەو بە چاکی بخەون؟

- ڕوودیا، هەموو ئەم کارانە تا سەعات دوو درێژەیان کێشا، من و دونیا لە ماڵیشەوە لە پێش سەعات دوودا نانوین.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لەپڕێکدا لۆچ کەوتە تەوێڵی و چاوی لە زەوی بڕی، وتی:

- بە ڕاستی نازانم چۆن سوپاسی بکەم، پارەیش وەرناگرێت.

پاشان ڕووی لە زوسیموف کرد و وتی:

- ببوورە ئەم باسەم کردەوە، من هیچ لەوە ناگەم چۆن و لەبەرچی منت بە شایانی ئەم هەموو چاکە و بایەخپێدانەی خۆت زانی، هیچ تێناگەم و.. تەنانەت بۆ من ناخۆشە، من بە ڕاشکاوی لەگەڵتا دەدوێم.

زوسیموف بەزۆر پێکەنینی لە خۆی هێنا و وتی:

- پێت ناخۆش نەبێت. وای دابنێ تۆ یەکەمین نەخۆشی منیت، ئێمەمانان کە تازە دەست بە چارەسەری نەخۆش دەکەین، یەکەم نەخۆشمان وەک منداڵی خۆمان خۆش دەوێت، هەندێکیان تا ڕادەیەک شەیدایان دەبن منیش تا ئێستا زۆر نەخۆشم نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاماژەی بۆ ڕازومیخین کرد و وتی:

- دەربارەی ئەو هیچ ناڵێم، ئەویش بێجگە لە ڕەنج و ئازار هیچی تری لە من دەست نەکەوتوە.

ڕازومیخین دەنگی هەڵبڕی:

- درۆ دەکات! دیارە ئەمڕۆ گەلێک سۆزی جووڵاوە؟

ئەگەر ڕازومیخین کەمێک وردتر بووایە، دەیزانی مەسەلەکە هیچ جۆرە سۆزدارییەکی تیا نییە، بەڵکو لای نەخۆشەکە کارەکە تەواو بە پێچەوانەوە بوو، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا هەستی بەمە کرد، زۆر بە وردی و دوودڵییەوە لە کاکی دەڕوانی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک ئەوەی لە بەیانییەوە وانەیەکی لەبەر کردبێت و بیەوێت بیڵێت، کەوتەوە دوای پەیڤەکانی خۆی:

- دەربارەی تۆ دایکە گیان، من ناوێرم بدوێم، ئەمڕۆ هەر بیرم لەوە کردەوە، کە دوێنێ تا چەند لێرە ئازارت لە چاوەڕوانکردنی مندا کێشاوە.

بەدەم ئەم قسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زەردەخەنەوە بێدەنگ دەستی بەرەو لای خوشکی درێژ کرد، وەلێ ئەمجارەیان زەردەخەنەکەی زۆر ڕاستگۆیانە بوو، دونیا ئەو دەستەی بۆی درێژ کرابوو، گرتی و بە گەرمی ڕایوەشاند، ئەمە یەکەمجار بوو کە ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای گفتوگۆکەی دوێنێ ڕووی لە خوشکی کردبێت. دەموچاوی دایکیان، لە

بینینی ئەم ئاشتبوونەوە کۆکەی نێوان خوشک و برا، لە خۆشیاندا گەشایەوە.

ڕازومیخین کە هەموو شتێکی گەورە دەکرد، لەسەر کورسییەکە بە هێوری وەرچەرخا و وتی:

- من لەبەر ئەم جۆرە کارانە خۆشم دەوێت، دەستپێشخەرییە تایبەتییەکان بە خۆی.

دایکیشی لەگەڵ خۆیدا وتی: "چەندە کارەکانی جوانن! چ ڕەفتارێکی نەجیبانەی هەیە! چەند بە ئاسانی و دڵناسکییەوە هەموو بەدحاڵیبوونەکەی دوێنێشەوی لەگەڵ خوشکیدا نەهێشت.. تەنیا بە دەستدرێژکردنێک و لە چرکەساتێکدا و بە نیگایەکی خۆشەویستییەوە.. چاوەکانیشی چ جوانن، ئەسڵەن ڕووی هەموو جوانە.. تەنانەت لە دونیایش جوانترە.. بەڵام خودا گیان، ئەم چاکەت و پانتۆڵە چییە و چەندە خراپ لەبەری کردووە! لە دوکانی ئاڤاناسی ئیڤانۆڤیچ، ڤاسیای[1] خزمەتکار، لەم باشتر جل لەبەر دەکات.. ئاخ.. ئەگەر بمتوانیایە لە باوەشی بگرم و ماچی بکەم و.. بگریم، بەڵام دەترسم، دەترسم.. خودا گیان. بۆ وایە! هەرچەندە بە خۆشەویستییەوە دەدوێت، وەلێ من هەر دەترسم، ئاخر، لە چی دەترسم؟"

پاشان، لە پڕێکدا، وەک ئەوەی پەلەی وەڵامدانەوەی ئەوی بێت، وتی:

- ئاخ ڕودیا، تۆ باوەڕ ناکەیت چەندە من و دونیا دوێنێشەو.. چارەڕەش بووین! وا ئێستا هەموو شتێک کۆتایی هات و ئێمەیش چەندە بەختەوەرین، تۆ خۆت بیری لێبکەرەوە. نزیکەی لەو کاتەوە لە

---

[1] *vassia*

شەمەندەفەر دابەزین، تا ئێرە بە ڕاکردن هاتین بۆ ئەوەی لە ئامێزت بگرین، کەچی ئەو ژنە، ئەوە ئێستا لێرەیە! سڵاو ناستاسیا، بەڵێ، کتوپڕ پێی وتین کە تۆ نەخۆشیت و تایەکی توندت لێهاتووە، کەچی بە دزیەوە، بەدەم وڕێنەکردنەوە لەدەست پزیشک هەڵاتوویت و کەوتویتەتە کۆڵانان، ئەوانیش کەوتوونەتە دوات، تۆ باوەڕ ناکەیت ئێمە چیمان بەسەر هات! یەکسەر بیری مردنی کتوپڕی پوتانچیکوفی[1] ناسیاوی ئێمە و هاوڕێی باوکتم کەوتەوە. تۆ ئەوت لەبیر نییە، ڕودیا، ئەویش تای لێهاتبوو، هەر ئاوا لە ماڵ هەڵات و کەوتە بیرێکی حەوشەوە و ڕۆژی دوایی دەریانهێنایەوە. ئێمەیش لای خۆمانەوە شتەکەمان زۆر گەورە گرت و ویستمان بڕۆینە لای پیتەر پتروڤیچ بەڵکو کۆمەکێکمان پێبکات.. چونکە ئێمە کەسمان نەبوو، بە تەواویی بێکەس! دواڕستەکانی ئاوازی خەم و نالەنالیان لێدەتکا، بە تەواوی ئاگای لە خۆی نەمابوو، چونکە بیری کەوتەوە کە باسکردنی پیتەر پتروڤیچ هەرچەندە وای لێکدایەوە کە هەموو پێیان خۆش بێت، بەڵام لەوە دەچوو هێشتا مەترسیدار بێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەبەر خۆیەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، بەڵێ، هەڵبەتە هەموو ئەم ڕووداوانە، جێگای داخن..

بەڵام سیمای هێند پەرێشان و مانای کەمبایەخیی دەگەیاند، کە دونیا بە سەرسامیەوە لێی ڕوانی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک بە وردی شتێکی بیر کەوتبێتەوە، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی:

---

[1] *Potanchikof*

- دەمویست چی بڵێم، ها؟ بەڵێ، دایکە گیان، دونیا تۆیش، وا نەزانن ئەمڕۆ من نەمویستبێت یەکەمجار خۆم بێم بۆ لاتان و چاوەڕێی هاتنی ئێوە بووبم، کە یەکەمینجار بێن بۆ دیدەنیم.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە سەرسامییەوە وتی:
- ئەم قسانە چییە، ڕودیا؟
دونیا بیری کردەوە: "یەعنی چی، بڵێی وەک بەجێهێنانی ئەرکێک وەڵاممان بداتەوە؟ ئاشتکردنەوەکەی و پۆزشهێنانەکەی، وەک ئەوە وایە بێگارێکی کردبێت یان وانەیەک لەبەر بکات".
- منیش ئێستا لە خەو هەستام ویستم بێم بۆ لاتان، وەلێ جلەکانم دوایان خستم، دوێنێشەو لە بیرم نەبوو، بە ناستاسیا بڵێم، ئەم خوێنە بشوات. ئێستا، تازە دەرفەتم دەست کەوت کە جلەکانم لەبەر بکەم.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا نیگەران بوو.
- خوێن، کامە خوێن؟
- هیچ نییە.. نیگەران مەبە، دایە گیان، ئەم خوێنە لەوەوەیە، کە دوێنێشەو بەدەم وڕێنەکردنەوە پیاسەم دەکرد، پێم بەر پیاوێکی بریندار کەوت.. کارمەندێک بوو.
ڕازومیخین قسەکەی پێبڕی و وتی:
- بەدەم وڕێنەکردنەوە؟ بەڵام تۆ هەموو شتێکت لە بیرە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دڵنیاییەوە وتی:
- ڕاستە، وردودرشتی هەموو شتەکانم لە بیرە، وەلێ ئەگەر لێم بپرسیت بۆ وامکردو بۆ چووم بۆ ئەوێ و چیم وت، ئیتر ناتوانم هیچ ڕوون بکەمەوە.
زوسیموف هاتە ناو گفتوگۆکەوە:

- حاڵەتێکی زۆر ئاسایی و دیارە، هەندێکجار ئەو کارەی دەکرێت، زۆر وەستایانە و تەنانەت داهێنەرانەیە، بەڵام بنەما و هۆکارەکەی دەشێت پاک نەبێت و کاریگەری چەند نەخۆشییەکی جۆراوجۆری لەسەر بێت، وەک خەون.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە: "ڕەنگە خراپ نەبێت ئەگەر تا ڕادەیەک بە شێتم بزانێت".

دونیا کە بە دوودڵییەوە لە زوسیموفی دەڕوانی، وتی:

- دەشێت کەسانی لەشساغیش ئەمانەی لێ ڕوو بدات؟

زوسیموف وەڵامی دایەوە:

- سەرنجێکی زۆر وردە. لەم لایەنەوە بە ڕاستی هەموو ئێمەیش زۆرجار لە شێت دەچین، تەنیا جیاوازییەک هەیە، کە "نەخۆشەکان" کەمێک لە ئێمە شێتترن. لەبەر ئەوە دیاریکردنی ئەو سنوورە کارێکی پێویستە، وەلێ مرۆڤی تەواو ساغڵەم و تەندروست، تا ڕادەیەک هەر بوونی نییە، لە هەر دە هەزار یان سەد هەزار کەس ڕەنگە تووشی یەکێکی وا ببین. ئەمەیش گریمانەیەکی تا بڵێی لاوازە..

لەگەڵ وشەی "شێت"دا کە زوسیموف بێترس و لێکدانەوە لە باسی بابەتێکدا کە خۆی عاشقیەتی و کتوپڕ بەسەر زمانیدا هات، هەموو دانیشتوان ناوچاویان بەیەکدا دا، ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک ئەوەی دەربەست نەبێت، لە بیرکردنەوەیەکدا کە زەردەخەنەیەک بەسەر لێوە بێڕەنگەکانیەوە نەخشی بەستبوو، بێباکانە هەر بۆ خۆی دانیشتبوو.

ڕازومیخین بەپەلە لێی پرسی:

- باشە، ئەی بریندارەکە چی بەسەر هات؟ قسەکەم پێبڕیت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەک ئەوەی بەئاگا هاتبێتەوە، وتی:

- چۆن؟ بەڵێ، کە ویستم یارمەتی بدەم و بیبەمەوە ماڵەکەیان، خوێناوی بووم.. بە ڕاستی دایکە گیان، دوێنێ کارێکم کردووە، لێخۆشبوونی نییە، لە ڕاستیا بێئەقڵ بووم. دوێنێشەو چی پارەت بۆ ناردبووم، هەموویم دایە ژنی ئەو پیاوە، بۆ ناشتنی تەرمەکەی.. بێوەژنێکی هەژاری سیلاوی، سێ منداڵی بچووکی هەیە، هەموویان برسین.. هیچ لە ماڵەکەیاندا نییە، دانی پێدا دەنێم کە هەق نەبوو ئەوە بکەم، بە تایبەتی کە خۆم دەزانم ئەو پارەیەتان چۆن دەست کەوتووە، ئاخر، بۆ ئەوەی یارمەتیی خەڵکی بدەیت، پێویستە سەرەتا هەقی ئەوەت هەبێت، ئەگینا..

بە فەرەنسی وتی:

- ئەگینا، سەگینە، ئەگەر ڕازی نین، بۆ خۆتان بمرن.

کەوتە پێکەنین و بە ڕووسی وتی:

- دونیا، وا نییە؟

دونیا بە جەختەوە وتی:

- نەخێر، وا نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگایەکی نەفرەتی و زەردەخەنەیەکی پڕ لە گاڵتەپێکردنەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

- حەو! تۆیش کە.. مەبەستێکت هەیە، دەبوو بمزانیایە.. باشە، شایانی پیاهەڵگوتنە.. ڕەنگە ئەمیان باشتر بێت.. وەک ئەنجام، ئەگەر گەیشتیتە ئەو سنوورەی کە نەدەبوو بیبەزێنیت، بەدبەخت دەبیت، خۆ ئەگەر هەنگاوێک بەرەو ئەولاتر بنێیت، دەشێ بەدبەختتر بیت.. وەلێ تێکڕا هەموو ئەم شتانە قسەی بێجێن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دواڕستەی لەبەر ئەوەی گەرمی قسە ببوو، بە تووڕەیی وت، پاشان بە توندی و دەنگی پچڕپچڕەوە وتی:

- دایکه گیان، دەمویست بڵێم، داوای لێبوردنت لێدەکەم.
دایکی بە خۆشحاڵییەوە وتی:
- بەسە ڕودیا، من بڕوام وایە هەر کارێ تۆ بیکەیت، زۆر باشە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زەردەخەنەیەکی خۆ کردەوە وتی:
- وایش نا، ئەمەندە خۆشباوەڕ مەبە.
بێدەنگیی هەموو لایەکی گرتەوە، لەم گفتوگۆ و بێدەنگی و ئاشتی و داوای لێبوردنەدا حاڵەتێکی دەستکرد هەبوو، کە هەموویان هەستیان پێدەکرد.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لەژێرەوە سەیری خوشک و دایکی دەکرد، بە خۆی وت: "لەوە دەچێت لێم بترسن".
لە ڕاستیا پولخێریا ئەلێکساندروڤنا چەندە بێدەنگتر بووایە، ترسی زۆرتر دەبوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە لای خۆیەوە کەوتەوە بیرکردنەوە: "وا ئەزانم کە لێرە نەبوون، بە ڕاستی خۆشم دەویستن".
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لەپڕێکدا وتی:
- ڕودیا دەزانیت، مارفا پتروڤنا مرد!
- مارفا پتروڤنا کێیە؟
- هەی هەی! هەمان مارفا پتروڤنا سڤیدریگایلوڤ، لە بیرمە لەبارەی ئەوەوە زۆر شتم بۆ نووسیویت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕا داچڵەکی، وەک ئەوەی لە خەو خەبەری بووبێتەوە، وتی:
- ئا، بەڵێ، لە بیرمە.. کەواتە مرد؟ بەڕاست مرد؟ بۆ مرد؟
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا ئەم تاقیباتکردنەی پێ خۆش بوو، خێرا وەڵامی دایەوە:

- بیری لێبکەرەوە، زۆر کتوپڕ مرد، هەر لەو کاتەدا کە ئەم نامەیەم بۆ نووسیت، تەنانەت هەر هەمان ڕۆژیش. بیری لێبکەرەوە کە چۆن ئەو پیاوە ترسناکە بوو بە هۆی مردنی، دەڵێن زۆر خراپ لەو ژنە کڵۆڵەی داوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی لە خوشکی کرد و وتی:

- بۆ ژیانیان بەو جۆرە بوو؟

- نا، تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو هەمیشە لەگەڵ ژنەکەیدا هێور و تەنانەت بە ئەدەبیش بوو. بۆ ماوەی حەوت ساڵ، لەڕادەبەدەر، لە هەندێک ڕەوشت و خووی ئەو بەرانبەر بە کۆمەڵێک شت چاوپۆشی دەکرد. کەچی لەپڕێکدا ئیتر خۆی پێنەگیرا.

- جا ئەگەر توانیبێتی حەوت ساڵی تەواو دان بە خۆیدا بگرێت، ئیتر ترسناکییەکەی لە چیدایە؟ تۆ دونیا گیان، پێدەچێت پاکانەی بۆ بکەیت؟

- نا، نا، پیاوێکی ترسناکە، لەو ترسناکتر چ پیاوێکی ترم بە خەیاڵدا نایەت.

دونیا تا ڕادەیەک ئەمەی بە گرژییەکەوە وت، پاشان برۆی هاوردەوە یەک و کەوتەوە بیرکردنەوە.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خێرا بە دوای قسەکانی خۆی کەوتەوە:

- بەسەرهاتەکەیان سەرلەبەیانییەک ڕووی دا، دوای ئەوە مارفا پتروڤنا فەرمانی دا زوو گالیسکەکە ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی یەکسەر دوای نانی بەیانی بڕوات بۆ شار، هەمیشە لە ڕووداوی وادا دەچوو بۆ شار، دەڵێن زۆر بە دڵی خۆی نانی بەیانیانی خواردوە.

- بەو لێدانەوە کە خواردبووی؟

- با ئەوەیش بڵێم کە هەمیشە.. ئەو عادەتەی هەبوو، هەر کەنانی بەیانیی دەخوارد، بۆ ئەوەی درەنگ نەکەوێت، ڕاست دەچوو بۆ حەمام.. دەزانیت، گوایا بەو حەمامە دەرمانی خۆی دەکرد، ئەوان لەوێ کانییەکیان هەیە ئاوەکەی سارده، ئەو بەردەوام هەموو ڕۆژێک لەوێ خۆی دەشت.. هەر ئەوەندەی چووە کانییەکەوە، دڵی وەستا.

زوسیموف وتی:

- بێگومان وایە.

- مێردەکەی زۆر خراپ لێی دابوو؟

دونیا وەڵامی دایەوە:

- ئەمەیان مەسەلەیەک نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پڕێکدا و بە تووڕەییەکی بێ زۆرلەخۆکردنەوە وتی:

- هم، وەلێ دایکە گیان، چۆن تاقەتت هەیە ئەم شتە تووڕەهاتانە دەگێڕیتەوە!

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا زوو وەڵامی دایەوە:

- ئەی چی بکەم کوڕم! نەمدەزانی لەبارەی چییەوە بدوێم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زەردەخەنەیەکی خۆکردەوە وتی:

- بۆ ئێوە هەمووتان لێم دەترسن؟

دونیا بەبێ پەردە، لە کاتێکدا کە نیگایەکی خەستی لە کاکی کرد، وتی:

- ئەمە ڕاستە، دایکم کە پێی نایە سەر پلیکانەکان، لە ترسا وێنەی خاچی کێشا.

دەموچاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕادەیەک گرژبوو، دەتوت دەماری بەگیر وەستاوە.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە شەرمەوە وتی:

- تۆ چی دەڵێیت دونیا! ڕودیا، تکات لێدەکەم بێتاقەت نەبیت.. دونیا بۆ وا دەڵێیت؟ ڕاستە ئەو کاتەی بۆ ئێرە دەهاتم، بە درێژایی ڕێگە و لە ناو شەمەنەفەردا، هەر خەیاڵم لەو خۆشییە دەکردەوە کاتێک کە یەکتر دەبینین، چۆن هەموو هەواڵەکان بۆ یەکدی دەگێڕینەوە.. ئەوەندەیش خۆشحاڵ بووم ئاگام لە ڕێگە نەمابوو، وەلێ ئەمە چییە کە دەیڵێم، ئێستایش هەر خۆشحاڵم.. دونیا، تۆ لە خۆتەوە قسە دەکەیت، ڕودیا تەنیا بینینی تۆ، بەسە بۆ ئەوەی من بەختەوەر بم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ ئەوەی تەماشای بکات، دەستی گوشی و بە ناخۆشییەوە لەسەرخۆ وتی: واز بێنە دایکە، دەرفەتی قسەکردنمان زۆر دەبێت.

دوای ئەم قسانە لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ تێک چوو، ڕەنگی پەڕی.. دیسانەوە هەستە ترسناکەکەی جاران، وەک سەرمای مەرگ بە گیانیا تێپەڕی.. دیسانەوە زۆری لا ڕوون و ئاشکرا بوو کە هەر ئێستا درۆیەکی زلی کرد، کە نەک تەنیا ئێستا، بەڵکو و ئیتر هەرگیز دەرفەتی ئەو گفتوگۆ درێژەیان نابێت، ئیدی هەرگیز، لەگەڵ هیچ کەسێکدا، لەبارەی هیچ شتێکەوە ناتوانێت قسە بکات، کاریگەریی ئەم بیرۆکە پڕ لە ئازارە هێندە بەهێز بوو، کە بۆ چرکەساتێک خۆی لە یاد کرد. لە جێگاکەی هەستاو بەبێ ئەوەی سەیری کەس بکات، بەرەو لای دەرگاکە چوو.

ڕازومیخین دەستی گرت و هاواری کرد:

- چی بووە، چیتە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ دووبارە دانیشتەوە و هێدی هێدی کەوتە تەماشاکردن، هەموو بە سەرسامییەوە لێیان ڕوانی، لەناکاوێکدا بە دەنگی بەرز وتی:

- نازانم، ئێوه هەمووتان بۆ ئەوەنده بێزارکەرن، شتێک بڵێن، ئاخر بۆ، هەر ئاوا دانیشتوون، باشه، بڵێن، قسه بکەن.. له دەوری یەک کۆبووینەتەوه و هیچ ناڵێین، دەی شتێک بڵێن.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خاچی کێشا و وتی:
- سوپاس بۆ خودا، وامزانی وەک دوێشەوی لێهاتۆتەوه.
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بێدەربەستانه وتی:
- ڕودیا، چیته؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوه:
- هیچ نییه، یادی شتێکم کەوتەوه.
لەناکاودا دایه قاقای پێکەنین.
زوسیموف لەسەر قەنەفەکه هەستا و لەسەرخۆ وتی:
- باشه، ئەگەر شتێکت بیر کەوتۆتەوه خراپ نییه، ئەگینا من خۆیشم لەوەدا بووم.. ئیتر دەبێت من بڕۆم، ڕەنگه بێمەوه.. ئەگەر بینیم تۆ.. پاشان سڵاوی کرد و چووه دەرەوه، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا وتی:
- چ مرۆڤێکی جوامێرە!
ڕاسکۆلنیکۆڤ له پڕێکدا و بەپەله و هێند به گەرمی که لەوەوبەر لێی ڕوو نەدابوو، وتی:
- بەڵێ، مرۆڤێکی جوامێر و مەزن و ئاقڵ و ڕوناکبیرە، له بیرم نییه پێش نەخۆشکەوتنەکەم له کوێ دیومه.. وەلێ وا دەزانم دیبێتم.. پاشان سەری بۆ لای ڕازومیخین وەرگێڕا و وتی:
- ئەمیش پیاوی چاکه.
دوایی یەکسەر به خوشکی وت:
- دونیا، تۆ پێت باشه؟
هەر له خۆیشیەوه دایه پێکەنین

دونیا وەڵامی دایەوە:
- زۆریش.
ڕازومیخین شڵەژا و دەموچاوی سوور داگەڕا، لەسەر کورسییەکەی هەستا و وتی:
- ئای کە زەلامێکی زۆربڵێیت!
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا زەردەیەکی هاتێ، بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ قاقای لێدا و وتی:
- ئەی تۆ بۆ کوێ دەچیت؟
- منیش دەڕۆم.. کارم هەیە.
- تۆ نابێت بڕۆیت، ڕاوەستە، زوسیموف ڕۆیشت، ئەبێ تۆیش بڕۆیت، مەڕۆ.. سەعات چەندە؟ دوانزە؟ دونیا سەعاتەکەت چەند جوانە! بۆ دیسانەوە بێدەنگ بوون؟ خۆ هەر من قسە دەکەم.
دونیا وەڵامی دایەوە:
- ئەمە دیاریی مارفا پتروڤنایە.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بۆی تەواو کرد:
- گەلێکیش گرانبەهایە.
- زۆریش گەورەیە، لە سەعاتی ژنان ناچێت.
دونیا وتی:
- من وام حەز لێیە.
ڕازومیخین لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە: "کەواتە دیاریی زاوا نییە" نەیشتدەزانی بۆ ئەمەندەی پێ خۆش بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- من وامدەزانی دیاریی لۆژینە.
- نا، ئەو هێشتا هیچی بە دونیچکا نەداوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کتوپڕ بە دایکی وت:
- ئا.. بەڕاست دایکە لەبیرتە، کە عاشق بووم و ویستم ژن بێنم؟
دایک لە گۆڕینی قسە و ڕەوتی گفتوگۆی کوڕەکەی تەواو سەرسام بوو:
- ئاخ، بەڵێ لە بیرمە کوڕم.
لەگەڵ دونیا و ڕازومیخیندا نیگایەکی یەکیان کرد.
- ئای، چیتان بۆ باس بکەم؟ تەنانەت لە بیریشم ماوە، کچێکی دەردەدار بوو. بەدەم قسەکردنەوە کەوتە بیرکردنەوە و چاوی لە زەوی بڕی.
- کچێکی زۆر دەردەدار بوو، حەزی بە یارمەتیی سواڵکەر دەکرد و هەمیشە ئارەزووی لە چوونەدێر بوو، جارێکیش کە باسی ئەوێی بۆ کردم، فرمێسکی ڕشت، بەڵێ، بەڵێ، لە بیرمە، زۆر چاکم لە بیرە.. ناشیرینیش بوو.. بە ڕاستی نازانم بۆ ئەوەندە دڵم دابوویە.. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، کە هەمیشە نەخۆش بوو.. خۆ ئەگەر شەل یان کۆم بووایە، بێگومان زیاتر خۆشم دەویست.. (زەردەخەنەیەکی ترسناک کەوتە سەر لێوی) بەڵێ.. ئەوە جۆرێک بوو لە هەرزەکاری.
دونیا بە پەرۆشەوە وتی:
- نا، ئەوە هەر هەرزەکاری نەبوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە مەبەستەوە چاوی لە خوشکی بڕی، وەلێ یان گوێی لە قسەکانی نەبوو یان تێی نەگەیشت. پاشان لە کاتێکدا کە خەیاڵی ڕۆیشتبوو، هەستا، لە دایکی نزیک کەوتەوە، ماچی کرد و گەڕایەوە شوێنەکەی و دانیشت.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە حاڵەتەکە کاری لێکردبوو، وتی:
- تۆ ئێستایش هەر خۆشت دەوێت؟

- ئەو؟ ئێستا؟ ها.. بەڵێ، تۆ باسی ئەو کچە دەکەیت! نا، هەموو ئەو شتانە لە دنیایەکی تردان.. سەردەمانێکی زۆر دوور.. نەک هەر ئەوە.. بەڵکو هەرچییەکیش کە لەم دەوروبەرەمدا ڕوو دەدات، دەڵێی هی سەردەمێکی ترە و پەیوەندیی بە ئێستاوە نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە وردی لێی ڕوانین:

- بە ئێوەیشەوە.. دەڵێی من لە دووری هەزار فرسەخەوە تەماشاتان دەکەم.. خوا خۆیشی دەزانێت کە بۆ ئەم باسەمان کردۆتەوە.

پاشان بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەی سوودی پرسیارکردنتان چییە؟

ئینجا بێدەنگ بوو، دەستی بە کرۆشتنی نینۆکی کرد و دیسانەوە خەیاڵ بردییەوە.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لەپڕا بێدەنگیە قورسەکەی شکاند و وتی:

- چ جێگایەکی خراپت هەیە ڕودیا، دەڵێی گۆڕە، من لەوە بێگومانم کە نیوەی خەمۆکییەکەت خەتای ئەم ماڵەتە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەستێکی پەرتەوە وەڵامی دایەوە:

- ماڵ؟.. بەڵێ، ماڵ کاریگەریی زۆرە.. خۆیشم بیرم لێکردۆتەوە.. بەڵام ئەگەر دەزانیت ئێستا چ بیرۆکەیەکی سەیرت دەربڕی، دایە گیان..

بە دوا قسەکەی خۆی پێکەنینێکی نهێنیئامێزی کەوتە سەر لێو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی کرد کە ئەم کۆبوونەوە و ئەم دایک و خوشکەی کە دوای سێ ساڵ یەکتریان دیوەتەوە، ئەم قسە خۆمانەییانەی کە چ بابەتێکی هاوبەشیان تیا نەبوو، بۆ ئەو بێزارکەرە و خۆی پێناگیرێت. وەلێ مەسەلەیەکی گەورە لە پێش بوو، کە دەبوو هیچ دوا نەکەوێت و هەر ئەمڕۆ بە لایەکدا بخرێت. ئەمە بڕیارێک بوو

پێشتر، ئەو کاتەی لە خەو بەئاگا هاتبووەوە، دابووی، ئێستا لە بوونی ئەم مەسەلەیە دڵخۆشە، وەک ڕێگەچارەیەکی دۆزیبێتەوە، ئینجا بە دەنگێکی وشک و جیدی دەستی پێکرد:

- گوێ بگرە دونیا، هەڵبەتە لەوەی دوێنێشەو ڕووی دا، من داوای لێبوردنت لێدەکەم، وەلێ بە ئەرکی خۆمی دەزانم جارێکی دی بیرت بهێنمەوە، کە من واز لە مەبەستە سەرەکییەکە ناهێنم. یان من یان لۆژین، لێگەڕێ با من بەدڕەگەز بم، بەڵام تۆ نا، یەکێکمان بەسە، ئەگەر تۆ مێرد بە لۆژین بکەیت، من ئیدی بە خوشکی خۆمت نازانم.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە توندی هاواری لێکرد:

- ڕودیا، ڕودیا، دیسانەوە گەڕایتەوە سەر قەوانەکەی دوێنێشەو، تۆ بۆ هەمیشە خۆت بە بەدڕەگەز دادەنێیت، من ئەمە قبووڵ ناکەم. دوێنێیش هەروا..

دونیا بە شێوازێکی وشک و یەکلایکەرەوە وەڵامی دایەوە:

- کاکە، دیارە هەڵەیەک لای تۆوە هەیە، من بە درێژایی شەوی ڕابردوو بیرم کردەوە و هەڵەکەتم دۆزیەوە، هەموو کێشەکە لەوەدایە کە گوایا تۆ وا دەزانیت من لەبەر خاتری کەسێک خۆم دەکەمە قوربانی. هەرگیز شتی وا نییە، من بۆ خۆم شوو دەکەم، چونکە ژیانم نالەبارە، بێگومان بەوەیش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم سوودێک بە کەسوکاریشم بگەیەنم، بەڵام ئەمەیان گرنگترین هۆکاری بڕیارەکەی من نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لە ڕقا بەربووە کرۆشتنی نینۆکەکانی، بە خۆی دەوت:

"درۆ دەکات، لووتبەرزە، نایەوێت دان بە ڕاستیدا بنێت، کە حەزی بە چاکەکردنە، ئای لەم خووە پۆخڵە! خۆشەویستیشیان لە نەفرەت دەچێت.. ئاخ، من چەندە بێزم لە هەموویان دێتەوە!"

دونیا لەسەری ڕۆشت:

- بە کورتی: من بۆیە شوو بە پیتەر پتروڤیچ دەکەم، تا لە دوو شەڕ ئاسانترینیان هەڵبژێرم، بڕیارم داوە ئابڕومەندانە ئەو هەرچیم داوا لێبکات، ئەنجامی بدەم و درۆی لەگەڵدا نەکەم.. بەڵام تۆ ئەو زەردەخەنە تەوساوییە چی بوو کردت؟

دونیا پەشۆکا و تووڕەیی لە ناوچاویا دەرکەوت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە توانجەوە پێی وت:

- هەموو ئەوانەی بۆ ئەنجام دەدەیت؟

- ئەوەندەی بتوانم، من لە شێواز و هاتنەپێشەوەی پیتەر پتروڤیچدا زوو لەوە گەیشتم کە ئەو چی لە من دەوێت، هەڵبەتە، ئەو لە خۆی ڕازییە، ڕەنگە زۆریش خۆی بە گەورە بزانێت، وەلێ هیوادارم ڕێزی منیش بگرێت.. بۆ دیسان پێدەکەنیت؟

- ئەی تۆ بۆ دیسان سوور داگەڕایت؟ خوشکێ، تۆ درۆ دەکەیت و بە ئارەزوویش درۆ دەکەیت، تەنیا لەبەر سەرسەختی ژنانەیی خۆت، هەر لەبەر ئەوەی قسەکەی من سەرنەگرێت.. تۆ هەرگیز نابێت ڕێز لە لۆژین بگریت، من ئەوم بینی و قسەم لەگەڵدا کرد، کەواتە تۆ بۆ پارە خۆت دەفرۆشیت، بۆیە کارێکی زۆر ڕسواییە، زۆریش بەوە خۆشحاڵم کە تۆ لایەنی کەم لە شەرماندا سوور دادەگەڕێیت.

دونیا کە ئیدی خۆی پێنەگیرا، هاواری کرد:

- نا، وا نییە، درۆیش ناکەم، ئەگەر بە تەواویی بڕوام بەوە نەبێت کە دەربەستمە و ڕێزم لێدەگرێت، هەرگیز نابم بە ژنی.. خۆ ئەگەر

لەوەیش دڵنیا نەبم کە دەتوانم ڕێزی لێبگرم، هەر نابم بە ژنی، خۆشبەختانە دەتوانم هەر ئێستا بڕیاری تەواو بنەبڕی خۆم لەسەر ئەم شووکردنە بدەم، وەک تۆیش دەیڵێیت، کارێکی ڕسوایی نییە، باشە، با بڵێین من بڕیارێکی بێئابڕومەندانەم داوە و تۆ ڕاست دەکەیت، ئەی ئەمە ناهەقی نییە، کە تۆ بەم جۆرە لەگەڵمدا دەدوێیت؟ تۆ بۆ داوای ئازایەتییەک لە من دەکەیت، کە دەشێت لە خۆیشتا نەبێت؟ ئەمە زوڵم و ستەمە، ئەگەر من یەکێک بەدبەخت بکەم، ئەو کەسە تەنیا خۆمم، من هێشتا کەسم نەکوشتووە! بۆ لێم مۆڕ دەبیتەوە؟ بۆ وا ڕەنگت پەڕیووە؟ ڕودیا، چیتە؟ ڕودیا، ئازیزەکەم.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری کرد:

- خودا گیان، وات لێکرد لە هۆش خۆی بچێت.

- نا، نا.. هیچ نییە، تۆزێ سەرم گێژی خوارد، لەسەرخۆچوون نییە.. تۆیش واز لەم لەسەرخۆچوونە ناهێنیت! هوم! بەڵێ، دەمویست بڵێم چی؟ بەڵێ، کەواتە تۆ لە ئێستاوە، لە ئەمڕۆوە، بڕیاری تەواوت بەوە هەیە، کە دەتوانیت ڕێزی بگریت یان نا.. یان ئەو قەدرزانی لە تۆ بکات یان نا.. وات وت، نا؟ من وا تێگەیشتم کە تۆ وتت هەر ئەمڕۆ؟ یان من خراپ تێگەیشتم؟

دونیا وتی:

- دایکە گیان، نامەکەی پیتەر پتروڤیچ پیشانی کاکم بدە.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بەدەستلەرزینەوە نامەکەی بۆ ڕاگرت، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بایەخێکی زۆرەوە لێی وەرگرت، بەڵام پێش ئەوەی بیکاتەوە، زۆر بە سەرسامییەوە لە دونیای ڕوانی، وەک لەپڕێکدا بیرۆکەیەکی تازەی بۆ هاتبێت. لەسەرخۆ وتی:

- سەیرە، ئاخر من چیم لەم سەرئێشەیەداوە؟ ئەم هەراوزەنایە لە پای چی؟ کێت پێ چاکە شووی پێبکە.
بە ڕواڵەت لەگەڵ خۆیدا دەدوا، بەڵام وشەکانی بە دەنگی بەرز وتن و ماوەیەکیش لە خوشکی ڕاما، وەک بیەوێت چارەسەری کێشەیەک بکات. پاشان هەر بەو باری سەرسامییەوە نامەکەی کردەوە، هێدی هێدی و بە وردی کەوتە خوێندنەوەی، دووجار خوێندیەوە. پولخێریا ئەلێکساندروڤنا زۆر دوودڵ بوو، وەک ئەوەی هەموو لە چاوەڕوانیی شتێکی تازەدا بێ.
دوای ماوەیەک ڕامان، ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ ئەوەی ڕوو لە کەس بکات، نامەکەی دایەوە دایکی و وتی:
- پێم سەیرە، ئاخر ئەو بە دوای کاری گرنگەوەیە، پارێزەرە و تەنانەت شێوازی قسەکردنیشی بە لافوگەزافە، کەچی وەک نەخوێندەوار شت دەنووسێت.
هەموو داچڵەکین، هیچ چاوەڕێی شتی وانەبوون.
ڕازومیخین زوو هەڵیدایە:
- ئەوان هەموویان هەر ئاوا دەنووسن.
- بۆ تۆ خوێندوتەتەوە؟
- بەڵێ.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە شڵەژاوییەوە!
- ئێمە پیشانمان دا، ڕودیا، ئێمە پێشتر ڕاوێژمان پێکرد.
ڕازومیخین قسەکانی بە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بڕی و وتی:
- ئەمە شێوازی مافناسانە، لە دادگاکاندا وا دەنووسرێت.

- نووسینی مافناسان! ڕاستە، ئەمە بە ڕاستی شێوازی نووسینی دادگا و ئیدارەیە. نە ئەوەندە نەخوێندەوارانە و نە ئەوەندەیش زۆر ئەدەبی بێت، هەمان شێوازی ئیداری.

ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا وەک کەمێک لە قسەکەی کاکی زویر بووبێت، وتی:

- پیتەر پیتروڤیچ ئەوە ناشارێتەوە کە لە کاتی خوێندنیدا بێپارەوپوول بووە، تەنانەت شانازی بەوەوە دەکات کە خۆی خۆی پێگەیاندووە.

- باشە، هەقیەتی شانازی بە خۆیەوە بکات، من لێی ناگرم، خوشکێ تۆ لەوە زویر بوویت کە من لە هەموو نامەکەدا ڕەخنەم لە شێوازی نووسینەکە گرت، وا تێدەگەیت من بۆیە بەتایبەتی لەبارەی ئەو شتە سووکانەوە قسە دەکەم، کە بەرانبەر بە تۆ ڕقی خۆم خاڵی بکەمەوە. نا، بە پێچەوانەوە، لەبارەی شێوازەوە شتێکم بیر کەوتەوە، کە وتنی لێرەدا بێجێ نییە، لەم نامەیەدا زاراوەیەک هەیە: ".. هەرچی ڕوو بدات گوناهەکەی لە ئەستۆی ئێوەدایە" ئەمە زۆر ئاشکرایە و هەڕەشەیشە بەوەی کە ئەگەر من بێم بۆ لاتان و ئەو بڕواتە دەرەوە، ئەم هەڕەشەی ڕۆیشتنە، ڕاست وەک ئەوە وایە کە ئێوە، ئەگەر مل نەدەن، ئەو وازتان لێدێنێت ئەگەرچی هەر خۆیشی هێناونی بۆ پتروزبورگ، کەواتە تۆ ڕات چییە؟ ئایا ئەم وشانەی لۆژین هەر بەو ڕادەیە زوێریان دەکردیت، ئەگەر بۆ نموونە ئەو (ئاماژە بۆ ڕازومیخین دەکات) یان زوسیموف یان یەکێک لە ئێمە بماننووسیایە؟

دونیا بە خاترجەمی وتی:

- نا، من لەوە گەیشتم کە ئەم شێوازە زۆر منداڵانەیە و دەشێت ئەو لە نووسیندا وریا نەبێت.. تۆ لەمەیاندا ڕاست دەکەیت، کاکە، تەنانەت من چاوەڕێی ئەوە نەبووم..

- بەڵێ ئەمە شێوازی دادگایە، بەو شێوازەیش ناتوانیت بە جۆرێکی تری بنووسیت، بۆیە دەشێت لەوە زبرتر بێت، کە ئەو خۆی ویستویەتی، وەلێ من دەمەوێت کەمێک تۆ غەمگین بکەم: لەم نامەیەدا دەربڕینێکی تر هەیە کە بوختانە بە هەقی من و کەمێک سووکە. من دوێنێ پارەم بەخشییە بێوەژنێکی دەردەداری کۆستکەوتوو، نەک بە بیانووی ناشتنی تەرمەکە، بەڵکو بە ڕاستی بۆ ناشتنی تەرمەکە بوو، نەیشمدا بە کچەکەیان یان بە قسەی ئەو، کچە ناوبانگ خراپەکەیان (کە لە هەموو تەمەنیدا دوێنێشەو بۆ یەکەمجار دیویەتی) بەڵکو دامە دەست خودی بێوەژنەکە. لە هەموو ئەم قسانەدا ئەو زۆر ئارەزووی ئەوەی هەیە من سووک بکات و نێوانمان تێک بدات. هەر بەو شێوازی دادگاییە، واتا بە شێوەیەک کە ئامانجەکەی بە چاکی دیارە.. پەلەیەکی منداڵانەی پێوەیە، کە ساکاریی ئەو دەردەخات. لۆژین پیاوێکی ئاقڵە، بەڵام بۆ ئەوەی کاری ئاقڵانە بکەیت، تەنیا ئەوە بەس نییە کە ئاقڵ بیت، هەموو ئەم شتانە ڕووی ڕاستەقینەی مرۆ دەردەخەن.. بڕوا ناکەم زۆر قەدرزانی لە تۆ بکات، من ئەمە تەنیا وەک ئامۆژگاری بە تۆ دەڵێم، ئەگینا لە ناخی دڵمەوە هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم..

دونیا وەڵامی نەداوە، ئەو زوو بڕیاری خۆی دابوو، تەنیا چاوەڕێی شەو بوو.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە تۆنی دەنگی کوڕەکەی زۆر دوودڵی کردبوو، پرسی:

- کەواتە تۆ چ بڕیارێک دەدەیت ڕودیا؟

- یەعنی چی، چ بڕیارێک دەدەم؟

- باشە، دەربارەی ئەوەی کە پیتەر پیتروڤیچ نووسیویەتی کە شەو نابێت لای ئێمە بیت ئەگینا ئەو دەڕوات.. ئەگەر تۆ بێیت، کەواتە تۆ.. دێیت؟

- بێگومان ئەو بڕیارە بە دەست من نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لای ئێوەیە، ئەگەر داواکەی پیتەر پیتروڤیچ ئێوە ناڕەنجێنێ، دووەمیش بڕیارەکە لای دونیایە، ئەگەر ئەویش زویر نابێت.

بە ئاوازێکی وشکەوە لەسەری ڕۆشت:

- منیش کارێک دەکەم کە بە لای ئێوەوە باش بێت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خێرا وتی:

- دونێچکا بڕیاری خۆی داوە و منیش تەواو لەگەڵیدام.

دونیا وتی:

- من بڕیارم داوە ڕودیا، داوات لێدەکەم، زۆریش ئەم داوایە دەکەم، کە دەبێت لەو دانیشتنەدا ئامادە بیت، دێیت؟

- دێم.

پاشان دونیا ڕوی لە ڕازومیخین کرد و وتی:

- داوا لە تۆیش دەکەم کە سەعات هەشت لە ماڵی ئێمە بیت، دایکە گیان ئەمیش داوەت دەکەم.

- زۆر چاکە، دونیا گیان، باشە، هەر بڕیارێکت داوە، باوا بێت، بۆ منیش خۆشترە، من لە خۆنواندن و درۆ خۆشیم نایەت، وا چاکترە هەموو هەقیقەتەکان بڵێین، ئیتر پیتەر پیتروڤیچ زویر دەبێت یان نابێت، ئارەزووی خۆیەتی.

٤

لەم کاتەدا دەرگاکە لەسەرخۆ کرایەوە، کچێک کە بە ترس و دوودڵییەوە تەماشای ئەملاوئەولای دەکرد، هاتە ژوورێ، هەموویان بە سەرسامی و ڕامانەوە کەوتنە تەماشاکردنی، کچەکە سۆنیا سمیۆنۆڤنا مارمیلادۆڤا بوو، دوێنێشەو ڕاسکۆلنیکۆڤ بۆ یەکەمجار دیبووی، بەڵام شێوازی جلوبەرگ و ئەو حاڵەتە تایبەتییەی کە لەو کاتەدا هەیبوو، ببووە هۆی ئەوەی کە وێنەیەکی تری جیا لەمەی ئێستا لە یادەوەریی ڕاسکۆلنیکۆڤدا نەخش ببەستێت. ئێستا کچێکی ئاغر، جلێکی هەژارانە لەبەردا و هەر لە کیژۆڵەیەکی دەکرد. ڕەفتاری نەجیبانە و شایستە، دەموچاوێکی ڕووناک و کەمێک ترساو دەینواند، بەرگێکی زۆر سادە لەوانەی کە هەموو ڕۆژێک لەبەر دەکرێن، کڵاوێکی چکۆڵانەی شێوازی کۆنی لەسەردا بوو، بەڵام وەک دوێنێ چەتری بەدەستەوە بوو، هەر ئەوەندەی بە پێچەوانەی ئەوەوە کە چاوەڕێی دەکرد، ژوورە ئاپۆرەکەی بینی، نەک تەنیا شڵەژا، بەڵکو هەر خۆی لەدەست دا. وەک منداڵێکی ترساو ویستی بگەڕێتەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە سەرسامییەکی زۆرەوە وتی:

- ئاه.. ئەمە تۆیت؟

لەپڕا خۆیشی تەریق بووەوە. یەکسەر زانی کە دایک و خوشکی لە نامەکەی لۆژینەوە کە باسی کچێکی کردبوو لە حاڵەتێکی تایبەتی و بێئابڕوویدا، ئەمان ئەو کچە باش دەناسن. هەروەها ئەم هەر ئێستا لە دژی بوختانەکەی لۆژین ناڕەزایی دەربڕیووە و وتوویەتی کە ئەو کچەی تەنیا ئەو جارە بینیووە و کەچی وا ئێستا لەپڕا خۆی بە ژووردا دەکات. هەروەها ئەوەی بە بیر خۆی هێنایەوە، کە بە هیچ شێوەیەک بەرانبەر بە نووسینەکەی لۆژین کە وتبووی: "کچەکە

ناوبانگی بە خراپ دەرچووە" ئەم ناڕەزایی دەرنەبڕیبوو، هەموو ئەمانە لەپڕێکدا و بە شێوەیەکی ئاڵۆز بە مێشکیدا گوزەریان کرد، وەلێ کە چاکتر لێی ورد بووەوە، بینی ئەو کچە هێند کڵۆڵ و داماوە و ئەوەندە زەبوونە، کە زۆر دڵی پێی سووتا، کە کچەکە ویستی هەڵێت، دڵی ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەواویی قوڵپی دا، بۆیە بەپەلە و بە نیگایەک کە کچەکەی ڕاگرت، وتی:

- من هیچ چاوەڕێی تۆ نەبووم، فەرموو دابنیشە، بێگومان تۆ لای کاترینا ئیڤانۆڤناوە هاتوویت، ببوورە، لەوێ نا، لێرە، لێرەدا دابنیشە.

لە کاتی هاتنە ژوورەوەی سۆنیادا، ڕازومیخین کە لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ لەبەر دەرگاکە دانیشتبوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لە کچەکە نەگرێت هەستا، لە پێشا ڕاسکۆلنیکۆڤ ویستی گۆشەیەکی قەنەفەکە، یەعنی جێگاکەی زوسیموفی پیشان بدات، بەڵام کە بیری کەوتەوە ئەم قەنەفەیە جێگایەکی زۆر خۆمانە و لە شوێنی خەفگەیشیەتی، خێرا ئاماژەی بۆ کورسییەکەی ڕازومیخین کرد، هەر لەسەر هەمان قەنەفە کە زوسیموفی لەسەر دانیشتبوو، ئاماژەی دایە ڕازومیخین و وتی:

- تۆیش لێرە دابنیشە.

سۆنیا کە تا ڕادەیەک لە ترسا دەلەرزی، دانیشت و بە شەرمەوە تەماشای هەردوو خانمەکەی کرد، دیار بوو کە خۆیشی لەوە نەدەگەیشت چۆن دەبێت لە پاڵ ئەواندا دابنیشێت، کە ئەمەی بە بیردا هات، ئەوەندە ترسا لەپڕێکدا هەستا و بە ناڕەحەتییەکی زۆر و زمانی گیرەوە ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- من.. من تەنیا بۆ دەقیقەیەک هاتووم، داوای لێبوردنت لێدەکەم کە زەحمەتم دایت، من لەلای کاترینا ئیڤانۆڤناوە هاتووم، چونکە کەسی

تری نەبوو بینێرێتە لاتان.. کاترینا ئیڤانۆڤنا فەرمووی، تکاتان لێبکەم کە سبەی بەیانی، بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنی باوکم، کاتی نوێژ بێن بۆ گۆڕستانی "میتروفانوسکی" دوای ئەوەیش بۆ ماڵی خۆمان، واتا بۆ نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئەو بیت و ئەو شەرەفەی پێ ڕەوا ببینیت، فەرمووی تکاتان لێبکەم..

سۆنیا زمانی گرتی و بێدەنگ بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤیش کەمێک هەستا و ئەویش بە زمانی گیر و ڕستەی ناتەواوەوە وتی:

- حەتمەن هەوڵ دەدەم بێم.. حەتمەن.

لەپڕێکدا وتی:

- فەرموو دابنیشە، دەبێت من لەگەڵتا قسە بکەم، تکایە، ڕەنگە تۆ پەلەت بێت، تکایە دوو دەقیقەم لە کاتی خۆت بدەرێ.

بەدەم وتەکانییەوە کورسییەکەی لێ نزیک خستەوە و فەرمووی لێکرد، سۆنیا دیسان دانیشتەوە، سەرلەنوێ بە شپرزەیی و خەجاڵەتییەوە تەماشای دوو خانمەکەی کردەوە، لەپڕێکدا هەردوو چاوی لە زەوییەکە بڕییەوە.

دەموچاوە ڕەنگ پەڕیووەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ سوور داگەڕا، وەک ئەوەی تەواوی بوونی سەروبن بووبێت، چاوانی بوونە پشکۆ، پاشان بە دەنگێکی کۆک و پتەوەوە وتی:

- دایکە گیان، ئەمە خاتوو سۆنیا سمیۆنۆڤنا مارمیلادۆڤایە، کچی هەمان مارمیلادۆڤای بەدبەخت، کە دوێنێشەو هەر لە بەردەمی مندا ئەسپەکان وردوخاشیان کرد، من لە بارەیەوە قسەم بۆ کردوون..

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا نیگایەکی سۆنیای کرد و کەمێک چاوی تروکاند، لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکانی خۆیدا بەرانبەر بە نیگا سەخت

و سەرکەشەکانی ڕودیای کوڕی، بە هیچ جۆرێک نەیتوانی دەستبەرداری ئەو تاموچێژە ببێت. دونیایش زۆر بە وردی لە دەموچاوی کچە داماوەکە ڕاما، بە سەرسامییەوە پیایدا هەڵیڕوانی. سۆنیا کە گوێی لە پێناسەکەی خۆی بوو، بەرانبەریان چاوی هەڵبڕی، بەڵام زیاتر شپرزە بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە پێی وت:

- من ویستم لێت بپرسم، کاری ئەمڕۆتان چۆن تێپەڕاند؟ ئایا ناڕەحەتیان نەکردن، با بڵێین لە لایەن پۆلیسەوە؟

- نەخێر، هەموو شتێک ئاسان تێپەڕی، ئاخر، ئیتر ئەوە دیارە کە هۆی مردنەکە چی بووە، ناڕەحەتیان نەکردین، وەلێ کرێگرتەکان تووڕەن.

- لە چی؟

- لەسەر ئەوەی تەرمەکە زۆر ماوەتەوە، ئاخر، ئێستا گەرمە و بۆنیش.. بۆیە ئەمڕۆ لە نوێژی ئێوارەدا دەیبەن بۆ گۆڕستان و سبەینێ بۆ کەنیسەیەکی بچووک. کاترینا ئیڤانۆڤنا لە پێشا قایل نەبوو، بەڵام ئێستا خۆیشی دەزانێت کە ئەوە نابێت.

- کەواتە ئەمڕۆ؟

- ئەو تکای کرد کە گەورەمان بکەیت و سبەینێ کاتی نوێژ بێیت بۆ کەنیسە، لەوێوە بۆ ئەنجامدانی داوەت و ڕێوڕەسمی یادکردنەوەکە تەشریف بهێنیتە ماڵەوە.

- بۆ ئەوان داوەت بۆ یادکردنەوەکە دەکەن؟

- بەڵێ، هەر ئاوا خواردنێکی سادە، ئەو فەرمووی کە زۆر سوپاس لە تۆ بکەم بۆ ئەو کۆمەکەی دوێنێ.. بەبێ تۆ نەماندەتوانی تەرمەکە بە خاک بسپێرین.

لەپڕێکدا هەر بەدەم قسەکردنەوە لێو و چەناگەی کەوتە لەرزین، وەلێ هێزی دایە خۆی و بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، پاشان دیسانەوە چاوی لە زەوییەکە بڕیەوە.

لە کاتی گفتوگۆکەدا ڕاسکۆلنیکۆف بە وردی لێی ڕامابوو، دەموچاوی لاواز، زۆر لاواز، بچووک و ڕەنگ هەڵبزڕکاو، خەتی دەموچاوی ناڕێک و لووت و چەناگەی باریک و تیژ بوون، نەدەبوو ناوی جوانی لێبنێت. بەڵام بەرانبەر بەوە چاوە شینەکانی ئەمەندە ڕوون و بێگەرد بوون، کە شەیدایان دەکردیت، ڕوویەکی هێند میهرەبان و سادە، کە بە دەست خۆت نەبوو ڕایاندەکێشایت. لە سیما و تەواوی پەیکەرەکەیدا تایبەتمەندییەکی تریش هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، بەڵام زیاتر لە کچۆڵەیەکی دەکرد، زۆر لە تەمەنی خۆی بچووکتر و تا ڕادەیەک لە منداڵ دەچوو. ئەمە هەندێکجار لە جووڵە و بزاوتەکانیدا دەردەکەوت و مرۆڤی دەهێنایە پێکەنین.

ڕاسکۆلنیکۆف جەختی لەسەر قسەکان کرد و پرسی:

- چۆن دەبێت کاترینا ئیڤانۆڤنا بەو بڕە پارە کەمە کارەکانی تەواو کردبێت و بیری لە خواردنیش کردبێتەوە؟

- ئاخر، تابووتەکە سادەیە.. هەموو شتەکانی تریش هەر سادەن، بۆیە شتی گرانی تێنەکەوت.. ئێمە لەگەڵ کاترینا ئیڤانۆڤنا حسابی هەموو شتێکمان کرد، بە جۆرێک کە کەمێکیش بۆ داوەتییەکە مایەوە.. کاترینا ئیڤانۆڤنا زۆری مەبەستە ئەو داوەتە بکرێت.. ئاخر نابێت.. ئەو حەزی لێدەکات، ئەو.. خۆتان دەیزانن.

- تێدەگەم، تێدەگەم.. هەڵبەتە.. تۆ بۆ ژوورەکەم سەروبن دەکەیت؟ دایکیشم دەڵێت ئەم ژوورە لە تابووت دەچێت.

سۆنیا بە دەنگێکی تۆکمە و هێورەوە وەڵامی دایەوە:

- تۆ دوێنێشەو هەرچی پارەت پێبوو، دات بە ئێمە.
ئەمەی وت و زوو چاوی لە زەوییەکە بڕی، لێو و چەناگەی دیسانەوە کەوتنەوە لەرزین، ماوەیەک بوو لەو باری هەژارییەی ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری سووڕمابوو، وا ئێستا ئەم قسانە لە خۆیانەوە لە دەمی دەرپەڕین.
بێدەنگی هەموو لایەکی گرتەوە، چاوی دونیا ڕووناکتر و پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش بە خۆشەویستییەوە لە سۆنیای ڕوانی، پاشان لە کاتی هەستانیا وتی:
- ڕودیا، هەڵبەتە ئێمە پێکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆین، دونیا گیان، وەرە با بڕۆین، تۆیش ڕودیا، خۆزگا دەچویتە دەرێ و کەمێک دەگەڕایت و دەحەسایتەوە، دەنووستیت و ئەوسا زوو دەهاتی.. ئێمە تۆمان ماندوو کرد، دەترسم..
ڕاسکۆلنیکۆڤ بەدەم هەستانەوە خێرا وتی:
- بەڵێ، بەڵێ، دێم، بەڵام بە ڕاستی، من کارێکم هەیە.
ڕازومیخین تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و هاواری لێکرد:
- یەعنی ئێوە نانی نیوەڕۆ پێکەوە ناخۆن؟ تۆ چیتە؟
- بەڵێ، بەڵێ، دێم، هەڵبەتە، هەڵبەتە.. وەلێ تۆ دەقیقەیەک ڕاوەستە و مەڕۆ. ئێوە ئێستا لەگەڵ ئەودا کارتان نییە، دایە گیان، ڕەنگە من لە بینینی ئەوتان مەحروم بکەم.
- نا، نا، بەڵام تۆ دیمیتری پروکفیچ بۆ نانی نیوەڕۆ دەفەرموویت لەگەڵماندا؟
دونیا جەختی کرد:
- تکات لێدەکەم وەرە.

ڕازومیخین سەری ڕێزی دانەواند و دەموچاوی تەواو گەشایەوە، بۆ چرکەساتێک لە ناکاودا و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر هەموو بێزار بوون.

- خوا حافیز ڕودیا، واتا بە ئومێدی دیدار، من خۆشم لە وتەی خوات لەگەڵ نایەت، خوات لەگەڵ ناستاسیا.. ئاه.. دیسانەوە وتم خوات لەگەڵ..

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا ویستی سەری ڕێز بۆ سۆنیا دانەوێنێت، وەلێ نەیتوانی و بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەرێ.

بەڵام ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بە نۆرەی خۆی کە لە دوای دایکییەوە دەڕۆیشت و گەیشتە ئاستی سۆنیا، تەواو سەری بۆ دانەواند و سڵاوی لێکرد، سۆنیا شڵەژا، بەپەلە و ترسەوە بە هەمان شێوە سڵاوەکەی سەندەوە و لە دەموچاویدا شتێکی وەک نەخۆشی ڕەنگی دایەوە، وەک ئەوەی ئەدەب و سەرنجی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنای بە لاوە قورس و ناخۆش بووبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لە ڕاڕەوەکەدا بوو، هاواری کرد:

- دونیا خواحافیز، بێنە دەستت.

دونیا لە کاتێکدا کە بە شپرزەیی بۆ لای دەچوو، بە خۆشییەوە وتی:

- بەڵام ئێمە تەوقەمان کرد، لە بیرت چوو؟

- باشە، چ عەیبێکی نییە، با جارێکی تریش بیکەینەوە.

قامکە چکۆڵەکانی دونیای توند گوشی، دونیا زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، سوور داگەڕا، خێرا دەستی ئازاد کرد و کەوتە دوای دایکی، نەتدەزانی ئەو بۆ بەختەوەر دەهاتە پێشچاو!

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گەڕایەوە ژوورەکەی، نیگایەکی ڕوونی لە سۆنیا کرد و وتی:

- زۆر چاکە، خوا لە مردووەکان خۆش بێت و تەمەنی زیندووەکان درێژ بکات، وا نییە، وایە، نا؟
سۆنیا تەماشایەکی سەیری دەموچاوی کرد، کە لەپڕێکدا کرابووەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ چەند چـــــرکەساتێک لێی ڕاما، هەموو ئەو چیرۆکەی کە باوکی کۆچکردووی لەبارەی کچەکەیەوە گێڕابوویەوە، لە پڕێکدا، لە چرکەساتێکدا، بیری لاوەکە کەوتەوە..
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هەر کە هەنگاوی نایە سەر شەقامەکە، وتی:
- خودایا، دونێچکا، ئێستا هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کە هاتینە دەرەوە، لەوە دەچێت ئەمەیان چاکتر بێت. ئاخۆ دوێنێشەو، لە فارگۆنی شەمەندەفەرەکەدا، دەمتوانی وا بیر بکەمەوە، کە تەنانەت لەم بینینە کورتەی کوڕەکەم شادمان دەبم!
- دایکە گیان، من جارێکی تریش پێت دەڵێمەوە ئەو هێشتا زۆر نەخۆشە، بۆ نایبینیت؟ دەشێت لەبەر ئەوەی ئازار بۆ ئێمە دەکێشێت وای بەسەر هاتبێت. دەبێت لێبوردن هەبێت، زۆریش، دەشێت لە زۆر شت ببووریت.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە گەرمی و ئیرەییبردنێکی سووکەڵەوە زوو کەوتە دوای قسەی کچەکەی و وتی:
- وەلێ تۆ لێبوردنت نەبوو، دەزانیت دونیا، من تەماشای هەردووکتانم دەکرد، تۆ وێنەیەکیت لەو، نەک تەنیا بە ڕووکەش، بەڵکو بە ڕۆح و ئاکاریش. هەردووکتان غەمگینن، هەردووکتان گرژ و تووڕەن، هەردووکتان لووتبەرز و جوامێرن.. ئاخر ناشێ ئەو خۆپەرست بێت، دونێچکا، وا نییە؟ وەلێ بە ڕاستی، کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەمشەو لە ماڵەکەماندا چی ڕوو دەدات، خەریکە دڵم دەوەستێت.

- گوێ مەدەیە دایکە گیان، چی دەبێت با ببێت.
- دونیا گیان، ئاخر تۆ بیر لەوە بکەرەوە ئێمە ئێستا لە چ بارێکداین!
هەروەها پولخێریا ئەلێکساندروڤنای بێچارە لە پڕاو بەبێ پارێز وتی:
- باشە چی ڕوو دەدات ئەگەر پیتەر پتروڤیچ لە وادەکەی پەشیمان بووەوە؟
دونیا بە زمانێکی ڕەق و سووکایەتییەوە وتی:
- ئەگەر ئەوەی کرد، ئیتر ئەو چ قیمەتێکی دەبێت!
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خێرا قسەی بە کچەکەی بڕی و وتی:
- چاکمان کرد ئێستا هاتین، ڕاسکۆلنیکۆڤ پەلەی ئەنجامدانی کارێکی هەبوو، لێگەڕێ پیاسەیەک بکات، هیچ نەبێت هەناسەیەک وەربگرێت، ژوورەکەی زۆر خەفەیە.. هێند هەوای تیا نییە مرۆڤ هەناسەی تیا بدات، لێرە، لەم شەقامانەیشدا هەر دەڵێیت لە ژوورێکی بێهەوادایت، خودایا، چ شارێکە!.. ڕاوەستە.. بڕۆ.. پێت پیا دەنێن! ئاخر، ئەوە پیانۆیەک بوو بردیان.. چەند خۆ بەیەکتردا دەکێشن.. من لەو کچەیش زۆر دەترسم.
- کامە کچ، دایە گیان؟
- ئەو سۆنیا سمیۆنۆڤنایەی کە ئێستا لەوێ بوو.
- چۆن؟
- دڵم وا دەڵێت، دونیا، باوەڕ دەکەیت یان نا، هەر کە هاتە ژوورەوە، یەکسەر بۆ ئەوە چووم کە ئەسڵی مەسەلەکە لێرەدایە..
دونیا بە تووڕەییەوە وتی:
- هیچ لێرەدا نییە، بە ڕاستی دایکە گیان، خۆ تۆ هەستەکانت زۆر سەیرن! ئەو تازە دوێنێ ئەم کچەی ناسیووە و ئەمڕۆیش کە هاتە ژووری، نەیناسی.

- باشە، دەیبینیت! چۆن نیگەرانمان دەکات، دەیبینیت، دەیبینیت، زۆریش ترسام، هەر لێی دەڕوانیم و دەیڕوانی، چاوانێکی هەبوو، من بە زەحمەت لەسەر کورسییەکە ئارامم گرتبوو.. لە بیرتە ئەو کاتەی ڕودیا دەستی بە ناساندنی کرد؟ زۆر سەیرە، پیتەر پیتروڤیچ لەبارەی ئەو کچەوە وا دەنووسێت و کەچی ڕودیا وا بە ئێمەی دەناسێنێت، بە تایبەتی بە تۆ، دیارە لای ئازیزە.

- خەڵک زۆر شت دەنووسێت، لەبارەی خۆیشمانەوە زۆریان وت و زۆریان نووسی، بۆ لە بیرت چوو؟ من بڕوام وایە کە کچێکی باشە و هەموو ئەم قسانە هەڵبەستراون..

- یاخوا وابێت.

لەپڕێکدا دونیا قسەکانی دایکی بڕی و وتی:

- بەڵام پیتەر پیتروڤیچ بوختانکەرێکی نامەردە.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بێدەنگ بوو، قسەکان بە ناتەواویی مانەوە.

* *

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕازومیخینی بەرەو پەنجەرە چکۆڵەکە برد و وتی:

- گوێ بگرە، دەزانی چ کارێکم پێتە؟

سۆنیا کە بە مەبەستی ڕۆیشتن سەری ڕێزی دانەواند، بەپەلە وتی:

- کەواتە بە کاترینا ئیڤانۆڤنا دەڵێم کە دێیت بۆ ئەوێ..

- هەر ئێستا، سۆنیا سمیۆنۆڤنا، ئێمە نهێنیمان نییە و تۆیش ڕێگەت لێنەگرتووین- حەزم دەکرد دوو قسەی ترت لەگەڵدا بکەم..

لەپڕێکدا وەک ڕستەکەی خۆی بڕیبێت، بە ناتەواوی هێشتییەوە و ڕووی لە ڕازومیخین کرد و وتی:

- بەڵێ، تۆ ئەم.. ناوی چییە؟ پۆرفیری پتروڤیچە دەناسیت؟

ڕازومیخین وەک تاقیبکەرێکی تەواو وتی:

- ئەی چۆن، خزمی خۆمە، ئەی ئەم پرسیارەت لە چییە؟
- ئاخر، ئەم کارە.. دەی باشە، ئەوەی پەیوەندیی بە کوشتنەکەوە هەیە.. خۆت دوێنێشەو وتت کە لەژێر دەستی ئەودایە.
- وایە، ئێ؟
ڕازومیخین وا چاوی کردبوونەوە نزیک بوو بێنە دەرێ.
- ئەو لەوانەی پرسیوەتەوە کە بارمتەیان لای ژنەکە هەبووە، منیش بارمتەم هەیە، شتی چکۆلە، بەهەرحاڵ، یەکێکیان ئەنگوستیلەیەکی بچووکە کە خوشکم بۆ یادگاری لە کاتی هاتنمدا بۆ پتروزبورگ پێی بەخشیبووم. سەعاتێکی زیوینی باوکیشم. نرخی هەموویان پێنج شەش ڕۆبڵە، بەڵام یادگارییەکی ئازیزن لام، ئێستا دەبێ چی بکەم؟ نامەوێت ئەو شتانە سەریان تیا بچێت. بە تایبەتی سەعاتەکە، کاتێ کە باسی سەعاتەکەی دونیا هاتە ناوەوە، لەتاو ئەوەی نەک دایکم بیەوێت تەماشای ئەو سەعاتە بکات، گیانم هاتبووە لەرزین. ئەوە تەنیا شتێک بوو کە لە دوای باوکم مابووەوە، ئەگەر ون بێت، دایکم نەخۆش دەکەوێت، ئەمەیش ژن! بڵێ، پێم بڵێ چی بکەم؟ دەزانم وا چاکترە بە بەشی پۆلیسی بڵێم، دەشێت ئەوە باشتر بێت کە بە خودی پۆرفیری بڵێم؟ ها؟ ئەڵێی چی؟ دەمەوێت زوو ئەو کارە بە لایەکدا بخەم، دەبینیت کە پێش نانی نیوەڕۆ دایکم لێی دەپرسێتەوە.
ڕازومیخین بە هەڵچوونێکی زۆرەوە هاواری کرد:
- هیچ پەیوەندیی بە پۆلیسەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پۆرفیریەوەیە، سەیرە، خۆشحاڵم! ئەمە هیچی ناوێت، با هەر ئێستا بڕۆین، لێرەوە دوو هەنگاوە و بێگومانم لەوێیە.
- باشە.. بابڕۆین.

- ئەو زۆر زۆری پێخۆشە، پێی خۆشە بتناسێت، من لەبارەی تۆوە زۆر قسەم لەگەڵدا کردووە، لە گەلێک لایەنەوە، تەنانەت دوێنێش، با بڕۆین. کەواتە تۆ پیرێژنەکەت دەناسی؟ باشە، پێشهاتێکی چاک بوو.. ئا.. ڕاستی سۆنیا ئیڤانۆڤنا..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بۆی ڕاست کردەوە و وتی:

- سۆنیا سمیۆنۆڤنا.

پاشان هەر بەوی وت:

- سۆنیا سمیۆنۆڤنا، ئەمە ڕازومیخینی هاوڕێمە، کوڕێکی زۆر باشە.

- ئەگەر دەتانەوێت ئێستا بڕۆن..

سۆنیا سمیۆنۆڤنا بەبێ ئەوەی تەماشای ڕازومیخین بکات، ئەو قسانەی کرد و لەم ڕەفتارەی خۆیشی زۆر شڵەژا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ یەکلایی کردەوە و وتی:

- باشە، بڕۆین، سۆنیا سمیۆنۆڤنا، من هەر ئەمڕۆ سەرێکتان لێدەدەم، پێم بڵێ بزانم تۆ لە کوێ دەژیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ دوودڵی ئەمەی وت، وەلێ لە نیگای کچەکە خۆی دزییەوە، سۆنیا ناونیشانی خۆی دایە و سوور داگەڕا، هەموویان پێکەوە چوونە دەرەوە.

ڕازومیخین کە لە دوایانەوە لە نەردەوانەکان دەهاتە خوارێ، پرسی:

- دەرگاکە داناخەیت؟

- هیچ کاتێک داناخەم.

پاشان ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەربەستانە وتی:

- دوو ساڵی تەواوە دەمەوێت قفڵ بکڕم.

ئینجا بە پێکەنینەوە ڕووی لە سۆنیا کرد و وتی:

- ئەو کەسانەی هیچیان نییە شیاوی قفڵێدان بێت، بەختەوەرن، وانییە؟

لەبەر دەرکی دەرگای دەرەوە کە دەچووە سەر شەقامەکە، وەستان.

- سۆنیا سمیۆنۆڤنا تۆ بە لای ڕاستا دەڕۆیت؟ بەڕاست تۆ چۆن ماڵەکەی منت دۆزییەوە؟

بە ئاوازێکەوە ئەم پرسیارەی کرد، وەک بڵێی بیەوێت پرسیاری تری بە دوادا بکات، حەزی دەکرد چاو لە چاوە هێمن و بێگەردەکانی کچەکە ببڕێت، بەڵام بۆی نەڕەخسا.

- تۆ خۆت دوێنێ ناونیشانی ماڵەکەت دابوو بە پولێچکا.

- پولێچکا؟ ئا.. بەڵێ.. پولێچکا! کیژۆڵەکە.. خوشکتە؟ ئا ناونیشانم پێدا؟

- بۆ لە بیرت چۆتەوە؟

- نا.. لە بیرمە.

- من پێشتر لەبارەی تۆوە لە باوکی کۆچکردوومەوە شتێکم بیستبوو.. ئەوسا هێشتا ناوی خانەوادەی تۆم نەدەزانی، ناوی خۆیشت، باوکیشم هەر ناوی نەدەزانیت.. ئێستا هاتم.. لەبەر ئەوەی دوێنێشەو ناوتانم زانی، ئەمڕۆ یەکسەر پرسیم: جەنابی ڕاسکۆلنیکۆڤ لەم ناوە لە کوێدایە؟ نەیشمدەزانی کە تۆیش ژووری ئامادەکراوت گرتووە، خوات لەگەڵ.. من بە کاترینا ئیڤانۆڤنا دەڵێم..

سۆنیا زۆری پێ خۆش بوو کە سەرئەنجام لێیان جیا بووەوە، سەری داخستوو ڕێگەی لەبەر گرت، پەلەی بوو کە هەر چۆنێک بووە، زوو لێیان ون بێت، تا هەر چۆنێکە، ئەو بیست هەنگاوەی دەیگەیەنێتە پێچی کۆڵانەکە، زووتر ببڕێت و تەنیا بمێنێتەوە. ئەوسا، لەو کاتەدا کە هەر بەپەلە دەڕوات، دەتوانێت تەماشای کەس نەکات و لە هیچ

شتێک ڕانەمێنێت، بەڵکو تەنیا هەر بیر بکاتەوە، ڕابووردوو بێنێتەوە یاد و هەڵیسەنگێنێت. هەرگیزاوهەرگیز، پێشتر ئەم جۆرە هەستەی نەبووە، دنیایەکی تازە، نادیار و ئاڵۆز کەوتبووە دڵییەوە. لەپڕێکدا ئەوەی هاتەوە بیر، کە خودی ڕاسکۆلنیکۆڤ خوازیاری ئەوەبوو ئەمڕۆ، ڕەنگە بەیانییەکەی یان هەر ئێستا بهاتایە بۆ لای.

ترپەی دڵی زیادی کرد، وەک منداڵێکی ترساو کە لە یەکێک بپاڕێتەوە، لەبەر خۆیەوە وتی:

- هەر ئەمڕۆ نا، تکات لێدەکەم، ئەمڕۆنا، خوا گیان! بۆ لای من.. لەم ژوورەدا.. دەبینیت.. ئای خودایا!

بێگومان لەو کاتەدا بە هیچ جۆرێک ئاگای لەو پیاوە نەناسە نەبوو، کە کەوتبوە دوای و هەنگاو بە هەنگاو چاودێریی دەکرد، هەر لەو دەقیقەوە کە لە ماڵی ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتبووە دەرێ، کەوتبووە دوای، لەو چرکەساتەوە کە هەرسێکیان، واتا ڕازومیخین، ڕاسکۆلنیکۆڤ و ئەو بۆ قسەکردن لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوون، ئەم ڕێبوارە لە کاتێکدا بە پاڵیاندا تێپەڕیبوو. هەر بە گوێلێبوونی قسەکانی سۆنیا کە دەیوت: "پرسیم جەنابی ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کوێ دەژی؟" لەناکاودا موچڕکی پیا هات، خێرا، بەڵام زۆر بە وردی تەماشای هەرسێکیانی کرد، بە تایبەتی ڕاسکۆلنیکۆڤ کە کچەکە ڕووی دەمی لەو بوو، پاشان سەیرێکی ماڵەکەی کرد و لە یادی خۆیدا هێشتییەوە. گشت ئەم کارانە لە چرکەساتێکی سەر ڕێگەدا ڕوویان دا، ڕێبوارەکە کە دەیویست کەس نەیبینێت، کەمێک دوور کەوتەوە و بەدەم چاوەڕێکردنەوە، هەنگاوی خاو بوونەوە، چاوەڕێی سۆنیا بوو، بینی کە ئەوان خواحافیزیان لە یەکتر کرد، زانی ئێستا سۆنیا بەرەو شوێنەکەی خۆی دەڕواتەوە.

پیاوەکە لەو کاتەدا کە وێنەی سۆنیای دەهێنایە بەرچاوی، بیری کردەوە: "ئاخر ماڵەکەی لە کوێدایە؟ من ئەم دەموچاوەم لە جێگایەکدا بینیووە، دەبێت بزانم.." کە گەیشتە پێچەکە، بەرەو شەقامەکەی تر چوو، ئاوڕی دایەوە و سۆنیای بینی کە هەر بە هەمان ڕێگەدا بە دوای ئەمدا دێت و ئاگای لە هیچ نەماوە، کە سۆنیا گەیشتە سەری کۆڵانەکە، بەرەو هەمان شەقام وەرگەڕا، پیاوەکە بەبێ ئەوەی چاو لەو و لە شەقامەکەی ئەوبەر هەڵبگرێت، کەوتە دوای، دوای پەنجا هەنگاوێک، پیاوەکە دیسان بەرەو شەقامەکەی ئەوبەر، واتا بەرەو لای سۆنیا چوو، پێی گەیشت، لە دوایەوە، بە دووری پێنج هەنگاوێک، دەڕۆیشت.

پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵ بوو، باڵای لە باڵای ئاسایی بەرزتر و شانە پانەکانی دیمەنێکی کۆمیان دەدایە. جلەکانی هەراو و جوان و وەک خانەدانێک دەهاتە بەرچاو، گۆچانێکی قەشەنگی بەدەستەوە بوو، کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بە پیادەڕێکەیدا دەکێشا، دەستکێشێکی تازەیشی لە دەستا بوو، دەموچاوی پان و تا ڕادەیەک پەسەند و ڕەنگ و ڕوویشی نوێ و لە پوتروزبورگی نەدەچوو، قژی زۆر پڕ و زەرد و کەمێک سپی دەینواند، ڕیشی پان و پڕ و وا دەهاتە بەرچاو کە لە قژی سەری زەردتر بێت، چاوی شین و ڕوانینی هێور و ورد و بەڕامان بوو، لێوی سوور بوو، بەگشتی زۆر باش مابووەوە و وا دەردەکەوت کە لەو تەمەنەی کردوویەتی، لاوتر بێت.

کە سۆنیا گەیشتە ڕووبارەکە، هەردووکیان لەسەر پیادەڕێکە بەیەکدی گەیشتن، پیاوەکە کە لێی دەڕوانی، هەستی بەوە کرد حاڵەتی کچەکە شپرزە و سەرسامە، کە سۆنیا گەیشتە ساختمانەکەی خۆیان، لە دەرگای دەرەوە چووە ژوورێ، پیاوەکەیش هەروای کرد و دەتوت

کەمەکێک سام گرتوویەتی، کە سۆنیا گەیشتە حەوشەکە، بە لای ڕاستا بەرەو ئەو شوێنەی پلیکانەی ماڵەکەی بوو، تێی کێشا، پیاوە نەناسەکە لەژێر لێوەوە وتی:

- بەە!

بە دوای سۆنیادا بە نەردەوانەکەدا سەرکەوت، لەوێدا تازە سۆنیا هەستی پێکرد. کە گەیشتە نهۆمی سێ، لە دالانەکەدا سوڕا و زەنگی ژووری نۆی لێدا، لەسەر دەرگاکەی بە دەباشیر نووسرابوو: کاپەرناومۆڤی خەیات[1]. دیسانەوە کابرای نەناس دووبارەی کردەوە: (بەە!)

لەم پێشهاتە سەیرەیش سەری سووڕما و زەنگی ژووری ژمارە هەشتی لێدا، بەینی نێوان هەردوو دەرگاکە تەنیا شەش هەنگاو دەبوو. پیاوەکە کە سەیری سۆنیای دەکرد و پێدەکەنی، وتی:

- تۆ لای کاپەرناومۆڤ نیشتەجێیت؟ دوێنێ ئەو هێلەکەکەمی چاک کرد، من دراوسێتم، لای خاتو ڕسلیخ[2] گورتودا کارلوڤنا[3]، چ ڕێکەوتێکە!

سۆنیا بە وردی لێی ڕاما.

پیاوەکە بە خۆشییەوە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- دراوسێین، ئاخر، من سێ ڕۆژە هاتوومەتە شارەوە، پێم خۆشە جاری تر یەکدی ببینین. خوات لەگەڵ.

---

[1] *Kapper naounmof*

[2] *Reslikh*

[3] *Guertouda Karlovna*

سۆنیا وەڵامی نەدایەوە، دەرگایان کردەوە، سۆنیا لەسەرخۆ چووە ژوورەکەی خۆی، بەبێ هیچ هەستی بە شەرمەزارییەک کرد، لەوە دەچوو ترسا بێت.

* * * * *

ڕازومیخین لە ڕێگەدا کە بەرەو ماڵی پۆرفیری دەچوو، گەلێک شپرزە بوو، چەند جارێک بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وت:

- برادەر، ئەمە زۆر چاکە، من خۆشحاڵم، خۆشحاڵ.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لای خۆیەوە بیری دەکردەوە: "ئاخر، لە چی خۆشحاڵیت؟"

- ئاخر، من نەمدەزانی تۆیش لای پیرێژنەکە بارمتەت هەیە، ئەمە.. ئەمە دەمێکە؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ دەمێکە چوویتەتە لای ژنەکە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی: "چ کەرێکە؟"

- کەی؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستا و بیری کردەوە:

- وا ئەزانم سێ ڕۆژ لە پێش مردنیدا.

بەپەلە و بە تایبەتی وەک ئەوەی زۆر لە شتەکانی بترسێت، وتی:

- بەڵام من ئێستا بۆ ئەوە ناڕۆم شتە بارمتەکانم وەربگرمەوە، ئاخر، من تەنیا یەک ڕۆبڵی زیوم هەیە.. ئەمەیش لە پای ئەو وڕێنە نەفرەتییانەی دوێنێشەوەوە.

وشەی وڕێنەی بە ئاوازێکی زۆر کاریگەرانە وت.

ڕازومیخین بەپەلە و نەیشدەزانرا بۆ، بڕوای بە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- وایە، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، ئەی کەواتە بۆ.. تۆ وات دەوت.. دەزانیت.. تۆ لە کاتی وڕێنەکەتدا بەردەوام باسی ئەموستیلە و زنجیرت دەکرد، باشە. بەڵێ، بەڵێ. ڕوونە، ئێستا هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا کەوتە ڕاوێژ:

"کەواتە، سەیر ئەم بیرۆکەیە لە سەریاندا ڕیشەی داکوتاوە، ئاخر، ئەم پیاوە ئامادەیە لەباتیی من لە خاچ بدرێت و زۆریشی پێخۆشە و مەسەلەکەیش ڕوون و ئاشکرایە، چونکە من لە کاتی وڕێنەکاندا ناوی ئەموستیلەم هێناوە، سەیرە! هەموو بڕوایان بەمە هەیە".. بە دەنگی بەرز پرسی:

- تۆ لەو باوەڕەدایت ئێستا لە ماڵ بێت؟

ڕازومیخین بەپەلە وەڵامی دایەوە:

- لە ماڵە، لە ماڵە، هاوڕێ، ئەو گەنجێکی باشە، دەیبینیت، وەلێ کەمێک بەدە، یەعنی بێگومان پیاوی ناو کۆمەڵە، بەڵام لە لایەنێکی ترەوە بەدە، لاوێکی بەئاوەزە، بەڵێ بە ئاوەزە، هیچ بێئەقڵ نییە، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەی زۆر تایبەتییە.. بێمتمانە، بەدبین و دڵڕەقە، حەزی لێیە فێڵ لە مرۆ بکات، نەک بەو مانایەی لە ڕێگە لابدات، بەڵکو سەر بنێتە سەرت، شێوازی کارکردنی کۆن و مادییە.. بەڵام لە کارەکەیدا شارەزایە، زۆری لێدەزانێت، ساڵی پار کێشەیەک کە پەیوەندیی بە کوشتنەوە هەبوو، هەرچەندە تا ڕادەیەک هیچ شوێنەواری نەمابوو، کەچی دۆزییەوە، زۆر زۆری پێخۆشە تۆ بناسێت.

- جا بۆ ئەوەندە زۆر؟

- نەک لەبەر ئەوەی.. دەزانیت، لەم دواییەدا، واتا لەو کاتەوە کە تۆ نەخۆش کەوتیت، من گەلێک جار ڕێک دەکەوت لەبارەی تۆوە زۆر بە

دریژی قسەم بۆ دەکرد، ئەویش گوێی دەگرت، کە زانی تۆ بە هۆی ئەو بارە نالەبارەتەوە ناتوانیت خوێندنی یاسا تەواو بکەیت، وتی: "بەداخەوە!" لەوەوە تێگەیشتم.. واتا لە هەموو ئەم شتانەوە.. نەک لەبەر هۆیەک.. دوێنێ زامیوف.. بڕوانە ڕودیا، من دوێنێ بە سەرخۆشی کە دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، چەند قسەیەکم کرد، دەزانیت هاوڕێ، دەترسم نەک مەسەلەکە گەورە بکەیت..

- چی، ئەوەی کە من بە شێت دەزانن؟ جا کێ ناڵێ ڕاستە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زۆر پێکەنینی لە خۆی هێنا.

- بەڵێ، بەڵێ.. یەعنی.. ئاه.. نا.. دەی، دەربارەی هەموو ئەو شتانەی وتم و دەربارەی مەسەلەکەی تریش هەمووی قسەی قۆڕ و ئەنجامی مەستی بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی تووڕە کرد و هاواری کرد:

- ئاخر بۆ داوای پۆزش دەکەیت؟ بۆ نازانیت لە هەموو ئەم شتانە چەند بێتاقەت و بێزارم!

- دەزانم، دەزانم، تێدەگەم، بڕوات بێ تێدەگەم، تەنانەت وتنیشی هەر شەرمەزارییە.

- ئەگەر شەرمەزارییە بۆ دەیڵێیت.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، ڕازومیخین لەڕادەبەدەر ڕازی بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە هەستی پێدەکرد، بێجگە لەوە، هەرچییەکیش کە ڕازومیخین لەبارەی پۆرفیریەوە وتبووی، ئەوی نیگەران کردبوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕەنگی پەڕیوو و دڵەکوتێوە بیری کردەوە: "بۆ ئەم کابرایەش دەبێت بکەومە پاڕانەوە و لاڵانەوە و ڕەفتارم سروشتی بێت، وەلێ لە هەمووی سروشتیتر ئەوەیە کە هەرگیز نەپاڕێمەوە، نە بە دەستی ئەنقەست و نە بە جەخت

لەسەرکردنی، نا، دیسانەوە ئەویش نابێت بە سروشتی.. باشە، با بزانین چی ڕوو دەدات.. بزانین.. ئێستا.. بڕۆم یان نەڕۆم باشترە؟ پەروانە خۆی بەرەو ئاگری مۆم دەچێت! دڵم لێدەدات، ئەمە خراپە.

ڕازومیخین وتی:

- لەو باڵاخانە ڕەنگ خۆڵەمێشییەدا دەژی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی:

"لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئایا پۆرفیری ئاگای لەوەیە من دوێنێ چوومەتە ماڵی ئەو پیرێژنە.. یان کە من لەبارەی خوێنەوە پرسیارم کردووە؟ دەبێت هەر ئێستا ئەوە بزانم، هەر کە چوومە ژوورەوە، دەبێت لە دەموچاوییەوە ئەوە تێبگەم، ئەگینا.. تەنانەت ئەگەر بیشفەوتێم، دەبێت ئەوە بزانم".

لەپڕێکدا بە زەردەخەنەیەکی ساختەوە ڕووی لە ڕازومیخین کرد و وتی:

- دەزانیت؟ هاوڕێ، من لە بەیانییەوە هەستم پێکردوویت تۆ لە بارێکی شپرزە و ناخۆشدایت؟ ڕاستە؟

ڕازومیخین بە تووڕەییەوە وتی:

- ناخۆش؟ بە هیچ جۆرێک ناخۆشیم نییە.

- نا، هاوڕێ، ئەوە دیارە، لەسەر کورسییەکە وا دانیشتبوویت، کە هیچ کاتێک وا دانانیشیت، لە کەناری کورسییەکە دانیشتبوویت و بەردەوام مووچڕک بە لەشتا دەهات، لە خۆتەوە هەڵدەستایت، جارێک تووڕە دەبوویت و لەپڕێکدا دەهاتیتەوە سەر خۆت، تەنانەت سوور دەبوویتەوە. بە تایبەتی کە داوەتی نانخواردنی نیوەڕۆیان کردیت، زۆر سوور بوویتەوە.

- نا، هیچم نەبوو، درۆ دەکەیت، تۆ دەتەوێت بڵێی چی؟

- بۆ وەک منداڵە قوتابی ڕاوەڕێوی دەکەیت! نەفرەت لە شەیتان، دیسان سوور داگەڕایت.
- بەڵام، تۆ چ بەرازێکیت!
- ئاخر، بۆ دەپەشۆکێیت؟ هەی ڕۆمیۆ[1]، ئارام بە، من ئەمڕۆ لە هەندێک جێگا باسی ئەمانە دەکەم هە، هە، هە، دایکم دەهێنمە پێکەنین.. هەروەها هەندێک کەسی تریش..
- گوێ بگرە، گوێ بگرە، ئاخر، ئەمە قسەی دڵە، ئەمە.. ئاخر، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ نەفرەت لە شەیتان.
لەشی ڕازومیخین لە ترسا وەک شەختەی لێهاتبوو، بە تەواوی کەوتە تورتەتورت.
- چییان پێدەڵێیت؟ من هاوڕێ.. ئای چ بەرازێکیت!
- ڕێک وەک گوڵی بەهار! ئەگەر بزانیت ئەم حاڵەتەت چەند لێدێت! ئەی ڕۆمیۆی نیو مەتری، ئەمڕۆ چاک خۆت شتووە، نینۆکیشت پاک کردۆتەوە! ها.. تۆکەی وا بوویت؟ بەخوا ڕۆنیشت لەسەرت داوە! ئادەی سەرت دانەوێنە با بیبینم.
- هەی بەراز.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وا پێدەکەنی، هەستت دەکرد خۆی بە پێوە ناگرێت، هەر بەو پێکەنینەیشەوە چووە ماڵی پۆرفیری پتروڤیچ، ڕاسکۆلنیکۆڤیش وای دەویست. لە ناو ژوورەکانەوە گوێت لە دەنگی پێکەنینیان بوو، کە هێشتا ئەوان لە ڕاڕەوەکەدا بوون.

---

[1] Romeo ناوی یەکێکە لە پاڵەوانە ناودارەکانی شکسپیر، کە لە خۆشویستن و دڵداریدا بەسەر زمانی هەموو کەسێکی ڕۆژئاواوە بوو. لێرەدا بە درکە و گاڵتەوە بەکار هاتووە.

ڕازومیخین لە کاتێکدا کە بە شانی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە نووسا بوو، بە تووڕەییەوە وتی:
- لێرە تاقە وشەیەک لەم بارەیەوە نەڵێیت، ئەگینا دەمت دەشکێنم.

٥

لەو کاتەدا کە ڕازومیخین هەڕەشەی دەکرد، ڕاسکۆلنیکۆڤ هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوە. وایش چووە ژوورێ، دەتوت هەموو توانای خۆی لەوەدا کۆکردۆتەوە کە پێکەنینەکەی بگرێت، لە دوایەوە ڕازومیخین بە ڕوویەکی توڕەوتڕۆ، سوور وەک گوڵەباخ، بە باڵایەکی بەرز و شپرزەوە، بە شەرمەوە چووە ژوورێ. سەروسیمای لەو چرکەساتەدا ئەوەندە پێکەنین هێنەر بوو، کە پاکانەی بۆ پێکەنینەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەکرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ کە هێشتا بە خاوەن ماڵەکە نەناسێنرابوو، سەری دانەواند و سڵاوی لە خاوەن ماڵەکە کرد کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو و بە نیگایەکی پرسئامێزەوە لێی دەڕوانین. ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی درێژ کرد و دەستی خاوەن ماڵی گوشی.
وا دەهاتە بەرچاو کە هێشتا ڕاسکۆلنیکۆڤ نەیدەتوانی بە تەواوی ڕێگە لە شادمانییەکەی بگرێت و دوو سێ وشە بڵێت و خۆی پێبناسێنێت. بەڵام هەر ئەوەندەی کە وێنەیەکی جیدی لەخۆ گرت و لەبەر خۆیەوە شتێکی وت، لەناکاودا لە خۆیەوە، دیسان تەماشایەکی ڕازومیخینی کرد و ئیدی توانای خۆگرتنی نەما، دایە پڕمەی پێکەنینێک، کە تا ئەو کاتە بە هەزار حاڵ خۆی پێ گیرابوو، وا ئێستا بەبێ ویستی خۆی قوڵپی دا. ئەو ڕقوتووڕەییە نائاساییەی کە

ڕازومیخین بەرانبەر بەو پێکەنینە "ڕاستگۆیانە" بۆی پێش هات، وێنەیەکی زۆر سروشتی و خۆشی دایە دیمەنەکە.
ڕازومیخین وەک بەدەستی ئانقەست کۆمەک بەو دیمەن و حاڵەتە بکات کە هاتبووە دی، هاواری کرد:
- ئەی شەیتان!
دەستیشی وا ڕاوەشاند، کە بەبێ ویستی خۆی بەرمێزە خڕە چکۆڵەکە کەوت کە پیاڵە چای خاڵیی لەسەر بوو، هەموو ئەو شتانە ئاوەژوو بوون و کەوتنە سەر زەوی و هەراوزەنایان نایەوە.
پۆرفیری پتروڤیچ بە خۆشییەوە و بە دەنگی بەرز وتی:
- بەڕێزان، ئاخر بۆ کورسی دەشکێنن؟ بۆ زیان بە سامانی دەوڵەت دەگەیەنن!
شانۆکە ئەم دیمەنەی هەبوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر پێدەکەنی و ئەوەی لە بیر کردبوو، کە دەستی لە نێو دەستی خاوەن ماڵەکەدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕادەکەی دەزانی، چاوەڕێی دەرفەتێک بوو کە بە شێوەیەکی زۆر سروشتی دەستی دەربێنێت و کۆتایی بە دیمەنەکە بهێنێت. ڕازومیخین کە لە کەوتنی مێزە چکۆڵەکە و شکانی پیاڵەکان بە تەواوی پەشۆکابوو، نیگایەکی غەمگینانەی کردە وردە شووشەکان، تفی ڕۆکردە سەر زەوییەکە و بەپەلە بۆ لای پەنجەرەکە سووڕا، بە ڕوویەکی زۆر گرژ و مۆنەوە پشتی لەوان کرد و بەبێ ئەوەی هیچ ببینێت، لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە هەڵیڕوانی.
پۆرفیری پتروڤیچ پێدەکەنی و حەزی پێکەنینی بەردەوام بوو، وەلێ دیار بوو کە چاوەڕێی ڕوونکردنەوەی دەکرد، لە گۆشەیەکدا لەسەر کورسییەک زامیوتوف دانیشتبوو، بە هاتنی میوانەکان هەستا، هەر بە پێوە چاوەڕێی کرد و زەردەخەنە لەسەر لێوی نەدەبڕا، سەری

سووڕمابوو، تەنانەت بە بەدحاڵیبوونێکەوە لە دیمەنەکە و بە تایبەتی لە ڕاسکۆلنیکۆڤی دەڕوانی. ئامادەبوونی زامیوتوف کە چاوەڕێ نەدەکرا، ڕاسکۆلنیکۆڤی بە شێوەیەکی ناخۆش سەراسیمە کرد، لەگەڵ خۆیدا کەوتە دوان: "دەبێت بیر لەمەیشیان بکرێتەوە"، پاشان بە شەرمێکەوە وتی:

- داوای لێبوردن دەکەم، بەندە.. ناوم ڕاسکۆلنیکۆڤە.

- ببوورە، زۆرم پێخۆشە کە بەم جۆرە هاتیتە ژوورەوە.

پاشان پۆرفیری ئاماژەی بەرەو لای ڕازومیخین کرد و وتی:

- بەڵام ئەو بۆ نایەوێت تەنانەت سڵاویش بکات؟

- بە خوا نازانم بۆ ئەوەندە ڕقی لە من هەستاوە. من هەر ئەوەندە لە ڕێ پێموت کە لە ڕۆمیۆ دەچێت و.. ئەوەیشم سەلماند و هیچ شتێکی دی لەئارادا نەبوو.

ڕازومیخین بەبێ ئەوەی ڕووی وەربگێڕێت، وتی:

- بەراز.

پۆرفیری بە پێکەنینەوە وتی:

- دیارە گەلێک بەڵگەی گرنگ هەیە، بۆیە ئەو بە تاقە وشەیەک وا ڕقی هەستاوە.

ڕازومیخین لە ناوەڕاستی قسەکانی پۆرفیریەوە تێهەڵچوو، وتی:

- ئیدی چی، لێکۆڵەرەوە!.. کورە نەفرەت لە هەمووتان.

پاشان بە ڕوویەکی کراوە و شادەوە، وەک هیچ ڕووی نەدابێت، دەستی بە پێکەنین کرد و لە پۆرفیری پتروڤیچ نزیک بووەوە و وتی:

- بەسە، لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان کەرین، با بچینەوە سەر باسەکە، ئەمە ڕادیون ڕومانوڤیچ ڕاسکۆلنیکۆڤی هاوڕێمە، یەکەم ناوی تۆی بیستووە و دەیەوێت بتناسێت، دووەم کارێکی بچووکی لەگەڵتا هەیە.

دەی.. زامیوتوف! ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟ ئێوە یەکتری دەناسن؟ لەکەیەوە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نیگەرانییەوە لەگەڵ خۆیدا دوا: "ئەی ئەمەیان چییە!"

زامیوتوف بە ڕووکەش پەشۆکا، بەڵام زۆری نەبرد بێدەربەستانە وتی:

- دوێنێ لە ماڵەکەی خۆتدا یەکترمان ناسی.

- کەواتە خوا نەیویست زەرەرێکی بە دواوە بێت: هەفتەی ڕابوردوو زۆری پێداگرت کە هەر چۆنێک بووە لەگەڵ تۆ و پۆرفیری یەکتر بناسن، وەلێ ئێوە بەبێ منیش یەکدی دەناسن، تووتنەکەت لە کوێدایە؟

پۆرفیری پتروڤیچ جلی ماڵەوەی لەبەردا بوو: کراسێکی سپیی خاوێن و دەمپێییەکی کۆنی لەپێدا بوو. تەمەنی سیوپێنج ساڵ و باڵای لە باڵای ئاسایی کورتتر بوو، تا ڕادەیەک ورگن و قەڵەو و بەخۆوە بوو. دەموچاوی تاشراو و نە ڕیش و نە سمێڵی نەبوو، قژی لە پشت سەرە گەورەکەیەوە کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە پشتملیەوە دەردەکەوت، کورت کرابووەوە. دەموچاوە خڕ و قەڵەوەکەی، لەگەڵ لووتە پانەکەیدا، بە ڕەنگێکی زەردەوە هەروەک نەخۆش دەردەکەوت، تا ڕادەیەکیش مایەی گاڵتەپێکردن بوو. ئەگەر لەبەرچاوی نەبووایە، چاوانێک کە درەوشانەوەیەکی نمناکیان تیا بوو، مژۆڵەکانیشی کە تا ڕادەیەک سپی بوون و دەتوت هەمیشە لە چاوبڕکێدان، سیمای میهرەبان دەینواند، نیگای چاوەکان، لەگەڵ پەیکەرەکەیدا، کە تا ڕادەیەک دەچووەوە سەر پەیکەری ژنێکی لادێی، لەگەڵ یەکتردا نەدەگونجان، ئەمیان ویقارێکی دابوویە، کە لە یەکەم نیگادا بە هیچ جۆرێک چاوەڕوانی نەبوویت.

پۆرفیری پتروڤیچ که بیستی میوانەکە کارێکی بچووکی لەگەڵیدا هەیە، خێرا تکای لێکرد لەسەر قەنەفەکە دابنیشێت، خۆیشی لە لاکەی تریەوە دانیشت و لە میوانەکە ڕاما تا زووتر گوێی لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان بێت، بایەخپێدانەکەی هێند دڵگەرمانە بوو، کە لە یەکەم بەرخوردا تووشی پەشۆکان و دوودڵی دەکردیت، بە تایبەتی بە لای یەکێکەوە کە نەناس بێت و ئەوەی کە دەیڵێیت، شایانی ئەو هەموو بایەخپێدانە زۆرە نەبێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە کورتی و پوختی باسی لە کارەکەی خۆی کرد و بە وردی ڕوونکردنەوەکانی بۆ دەربڕی، بۆیە زۆر بە لەخۆڕازیبوونەوە هەستی کرد کە ئیتر دەتوانێت زۆر بە چاکی تەماشای پۆرفیری بکات. پۆرفیری پتروڤیچیش لە هەموو ئەو ماوەیەدا چاوی لێ کەلا نەخست. ڕازومیخین کە لەسەر هەمان مێز و بەرانبەر ئەوان دانیشتبوو، زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە گوێی لە کێشەکە گرتبوو، بەردەوام چاوی لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی تر دەگوێزایەوە، بە جۆرێک کە لەڕادەبەدەر بوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا جوێنی دا:

- چ کەرێکە!

پۆرفیری بە شێوازێکی زۆر دڵگەرمانە وتی:

- دەبێت بە پۆلیسی ڕابگەیەنیت کە دوای زانینی ڕووداوەکە، واتا کوشتنی ژنەکە، تۆ لای خۆتەوە داواکاریت ئەوەیە بە دادوەری لێکۆڵینەوە ڕابگەیەنن کە فلانە شت هی تۆیە و تۆیش دەتەوێت شتەکە لە بارمتەیی دەربهێنیت.. یان.. بەهەرحاڵ.. بۆت دەنووسن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەوەندەی لە توانایدا بوو، خۆی شپرزە نیشان دا و وتی:

- قسه لەوەیە کە من لە ئێستادا ئەوەندە پارەم نییە و.. تەنانەت نایشتوانم ئەو شتە چکۆلانەیش.. دەزانیت، من ئێستا تەنیا دەمەوێت ئەوە ڕابگەیەنم کە ئەو شتانە هی منن و هەر کاتێک پارەم هاتە دەست، ئەوسا..

پۆرفیری پتروڤیچ لە کاتێکدا بە ساردییەوە ئەو شتانەی وەرگرت، کە پەیوەندیان بە مەسەلە ئابوورییەکەوە هەبوو، وەڵامی دایەوە:

- هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، تۆ ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت هەر ڕاستەوخۆ بۆ منی بنووسیت، بەو جۆرەی کە وتم، واتا: "کاتێک لەبارەی فلان شتەوە هەواڵم زانی، وا ڕایدەگەیەنم کە فلان شت هی منە و داواکارم کە.."

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپەلە قسەکانی پێبڕی و زیاتر بایەخی بە لایەنە مادیەکە دا و وتی:

- دەتوانم نامەکە لەسەر کاغەزی سپیی سادە بنووسم؟

- بەڵێ، لەسەر سادەترین کاغەز!

لەپڕێکدا پۆرفیری وەک چاو دابگرێت، چاوی نانە سەر یەک، وای تەماشا کرد کە بە ئاشکرا گاڵتەپێکردنی پێوە دیار بوو، یان ڕەنگە ئەمە تەنیا لای ڕاسکۆلنیکۆڤەوە وا کەوتبێتەوە، چونکە حاڵەتەکە چرکەساتێکی نەبرد، بە کورتی، شتێک بوو لەو بابەتە. ڕاسکۆلنیکۆڤ ئامادە بوو سوێند بخوات کە پۆرفیری هەر بەو مەبەستەوە چاوی لەو داگرتووە، بۆیە وەک بروسکە ئەوە بەسەری ڕاسکۆلنیکۆڤدا گوزەری کرد کە "ئەو دەیزانێت".

پاشان بە کەمێک پەرێشانییەوە لەسەری ڕۆشت:

- ببوورە کە بەم شتە بچووکانە سەرت دێشێنم، شتەکانی من کە لای پیرێژن بە بارمتە دامنابوون، نرخیان دەگاتە پێنج ڕۆبڵ، بەڵام لەبەر

ئەوەی یادگارین و لە کەسانی ترەوە پێم دراون، بەلامەوە زۆر بە نرخن، بۆیە کە لە بەسەرهاتەکە ئاگادار بووم، دانی پێدا دەنێم زۆر ترسام..

ڕازومیخین هەر بە دەستی ئانقەست وتی:

- کەواتە بڵێ لەبەر ئەمە بوو کاتێک دوێنێ بە زوسیموفم وت پۆرفیری لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەدا دەکات کە بە بارمتە شتیان لای پیرێژنەکە داناوە، تۆ ڕاپەڕیت!

لێرەدا جامەکە پڕ بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ نەیتوانی خۆی بگرێت و بەو چاوانەوە کە لە ڕقا ئاگریان لێدەبووەوە، تەماشایەکی ئەوی کرد، بەڵام زوو هاتەوە سەر خۆی و بە تووڕەییەکی دەستکرد بەڵام زیرەکانە وتی:

- هاوڕێ، پێدەچێت تۆ قەشمەریم پێبکەیت؟ من دان بەوەدا دەنێم، دەشێت بۆ ئەو شتانەی کە ڕەنگە لای تۆ هیچ نەبن، من لەڕادەبەدەر نیگەران بم، بەڵام نابێت لەبەر ئەوە من بە خۆپەسەند و ڕژد دابنێیت. ڕەنگە لە دیدی مندا ئەو دوو شتە بچووک و بێنرخە بە هیچ شێوەیەک وەک ڕوانینی تۆ نەبێت بۆیان. من هەر ئێستا پێموتیت کە ئەو سەعاتە زیوەی ڕەنگە پولێک نەهێنێت. تاقە شتێکە کە لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، پێم پێبکەنە، وەلێ دایکم هاتوە بۆ لام..

بەدەم وتنی ئەم قسانەوە ڕووی لە پۆرفیری کرد، بەڵام زۆر زوو دیسانەوە گەڕایەوە لای ڕازومیخین و بە تۆنی دەنگێکەوە کە خۆی مەبەستی بوو بلەرزێ، وتی:

- خۆ ئەگەر بزانێت سەعاتەکە فەوتاوە، سوێند دەخۆم زۆر بە سەختی ناڕەحەت دەبێت، ئاخر ئەم ژنانەیش!

ڕازومیخین بە خەمێکەوە وتی؟

- به هیچ جۆرێک وا نییە، من هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە نائارامییەکەوە کەوتە بیرکردنەوە: "باش بوو؟ سروشتی بوو؟ زێدەڕۆیم نەکرد؟ بۆ وتم: ئەم ژنانە!"

پۆرفیری لە خۆوە پرسی:

- کەواتە دایکت هاتووە بۆ لات؟

- بەڵێ.

- کەی؟

- دوێنێشەو.

پۆرفیری وەک بیر بکاتەوە، بێدەنگ بوو، پاشان لەسەرخۆ و بە ساردییەوە وتی:

- هەرگیز شتەکانت لەناو ناچن، ئاخر، ماوەیەکە من چاوەڕێی تۆم.

وەک هیچ ڕووی نەدابێت، ڕووی لە ڕازومیخین کرد و تەپڵەکی جگەرەکەی لێ نزیک خستەوە، چونکە بێبەزەییانە بە سووتووی جگەرەکەی فەرشەکەی پیس دەکرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە قسەکانی پۆرفیری داچڵەکی، بەڵام ئەو خۆی بە جگەرەکەی ڕازومیخینەوە خەریک کرد و وای نیشان دا کە سەیری ناکات.

ڕازومیخین هاواری کرد:

- چۆن؟ چاوەڕێی بوویت؟ بۆ دەتزانی کە ئەو لەوێ شتی بە بارمتە داناوە؟

پۆرفیری پتروڤیچ ڕاست ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و پێی وت:

- شتەکانت، ئەموستیلە و سەعاتەکەی لای ئەو بە کاغەزێکەوە پێچرابوو، ناوی تۆیشی بە ڕوونی لەسەر نووسراوە، هەروەها مێژووی ئەو ڕۆژەی کە شتەکانی لێ وەرگرتوویت..

- چۆنە ئاوا وردەکاریت؟
لەگەڵ ئەم وشانەدا ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەخەنەیەکی سووک و ناڕەحەتی کرد و ویستی بە تایبەتی ڕاستەوخۆ لە چاوی پۆرفیری بڕوانێت. بەڵام خۆی نەگرت و لەپڕێکدا لەسەری ڕۆشت:
- من بۆیە ئێستا ئەو باری سەرنجەی خۆمم خستە ڕوو، چونکە بێگومانم کە ئەوانەی شتیان بە بارمتە لای پیرێژنەکە داناوە، زۆرن.. زەحمەتە ناوی هەموو ئەوانە لە بیردا بمێنن.. بەڵام تۆ بە پێچەوانەوە بە چاکی ناوی هەموویان دەزانیت و..
پاشان لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە: "دەبەنگییە، لاوازییە! بۆ ئەم ڕستەیەم وت!"
پۆرفیری بە زەردەخەنەیەکەوە کە بۆنی گاڵتەپێکردنی لێدەهات، وتی:
- ئاخر، تا ڕادەیەک هەموو خاوەن بارمتەکان دەناسم و تۆ تەنیا کەسێکیت کە تا ئێستا نەهاتوویتەتە ئێرە.
- من نەخۆش بووم.
- ئەمەیشم بیستووە، تەنانەت ئەوەیشم بیستووە کە لەسەر مەسەلەیەک زۆر پەرێشان بوویت..
ئێستایش لەوە دەچێت ڕەنگت هەر پەڕیبێت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕا دەنگی گۆڕی و بە ڕەقی و بەربەرەکانیکردنەوە قسەکانی پێبڕی.
- هەرگیز ڕەنگم نەپەڕیووە.. بە پێچەوانەوە تەندروستیم زۆر باشە.
تووڕەییەکەی ئەمەندە جۆشی سەندبوو، توانای دامرکاندنەوەی نەبوو، بە خۆی وت: "دەترسم لەم ڕق هەستانەدا ئەوەی کە نابێت بیڵێم، بیڵێم! بە ڕاست ئەمانە بۆ هێندەم ئازار دەدەن!".
ڕازومیخین کەوتە قسە:

- تەندروستیت زۆر باشە! چ قسەیەکی بێمانا! تا ئەندازەیەک هەتا دوێنێشەو لە بێهۆشی و وڕێنەکردندا بوو.. پۆرفیری باوەڕ دەکەیت، بە زۆر لەسەر پێ دەوەستا، وەلێ هەر ئەوەندەی ئێمە، یەعنی من و زوسیموف، دوێنێ ئاوڕمان دایەوە، جلی لەبەر کرد و لەسەرخۆ تێی تەقاند، کەس نەیزانی تا نیوەشەو لە کوێ گەڕاوە. دیسان دەیڵێمەوە کە بە تەواویی لە حاڵەتی وڕێنەکردندا بوو، ئاخر، تۆ دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت، ڕێکەوتێکی زۆر سەرنجڕاکێش!

پۆرفیری ڕێک وەک ژنەلادێیی سەری ڕاوەشاند و بە ئاوازێکی تایبەتەوە وتی:

- بەڕاست، بە تەواوی لە حاڵەتی وڕێنەکردندا بوویت؟ تۆ تەماشا!

- ئاه، قسەکانی هیچ و بێمانان، باوەڕی پێمەکە، تۆ خۆیشت بەبێ ئەوەی من بیڵێم باوەڕ ناکەیت.

ئەم وشانە بە ڕقێکی ئەستوورەوە لە دەمی ڕاسکۆلنیکۆف هاتنە دەرێ، بەڵام پۆرفیری پتروڤیچ خۆی نەکرد بە خاوەنی.

ڕازومیخین لەپڕێکدا بە تووڕەییەوە وتی:

- ئاخر، ئەگەر لە وڕێنەکردندا نەبوویتایە، چۆن دەبوو بچیتە دەرەوە؟ بۆ چوویتە دەرەوە؟ لەبەر چی؟.. بەتایبەتیش، بۆ بە دزییەوە ڕۆیشتی؟ ئاخر، ئایا تۆ لەو کاتەدا ئەقڵت هەبوو؟ ئێستا کە ئیدی هەموو مەترسییەک تێپەڕیووە، بۆیە وا بەبێ پەردە دەدوێم.

ڕاسکۆلنیکۆف کتوپڕ پێکەنینێکی بوێرانەی کرد و بە پۆرفیری وت:

- دوێنێ بە تەواویی بێحەوسەڵەیان کردبووم، منیش لە تاوا هەڵاتم، بۆ ئەوەی ماڵێک بە کرێ بگرم و ئیتر نەمدۆزنەوە، پارەیەکی باشیشم لەگەڵ خۆمدا برد، ئەم جەنابی زامیوتوفە پارەکانی بینی، باشە،

جەنابی زامیوتوف دوێنێ من ئەقڵم تەواو بوو یان وڕێنەم دەکرد، تۆ دادوەر بە.
لەو کاتەدا ئامادە بوو زامیوتوف بخنکێنێت، تەماشاکردن و بێدەنگییەکەی زامیوتوف ئازاری دەدا و لەڕادەبەدەریش تووڕەی کردبوو.
زامیوتوف بە وشکی وەڵامی دایەوە و وتی:
- بە ڕای من تۆ تەواو ئاقڵانە و تەنانەت زۆریش زرنگانە قسەت دەکرد، بەڵام گەلێک تووڕە بوویت.
پۆرفیری بۆی زیاد کرد:
- ئەمڕۆیش نیکودیم فومیچ پێی وتم کە دوێنێشەو، لە درەنگوەختا، لە ماڵی ئەو کارمەندەدا کە ببوو بە ژێر گالیسکەوە، تۆی بینیبوو..
ڕازومیخین بە دوایدا چوو:
- باشە، تەنانەت ئەو کارمەندە: ئایا ئەو کاتەی لە ماڵی ئەو کارمەندە بوویت، هەڵسوکەوتی تۆ شێتانە نەبوو؟ دوافلست دایە بێوەژنەکە بۆ ناشتنی تەرمەکەی! باشە، هەر دەتویست کۆمەکی بکەیت، پانزە ڕۆبڵت پێبدایە، بیست ڕۆبڵت پێبدایە، هیچ نەبێت سێ ڕۆبڵت بۆ خۆت بهێشتایەتەوە،

کەچی تۆ ڕێک بیست و پێنج ڕۆبڵەکەت کردە دەستییەوە.
- کێ دەڵێت من خەزینەیەکی پارەم نەدۆزیوەتەوە و تۆ نایزانیت؟ لەبەر ئەوە من دوێنێ دەستکراوە بووم.. وەرە، جەنابی زامیوتوف ئەوە دەزانێت کە من گەنجینەیەکی پارەم دۆزیوەتەوە!..
پاشان ڕووی لە پۆرفیری کرد و بە لێوەلەرزەوە وتی:

- داوای لێبوردنت لێدەکەم کە نیو سەعاتە بەم قسە بێمانا و پووچانەوە سەرمان ئێشاندویت، بێتاقەت بوویت، نا؟
- ببوورە، بە پێچەوانەوە، بە پێچەوانەوە! ئەگەر دەزانیت من چەند پێم خۆشە و تۆم مەبەستە، هەم بینینی خۆت و هەم گوێگرتن لە قسەکانت.. من زۆر بەوە دڵخۆشم کە دواجار تەشریفت هێنایە ئێرە.
ڕازومیخین دەنگی هەڵبڕی و بە پۆرفیری وت:
- هیچ نەبێت چایەکمان بدەرێ، گەروومان وشک بوو.
- بیرێکی هەرە چاکە، ڕەنگە بۆ کارەکەیشمان زۆر باش بێت، بەڕاست، لە پێش چایەکەدا شتێکی ترت ناوێت کە پەیوەندییەکە کۆکتر بکات؟
- برۆ لاچۆ!
پۆرفیری پتروڤیچ ڕۆیشتە دەرەوە تا فەرمانی چایان بۆ بدات. لێکدانەوە وەک گێژەڵووکە لەسەری ڕاسکۆلنیکۆڤدا هەڵیکردبوو، زۆر خرۆشابوو، بە خۆی وت: "لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە نە شت دەشاردنەوە و نە ڕوودەربەستییان هەیە! ئاخر، ئەگەر تۆ هیچ من ناناسیت، ئەی بۆ لە بارەمەوە لەگەڵ نیکودیم فومیچدا قسە دەکەیت؟ دیارە ئیتر نایانەوێت ئەوە لە من بشارنەوە کە چۆن وەک ڕەوەسەگێک بەدوامەوەن! ئەمانە بە کورتی و پوختی تف لە ناوچاوم دەکەن.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ڕکا دەلەرزی:
(باشە، بە ئاشکرا پەلامارم بدەن، بۆ یاریی مشک و پشیلەم لەگەڵدا دەکەن؟ ئەمەیان بێئەدەبیە، ئاخر پۆرفیری پتروڤیچ، ڕەنگە ئیتر من چاوپۆشی نەکەم! هەڵدەستمە سەر پێ و هەموو ڕاستییەکان بە ناوچاوتاندا دەکێشم، ئەوسا دەزانن چەندم ڕق لێتانە!)

بە زەحمەت هەناسەیەکی دا.
ئەی ئەگەر هەموو ئەمانە خەیاڵی ڕووت بن چۆن؟ ئەگەر لە تراویلکەیەک زیاتر هیچ نەبن و من لە هەموویاندا هەڵە بم، چی؟ ئەگەر تووڕە و تڕۆییەکەم لە بێئەزموونی و نواندنی ئەو دەورە خراپە بێت، کە دەمەوێت ببینم، چۆن؟ دەشێت گشت ئەم شتانەی کە دەیڵێن، چ مەبەستێکیان لە دواوە نەبێت و قسەکانیان ئاسایی بێت؟ بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا شتێکیان هەر تیایە.. دەشێت ئەم قسانە هەمیشە بکرێن، وەلێ شتێک هەر هەیە! بۆچی ئەو ڕێکوڕەوان وتی: "لای ژنەکە؟" ئەی بۆ زامیوتوف لەسەری ڕۆیشت و وتی من " زرنگانە" دەدوێم؟ بۆ ئەمانە بەو ڕیتمەوە قسەیان لەگەڵدا کردم؟ بەڵێ.. بەو ڕیتمە.. خۆ ڕازومیخینیش لێرە دانیشتووە، ئەی بۆ هیچ گومانێک ناکات؟ بۆ ئەم مرۆڤە سادە و ساکارە هیچی بە خەیاڵدا نایەت؟ دیسان تا دایگرتمەوە! ئایا پۆرفیری چاوی لێداگرتمەوە یان نا؟ بێگومان ئەمە خەیاڵێکی ڕووتە، بۆ چاوم لێدابگرێت؟ دەیانەوێت دەمارم بەگیر بێنن و سەربنێنە سەرم؟ یان هەموو خەیاڵێکی ڕووتە و هیچی تر.. یان هەموو شتێک دەزانن! تەنانەت زامیوتوفیش بێئابڕووە.. بەڕاست زامیوتوف بێئابڕووە؟ زامیوتوف شەو بیری گۆڕی، من هەستم دەکرد کە بیری دەگۆڕێت، لێرە وەک ماڵی خۆی ڕەفتار دەکات، لە کاتێکدا کە ئەمە یەکەمین جارە بێتە ئێرە. پۆرفیری وەک میوان لێی ناڕوانێت، پشتی تێکردووە و دانیشتووە. بوونەتە هاوڕێی یەکتری! حەتمەن بە هۆی منەوە بوونەتە هاوڕێ! بێگومان پێش هاتنی ئێمە لەبارەی منەوە قسەیان کردووە.. ئایا لەبارەی خانووەکەوە هیچ دەزانن، خۆزگا زووتر بمزانیایە.. کە وتم دوێنێشەو هەڵاتووم تا بڕۆم خانوویەک بە کرێ بگرم، خۆی لێ نەبان کرد و هیچی نەوت. وەلێ

من ئەو مەسەلەیەم زیرەکانە هێنایە پێشێ، بۆ ئایینده کەڵکی لێدەبینم، واتا لە کاتی وڕێنەکردندا بووم.. هە هە، هە! ئەو لەبارەی شەوی پێشووەوە هەموو شتێک دەزانێت! ئاگای لە هاتنی دایکم نییە!.. بەڵام ئەو پیرێژنە سیحربازە تەنانەت مێژووی ڕۆژەکەیشی بە قەڵەم نووسیووە! درۆ دەکات، بڕوای پێناکەم! ئاخر هەموو ئەم شتانە هێشتا بەڵگەی تەواو نین، هەر خەیاڵ و وێناکردنن! نا، ئێوە ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەی دڵنیاکەر بێنن، تەنانەت خانووەکەیش چ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، هەر وڕێنەیە. من دەزانم چییان پێدەڵێم.. ئایا لەبارەی خانووەکەوە هیچ دەزانن؟ تا تێنەگەم ناڕۆم، بەڕاست من بۆ هاتووم؟ بەڵام هەر ئەم تووڕەییەی ئێستای من، بەڵگەیەکی چاکە، ئاف چەندە تووڕەم! ڕەنگە چاکیش بێت، نیشانەی نەخۆشییە.. ئەو دەیەوێت تاقیم بکاتەوە، دەیەوێت هەستم پەرت بکات، بۆ هاتوومەتە ئێرە؟"

هەموو ئەمانە وەک بروسکە بەسەریدا تێپەڕین، پۆرفیری پتروڤیچ دوای چرکەساتێک گەڕایەوە و خۆشحاڵ هاتە پێشچاو، بە ئاوازێکی تەواو جیاواز، بەدەم پێکەنینەوە بە ڕازومیخینی وت:

- دەزانیت هاوڕێ، من لە دوێنێشەوەوە سەرم، تۆ بڵێ هەموو لەشم تێک چووە.

- شەوێکی خۆش بوو، وانییە؟ ئاخر، من دوێنێشەو ئێوەم لە کاتێکی زۆر خۆشدا بەجێ هێشت، کێ سەرکەوت؟

- دیارە، کەس سەرنەکەوت، دەستکرا بە باسی نەمری و کەوتینە فڕین بە ئاسمانەکاندا.

- ڕودیا بیهێنە بەرچاوت، باسیان لەسەر چی کردووە: ئایا تاوان بوونی هەیە یان نا؟ قسەی قۆڕ.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئاسایی وتی:
- جا ئەوە چییە؟ مەسەلەیەکی ئاسایی کۆمەڵایەتییە.
پۆرفیری وتی:
- پرسیارەکە وا نەکرابوو.
ڕازومیخین خێرا و وەک هەمیشە بە گەرمی و پەرۆشەوە وتی:
- ڕاستە، پرسیارەکە هەرگیز وانەبوو، بڕوانە ڕودیا، گوێ بگرە و دوایی ڕای خۆت دەربڕە، من ئەمەم دەوێت، من دوێنێ لەگەڵ ئەمانەدا شێت ببووم و بە تەمای هاتنی تۆ بووم، پێم وتبوون کە تۆ دێیت، چیرۆکەکە لە باری سەرنجی سۆشیالیستەکانەوە دەستی پێکرد، دیارە بۆچوونی ئەوان ئاشکرا و ڕوونە: تاوان، نارەزایی دەربڕینە دژی خراپیی ڕژێمی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەندە و هیچی تر، هۆکاری تر بۆ تاوانکردن نییە و هەر ئەوەیە.
پۆرفیری پتروڤیچ دەنگی هەڵبڕی:
- بینیت چۆن درۆت کرد!
دیار بوو کە پۆرفیری زۆر شادمان بوو، بە بینینی ڕازومیخین پێکەنینی دەهات و زیاتر دەیجووڵاند.
ڕازومیخین بە گەرمی قسەی پێبڕی و وتی:
- هیچ هۆکارێکی تر بە ڕاست نازانن، درۆ ناکەم! من کتێبی سۆشیالستەکانت پیشان دەدەم. بە باوەڕی ئەوان هەموو شتێک بەرئەنجامی "ستەمی کۆمەڵایەتییە" و هیچی تر نییە، ئەم ڕستەیەیان زۆر خۆش دەوێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامگیریی ئەوە دەکەن، کە ئەگەر کۆمەڵگا بارێکی سروشتیی هەبێت، هەرچی تاوان هەیە لەناو دەچێت و نامێنێت، چونکە ئیدی هۆکارێک نامێنێتەوە بۆ دەربڕینی نارەزایی و هەموویش بە زووترین کات چاک دەبن.

سۆشیالستەکان گوێ بە سروشت نادەن، سروشت هەر دەخەنە لاوە، بە لای ئەوانەوە مرۆڤێک کە گۆڕانی سروشتی و مێژوویی خۆی هێنابێتە کۆتایی، ناتوانێت کۆمەڵگایەکی سروشتی و گونجاو بهێنێتە دی. بەڵکو بە پێچەوانەوە، "ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی" کە لە مێشکی زانایەکی ماتماتیکزانەوە سەرچاوەی گرتبێت، یەکسەر بە تەواوی باری مرۆڤەکە دروست دەکات و بێتاوان و چاک دەیڕەخسێنێت. ئەم کارە گەلێک خێراتر و زووتر لە هەر ڕووداوێکی سروشتی و ژیانیی دی ئەنجام دەگرێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە سۆشیالیستەکان لە ناخی خۆیاندا ڕقیان لە مێژووە، دەڵێن لە مێژوودا "تەنیا ناشیرینی و گەمژەیی" هەیە. هەموو شتێکیش تەنیا لە ڕوانگەی "گەمژەییەوە" ڕاڤە دەکەن، بۆیە ڕقیان لە ڕەوتی سروشتیی ژیانە، بە لای ئەوانەوە ڕۆحی زیندوو پێویست نییە، ئاخر، ڕۆحی زیندوو ژیانی گەرەکە، ڕۆحی زیندوو سەر بۆ میکانیکیەت دانانەوێنێت، ڕۆحی زیندوو گومانکارە، ڕۆحی زیندوو لەگەڵ ڕابوردوودا پەیوەندیی هەیە و دەربەستە پێوەی. بەڵام ئەو کەسەی کە بۆنی مردووی لێدێت، دەتوانیت لە کایوچویش دروستی بکەیت، بەڵام ئیتر ئەوە زیندوو نییە، ویستی نییە، بەندەیەکە و سەرپێچی ناکات، ئەنجام وا دەکەوێتەوە کە هەموو شتێک پابەندە بە ئەندازەی قاڵبی خشت و ڕاڕەو و ژوورە تایبەتییەکانی سۆشیالیستەکانەوە. با گریمانەی ئەوە بکەین کە ژووری سۆشیالیستەکان ئامادەیە، بەڵام ئەی دوایی، سروشتی ئێوە هێشتا بۆ کەڵکوەرگرتن لەو جۆرە ژوورانە ئامادەگیی نییە، سروشتی ئێوە ژیانی دەوێت، هێشتا ڕێگەی ژیانی نەبڕیووە و زووە بۆ چوونە گۆڕستان! تەنیا بە لۆژیک ناتوانین بەسەر سروشتی مرۆڤایەتیدا باز بدەین و خۆمانی لێ گێل بکەین، دەشێ لۆژیک پێشبینیی سێ حاڵەت

بکات، له کاتێکدا که ژمارەی حاڵەت له ملیۆنان تێدەپەڕێت. دەکرێت چاو لەو ملیۆنانە بپۆشین و هەموو مەسەلەکان تەنیا ببەستینەوە بە خۆشگوزەرانییەوە. ئەمە ئاسانترین ڕێگەچارەی کێشەکانە! مەسەلەکە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش ڕوونە و پێویستی بە بیرکردنەوە نییە، بەڵێ، لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات. بەم شێوەیە هەموو نهێنیەکانی ژیان لە دوو پەڕەی چاپکراودا جێی دەبێتەوە.

پۆرفیری پێکەنی و وتی:

- تەماشا چۆن هەڵچووە، دەبێت دەستوپێی ببەسترێتەوە!

پاشان ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:

- دوێنێشەویش هەر ئەم بەزمە بوو، لە ژوورێکدا شەش دەنگی جیاواز لە یەک کاتدا بەرزدەبووەوە، بێ لەوەیش لە پێشدا سەرخۆشی کردین، دەتوانیت وێنای بکەیت؟ نا، هاوڕێ، تۆ هەڵەیت، "ژینگە" دەوری گرنگی هەیە لە تاواندا، من لەگەڵ ئەم ڕایەدام.

- خۆیشم دەزانم دەوری گرنگی هەیە، بەڵام تۆ پێم بڵێ ئەگەر پیاوێکی تەمەن چل ساڵان ئابڕووی کچێکی تەمەن دە ساڵانی برد، ئایا ژینگە وای لێکردووە کە ئەو تاوانە بکات؟

پۆرفیری بە ویقارێکی سەرنجڕاکێشەوە وتی:

- ئەی بۆ! ئەگەر بە قووڵی لێی بڕوانین، دەشێت ئەوە ناچاری کردبێت. ئەو تاوانەی دەرهەق بەو کچە کراوە، بە چاکی و بەڵکو و زۆر بە چاکی دەتوانیت ببەستیتەوە بە چۆنیەتیی ژینگەوە.

ڕازومیخین خەریک بوو شێت بێت، هاواری کرد:

- دەتەوێت هەر ئێستا پێت بسەلمێنم کە تۆ پێڵووت سپیە، هەر لەبەر ئەوەیش سپییە، کە بەرزایی زەنگی کڵێسای قەشە یوحەنا

حەفتاوحەوت مەتر دەبێت، ئەتوانم زۆر باش ئەمە بسەلمێنم، زۆر بە وردی و بەپێی ڕەوشی ڕوناکبیران و تەنانەت بە شێوازی لیبرالیستەکان. قەولت دەدەمێ کە دەتوانم، باشە، دەتەوێت گرەو بکەین؟

- باشە، دەیکەم، وا گوێ دەگرین بزانین چۆن ئەمە دەسەلمێنیت!

ڕازومیخین لە جێگاکەی هەستا، دەستی ڕاوەشاند و دەنگی هەڵدا:

- ئاخر، ئەم شەیتانە بە تەواویی خۆی لێ نەبان کردووە، لەگەڵ تۆدا پێویست بە قسەکردن ناکات، ئاخر هەموو ئەمانە بە دەستی ئانقەست.. ڕادیون، تۆ هێشتا نایناسیت، دوێنێشەویش هەر لایەنی ئەوانی گرت تا پێیان ڕابوێرێت، جا دوێنێشەو نازانی چی دەوت، خودایا! ئەوانیش دڵیان پێی خۆش بوو.. ڕەنگە تا دوو هەفتە لەسەر ئەم باوەڕە بمێنیت. پار نەماندەزانی بۆ ئێمەی لەوە دڵنیا دەکرد، کە دەیەوێت تەرکی دنیا بکات، دوو مانگی تەواو جەختی لەسەر ئەمە کرد، ماوەیەک لەمەوبەرییش لە بیری ئەوەدا بوو دڵنیامان بکات کە دەیەوێت ژن بهێنێت و هەموو شتێکی بۆ مارەبڕین ئامادە کردووە، تەنانەت بەرگی تازەی دابووە کردن و ئێمەیش پیرۆزباییمان لێکرد، بەڵام نە ژن لەئارادا بوو، نە هیچ شتێکی دی، هەر هەمووی درۆ بوو.

- تۆ درۆ دەکەیت، من پێشتر بەرگم بەکرد دابوو، هەر لەبەر خاتری بەرگی تازەیش بوو کە هات بەسەرما و بە هەمووتانم ڕابوارد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەرخۆ وتی:

- بەڕاست تۆ دەتوانیت ئاوا بە چاکی دەور ببینیت؟

- تۆ وات دەزانی نا؟ ڕاوەستە، تۆیش فریوو دەدەم هە، هە، هە! نا، گوێ بگرە، ڕاستییەکەت بە تەواوی پێدەڵێم، بەم بۆنەیەوە هەموو ئەم مەسەلانەی لەبارەی تاوان و ژینگە و کچۆڵەکانەوە کە لێی دواین،

وتارێکی کورتی تۆیان بیر هێنامەوە، وتارێک وابزانم ناونیشانەکەی "دەربارەی تاوان" یان شتێکی لەو بابەتە بوو، باش لە بیرم نەماوە، بەڵام هەمیشە سەرنجی ڕادەکێشام، دوو مانگ لەمەوبەر دەرفەتی خوێندنەوەییم لە گۆڤاری "گوتەی مانگانە"دا دەست کەوت و چێژم لێوەرگرت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە سەرسامییەوە وتی:

- وتاری من؟ لە گۆڤاری "گوتەی مانگانە"دا؟ ڕاستە، شەش مانگ لەمەوبەر، ئەو کاتەی وازم لە زانکۆ هێنا، وتارێکم دەربارەی کتێبێک نووسی، بەڵام من وتارەکەم دا بە "گوتەی هەفتانە" کە گۆڤارێکی هەفتانەیە، نەک "گوتەی مانگانە" کە گۆڤارێکی مانگانەیە.

- وتارەکە بوو بە نسیبی "گوتەی مانگانە".

- بەڵێ، چونکە گۆڤاری "گوتەی هەفتانە" ئیتر دەرنەچوو، بۆیە وتارەکەیان ئەو کاتە چاپ نەکرد..

- ڕاستە، لەبەر ئەوەیش کە "گوتاری هەفتانە" ئیتر چاپ نەکرا، لەگەڵ "گوتەی مانگانە"دا دایان لەیەک، بۆیە وتارەکەت دە مانگ لەمەوپێش لە "گوتەی مانگانە"دا بڵاوکرایەوە، تۆ نەتزانیووە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕاستی ئاگای لێنەبوو.

- گوێ بگرە، دەتوانیت لە پاداشتی وتارەکەتدا پارەیان لێوەربگریت، بەڵام کەی تاقەتی ئەوەت هەیە! وا خۆت لە ژیان تەریک کردووە تەنانەت لەو شتانەیش بێئاگایت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەیە، ئیتر ئەمەیان هەقیقەتە.

ڕازومیخین بە دەنگی بەرز وتی:

- ئافەرین ڕودیا، منیش ئەمەم نەزانیووە، هەر ئەمڕۆ دەچمە کتێبخانە و ئەو ژمارەیە وەردەگرم، مانگێک لەمەوبەر؟ ڕۆژەکەی کەیە؟ کێشە

نییە، پەیدای دەکەم، سەیرە! وتار بڵاو دەکەیتەوە و بە کەسیش ناڵێیت؟

- بەڵام تۆ چۆن زانیت ئەوە وتاری منە؟ من تەنیا بە پیتێک مۆرم کردووە.

- تەواو بە ڕێکەوت، ئەوەیش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر زانیم، بەڕێوەبەری گۆڤارەکە پێی وتم، ئاشنایەتیمان هەیە.. زۆرم بەدڵ بوو.

- وەک لە یادم بێت، باسی باری دەروونیی بکوژێکم کردووە بە درێژایی ماوەی تاوانەکەی.

- وایە، پێ لەسەر ئەوەیش دادەگریت، کە بڵێیت ئەنجامی تاوان هەمیشە نەخۆشیی لەگەڵدایە، بیرۆکەیەکی زۆر تازەیە، وەلێ ڕاستییەکەی بۆ من ئەو بەشەی وتارەکە زۆر بایەخی نەبوو، بەڵکو بیرۆکەیەک کە لە کۆتایی وتارەکەدا دەردەکەوت و بەداخەوە تۆ ئاماژەیەکی شاراوەت پێداوە، گرنگ بوو.. بە کورتی ئەگەر لە یادت مابێت، ئاماژەیەکی وای تێدا بوو، کە کەسانێک لە دنیادا هەن دەتوانن.. واتا نەک دەتوانن، بەڵکو بە ڕاستی مافی ئەوەیان هەیە، دەست بۆ هەر تاوان و کارێکی ناشیرین ڕابکێشن و بیکەن، وەک ئەوەی چ یاسایەک بۆ ئەوان نەنووسرابێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە گۆڕین و شێواندنی زۆر و دەست ئەنقەستی بیرۆکەکەی زەردەخەنەیەکی هاتێ.

ڕازومیخین بە سەرسامییەکی زۆررەوە پرسی:

- چۆن؟ چی بوو؟ هەقدان بە تاوانکردن؟ ئەمە هەرگیز نابێت نەک لەبەر ئەوەیش کە دەوروبەر؟

پۆرفیری وەڵامی دایەوە:

- نا، نا، نا نەک تەنیا لەبەر ئەوە، قسە لەوەیە کە وتارەکەی خەڵکی دەکات بە دوو بەشەوە، بەشێکی "ئاسایی" و بەشێکی "نائاسایی" خەڵکیی ئاسایی دەبێت ملکەچ بن و پەیڕەوی لە یاسا بکەن و نەیبەزێنن، لەبەر ئەوەی کە ئەوان "ئاساییین"، وەلێ خەڵکی نائاسایی مافی ئەوەی هەیە تاوان بکات و یاسایش ببەزێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە "نائاساییین". ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، وا دەزانم تۆ وات نوسیبوو؟

ڕازومیخین بە سەرسامییەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئاخر ئەمە چۆن دەبێت؟ شتی وا مەحاڵە.

دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەخەنەیەکی کرد، یەکسەر زانی مەسەلەکە چییە و دەیانەوێت بەرەو کوێی بەکێش بکەن، وتارەکەی خۆی لە بیر بوو، بڕیاری دا بڕواتە ناو شەڕەکەوە، زۆر خاکییانە و بە سادەیی وتی:

- من هەرگیز لە نووسینەکەمدا ئەمەم مەبەست نەبووە، وەلێ دان بەوەدا دەنێم کە تۆ تا ڕادەیەکی باش بیرۆکەکەی منت دەربڕی. تەنانەت ئەگەر ڕاستت دەوێت زۆر بە چاکی و دەستپاکییەوە.. "پێدەچوو ئەو دانپیانانەی پێ خۆش بێت" تاقە جیاوازییەک کە هەبێت، ئەوەیە من هەرگیز جەخت لەسەر ئەوە ناکەم کە خەڵکیی نائاسایی، وەک تۆ دەڵێیت، بۆیان هەبێت هەموو تاوان و سەرپێچییەک بکەن. من بێگومانم کە وتاری لەو بابەتە تەنانەت مۆڵەتی چاپکردنیشی نادرێت. من تەنیا و تەنیا ئاماژەکەم وا کردووە کە کەسی "نائاسایی" مافی ئەوەی هەیە.. واتا نەک ئەوەی کە مافی یاسایی هەبێت، بەڵکو دەتوانێت ڕێگە بە ویژدانی خۆی بدات هەنگاو بەسەر هەندێک بەربەستا بنێت. ئەمەیش تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەبێت، ئەویش ئەوەیە

کە ئەنجامدانی بیرۆکەکەی (کە دەشێت ببێتە هۆی ڕزگارکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی) پێویستی بە هەنگاونانێکی وا هەبێت. تۆ دەفەرموویت وتارەکەم ڕوون نییە، من ئامادەم تا ئەو جێگایەی بخوازێت، ڕوونی بکەمەوە.. ڕەنگە هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم کە تۆیش ئەمەیانت دەوێت، کەواتە فەرموو: بە ڕای من ئەگەر دۆزینەوەکانی لە بابەتی کپلەر و نیوتن بە هۆی کۆمەڵێک پێشهاتەوە نەهاتنایەتە دی و خەڵک نەیزانیایە ئەگەر ژیانی یەکێک یان دە، یان سەد و زیاتریش نەکرانایەتە قوربانی، ئەوسا نیوتن مافی ئەوەی هەبوو، یان هەر ئەرکی سەرشانی بوو.. کە ئەو دە یان سەد کەسە لەناو بەرێت بۆ ئەوەی دۆزینەوەکەی پێشکەش بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نیوتن مافی ئەوەی هەبێت بە ئارەزووی خۆی کێی بوێ بیکوژێت، یان هەموو ڕۆژێک لە بازاڕدا دزی بکات. من لە بیرمە لە وتارەکەمدا ئەوەم ڕوون کردۆتەوە کە هەموو یاسادانەر و بنیاتنەرانی بناغەی مرۆڤایەتی، لە کۆنەوە بیگرە تا تازەیان، لە لیکورک و سۆڵۆن و محەمەد و ناپلیۆن و هی ترەوە، هەموو ئەمانە بەبێ هەڵاوێردکردن تاوانبارن، هەر هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی بەهێنانی یاسای نوێ، یاسا کۆنەکە کە لەلای خەڵکی پیرۆز و لە باوک و باپیریانەوە بۆیان مابووەوە، لەناویان برد، بێگومان لە خوێنڕشتنیش دەستیان نەپاراستووە، ئەگەر بە ڕاستی ئەو خوێنە (کە هەندێکجار زۆر بێتاوانانە و تەنیا بۆ پاراستنی یاسا کۆنەکانیان دەیانڕشت) کارئاسانیی بۆ ئەنجامدانی پەیامەکەیان کردبێت. مایەی سەرنجدانە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کاری چاکیان کردووە و بنەمای مرۆڤایەتییان داڕشتووە، کەسانێکی گەلێک خوێنڕێژ بوون. بە کورتی، ئەنجامگیرییەکەی من وایە، کە نەک تەنیا کەسانی مەزن،

بەڵکو تەنانەت ئەو کەسانەیش کە کەمێک لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاساییەن، یەعنی تەنانەت ئەوانەی هەندێک توانای دەربڕینیان هەیە و قسەی تازەیان پێیە، دەبێت بە ناچاری و بەپێی سروشتەکەیان کەمتازۆر یاخی و سەرکێش بن. بێگومان ئەمەیش مەسەلەیەکی ڕێژەییە، ئەگەر وانەبن هەرگیز ناتوانن لەو چوار دیوارە بێنە دەرێ، مانەوەیش لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا هەر بەپێی سروشتەکەیان قایلیان ناکات، بە ڕای من خۆیشیان نابێت قایل بن. بە کورتی و پوختی، تا هەنووکە ئەوەی دەیبینن، هیچ مەبەستێکی تازە و نوێ لەئارادا نییە، ئەمە تا ئێستا هەزار جار چاپ کراوە و خوێندراوەتەوە، بەڵام لەبارەی ئەو پۆلبەندیەی لە خەڵکیم کردووە و بە دوو بەشی "ئاسایی" و "نائاسایی" دابەشم کردوون، دانی پێدا دەنێم کە کەمێک سەرەڕۆییم کردووە، وەلێ من جەخت لەسەر ژمارە ناکەم، تەنیا بڕوام بە گەوهەری بیری خۆم هەیە، ئەمەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خەڵکیی بەپێی یاسای سروشت بەگشتی دەکرێنە دوو بەشەوە: خەڵکیی ئاسایی واتا ئەوانەی کە تەنیا بە کەڵکی زاووزێ دێن، خەڵکانی ڕاستەقینەیش، واتا ئەوانەی کە دەتوانن یان لە خۆیان ڕادەبینن لە دەوروبەری خۆیاندا قسەی نوێ بکەن، هەڵبەتە دەتوانین پۆلبەندیەکی زۆروزەبەندەی لاوەکیش بکەین. وەلێ ئاکاری هەرە تایبەتیی ئەم دوو چینە بە تەواوی دیار و ئاشکرایە، دەستەی یەکەم واتا مادە، بەگشتی ئەو کەسانەن، هەر بە سروشت کۆنەپارێز و بەویقارن، قایل و گوێڕایەڵ دەژین، ڕای من وایە دەبێت ئەوانە هەر بە گوێڕایەڵی بژین، چونکە ئەرکیان ئەوەیە و بە هیچ جۆرێکیش ئەوە بچووکیان ناکاتەوە، دەستەی دووەم هەموو یاسا دەبەزێنن و تا ڕادەیەکیش وێرانکەرن، یان ئارەزووی وێرانکردنیان تیایە.

یاسابەزاندن و تاوانکردنی ئەم جۆرە کەسانە هەڵبەتە ڕێژەیی و گەلێک جیاوازە، ئەمانە لە زۆر ڕووەوە بە دەربڕینی جیاواز خوازیاری ئەوەن بە ناوی ئایینەوە ئێستا وێران بکەن، خۆ ئەگەر پێویست بکات یەکێک لەوانە بۆ سەرکەوتنی بیروباوەڕەکەی هەنگاو بەسەر لاشەدا بنێت، یان خوێنێک بڕێژێت، بە ڕای من ئەو کەسە دەتوانێت بە پەنامەکی و ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕێگە بە خۆی بدات هەنگاو بەسەر لاشەدا بنێت و خوێن بڕێژێت. ئاشکرایە کە ئەم کارە پەیوەندیی بە ناوەڕۆک و گرنگیی بیرەکەیەوە هەیە. ئینجا تۆ سەرنجی ئەوە بدە کە من لە وتارەکەمدا تەنیا بەم مانایە باسم لە مافی بەزاندنی یاسا و تاوانباری کردووە. لە بیرت نەچێت کە باسەکەمان لە مەسەلەی مافەوە دەستی پێکرد. بەهەرحاڵ، ئەمە ترسی زۆری نەگەرەکە، چونکە هەرگیز کۆمەڵانی خەڵک ئەم مافەیان پێنابەخشێت، بە پێچەوانەوە، کەمتازۆر دەیانکوژێت یان لە سێدارەیان دەدات، بەم کارەیش بەویژدانەوە ئەرکی کۆنەپارێزیی خۆی ئەنجام دەدات. نەوەکانی ئایینەی هەمان ئەو خەڵکانەیش کەمتازۆر گەلێک ستایشی ئەو چەوساوە و کوژراوانە دەکەن و پەیکەریان بۆ دروست دەکەن، هەمیشە دەستەی یەکەم گەورەکانی ئێستان و دەستەی دووەم گەورەی ئایینەن. یەکەمەکان پارێزگاری لە دنیا و ژیان دەکەن و ژمارەی ئەندامەکانی زیاد دەبن، بەڵام دووەمەکان ژیان دەخەنە جووڵە و بەرەو مەبەست و ئامانجی دەبەن. هەردوولایشیان بە شێوەیەکی یەکسان مافی بوونیان هەیە. بە کورتی، لە دیدی منەوە

هەموویان بە یەکسانی مافیان هەیە! بژی شەڕی هەمیشەیی. تا دەرکەوتنی حەزرەت[1].

- کەواتە تۆ بڕوات بە دەرکەوتنی حەزرەت هەیە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

- بڕوام پێیەتی.

لەگەڵ وەڵامەکەی و بە درێژایی قسەکردنە دوورودرێژەکەی چاوی بڕیبووە نوختەیەکی فەرشەکە و سەری دانەواندبوو.

- ئەی.. ئەی بڕوات بە خوایش هەیە؟ بمبوورە کە ئاوا خۆم لە شت هەڵدەقورتێنم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوی بەرەو لای پۆرفیری بڵند کرد و وتی:

- بڕوام پێیەتی.

- بڕوات بە زیندوبوونەوەی ئەلازەریش[2] هەیە؟

- بڕوام پێیەتی، تۆ چ کارت بەمانە هەیە؟

- بە تەواویی بڕوات پێیان هەیە؟

- بە تەواویی بڕوام پێیان هەیە.

- باشە.. نا، ببوورە لەم کونپشکنینانەم، وەلێ ڕێگەم دەدەیت بگەمەوە سەر مەبەستی پێشوو: من وای دەبینم کە خەڵکیی هەمیشە ئەمانە ناکوژن، بە پێچەوانەوە هەندێکیان..

---

[1] لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (سامی الدروبی)دا دەربڕینەکە بەم جۆرەیە: "تا ئۆرشەلیمی نوێ دێتەوە کایە، بێگومان".

[2] Lazare ناوی یەکێکە لە قەدیسەکانی مەسیح گوایا دوای مردنی مەسیح زیندووی کردۆتەوە.

- لەسەردەمی ژیانی خۆیاندا سەردەکەون؟ هەڵبەتە، هەندێکیان هەر لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا بە ئامانج دەگەن و ئەوسا..
- خۆیان دەست بە کوشتنی کەسانی دی دەکەن؟
- ئەگەر پێویست بکات، دەزانیت، زۆرجار هەروا دەشکێتەوە، تێکڕا سەرنجەکانت هۆشیارانەیە.
- سوپاست دەکەم، بەڵام دەتوانیت پێم بڵێیت چۆن بتوانین مرۆڤە ئاساییەکان لە نائاساییەکان جیا بکەینەوە؟ ئایا کە لەدایک دەبن، هیچ نیشانەیەکیان پێوەیە؟ من لەم بارەیەوە دەڵێم ئەم مەسەلەیە وردەکاریی زیاتری دەوێت، واتا بەرجەستەکردنی زێدەتری پێویستە، ببوورە لەوەی کە من هەر بە سروشت مرۆڤێکی عەمەلی و خۆشباوەڕم، وەلێ ناتوانین جلوبەرگێکی تایبەتیان لەبەر بکەین، یان پۆشاکێکی وەک یەک تەنانەت داخێک و شتێکی لەو بابەتانە؟ چونکە، بڕوا بکە ئەگەر جیاکردنەوە نەبێت، ڕەنگە یەکێک لە دەستەیەکیان خۆی بە دەستەکەی تر بداتە قەڵەم و وەک خۆت دەڵێیت، هەموو بەربەستەکان تێکوپێک بدات و ئەوسا..
- ڕاستە، ئەمە زۆر ڕوو دەدات، ئەم بۆچوونەی تۆیش لەوەی پێشوو هۆشیارانەترە..
- سوپاسگوزارم..
- شایانی نییە، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەم هەڵەیە تەنیا لە لایەن دەستەی یەکەمەوە دەکرێت. واتا لە لایەن کەسە ئاساییەکانەوە (ڕەنگە ئەم ناوە نەگونجاو بێت کە لێم ناون) گەلێک لەو مرۆڤە نائاساییانە، ئەگەرچی هەر بە خۆڕسک گوێڕایەڵن، بە هۆی هەندێک گەمەی سروشتەوە کە تەنانەت گا لێی بێبەش نییە، حەز لەوە دەکەن خۆیان وا بنوێنن کە پێشڕەو و یاخین و قسەی تازەیان پێیە. بە تەواوی

بڕوایشەوە ئەم کارە دەکەن. لە کاتێکدا ئەمانە بە زۆریی گوێ بەوانە نادەن، کە وتەی نوێیان پێیە، تەنانەت ئەوەندە لێیان بێزارن، کە بە دواکەوتوویان لە قەڵەم دەدەن. وەلێ بە بڕوای من ئەمانە مەترسیی گەورە دروست ناکەن و نابێت تۆیش لەوە بترسیت، چونکە ئەو جۆرە کەسانە هەرگیز ناتوانن ڕێگەی دوور ببڕن. بە هۆی ئەم ئارەزووەیانەوە بێگومان دەبێت هەندێکجار سزا بدرێن و بکەونە بەر قامچیلێدان، بۆ ئەوەی جێگای خۆیان بزانن، وەلێ لەمە زیاتر پێویست بە سزای دی ناکات و تەنانەت کەسیشی ناوێت ئەم کارەی پێبسپێررێت، چونکە هەر خۆیان خۆیان دەدەنە بەر قامچی، لەبەر ئەوەی کەسانێکی ڕاست و دروستن. هەندێک لەمانە خۆیان سزای خۆیان دەدەن، هەیشیانە بە خەڵکانی تری دەسپێرن.. بۆ نموونە، لەبەرچاوی خەڵکی تۆبەی جۆربەجۆر دەکەن و ئەمەیش لە خۆیدا کارێکی جوانە و وانەیەکی نموونەییە بۆ کەسانی دی.. بە کورتی: بۆ ئەوەی نیگەران نەبیت.. یاسایەک لەئارادا هەیە.

- ڕاستە، هیچ نەبێت لەم لایەنەوە تۆ کەمێک ئاسوودەت کردم، وەلێ، ئاخر تەماشای کڵۆلییەکی تر بکە: تکایە پێم بڵێ، ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە مافی کوشتنی خەڵکی تریان هەیە، واتا کەسە نائاساییەکان. زۆرن؟ هەڵبەتە من ئامادەی گوێڕایەڵیم، وەلێ تۆ دەبێت بڕوات بەوە هەبێت، کە ئەگەر ژمارەی ئەو جۆە کەسانە زۆر بێت، مەترسی هەیە. وانییە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەمان ئاوازەوە وتی:

- ئاخ، لەوەیش مەترسە، بەگشتی ئەو کەسانەی بیری تازەیان هەیە، تەنانەت ئەوانەیش کە دەتوانن کەمەکێک شتی نوێ دەربڕن، زۆر کەم دێنە دنیاوە، واتا ئەوەندە کەمن، کە سەرت سووڕدەمێنێت. بەڵام

تەنیا شتێک هەیە، کە ڕوون و ئاشکرایە: ڕێژەی ئەوانەی لەدایک دەبن، ئیتر لە هەر دەستەیەک بن لەو دووانە، یاسای سروشت زۆر بە ڕاستی و وردی ئەو ڕێژەیە دیاری دەکات. بێگومان تا ئێستا ئەو یاسایە نەدۆزراوەتەوە، وەلێ من بڕوام بە بوونی هەیە و ئەمەیش لە ئایندەدا دەردەکەوێت. زۆربەی زۆری خەڵکی، واتا "مادە"کە، تەنیا لەبەر ئەوە بوونیان هەیە تا لە ئەنجامدا بە هۆی هەوڵ و بنەمایەکەوە کە هێشتا نهێنییە، لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ڕەگەز و نەژادەکانەوە مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆ دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر لە هەزار کەس یەکێکی تیا هەڵبکەوێت. وەلێ ئەوانەی کە کەسایەتین و لەبیرکردنەوەدا ئازاد و ئاسۆیەکی فراوانیان هەیە، ڕەنگە لە دەهەزار کەس (ئەمە تا ڕادەیەک بە بەڵگەوە دەڵێم) یەک کەس هەبێت. خۆ ئەگەر کەسانی تر بگریت کە پلەی سەربەخۆییان باڵاترە، لە سەدهەزار کەس یەکێکی بەردەکەوێت. کەسانی بلیمەت لە ملیۆنەها و بلیمەتە هەرە مەزنەکانیش کە لە لووتکەی مرۆڤایەتیدان، ڕەنگە لە نێو چەندان هەزار ملیۆنی ئەم سەرزەمینەدا یەکێکی تیا بێت. بە کورتی، من بە ناو ئەو دەزگایەدا نەگەڕاوم، کە ئەمانە بەرهەم دێنێت، وەلێ گومانم لەوە نییە کە یاسایەکی دیاریکراو هەیە و دەبێت ببێت. لەم لایەنەوە ڕێکەوت لەئارادا نییە.

ڕازومیخین سەرئەنجام هاواری لێهەستا:

- بەڕاست، ئێوە گاڵتە دەکەن؟ یەکتری دەخەڵەتێنن؟ دانیشتوون و هەریەکەتان بەوی دی ڕادەبوێرێت! ڕودیا، تۆ بە جیدی قسە دەکەیت؟ ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ، دەموچاوە ڕەنگپەڕیوو و غەمبارەکەی بۆ لای بەرز کردەوە و هیچی نەوت، بەرانبەر بەم ڕووە هێدی و غەمبارە، بە

تەوسەوە پێکەنین و قسەی تووڕە و بێئەدەبانەی پۆرفیری بە لای ڕازومیخینەوە زۆر سەیر هاتە بەرچاو.
- باشە هاوڕێ، ئەگەر ئەمە بە ڕاستی جیدیە، کەواتە.. تۆ بۆت هەیە بڵێیت ئەم قسانە هیچی تازەیان تیا نییە و دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە، کە ئێمە هەزار جار خوێندومانەتەوە و گوێمان لێبووە، بەڵام ئەوەی کە لە هەموو ئەمانەدا تازەیە و بە ڕاستی تایبەتمەندیی بە تۆوە هەیە، زۆر بە سەرسامییەوە دەبێت بڵێم، ئەوەیە کە تۆ لە ڕووی ویژدانەوە پاساو بۆ مەسەلەی خوێنڕێژی دەکەیت و.. بمبوورە.. ئەوەیش، بەم دەمارگیرییەوە.. و گوایا گرنگترین بابەتی وتارەکەی تۆیش ئەمەیە، باشە، بە ڕای من.. ئەگەر خوێنڕشتن تەنیا لە ڕێگەی ویژدانەوە چاوپۆشیی لێبکرێت.. لای من لەوە خراپترە کە یاسا ڕێگە بەو خوێنڕشتنە بدات.
پۆرفیری پاڵپشتی لێکرد و وتی:
- ئەمە قسەیەکی زۆر بەویژدانانەیە، ئەویان زۆر مەترسیدارترە.
- نا، تۆ، زۆر دوور کەوتوویتەتەوە و زیاد ڕۆیشتوویت، هەڵەیەک هەیە، من وتارەکە دەخوێنمەوە.. تۆ زیادەڕۆیی دەکەیت، تۆ ناتوانیت وا بیر بکەیتەوە.. خۆم وتارەکە دەخوێنمەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- لە وتارەکەدا هەموو ئەم شتانە نییە، لەوێدا تەنیا چەند ئاماژەیەک کراوە.
پۆرفیری کە لە جێگاکەیدا ئۆقرەی نەدەگرت، وتی:
- وایە، وایە، تا ڕادەیەک ئێستا ئەوەم لێ ڕوونە کە تۆ چۆن لە تاوان دەڕوانیت، وەلێ لەم جەختکردنەم ببوورە، زۆر نارەحەتت دەکەم و خەجاڵەتم... بڕوانە، تۆ کەمێک لەمەوبەر دەربارەی هەڵەی تێکەڵبوونی

ئەو دوو گروپە کەمێک دڵنیات کردم.. بەڵام پێشهاتە سەیر و سەمەرەکانیش نیگەرانم دەکەن. بۆ نموونە، چی ڕوو دەدات ئەگەر پیاوێک یان لاوێک خۆی بە لیکورک یان محەمەدی ئایینده بزانێت و بیەوێت هەموو بەربەستەکان لابەرێت.. بەو بیانووەی کە شەڕ و لەشکرکێشییەکی دووروودرێژ لە پێشدایە و ئەمەیش پارەی زۆری گەرەکە.. ئەوسا بۆ شەڕەکەی خۆی خەریکی ئامادەکردنی پێویستییەکانی بێت؟

زامیوتوف لە ناکاوێکدا لە سووچەکەیەوە پێکەنینێکی تەوساوی کرد، ڕاسکۆلنیکۆڤ تەنانەت سەری بۆ بەرز نەکردەوە و لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

- منیش ئەوەم قبووڵە کە دەشێت پێشهاتی لەو جۆرە ڕوو بدات، کەسانی کەمبیر و ناوبانگویست بەتایبەتی لە داوی وا دەکەون.. بەتایبەتیش لاوەکان.

- باشە، بڕوانە، کەواتە ئەوسا چی ڕوو دەدات؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەیەکی هاتێ و وتی:

- بەڵێ، ئیتر وا وایە! ئەمەیان خەتای منی تیا نییە، وا هاتووە و هەر وایش دەبێت، ئەوییش (ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری بۆ لای ڕازومیخین تەکان دا) ئێستا دەیوت کە من ڕێگە بە خوێنڕشتن دەدەم، باشە، ئیتر چی؟ کۆمەڵگا تا بتەوێت ئاوەدانە بە تاراوگە، بە زیندان و لێکۆڵەرەوە و کاری قورسەوە، کەواتە ترسی بۆ چییە؟ دوای دزەکە بکەون..

- ئەی ئەگەر گرتمان؟

- بە سزای خۆی دەگات.

- تۆ زۆر لۆژیکیت، ئەی لەبارەی ویژدانی ئەوەوە دەڵێی چی؟

- باشە ئێوە چ پەیوەندیتان بە ویژدانی ئەوەوە هەیە؟

- هیچ، بەڵام هەر لە باری مرۆڤدۆستییەوە.
- کەسی خاوەن ویژدان کە هەستی بە هەڵەکەی خۆی کرد، ئازار دەچێژێت، ئەمە زیاد لە کارە قورسەکە سزادانە.
ڕازومیخین بڕۆی هێناوە یەک و وتی:
- باشە ئەی ئەو کەسانەی کە بە ڕاستی بلیمەتن، واتا ئەوانەی مافی کوشتنیان پێدراوە، دەبێت ئازار نەچێژن، تەنانەت بۆ ئەو خوێنەی کە ڕشتوویانە؟
- وشەی "دەبێت" بۆچییە؟ لەم کێشەیەدا نە ئەرێ هەیە و نە نەرێ. ئەگەر ئەو کەسە دڵی بە حاڵی قوربانی دەسووتێت، لێی بگەڕێ با ئازار بچێژێت.. ئەو کەسەی هەستی قووڵ و ویژدانی هەراوی هەیە، دەرد و ئازار دەچێژێت.
پاشان لەناکاوێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری پەرت بوو، بە جۆرێک کە تەنانەت ئاهەنگی قسەکانی گۆڕان، وتی:
- بە ڕای من ئەو کەسەی کە بە ڕاستی مەزنە، دەبێت لە دنیادا هەڵگری خەمی مەزن بێت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوی هەڵبڕی و لە هەموویان ڕاما، زەردەخەنەیەکی کرد و کڵاوەکەی هەڵگرت.. ئێستای لەچاو ئەو کاتەدا کە هاتە ژوورەکە، زۆر هێورتر بوو، خۆیشی هەستی بەمە کرد، هەموویان هەستان.
پۆرفیری دیسان وتی:
- باشە، دەتەوێت جوێنم پێبدەیت یان نا، لێم تووڕە بیت یان نا، بەڵام من خۆم پێناگیرێت، دەبێت ڕێگەم بدەیتێ پرسیارێکی تری بچکۆلەت لێبکەم (بە ڕاستی زۆرم ماندوو کردوویت) بیرۆکەیەکی بچووکە و دەمەوێت بیڵێم، تەنیا بۆ ئەوەی لە بیرم نەچێت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە جیدی و ڕەنگی پەڕیووەوە، ڕاوەستا و چاوەڕێی کرد، پێی وت:
- فەرموو، بیلێ.
- ئاخر.. بە ڕاستی نازانم چۆن بە چاکی دەریببڕم.. بیرۆکەیەکی شەیتانانەیە.. بیرۆکەیەکی سایکۆلۆژییە، بڕوانە، ئەو کاتەی تۆ وتارەکەتت دەنووسی، مەحاڵ بوو.. هە، هە، هە، کە خۆت هیچ نەبێت تۆزێک، هەر بە زاراوەکەی خۆت، خۆت بە کەسێکی "نائاسایی" و خاوەنی قسەی نوێ نەزانیبێت.. وا نییە؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە:
- دەشێت، زۆریش.
ڕازومیخین جووڵەیەکی کرد:
- جا ئەگەر وایە، ئایا دەکرێت خۆتان بڕیارتان دابێت، بۆ نموونە لەبەر سەرنەکەوتن لە ژیاندا یان لەبەر هەژاری.. یان بۆ جۆرە کۆمەککردنێک بە دنیای مرۆڤایەتی، بەربەستەکان بخەیتە ژێر پێتەوە؟ واتا، بۆ نموونە خەڵک بکوژیت یان دزی بکەیت؟
پۆرفیری دیسانەوە چاوی چەپی لێداگرت و پێکەنینێکی بێدەنگی کرد.
ڕاست وەک جارەکەی پێشوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بوێرانە و بە فیزەوە وەڵامی دایەوە:
- ئەگەر من ئەو بەربەستانەم ببەزاندایە، هەرگیز بە ئێوەم نەدەوت.
- نا، من تەنیا بۆ کونپشکنی، بۆ تێگەیشتن لە وتارەکەت و لە ڕووی تیورییەوە ئەو پرسیارەم کرد...
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە بیری کردەوە: "ئاها! چ داوێکی زۆڵانەیە!"
پاشان بە ساردییەکەوە وتی:

- حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من نە خۆم بە محەمەد دەزانم نە بە ناپلیۆن و نە کەسێکی تری لەو بابەتانە، وەک ئەنجامیش، لەبەر ئەوەی لە جێی ئەواندا نیم، ناتوانم بە تەواوی ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئەگەر وا بوومایە چیم دەکرد.

لەپڕێکدا پۆرفیری بە شێوازێکی زۆر خۆمانە وتی:

- واز لەوە بێنە، کێ ئێستا لە ڕووسیادا هەیە خۆی بە ناپلیۆن نەزانێت؟

ئەمجارەیان تەنانەت لە دەنگیا زۆر بە ئاشکرا ڕازێک دیار بوو.

لەپڕێکدا زامیوتوف لە سووچەکەیەوە پلارێکی هاویشت:

- ناشێ هەفتەی ڕابووردوو ناپلیۆنێکی ئایینده ئالیانا ئیڤانۆڤناکەمانی بە تەور کوشتبێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ بوو، زۆر بە وردی و سەختی لە پۆرفیری ڕامابوو، ڕازومیخین دەموچاوی دا بەیەکدا، پێشتریش لەوە دەچوو هەستی بە شتێک کردبێت، بە تووڕەییەوە لە هەموو لایەکی ڕوانی، بێدەنگییە بێزارکەرەکە دەقیقەیەکی خایاند، ڕاسکۆلنیکۆڤ سووڕا کە بڕوات.

پۆرفیری بەدەم دەستدرێژکردنەوە، بە دەنگێکی میهرەبان و زۆر خۆشەوە وتی:

- ئیتر تۆ دەڕۆیت، زۆر زۆر بە ناسینتان شادمانم، لەبارەی داواکەیشتەوە تەواو دڵنیا بە، بەو شێوەیەی کە پێم وتی، وای بنووسە، لە هەمووی باشتر ئەوەیە کە خۆت هەر لێرە سەرێکم لێبدەیت.. لەم ڕۆژانەدا، با بڵێین بەیانی، من بێگومان سەعات یانزە لێرە دەبم، هەموو شتێک لێرە ئەنجام دەدەین.. بۆ خۆیشمان قسە دەکەین.

هەروەها بە میهرەبانییەوە وتی:
- وەک ئاخر کەسیش کە لەوێ بوویت، ڕەنگە بتوانیت شتێکمان پێبڵێیت..
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕەقی پرسی:
- دەتەوێت بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە جێگایەکی ڕەسمیدا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەیت؟
- ئاخر، بۆ؟ ئەم کارە بۆ ئێستا هیچ پێویست نییە، تۆ باش تێنەگەیشتیت، من، دەزانیت، هیچ دەرفەتێک لەکیس خۆم نادەم و.. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە بارمتەیان داناوە، قسەم کردووە.. ناونیشانم لە هەندێکیان وەرگرتووە.. تۆیش وەک ئاخر کەس..
پۆرفیری لەپڕێکدا وەک لە شتێک خۆشحاڵ بێت، هاواری کرد:
- وەلێ بە ڕاستی.. باش بوو بیرم کەوتەوە.. نازانم بڵێم چی؟
رووی لە ڕازومیخین کرد و وتی:
- لەبارەی نیکۆلاوە، تۆ ئەوسا سەرودڵت گرتم،.. تەواو بۆم دەرکەوت.. دەزانم کە..
دیسانەوە ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کردەوە:
- نیکۆلا لاوێکی پاکە، وەلێ دەتوانم چی بکەم، تەنانەت ناچار بووین میتیایش زەحمەت بدەین.. قسە لەسەر ئەمەیە، واتا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە: ئەو کاتەی بە پلیکانەکاندا سەرکەوتیت.. بەڵام ڕێم بدە، تۆ لە دوای سەعات حەوتەوە لەوێ نەبوویت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:
- بەڵێ دوای سەعات حەوت.
لەپڕێکدا بە ناخۆشییەوە هەستی کرد کە دەیتوانی هەرگیز ئەوە نەڵێت.

- باشە، ئەی ئەو کاتەی کە بەوێدا تێپەڕیت، تۆ هیچ نەبێت دوو کرێکار، یان کرێکارێکت لە نهۆمی دوودا نەبینی، لەو ژوورەدا کە دەرگاکەی کرابووەوە، لە بیرتە؟ چونکە ئەوان لەوێدا بۆیاخیان دەکرد، ئەم شتە زۆر زۆر بۆ ئەوان گرنگە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەرخۆ و وەک ئەوەی بیر لەو شتانە بکاتەوە، وەڵامی دایەوە:

- بۆیاخچی؟ نا، نەمبینی.

لە کاتێکدا کە بە هەموو توانایەوە دەیویست بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و هەموو گیانی لە ئازارا بوو تا زووتر هەست بەوە بکات کە چ داوێکی بۆ دانراوە و نەکا شتێک بکات کە تێی بکەوێت، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- نا، نەمبینین، تەنانەت ئاگاداری ئەوەیش نیم کە دەرگای ژوورێک کرابێتەوە، بەڵام لە قاتی چوارەمدا (لێرەدا بە تەواوی داوەکەی دۆزیەوە و سەریش کەوت) لە بیرمە کارمەندێک لە ماڵێکی بەرانبەر بە ئەلینا ئیڤانۆڤنا شتوومەکی دەگوێزایەوە.. لە بیرمە، ئەمەم چاک لە بیرە.. سەربازەکان قەنەفەیەکیان دەهێنایە دەرەوە و منیشیان بە دیوارەکەوە نووساند، بەڵام بۆیاخچییەکان.. نا، لە بیرم نییە ئەوان لەوێدا بووبن.. لەوەیش ناچێت دەرگای هیچ ژوورێک کرابێتەوە، بەڵێ، شتی وا نەبوو.

ڕازومیخین وەک لەپڕا هاتبێتەوە سەرخۆی و هەستی بەئاگا هاتبێت، دەنگی هەڵبڕی و بە پۆرفیری وت:

- تۆ دەڵێی چی! ئاخر، بۆیەچییەکان لە ڕۆژی کوشتنەکەدا کاریان دەکرد، بەڵام ئەم سێ ڕۆژ لەوەوپێش لەوێ بووە، ئەمە چ پرسیارێکە تۆ دەیکەیت؟

- ئاه، هەموویم تێکەڵ کرد!
لەگەڵ قسەکانیدا پۆرفیری مستێکی بە ناوچاوانی خۆیدا کێشا، پاشان وەک بیەوێت پۆزش بهێنێتەوە، ڕووی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد و وتی:
- لەعنەت لە شەیتان، ئەم کارە بە تەواوی ئەقڵی لەسەردا نەهێشتووم، ئاخر، من ئەوەم بە لاوە گرنگە کە بزانم لە نێوان سەعات حەوت و هەشتا کەسێک لەو ماڵەدا بووە یان نا، من وامزانی تۆ دەتوانیت وەڵامم بدەیتەوە، من بە تەواوی هەموویم تێکەڵوپێکەڵ کرد.
ڕازومیخین دەموچاوی پێکدا دا و وتی:
- کەواتە تۆ دەبێت وردتر بیت.
ئەم قسانەی دوایی لە تارمەکەدا کرا، پۆرفیری پتروڤیچ زۆر بە ڕوویەکی خۆشەوە ئەوانی تا بەردەرگاکە ڕەوانە کرد، هەردووکیان بە پەستی و ڕوویەکی ترشاوەوە گەیشتنە کۆڵانەکە و تا چەند هەنگاوێکیش هیچیان لەگەڵ یەکتردا نەوت. ڕاسکۆلنیکۆڤ هەناسەیەکی قووڵ و تازەی دا..

٦

ڕازومیخین کە کەوتبووە ناو دنیای بیرکردنەوەوە، تەواوی توانای خستبووە گەڕ تا بەڵگەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕەت بکاتەوە، دیسانەوە کەوتەوە دووبارەکردنەوەی قسەکانی:
- باوەڕ ناکەم، ناتوانم بڕوا بکەم.
ئەو دووانە تا دەهات لە ژوورەکانی باکالیڤ نزیک دەبوونەوە، کە ماوەیەکی زۆر بوو پولخێریا ئەلێکساندروڤنا و دونیا لەوێ چاوەڕێیان دەکردن. ڕازومیخین لە ڕێگەدا و لە گەرمەی قسەکردندا

دەوەستا، لەو لایەنەوە کە ئەمە یەکەمینجار بوو ئاوا بە ڕاشکاوی لەو بابەتە بدوێن، شپرزە و نارەحەت بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زەردەخەنەیەکی سارد و وشکەوە وەڵامی دایەوە:
- باوەڕ مەکە، تۆ وەک نەریتی خۆت سەرنجی هیچت نەدا، وەلێ من هەموو وشەیەکم هەڵدەسەنگاند.
- تۆ بەدگومانیت، بۆیە هەڵتدەسەنگاند.. هوم.. من بە ڕاستی لەگەڵ تۆدام، کە قسەکانی پۆرفیری تا ڕادەیەک سەرسووڕهێن بوون، بەتایبەتیش ئەو زامیوتوفە بەدڕەوشتە، تۆ ڕاست دەکەیت، جۆرێک بوو. بەڵام بۆ؟ بۆ وای دەکرد؟
- بە درێژایی شەو بیری گۆڕیووە.
- نا، بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەوان بڕوایان بەو شتە بێمانایە هەبووایە، هەموو توانایان بەکاردێنا بۆ ئەوەی بیشارنەوە، هەر لە نهێنیدا دەیانهێشتەوە تا لەپڕێکدا دەیانخستیتە تەپکەکەوە.. وەلێ ئێستا، ئەم بزاوتە سەرکێشەیان لە ڕووی نەزانینەوەیە.
- ئەگەر ئەمانە بەڵگەیان لەبەردەستا بووایە، واتا بەڵگەی ڕاستەقینە یان هەر هیچ نەبێت گومانێکی پتەو، ئەوسا وەک قومارباز‌ەکان هەوڵیان دەدا بە هیوای بردنەوەی یارییەکە زیاتر بیشارنەوە، بێگومانیشم لێکۆڵینەوەکەیان پێشتر دەخست، وەلێ ئەمانە چ بەڵگە و شایەتێکیان نییە، هەموو ئەو شتانەی دەیڵێن، بە خەیاڵ دروستی دەکەن. هەموو بۆچوونی بەتاڵ و بێسەرەوبەرەیە، بۆیە دەیانەوێت چاوقاییمانە مرۆڤ هەڵدێرن، دەشێت خۆیشی لەوە نیگەران و تووڕە بێت کە بەڵگەیەکی نییە، هەر لە کاتی ئەو تووڕەییەشدا بوو کە قسەیەکی لە دەم دەرچوو، ڕەنگە مەبەستیشی بووبێت.. گوایە مرۆڤێکی ئاقڵە.. ڕەنگە ویستبێتی من بەوە بترسێنێت کە شتی پێیە،

لێرەدا هاوڕێ، سایکۆلۆژیەتێکی تایبەت پێویستە.. بەڵام بەگشتی ئەم هەموو بێنەوبەردەیە زۆر ناخۆش بوو، وێڵی بکە..
- سووکایەتیپێکردنیشە، زۆریش سوکایەتیپێکردنە، من لە مەبەستی تۆ دەگەم، بەڵام.. لەبەر ئەوەی بە ڕاشکاوی قسەمان لەگەڵ یەکدا کرد، (ئەمەیش زۆر باشە کە گەیشتینە ئەوەی بە ڕاشکاوی لەگەڵ یەکتردا قسە بکەین، من ئەمەم زۆر پێ خۆشە) بۆیە بەبێ پێچوپەنا ئەوەت لا دەدرکێنم کە ماوەیەک بوو من ئەمەم لەواندا هەست پێکردبوو، مەبەستم بیرۆکەکەی ئەوانە، لە هەموو ئەم ماوەیەدا.. بێگومان بە تەواوی شتەکەیان لا بەرجەستە نەبووبوو، بەڵام بۆ دەبێت تەنانەت ئەگەر بەرجەستەیش نەبووبێت، بیرێکی ئاوا لەواندا دروست بووبێت! چۆن دەوێرن؟ ڕەگی ئەم بیرۆکانەیان لە کوێدا حەشار داوە؟ ئەگەر تۆ سەرنجت دابێت، من زۆر ڕقم هەستابوو، قوتابییەکی بێچارە کە دەردی هەژاری و ماخولیا هەڵیتەکاندووە، نەخۆشییەکی قورس و وڕێنە سەری تێکردووە.. چاکە، تۆ بڕوانە، لاوێکی هەمیشە بەگومان و لووتبەرز کە ڕێزی خۆی دەزانێت، کەسێک شەش مانگی ڕێک لە سووچێکدا گۆشەگیرە و کەسی نەدیووە، بە بەرگی کۆنە و دڕاو و پێڵاوی بێبنەوە، دەشێت لاوێکی وا لە بەردەم کەسانێکی هیچوپووچی پۆلیسدا ڕابگیرێ و جوێنی پێبدرێ، لەگەڵ ئەمانەیشدا شتێکی بۆ بدۆزنەوە، کە قەرزاری کارمەندێکی گرنگی وەک چبارۆفە و بەپێی سەنەدێکی ساختە دەبێت بیداتەوە. پاش ئەوانەیش، بۆنی ناخۆشی بۆیاخ هەڵمژێ و خۆی لەبەر گەرمای سی پلە و لە ژوورێکی پڕ لە خەڵکدا کە توانای هەناسەدانی نەمێنێت، ببینێتەوە، ئینجا گوێ لە چیرۆکی ژنێک بگرێ، کە شەوێک لەوەوبەر کوژراوە و ئەم لای بووە. هەموو ئەمانە بە سکی

برسییەوە، ئاخر، ئەم کەسە چۆن لە هۆش خۆی ناچێت! چۆن گریمانەی بێمانا لەسەر لەهۆشخۆچوونەکەی دروست دەکرێت! نەعلەت لە شەیتان! من دەزانم ئەمە پیاو تووڕە و بێزار دەکات، بەڵام، ڕودیا، ئەگەر من لەباتیی تۆ بوومایە، لەبەرچاویاندا قاقا دەمدایە پێکەنین، یان تفم لە سەروچاوی هەموویان دەکرد، تفێکی خەست. بە شێوەیەک ڕاست و چەپ بەر زللەم دەدان کە شایانی بن، هەر بەو جۆرە کۆتاییم بە باسەکە دەهێنا، بە هیچیان بزانە، مەترسە، با خەجاڵەت بن.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی: "باشی دەڵێیت!"

پاشان بە کەسەرەوە بە ڕازومیخینی وت:

- چۆن بە هیچیان بزانم؟ بەیانی جارێکی تر لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکەن، بەڕاست دەبێت بکەومە لێکدانەوە و شرۆڤە بۆیان؟ لە کاتێکدا من لە ئێستاوە لەوە پەشیمانم، کە دوێنێ لە میوانخانەکە خۆم خستە ڕیزی زامیوتوفەوە و قسەم لەگەڵدا کرد..

- لەعلەت لە شەیتان! خۆم دەچم بۆ لای پۆرفیری و وەک یەکێکی هەرە نزیک قسەی لەگەڵدا دەکەم، بڕوا بکە، دەبێت چی پێیە بیڵێت، بەڵام زامیوتوف..

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە خۆی وت: "ئاخری تێگەیشت".

لەپڕا ڕازومیخین شانی گرت و هاواری کرد:

- ڕاوەستە، ڕاوەستە، تۆ هەڵەیت، ئێستا تێگەیشتم، تۆ هەڵەیت، ئاخر، یانی چی ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە؟ تۆ دەڵێیت ئەمە تەڵەیەکە و بۆت دانراوە، ئەم باسی کرێکارانە داوە و دەیانەوێت پێتەوە بکەن! باشە، بیری لێبکەرەوە، ئاخر ئەگەر تۆ ئەو کارەت بکردایە، هەرگیز ئەوەت بە دەمدا دەهات کە بڵێی بۆیاخکردنی ژوورەکەت بینیووە..

کرێکارەکانیشت دیووە؟ بە پێچەوانەوە دەتوت هیچم نەبینیووە تەنانەت ئەگەر دیبێتیشت، کێ لە دژی خۆی شایەتی دەدات؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە:
- ئەگەر من ئەو کارەم بکردایە، حەتمەن دەموت کرێکارەکانیشم دیووە و ژوورەکانیش.
- باشە، چۆن پیاو دژی خۆی شایەتی دەدات؟
- چونکە تەنیا گوندییەکان یان تازەکار و بێئەزموونەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هەموو شتێک ڕەت دەکەنەوە و لەسەر هیچ ناوەستن. بەڵام کەسی بەئاوەز و ئەزموون، چەند بتوانێت هەوڵ دەدات دان بە هەموو ئەو شتانەدا بنێت، کە دیارن و ناتوانرێت نکوڵیان لێبکرێت. پاشان بە دوای بەڵگەی تردا بگەڕێت، ڕەنگێکی تایبەتی و چاوەڕواننەکراوی وای پێببەخشێت کە بە تەواوی ماناکانیان بگۆڕێت و ڕووناکاییەکی تریان بخاتە سەر. ڕەنگە پۆرفیری لای خۆیەوە وای دانابێت کە من حەتمەن وای وەڵام دەدەمەوە، واتا بۆ ئەوەی ڕواڵەتی مەسەلەکە بپارێزم، بڵێم بەڵێ دیومە و پاساوێکیشی بۆ دروست بکەم..
- ئاخر، ئەگەر وات بوتایە، ئەو یەکسەر پێی دەوتیت کە دوو ڕۆژ پێشتر کرێکارەکان لەوێ نەبوون، کەواتە دەبێت تۆ لە هەمان ڕۆژی کوشتنەکەدا، سەعات حەوت و هەشت لەوێ بووبێتی، ئەوسا لەسەر هیچ تووشی دەبوویت.
- ڕاستە، ئەو حسابی ئەوەی کردبوو دەرفەتی بیرکردنەوەم نەداتێ، بۆ دەرخستنی هەقیقەتەکە بەپەلە وەڵام بدەمەوە و ئەوەم لە بیر نەبێت، کە دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە کرێکارەکان لەوێ نەبوون.
- بەڵام چۆن ئەوە لە بیر دەکرێت؟

- زۆر بە ئاسانی، لەم شتە بچووکانەدا کەسانی زرنگ زووتر تێدەکەون، مرۆڤ چەند زیرەکتر بێت، هەر بەو ڕادەیە کەمتر بیر لەوە دەکاتەوە کە لەسەر شتێکی بچووک بکەوێتە داوەوە، پۆرفیری بە هیچ جۆرێک ئەوەندە گەوج نییە کە تۆ وێنای دەکەیت..

- کەواتە بۆیە ئەوەندە زۆڵە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ نەیتوانی بەر لە پێکەنینەکەی بگرێت، وەلێ هەر لە هەمان کاتدا ئەو مەیل و گەرمییەی کە لەم ڕوونکردنەوانەدا پیشانی دا. بەرانبەر بەو حاڵەتی کرژی و بێزارییەی کە پێشتر وەک بارێکی گران وابوو بەسەریەوە، بە لایەوە سەرسووڕهێنەر بوو، بە خۆی وت: "کەم کەم لە هەندێک شتی ئەم مەسەلەیەدا چێژ وەردەگرم".

وەلێ لەپڕێکدا، هەر لەو چرکەساتەدا کەوتە دڵەڕاوکێیەکی تایبەتییەوە، وەک ئەوەی بیرۆکەیەکی چاوەڕواننەکراو و سامناک بەرکی گرتبێت وابوو، تا دەهات دوودڵییەکەی دەیدایە زیادی. تازە ئەوان گەیشتبوونە بەردەرگای ژوورە بەکرێگیراوەکانی باکالیڤ. لە ناکاودا ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- تۆ خۆت بڕۆ ژوورێ و من ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ لات.

- بۆ کوێ؟ تازە ئێمە گەیشتووین!

- ناچارم، ناچارم، کارێکم هەیە.. نیو سەعاتی تر دێم.. بەوانیش بڵێ.

- ئارەزووتە، بەڵام منیش لەگەڵتا دێم!

- تۆیش حەز بە ئازاردانم دەکەیت!

هاواری ڕاسکۆلنیکۆڤ هاودەم بوو لەگەڵ تووڕەبوونێکی سەخت و تاڵدا، ڕوانینەکەیشی هێند نائومێدانە بوو، کە ڕازومیخین بە شپرزەیی و پەشۆکانەوە لە جێگای خۆیدا وشک بوو، ماوەیەک لە بەردەم ماڵەکەدا وەستا، ڕووی بەیەکدا دا و لە هاوڕێکەی ڕوانی، کە چۆن

هەنگاوی خێرا بەرەو کۆڵانەکەی خۆی دەنێت. پاشان لە کاتێکدا کە دانەجیڕەی بوو، مشتی گرمۆڵە کرد، هەر لەوێدا سوێندی خوارد کە هەر ئەمڕۆ پۆرفیری وەک لیمۆ بگوشێت، ئینجا چووە سەرێ تا پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کە لە دواکەوتنە زۆرەکەیان ترسی لێنیشتبوو، دڵنیا بکاتەوە.

کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی، ئارەقە لاجانگەکانی تەڕ کردبوو، هەناسەبڕکێی بوو، بەپەلە لە نەردەوانەکان سەرکەوت، چووە ناو ژوورەکەیەوە، کە دەرگاکەی کرابووەوە و زوو دەرگاکەی پێوەدا، پاشان بە ترسێکی شێتانە خۆی فڕێ دایە سووچێکەوە، یەعنی بۆ لای هەمان کونی دیوارەکە، کە شتەکانی تیا شاردبووەوە. دەستی بە کونەکەدا کرد و تا ماوەیەک بە وردی تیایدا گێڕای، کاغەزە دیوارییەکانی بەسەر کردەوە، کە هیچی نەدۆزیەوە، هەستا و هەناسەیەکی قووڵی دا. هەر لەو کاتەدا کە لە خانووەکەی باکالیڤ نزیک کەوتبووەوە، لەپڕێکدا خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کە یەکێک لە شتەکان، بۆ نموونە زنجیر، دوگمەی سەردەست، یان تەنانەت ئەو کاغەزەی شتەکانی پێوە پێچابوو، نووسینێکی بە خەتی پیرێژنەکە لەسەر بوو، ڕەنگە بە هەر جۆرێک بووبێت، نەیدیبێت و لە یەکێک لەو کونانەدا مابێتەوە، بۆ ئەوەی لە پڕێکدا، وەک شایەتێکی چاوەڕواننەکراو کە نەتوانیت نکۆڵیی لێبکەیت، لە بەردەمیدا قوت بێتەوە. وەک ئەوەی لە بیرکردنەوەدا بێت وەستابوو، زەردەخەنەیەکی سەیر و تەوساوی و تا ڕادەیەکیش بێمانا کەوتبووە سەر لێوی، بیری ئاڵۆز بوو، پاشان کڵاوەکەی هەڵگرت و بە بێدەنگیی بەرەو دەرگای دەرەوە چوو.

لەپڕێکدا دەنگێک بەرز بووەوە:

- ئەمە خۆیەتی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری بڵند کرد.

دەرگاوانەکە لە پاڵ ژوورەکەی خۆیدا وەستابوو، ڕاسکۆلنیکۆڤی پیشانی پیاوێکی تا ڕادەیەک کورتەباڵا دەدا، کە لەوە دەچوو وردەبۆرژوا بێت، شتێکی وەک هێلەک و کراسێک کە لە هی ماڵەوە دەچوو، لەبەریدا بوو. لە دوورەوە لە ژنێکی لادێی دەچوو، کڵاوێکی چەور و پیسی لەسەردا و سەریشی بەرەو لای سنگی داکەوتبوو، لەشی ناقۆڵا و دەموچاوە چرچ و ماندووەکەی ئەوەی نیشان دەدا کە تەمەنی لە پەنجا زیاترە، چاوی بچووک و بەقووڵاچوو، نیگایەکی مۆنی دڵڕەقانە و ناقایلی هەبوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ پرسیاری لە دەرگاوانەکە کرد کە لێی دەهاتە پێشێ، وتی:

- چییە؟

پیاوەکە لەسەرخۆ و لە ژێرەوە چاوی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕیبوو، زۆر بە وردی و تایبەتی پیایدا هەڵیدەڕوانی، پاشان لەسەرخۆ سوڕا و بەبێ ئەوەی وشەیەک بەسەر زمانیدا بێت، لە دەرگا گەورەکەوە چووە سەر شەقامەکە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەنگی هەڵبڕی:

- ئاخر مەسەلەکە چییە؟

- هیچ، ئەم زەلامە نەناسە دەیپرسی کە خوێندکارێک.. ناوی تۆیشی هێنا، لێرە دەژی یان ناو کرێگرتەی کێیە، تۆیش لەو کاتەدا هاتیتە خوارێ، منیش تۆم پیشان دا و ئیتر ئەو ڕۆشت، سەیرە!

دەرگاوانەکەیش سەری سووڕما بوو، بەڵام سەرسووڕمانەکەی زۆری نەخایاند، دوای کەمێک ڕامان وەرچەرخا و دووبارە خزایەوە

ژوورە چکۆڵەکەی. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەڵەداوان کەوتە دوای کابراکە، خێرا زانی لەوبەری شەقامەکەوە، هەنگاوی لەسەرخۆ و هاوسەنگ دەنێت، چاوی بڕیوەتە زەوی و خەیاڵی ڕۆیشتووە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو پێی گەیشت، ماوەیەک لە دوایەوە ڕۆیشت، پاشان گەیشتە پاڵی و لەلاوە تەماشای سەروچاوی کرد، پیاوەکە زوو هەستی پێکرد، خێرا چاوی بە سەرتاپایدا گێڕا، وەلێ دیسانەوە چاوی داخستەوە، هەر بەو جۆرە، دەقیقەیەک بە پاڵ یەکدا ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

لە دواییدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی تا ڕادەیەک لەسەرخۆ پرسی:

- تۆ هەواڵی منت... لە دەرگاوانەکە پرسی بوو؟

پیاوەکە وەڵامی نەدایەوە و سەیریشی نەکرد، دووبارە هەردووکیان بێدەنگ بوون.

- تۆ چیتە.. دێیت، دەپرسیت و بێدەنگ دەبیت، باشە، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەنگی کەوتبوو، دەتوت وشەکان نەیاندەویست بە ڕوونی بێنە دەرێ.

کابراکە ئەمجارەیان چاوی هەڵبڕی، بە مڕومۆچییەوە خێسەیەکی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ کرد، لەپڕێکدا بە دەنگێکی لەسەرخۆ، بەڵام ڕوون و ئاشکرا وتی:

- پیاوکوژ!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە پاڵیدا دەڕۆیشت، لەپڕێکدا قاچی بە تەواوی سست بوو، پشتی سارد و بۆ چرکەساتێکیش دەتوت دڵی وەستا، تەواو وەک ئەوەی هەرەسی هێنابێت وابوو. هەر بەو جۆرە سەد هەنگاوێک پێکەوە ڕۆیشتن، هەر بێدەنگیش بوون. پیاوەکە تەماشای نەدەکرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دەنگێکی زۆر نزم لەبەر خۆیەوە وتی:
- دەڵێی چی.. چی.. کێ پیاوکوژە؟
کابرا ڕوونتر و بە دڵنیایی و بە زەردەخەنەیەکەوە کە مانای سەرکەوتنێکی ناهەمواری دەبەخشی، وتی:
- تۆ پیاوکوژیت!
دیسانەوە ڕاستەوخۆ تەماشای دەموچاوە ڕەنگپەڕیووەکەی و چاوە مردووەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد. ئەوە ئەو کاتە بوو کە هەردووکیان گەیشتبوونە سەر پێچی شەقامەکە. کابرا بە لای چەپی شەقامەکەدا دایکێشا و بەبێ ئەوەی تەماشای دواوە بکات ڕۆیشت. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە جێگای خۆیدا وەستا و تا ماوەیەک لە کابرای دەڕوانی. سەرنجی دا دوای پەنجا هەنگاو، کابرا ئاوڕی دایەوە، تەماشای ئەمی کرد کە هێشتا بێجووڵە لە جێگاکەیدا چەقی بوو. بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی هەڵوێستی کابرا نەدەزانرا، وەلێ بە لای ڕاسکۆلنیکۆڤەوە وابوو کە ئەمجارەیشیان کابرا زەردەخەنەیەکی سارد و ناجۆر و سەرکەوتووانەی بۆ کردووە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەنگاوی سست و هێور و بە ئەژنۆی لەرزیووەوە کە دەتوت سەرما کەسیرەی کردووە، گەڕایەوە و بەرەو ژوورەکەی خۆی سەرکەوت، کڵاوەکەی داگرت و خستییە سەر مێزەکە، دە دەقیقە بێجووڵە لە پاڵیا وەستا، پاشان بەبێ ئەوەی هێزی تیا مابێت، کەوتە سەر قەنەفەکە، وەک نەخۆش سووکەناڵینێکی کرد و پاڵکەوت. چاوی داخستبوو، نیو سەعات بەو جۆرە تێپەڕی. بیری لە هیچ نەدەکردەوە. تەنیا بیرۆکەیەک، یان ختوورەیەک، یان دیمەنێک نەبێت کە بە بەرچاویدا تێدەپەڕین، ئەوەیش بە ناڕێکی و بەبێ ئەوەی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبێت، بۆ نموونە دەموچاوی ئەو کەسانەی

کە بە منداڵی دیبوونی، یان ئەوانەی تەنیا جارێک چاوی پێیان کەوتبوو و ئیتر هەرگیز بیری لێنەکردبوونەوە، زەنگی کڵێسەیەک و.. مێزی بلیاردی کابارێیەک و ئەفسەرێک کە لە پاڵیا وەستابوو، بۆنی جگەرەیەک لە جگەرەفرۆشییەکی ژێرزەمینیدا، مەیفرۆشێک، نەردەوانێکی زۆر تاریک کە ئاوی پیس و توێکڵەهێلکە دایپۆشیبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا دەنگی زەنگی کڵێسای یەکشەموانی تیا ببیستێت.. هەموو ئەم شتە جۆراوجۆرانە یەک بەدوای یەکدا وەک ڕەشەبا هێنابێتنی، دەهاتن و دەچوون. تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە چێژیان هەبوو، کە بۆ ماوەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤیان سەرگەرم دەکرد، بەڵام ئەوانە زوو ون دەبوون. بەهەرحاڵ، ئەو لە ناوەوەی خۆیدا هەستی دەکرد شتێکی قورسی لەسەرە، بەڵام زۆر ئازاری نادات، تەنانەت هەندێکجار ئەو قورساییەی لا خۆش بوو.. تەزوویەکی سووکی تێدەگەڕا و تا ڕادەیەک خۆشییەکی دەهاتێ.

ڕاسکۆلنیکۆڤ گوێی لە هەنگاوی خێرا و دەنگی ڕازومیخین بوو، چاوی لێکنا و خۆی کردە خەوتوو. ڕازومیخین دەرگای کردەوە و ماوەیەک لەبەر دەرگاکەدا بە دوودڵییەوە وەستا، ئینجا لەسەرخۆ هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوە و بە هێوری لە قەنەفەکە نزیک کەوتەوە. گوێی لە ورتەورتی ناستاسیا بوو کە دەیگوت:

- وازی لێبێنە، با چاک بخەوێت، دوایی نان دەخوات.

ڕازومیخین وەڵامی دایەوە:

- باشە، ڕاست دەکەیت.

هەردووکیان بە هێمنی چوونە دەرێ و دەرگایان داخست، نزیکەی نیوسەعاتی خایاند، ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوی کردەوە، لەسەر پشت ڕاکشا و دەستی نایە پشت سەری.

"ئەم کابرایە کێیە؟ ئەمەی دەڵێی لەژێر زەوییەوە هەڵتۆقیووە، کێیە؟ لە کوێ بووە و چی دیووە؟ بێگومان هەموو شتێکی بینیووە، باشە، لەو کاتەدا لە کوێ وەستاوە و لە کوێووە تەماشای کردووە؟ بۆ وا تازە لەژێر زەوییەوە هاتۆتە دەرێ؟ چۆنی دیووە، دەبوو بیبینێت؟ .. هوم..."

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەزوویەکی سارد هەموو گیانی هێنابووە لەرزین، لەسەر بیرکردنەوەکەی بەردەوام بوو: "ئەی ئەو قوتووەی کە نیکۆلا لە پشت دەرگاکەوە دۆزییەوە؟ ئایا دەبوو ئەوە ڕوو بدات؟ ئەمانە بەڵگەن؟ بەڵگەی تەواون؟ ئەگەر لە نێوان هەزاران شتدا شتێکی هەرە بچووکت لە یاد کرد، دەبێتە بەڵگەیەک بە گەورەیی ئەهرامەکانی میسر. مێشێک فڕی و شتێکی دی! بۆ ناشێت؟"

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەکی زۆرەوە هەستی بەبێ توانایی خۆی کرد، بێتوانایی جەستەی، زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ و کەوتەوە بیرکردنەوە: "دەبوو ئەمەم بزانیبا، چۆن وێرام، کە من خۆم باش دەناسم و لە توانا و باری خۆم ئاگادارم، تەورم هەڵگرت و خۆم شەڵاڵی خوێن کرد؟ دەبوو ئەمەم پێشتر بزانیبا.." بە نائومێدییەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

- بەڵێ، من پێشتر ئەمەم دەزانی.

هەندێکجار لە پێشی بیرۆکەیەکدا ڕا دەوەستا: "نا، ئەو جۆرە کەسانە وەک من دروست نەبوون، ئەوەی بە ڕاستی ئەو دەسەڵاتەی هەیە، کەسێکە دەتوانێت هەموو کارێک ئەنجام بدات. تۆڵۆن ژێرەوژوور بکات، قەتڵوعامی پاریس بکات، لە میسردا لەشکرەکەی فەرامۆش بکات، ملیۆنان کەسی ناو سوپاکەی لە پەلاماردانی موسکۆدا لەناو بەرێت و پاشان لە "ڤلنا" پاکانەی خۆی بکات و دوای مردنیشی

پەیکەری بۆ دروست بکەن[1]. وا دیارە هەموو شتێک بۆ ئەو کەسانە ڕەوایە، حەتمەن لەشی ئەوان لە ئاسن دروست کراوە نەک لە گۆشت و خوێن!"

بیرۆکەیەکی کتوپڕ و تا ڕادەیەک تازە ڕاسکۆلنیکۆڤی خستە پێکەنین: "ناپلیۆن، ئەهرام، واتەرلو، ئینجا پیرێژنێکی دزێو، پیرێژنێکی سووخۆر بە سندوقێکی سوورەوە لەژێر تەختەکەیدا، چۆن ئەم دوانە بەراورد بەیەکدی دەکرێن! تەنانەت پۆرفیری پتروڤیچ چۆن ئەمەی بۆ قووت دەدرێت!.. بۆ قووتدانی ئەم شتە کاری ئەمانە! جواناسی ئەو کارە دەداتە دواوە: "بۆ دەبێت ناپلیۆن بخزێتە ژێر تەختە خەوی پیرێژنێکی دزێوەوە!" ئاهـ. چ قێزەونە!"..

هەندێکجار وای هەست دەکرد کە وڕێنە دەکات. دەکەوتە لەرزوتایەکی خۆشەوە، جاری تر زۆر بە پەرۆشەوە بیری دەکردەوە: پیرێژنەکە بێجگە لە شتێکی بێمانا چی تر نییە، ڕەنگە هەر دروستکردنەکەی هەڵە بێت، مەبەست ئەو نییە، پیرێژن تەنیا نەخۆشێک بوو، من دەمویست لە سنوور زیاتر تێپەڕم.. من مرۆڤم نەکوشتووە، بەڵکو باوەڕێکم کوشتووە، باوەڕێکم لەناو بردووە، وەلێ نەمتوانی سنوورەکە ببەزێنم و هەر لەم دیوەوە مامەوە.. ئەوەی توانیم بیکەم، کوشتن بوو، بەڵام وا دیارە نەمزانیووە ئەوەیشم چۆن کرد! باوەڕ؟ بۆ لەو کاتەدا ڕازومیخینی گەوج جوێنی بە سۆشیالیستەکان دەدا؟ مرۆڤی چەوساوە و کارگەرن، "بۆ خۆشی و بەختەوەری گشتی " تێدەکۆشن.. نا، نا، ژیان جارێک بۆ من ڕەخسا و

---

[1] مەبەستی لەو کەسە "ناپلیۆن"ە کە هەموو ئەو کارانەی لە کاتی فەرمانڕەواییەکەیدا کردووە. ـو-

ئیتر هەرگیز بۆ من وجودێکی نییە، من ناتوانم چاوەڕوانی "بەختەوەریی گشتی" ببم، دەمەوێت خۆیشم بژیم، ئەگینا وا چاکترە هەر نەمێنم باشە، ئەی دوای ئەوە؟ من نەمدەویست بە پاڵ دایکە برسییەکەمدا تێپەڕم و ڕۆبڵێک لە گیرفانمدا توند بگرم و چاوەڕوانی بەختەوەریی گشتی بم و بڵێم: "منیش خشتێکم بۆ بەختەوەریی گشتی داناوە، لە دڵدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەم!.." هە، هە، باشە بۆ ڕێگەتان پێدام؟ منێک کە تاقە جارێک دەژیم، منیش دەمەوێت..

پاشان وەک شێت پێکەنینێکی کتوپڕی کرد و لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- ئاە، لە دیدی جواناسییەوە بە ڕاستی من لە ئەسپێیەک زیاتر نیم، هەر ئەوە و هیچی تر.

دوایی بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە بەم بیرۆکەیەوە چەسپی، لە کاتێکدا کە هەوڵی گەڕان و شرۆڤەکردنی مەسەلەکە سەرگەرمی کردبوو، دیسانەوە کەوتەوە دوای قسەکانی: "بەڵێ، لە ڕاستیدا من هەر ئەسپێیەکم، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی کە یەکەم: من هەر ئێستایش بیر لەوە دەکەمەوە کە من ئەسپێم، دووەم: لەبەر ئەوەی مانگێکی تەواو، یەزدانی میهرەبانم بێزار کرد و کردم بە شایەت، کە من ئەم کارە نە بۆ خودی خۆم دەکەم و نە بۆ ئارەزووەکانم. بەڵکو لەپێناوی مەبەستێکی ڕەوا و گەلێک جواندا دەیکەم.. هە، هە، سێیەم: لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەنجامدانی کارەکە من زۆر بە ویژدانەوە کردوومە، ڕەچاوی کێش و ئەندازە و حسابم کردووە، لە نێو ئەسپێکانیشدا بێکەڵکترینیانم هەڵبژاردووە، دوای کوشتنیشی بڕیارم دا لە ماڵ و سامانەکەی، تەنیا ئەوەندە هەڵبگرم، کە بۆ هەنگاوەکانی بەراییم پێویست بوون، نە زیاد و نە کەم (ئەوەی کە مایەوە، بەپێی ڕاسپاردەی خۆیشی درایە دێر، هە، هە، هە!)".

هێند تووڕه بوو، کەوتبووە دانەکێڕە و لەگەڵ خۆیشیدا هەر دەدوا: "لەبەر ئەوە چ گومان لەوەدا نییە کە من ئەسپێم و ڕەنگە خودی من لەو ئەسپێ کوژراوە خراپتریش بم، پێشتریش دەمزانی کە دوای کوشتنەکە ئەم قسانە هەر بە خۆم دەڵێم! ئایا شتێک هەیە لەگەڵ ئەم سووکی و دزێوییەدا بەراورد بکرێت! چ سووکییەک! چ ترسنۆکییەک! ئێستا زۆر باش لەوە تێدەگەم کە ئەو پێغەمبەرە شمشێربەدەستە ئەسپسوارە کە دەڵێت: "خودا دەفەرموێت گوێڕایەڵ بە، ئەی بەندەی لەرزیوو"، ئەو پێغەمبەرە ڕاست دەکات و لەسەر هەقە ئەگەر بە درێژایی ڕێگە، بە لەشکرێکی زۆرەوە، ڕێگە بگرێت و تاوانبار و بێتاوان لەناو بەرێت و بەوەیش قایل نەبێت هیچ ڕوونکردنەوە و پاساوێکیان بۆ بهێنێتەوە. ئەی بەندەی لەرزیوو. ملکەچ بە و ئارەزوو مەکە، چونکە داخوازی کاری تۆ نییە. ئای، هەرگیز لەو پیرێژنە خۆش نابم، بە هیچ جۆرێک".

قژی شەڵاڵی ئارەقە بوو، لێوە لەرزیووەکانی وشک و داخ بوون. بێجووڵە نیگایشی لەبن میچەکە بڕیبوو. دایک و خوشکمم چەند خۆش دەویست! ئێستا بۆ چاوم پیایاندا هەڵنایەت؟ بەڵێ لێیان بێزارم، بە جەستە بێزارم و ناتوانم لای خۆمەوە لە گەڵیاندا دەربەرم، لە بیرمە.. کەمێک لەمەوبەر لە دایکم نزیک بوومەوە و ماچم کرد. کاتی لە ئامێزگرتنی بیرم لەوە کردەوە ئەگەر ئەو بزانێت چی ڕوو دەدات.. ئەی چۆنە پێی بڵێم؟ لەدەستیشم دێت.. هوم! دەبێت ئەویش وەک من وابێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کاتێکدا کە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو، دەتوت دەیەوێت لەگەڵ وڕێنەکەیدا چنگاوش بێت، لەسەر قسەکانی ڕۆشت: "ئای چەندە ئێستا لەو پیرێژنە بێزارم! ئەگەر زیندوبووایەتەوە،

سەرلەنوێ دەمکوشتەوە. داماو لیزاڤێتا، بۆ لەو چرکەساتەدا گەیشت!.. وەلێ سەیرە، من تا ڕادەیەک بیر لەو هەر ناکەمەوە. وەک ئەوەی من ئەوم نەکوشتبێت!.. لێزاڤیتا، سۆنیا، داماوە بێدەنگوسەنگەکان، بە چاوی پڕ لە خۆشەویستی و بێوەییانەوە، ئەمانە بۆ ناگرین؟ بۆ ناناڵێنن؟.. ئەمانە هەموو شتێک دەبەخشن.. ڕوانینیان هێور و میهرەبانە، سۆنیا، سۆنیای بێدەنگ و دلۆڤان".

ڕاسکۆلنیکۆڤ بێهۆش کەوت.

زۆری بە لاوە سەیر بوو کە لە بیری چوبووەوە چۆن هاتۆتە سەر شەقامەکە، شەو درەنگبوو، دنیا تا دەهات تاریکتر دەبوو. مانگە پڕەکە تا دەهات زیاتر و زیاتر دەدرەوشایەوە، وەلێ هەواکە خەفە بوو. خەڵکەکە دەستەدەستە بە شەقامەکەدا دەهاتن و دەچوون، هەندێکیان بە شەکەتی دەگەڕانەوە ماڵەوە و هەیشبوو بۆ خۆیان دەگەڕان، بۆنی قسڵ و تۆز و خۆڵ و بۆگەناو دەهات. ڕاسکۆلنیکۆڤ غەمگین و نیگەران هەنگاوی دەنا، چاکی لە بیرە کە لە ماڵەوە بە ئامانجێکی تایبەتییەوە هاتبووە دەرێ، دەبوو کارێک ئەنجام بدات و پەلەی لێبکات. بەڵام کارەکە چی بوو. ئەوەی لە بیر نەمابوو. لەپڕێکدا وەستا، لەوبەری شەقامەکەوە کەسێکی بینی لەسەر شۆستەکە وەستاوە و دەست بۆ ئەم ڕادەوەشێنێت. لە شەقامەکە پەڕییەوە و چوو بۆ لای. بەڵام زەلامەکە زوو پشتی تێکرد، وەک هەر نەیدیبێت، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە و بەسەر خۆیدا بهێنێت، سەری داخست و ڕۆیشت "ئەمە چییە؟ خۆی بانگی نەکردبووم؟" لەگەڵ ئەوەیشدا پێی هەڵگرت تا پێی بگات، دە هەنگاوی مابوو بگاتە لای، لەپڕا ناسی و ترسا. ئەو کەسە هەمان وردەبۆرژوای کەمێک لەمەوبەر بوو، هەمان بەرگی لەبەردا و دەموچاویشی مۆن بوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ دووربەدوور دوای کەوت،

دڵی لێی دەدا، هەردووکیان پێچرانە کۆڵانێکەوە، کابرا هەر ئاوڕی نەدەدایەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی: "ئایا دەزانێت من بە دوایەوەم؟" کابرا گەیشتە ڕاڕەوی ساختمانێکی گەورەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ خێرا گەیشتە دەرگاکە و کەوتە تەماشا، بۆ ئەوەی کابرا ئاوڕ بداتەوە و بانگی ئەم بکات. بە ڕاستییش دوای ئەوەی گەیشتە حەوشەکە، کابرا لەپڕێکدا گەڕایەوە، دیسانەوە بە دەستی ئاماژەی کردەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو خۆی گەیاندە ڕاڕەوەکە، وەلێ کابرا ئیتر دیار نەما، بێگومان گەیشتبووە پلەکانی یەکەم، ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر بە دوایەوە بوو، لە ڕاستیدا لە نەردەوانی دووەمدا گوێت لە دەنگی لەسەرخۆی پێی یەکێک دەبوو. سەیر بوو، پلیکانەکان بە لای ڕاسکۆلنیکۆڤەوە نامۆ نەبوون، ئەوەیش پەنجەرەی نهۆمی یەک، تریفەی مانگ بە شێوەیەکی غەمگین و نهێنیئامێز لە شووشەکەی دەدا. ئەمەیش نهۆمی دووەم، ئا! ئەمەیش ئەو شوێنەیە کە کرێکارەکان بۆیەیان تیا دەکرد.. چۆن ئەم زوو نەیناسیەوە؟ دەنگی پێی کابرا کە لە پێشیەوە دەڕۆیشت، نەما "بێگومان وەستاوە یان لە جێگایەکدا خۆی حەشار داوە". ئەمەیش قاتی سێیەم، ئایا هەر بڕوات؟ چ بێدەنگییەک فەرمانڕەوای ئەو ناوەیە، تەنانەت سامناکیشە! وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر ڕۆیشت، لە دەنگی پێی خۆی دەترسا و شپرزە بوو. خودایا، چەند تاریکە! بێگومان ئەو کابرایە لێرەدا، لە سووچێکدا خۆی مەڵاس داوە، ئاه! دەرگای باڵکۆنەکە بە تەواوی کراوەتەوە، ڕاما و چووە ژوورێ، داڵانەکە زۆر تاریک و چۆڵ بوو. کەس بەرچاو نەدەکەوت، وەک ئەوەی هەموو شتەکان برابێتنە دەرەوە، هێدی هێدی، لەسەر نووکی پەنجە، چووە میوانخانەکەوە، هەموو ژوورەکە پڕ بوو لە تریفە درەوشاوەکەی مانگ. لەوێدا هەموو

شتەکان ڕەنگ و ڕووی پێشوویان هەبوو، تەنانەت کورسییەکان، ئاوێنەکە، قەنەفە زەرد و وێنە لە چوارچێوە گیراوەکان، مانگە مەزنەکەیش، تەواو پڕ، ڕەنگ سوورێکی مسین، ڕێک لە پەنجەرەکەوە سەیری ناوەوەی دەکرد. ڕاسکۆلنیکۆڤ بە خۆی وت: "ئەم بێدەنگییە لە مانگەوەیە، گومان لەوەدا نییە کە سەرقاڵی کارێکە، دەرخستنی نهێنییەک، هەڵهێنانی مەتەڵۆکەیەک". ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستا و چاوەڕێی کرد، ماوەیەک هەر وا بە بێدەنگی مایەوە، چەندە مانگەکە هێورتر بووایە، ئەوەندە دڵی ئەو توندتر لێی دەدا، بە ڕادەیەک هەستی بە ئازار دەکرد، کڕی و هێورییەکە بەردەوام بوون، لەپڕێکدا گوێی لە دەنگێکی تیژ و ناخۆش بوو، لە شکانی لقەدارێکی باریک دەچوو، دیسانەوە هەموو شتێک بێدەنگ بووەوە، مێشێک هەستا و لەپڕێکدا لە کاتی فڕیندا بەر شووشەیەک کەوت، گیزەیەکی لێوەهات لە سکاڵا و دەردەدڵ دەچوو. هەر لەو کاتەدا، چاوی بە جلێکی ماڵەوە کەوت، کە لە سووچێکدا، لە نێوان باوەڵێکی بچووک و پەنجەرەکەدا هەڵواسرابوو، بە خۆی وت: "جلی ماڵەوە لێرەچی دەکات؟ پێشتر ئەمەی لێنەبوو". لەسەرخۆ لێی نزیک کەوتەوە، زانی دەبێت لە پشتییەوە یەکێک خۆی شاردبێتەوە، جلەکەی لادا و کورسییەکی بینی، لەسەر کورسییەکە، لە سووچێکدا، پیرێژنێک دانیشتبوو، بە جۆرێک خۆی پێچابووەوە و سەری دانەواندبوو، کە بە هیچ جۆرێک ڕووی نەدەبینرا، ماوەیەک بەرانبەری وەستا، بێگومان خودی "ئەو" بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە: "دەترسێت!" پاشان لەسەرخۆ تەورەکەی لە ئەڵقەکە کردەوە و یەک دووجار بەسەری پیرێژنەکەیدا کێشا، سەیر بوو پیرێژن هیچ بە خۆی نەزانی، هەر دەتوت لە دار دروست کراوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ ترسا و زیاتر لێی نزیک کەوتەوە، چەمایەوە و

تەماشای کرد. پیرێژنەکەیش زیاتر سەری دانەواند، ئەوسا ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو خۆی دانەوانده سەر زەوییەکە، لەژێرەوە لە دەموچاوی ڕوانی، لێی ڕاما و سەری سووڕما: پیرێژنەکە دانیشتبوو و پێدەکەنی، پێکەنینێکی بەکوڵ و بێدەنگ، پێکەنینێک کە نەدەبیسترا و تەواو زۆری لە خۆی کردبوو کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گوێی لە دەنگی نەبێت. لەپڕێکدا هەستی کرد کە دەرگای ژووری نووستن کەمێک کرایەوە، لەوێیش دەنگی پێکەنین و چرپەچرپ دەهات. ئەم تووڕە بوو، بە هەموو هێزییەوە کەوتە پێداکێشانی سەری پیرێژن، وەلێ لەگەڵ هەر لێدانێکدا پێکەنین و چرپەچرپ زیاتر بەرز دەبووەوە، خودی پیرێژنە کە لە پێکەنیندا گرمۆڵە بووبوو. ڕاسکۆلنیکۆڤ ویستی هەڵبێت. وەلێ تارمەکە ئاپۆرەی خەڵک بوو. ئەو دەرگایەی ڕووی لە نەردەوانەکە بوو، تەواو کرابووەوە، دالان و پلیکانە و خوارەوە هەمووی خەڵکی بوو، سەریان لە یەکدی نزیک و گشتیان تەماشایان دەکرد، هەموویان هەناسەیان لە خۆ بڕیبوو، بێدەنگ وەستابوون، ڕاسکۆلنیکۆڤ دڵی گوشرا.. توانای هەنگاونانی نەما و دەتوت بە زەوییەکەوە چەقیووە. ویستی بقیژێنێت و بەئاگا هات. زۆر بە زەحمەت هەناسەیەکی دا، بەڵام سەیر بوو، دەتوت هێشتا مۆتەکەکەی لێنەبووەتەوە، دەرگای ژوورەکەی لەسەر پشت و لەبەر دەرگاکەشدا پیاوە نەناسەکە وەستابوو، زۆر بە وردی لەمی دەڕوانی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە هێشتا فریای ئەوە نەکەوتبوو بە تەواوی چاوی بکاتەوە، خێرا چاوی داخستەوە، بێجووڵە لەسەر پشت کەوتبوو، بە خۆی وت: "ئەمە خەونە کە هێشتا بەردەوامە یان نا؟" پاشان پێڵووەکانی کردنەوە و تەماشای کرد: پیاوە نەناسەکە لە هەمان شوێن وەستابوو و چاوی لەو بڕیبوو. لە ناکاوێکدا کابرا لەسەرخۆ

بەردەرگای جێ هێڵا و لە دوای خۆیەوە توند دەرگاکەی داخست. لە مێزەکە نزیک کەوتەوە و چرکەساتێک وەستا، لە هەموو ئەو ماوەیەدا چاوی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ نەدەتروکاند، لەسەرخۆ، بێدەنگ نزیک لە تەختەی نووستنەکە، لەسەر کورسییەکە دانیشت، کڵاوەکەی لە پاڵ خۆیدا خستە سەر زەوی، هەردوو دەستی نایە سەر گۆچانەکەی و چەناگەی خستە سەر، دیار بوو ئامادەیە ماوەیەک چاوەڕوان بێت، ئەوەندەی بکرێت، لە ڕێی مژۆڵە نیمچەداخراوەکانییەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ بینی کە کابرا تەمەنی لاویی بڕیووە، کەمێک بەخۆوە و ڕیشێکی پڕی کەمڕەنگ و تا ڕادەیەک سپی هەبوو..

دە دەقیقە تێپەڕی، هێشتا دنیا ڕووناک بوو، وردەوردە خۆر لە ئاوابوونی دەدا، بێدەنگییەکی تەواو ژوورەکەی داگرتبوو، تەنانەت لای پلیکانەکانیشەوە دەنگ نەدەهات. تەنیا مێشێکی زل گیزەگیزی دەکرد، بەملاوبەولادا دەفڕی و بەبێ ویستی خۆی خۆی بە شووشەکەدا دەکێشا، سەرئەنجام ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی پێنەگیرا، لەپڕێکدا هەستا و لەسەر قەنەفەکە دانیشت.

– فەرموو، بزانم چیت دەوێت؟

کابرای نەناسراو بە هێوری و پێکەنینەوە، بە دەنگێکی تایبەتەوە وتی:

– من دەمزانی تۆ نەنووستوویت و خۆت کردووە بە خەوتوو، ڕێگەم بدە خۆمت پێبناسێنم: من ئارکادی ئیڤانۆڤیچ[1] سڤیدریگایلوفم..

---

[1] *Arkadi Ivanovich*

بەشی چوارەم

١

دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ لەگەڵ خۆیدا کەوتەوە قسە: "نەکا ئەمەیش هەر بەشێک بێت لە خەونەکە؟" بەپارێز و دوودڵییەوە چاوی لە میوانە چاوەڕواننەکراوەکە بڕی، پاشان بە دەنگێکی بەرزی هاژەوە وتی:

- سڤیدریگایلوف؟ چۆن! هەرگیز نابێت!

وەک بڵێی میوانەکە هیچ سەیری بەم قسانە نەهاتبێت.

- بە دوو ئەنگیزە هاتوومەتە لات، یەکەم، حەزم کرد ڕووبەروو لەگەڵت ئاشنا بم، چونکە ماوەیەکی زۆرە گەلێک شت لەبارەی تۆوە دەبیستم، کە زۆر سەرنجڕاکێشن و لە قازانجی تۆن. دووەم، هیوادارم یارمەتیی مەسەلەیەکم بدەیت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خوشکت، ئاڤدوتیا ڕومانوڤناوە هەیە. لە ئەنجامی بەدحاڵیبوونێکدا، دەشێت ئەگەر ڕاسپاردەیەک نەبێت، تەنانەت نەهێڵێت بچمە ماڵەکەیانەوە، وەلێ بە هاوکاریی تۆ، هیوای پێچەوانە دەخوازم..

ڕاسکۆلنیکۆڤ قسەکەی پێبڕی:

- هیوایەکی بێهودەیە.

- تکایە بمبوورە ئەم پرسیارەت لێدەکەم، ئەوان دوێنێ گەیشتنە ئێرە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدایەوە.

- دەزانم دوێنێ گەیشتوون، منیش خۆم سێ ڕۆژ لەمەوبەر گەیشتووم، باشە، ڕودیون ڕومانوڤیچ، دەمەوێت لەم بارەیەوە پێت بڵێم کە پاکانەکردن بۆ خۆم بە کارێکی بێهودە دەزانم، وەلێ مۆڵەتم بدەیە با منیش بپرسم: بەڕاست لە سەرانسەری ئەم چیرۆکەدا من چ گوناهێکی گەورەم پێدەبڕێت؟ ئەگەر ئێمە بە ڕاستی بمانەوێت دوور لە هەر مەبەستێک، داوەرییەکی بیرمەندانە بکەین.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەدەم بێدەنگییەکەیەوە هەر تەماشای دەکرد.

- تاوانی من ئەوەیە کە لە ماڵی خۆمدا، کەوتبوومە دوای کچێکی بێپشتوپەنا و "بە پێشنیازی هیچوپووچی خۆم سووکایەتیم پێکرد" وایە؟ (بڕوانە خۆم دەستپێشخەری دەکەم) ئاخر ئەوەندە بەسە کە جەنابت بزانیت منیش مرۆڤم -بە لاتینی وتی- هیچ شتێکی مرۆڤایەتیم پێ نامۆ نییە[1]. بە کورتی، دەشێت منیش عاشق بم و خۆشەویستی بکەم، (بێگومان ئەمە بەبێ ویستی خۆمان ڕوو دەدەن) ئەگەر تۆ بڕوات بەمە هەبێت، ئەوسا مەسەلەکە زۆر ئاسایی و سادە و ڕوون دەبێت. هەموو پرسیارەکە لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە ئایا من درندەیەکی کێویم یان خۆم قوربانیم؟ باشە ئەگەر قوربانی بم، ئەوسا چۆن؟ ئاخر ئەو کاتەی کە پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد لەگەڵمدا بۆ ئەمریکا یان بۆ سویسرا هەڵبێت، ڕەنگە هەستێکی پڕ لە ڕێزم لە دڵدا بووبێت و خوازیاری ئەوە بووبێتم کە بەختەوەریی هەردوو لامان دەستەبەر بکەم. ئاخر ئەقڵ لە خزمەتی هەستەکاندایە؟ بۆیە دەشێت من زیاتر ستەمم لە خۆم کردبێت نەک لەو..

---

[1] Nihil humanum ڕستەیەکی بەناوبانگی تیرانسە: "من مرۆڤم، هیچ شتێکی مرۆڤایەتیم پێ نامۆ نییە". -ی-

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە قسەی پێبڕی:
- ئەسڵەن قسە لەسەر ئەوە نییە، بە کورتی و پوختی پێت بڵێم تۆ کابرایەکی ناخۆشەویستیت، ئیتر لەسەر هەق بیت یان نا، کەسمان حەزمان بە ناسینی تۆ نییە، تۆمان ناوێت، فەرموو بڕۆ دەرەوە.
لەپڕا سڤیدریگایلوف دایە قاقای پێکەنین، بەدەم پێکەنینە قووڵەکەیەوە وتی:
- بەڵام تۆ.. تۆ تێناکەویت و دانامێنیت.. ویستم زرنگیی بەخەرج بدەم، وەلێ نەکرا، تۆ پەنجەت نایە سەر مەبەستە سەرەکییەکە.
- تۆ هێشتا بەردەوامی لەسەر فریوودان و زرنگییەکەت.
سڤیدریگایلوف کە هێشتا لە قاقای پێکەنینەکەی نەکەوتبوو، وتی:
- چ قەیدی هەیە؟ چ قەیدی هەیە؟ ئاخر وەک دەڵێن شەڕ شەڕە و هەر فێڵ و زرنگییەکی بۆ بەکار بێنیت ڕەوایە؟.. لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ قسەت پێبڕیم، هەر چۆنێکە، من دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەگەر ئەو پێشهاتە لە باخەکەدا ڕووی نەدایە، هیچ ناخۆشییەک پێش نەدەهات، مارفا بتروڤنا..
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕەقی قسەکەی پێبڕی:
- دەڵێن هەر تۆیش گیانی مارفا پتروڤنات کێشاوە؟
- کەواتە تۆ ئەمانەیشت بیستووە؟ ئەگەرچی هەردەبوو بیبیستیت.. باشە، لەبارەی ئەم پرسیارەتانەوە بە ڕاستی نازانم بڵێم چی، هەرچەندە لەم ڕووەوە ویژدانم تەواو ئاسوودەیە، واتا تۆ وا مەزانە کە من شتێک هەبێت لێی بترسم. هەموو ئەم بەسەرهاتە زۆر بە وردی ئەنجام درا، لێکۆڵینەوەی پزیشک ئەوەی دەرخست کە دڵوەستانەکە لە ئەنجامی ئەو خۆشۆردنە خێرایەوە بووە، کە دوای خواردنێکی قورس و نۆشینی نزیکەی قاپێک شەرابەوە بووە، هەڵبەتە

لێکۆڵینەوەکە هیچ شتێکی تری نەوتبوو، نا، دەزانیت من ماوەیەک و بە تایبەتی لە ڕێگەدا، ئەو کاتەی سواری شەمەندەفەر بووبووم، بیرم لە چی دەکردەوە: تۆ بڵێی من هۆیەک نەبووبێتم.. بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتە، بۆ نموونە جۆرێک لە تووڕەیی دەروونی یان شتێکی لەو بابەتە؟ بەڵام بە تەواوی بڕواوە گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە تەنانەت ئەوەیش مەحاڵە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ پێکەنی:

- بەرگەی ئەم هەموو ناخۆشییە دەگریت.

- تۆ بە چی پێدەکەنیت؟ باش بیر بکەرەوە: من تەنیا دووجار بە قامچییەکی بچووک سووک لێم داوە، تەنانەت شوێنی لێدانەکەیشی دیار نەماوە.. تکات لێدەکەم من بە لاسار و بەدگومان نەزانیت، چونکە من دەزانم کاری ناشیرینم کردووە و هتد.. وەلێ ئەوەیش زۆر باش دەزانم کە مارفا پتروڤنا لەو "سەرگەرمی"یەی من تا ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو. چیرۆکی خوشکەکەت لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بە هەموو کەسێک وترابوو، مارفا پتروڤنا دوای سێ ڕۆژ ناچار بوو لە ماڵ نەڕواتە دەرێ، بۆ چوونە ناوشار ئیدی هیچی لە گیرفاندا نەبوو، بێجگە لەوە سەری هەمووانی بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە بردبوو (بێگومان لەبارەی خوێندنەوەی ئەو نامەیەوە شتێکت بیستووە). ئیتر دوای ئەوە و لەپڕێکدا ئەو دوو زەبرە قامچییە لە ئاسمانەوە بۆی هاتە خوارێ. یەکەم کاری مارفا پتروڤنا ئەوە بوو کە فەرمانی دا گالیسکەکەی بۆ ببەستن.. من کارم بەوەوە نییە کە هەندێکجار وا ڕوو دەدات ژنان بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕق و تووڕەییەی کە بە ڕووکەش هەیانە، زۆر حەز بەوە دەکەن سووکایەتییان پێبکرێت. ئەم جۆرە پێشهاتە لە هەموو کەسێک ڕوو دەدات، مرۆڤ زۆر زۆر

حەزی بەوەیە سووکایەتیی پێبکرێت. ئایا تۆ سەرنجی ئەمەت داوە؟ وەلێ ئەم مەسەلەیە بە تایبەتی بۆ ژنان ڕاستە، تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەمە تاقە شتێکە کە دڵیان خۆش دەکات.

ڕاسکۆلنیکۆڤ چرکەساتێک بیری لەوە کردەوە، کە هەستێ و بڕوا و دانیشتنەکە لەوێدا کۆتایی پێبێنێت. بەڵام جۆرێک لە کونپشکنی و حساباتێک لەو کارەی کرد، بە هەستێکی پەرتەوە پرسی:

- تۆ حەز لە لێدان دەکەیت؟

سڤیدریگایلوف بە هێوری وەڵامی دایەوە:

- نا، زۆر نا، لەگەڵ مارفا پتروڤنایشدا دەتوانم بڵێم هەرگیز شەڕمان نەبووە، هەمیشە لە ژیانماندا ڕێک بووین و ئەو لێم ڕازی بووە، بە درێژایی ژیانی حەوت ساڵیمان من تەنیا دوو جار قامچیم بەکار هێناوە (هەڵبەتە ئەگەر جاری سێیەم حساب نەکەین کە تا ڕادەیەک گومانهەڵگرە) یەکەمجار دوای دوو مانگی زەماوەندمان بوو، واتا هەر یەکسەر دوای ئەوەی چووینە لادێ. جاری دووەم، ئەم ڕووداوەی دوایی بوو. تۆ هەرگیز بیرت بۆ ئەوە چووە کە من کابرایەکی ستەمکار و کۆنەپەرست و بێبەزەیی بم؟ هە، هە.. وەلێ بە ڕاستی ڕودیون ڕومانوڤیچ، ئایا لە بیرت نەماوە چەند ساڵێک لەمەوبەر، تەپڵی بەدناویان بۆ تەمێکردنی خەڵکانی دی، بۆ گەنجێک لێدا و ئابڕوویان برد، هەم لە بەردەمی خەڵک و هەم لە چاپەمەنییەکاندا. ناوی خێزانەکەیم لە بیر چۆتەوە، ئەوەی لە شەمەندەفەردا لە ژنێکی ئەڵمانیی دابوو، لە بیرتە؟ هەر ئەو ساڵەیش بوو کە گۆڤاری "سەردەم" باسی ئابڕووچوونەکەی کرد (بێگومان وتاربێژییەکەت لە بیرە لەسەر "شەوانی میسر" لە یادت ماوە؟ ئاه، ئەو چاوە ڕەشانە! ڕۆژە زێڕینەکانی گەنجیمان لە کوێیت؟ لە کوێیت؟) چاکە، با من ڕای

خۆمت پێبڵێم: هەرگیز دڵم بەو کابرایە ناسوتێت، کە ژنە ئەڵمانییەکەی دابووە بەر قامچی، چونکە بە ڕاستی شیاوی دەستخۆشیلێکردن نییە، لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێت بڵێم، هەندێکجار تووشمان دەبێت بە تووشی ئەو جۆرە ژنە "ئەڵمانییە" ئاژاوەگێڕانەوە، کە بڕوا ناکەم هیچ ڕوناکبیرێک هەبێت بتوانێت خۆی بگرێت و بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و حەوسەڵەی لەدەست نەدات. کەس لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەکەی تاووتوێ نەکردووە، لە کاتێکدا کە ئەم شێوازە نیشانەی دۆستایەتی و چارەسەرییەکی بەویژدانانەی کێشەکەیە.

سڤیدریگایلوف دوای ئەم قسانە دیسانەوە کەوتەوە پێکەنین. ڕاسکۆلنیکۆڤ زانی بەرانبەرەکەی کەسێکە ئامانجێکی تایبەتی هەیە و بە تەواوی لەسەر خۆیەتی. پرسی:

- دیارە تۆ چەند ڕۆژێکە لەگەڵ کەسدا قسەت نەکردووە؟

- تا ڕادەیەک، ڕاستە، مەبەستت چییە؟ ڕەنگە بە لاتەوە سەیر بێت مرۆڤێکی سروشت نەرمم و دەتوانم بگونجێم؟

- نا، من بەوە سەرسامم تۆ لەڕادەبەدەر نەرمیت و قابیلی گۆڕانیت..

- بەو بەڵگەیەی بە پرسیارە ڕەقەکانت نەڕەنجام؟ وایە؟.. بۆ بڕەنجێم؟

ئەوسا بە سادەییەکی سەرسووڕمێنەوە وتی:

- تۆ چۆن پرسیارت کرد، منیش هەروا وەڵامم دایتەوە.

پاشان بیرمەندانە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- من پەیوەندیم بە هیچ شتێکی تایبەتییەوە نییە، بە خودا سوێند دەخۆم، بەتایبەتی کە ئێستا هیچ شتێک نییە من سەرقاڵی خۆی بکات. وەلێ تۆ هەقتە وێنای ئەوە بکەیت کە من دەمەوێت هەرچۆنێک بووە، خۆشەویستیی تۆ بەدەست بێنم، بەتایبەتی کە من شتێکم لەگەڵ خوشکتا هەیە. ئەوەیش خۆم ڕامگەیاندووە و پێم وتوویت، وەلێ بە

ڕاشکاوی پێت دەڵێم کە زۆر دڵتەنگ و خەفەتبارم، بەتایبەتی لەم سێ ڕۆژەدا، هەر لەبەر ئەوەیە کە بە بینینت خۆشحاڵ بووم.. ڕودیون ڕومانوڤیچ پێت ناخۆش نەبێت کەوا بە ئاشکرا لەگەڵتا دوام. وەلێ خۆت نازانم بۆ، لەبەر دیدەی مندا گەلێک سەیر دێیتە بەرچاو، هەرچی دەڵێی بیڵێ، بەڵام لە تۆدا شتێک هەیە.. بە تایبەتی لە ئێستادا، واتا نەک لەم چرکەساتەدا، بەڵکو ئێستا بە شێوەی گشتی.. زۆر باشە، من ئیدی بێدەنگ دەبم، ڕووت گرژ مەکە: ئاخر منیش ئەو ساویلکەیە نیم، کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕووی تێکرد و وتی:

- ڕەنگە تۆ هەرگیز ساویلکە نەبیت، تەنانەت وا دەزانم لە ژینگەیەکی باشەوە هاتبیت، یان لایەنی کەم لە کاتی پێویستدا دەشێت جێگای بڕواپێکردن و دڵنیایی بیت.

سڤیدریگایلوف بە زمانێکی زبر و تەنانەت بە لووتبەرزییەوە وەڵامی دایەوە.

- من گوێ بە قسەی کەس نادەم، بۆیە بیر لەوە دەکەمەوە بۆ دەبێت هەندێکجار مرۆڤ بەدکار نەبێت، بە تایبەتی کە ئەوە بەرگێکە لەم بارودۆخەی ئێمەدا گەلێک سانا و شایستەیە.

هەر بەدەم پێکەنینەکەیەوە وتی:

- بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ هەر بە سروشت حەزی لێبێت.

- بیستوومە لێرە ناسیاوی زۆرت هەن. وەک دەڵێن تۆ "هاوڕێی دەسترۆیشتوو"ت هەیە، لەم لایەنەوە من بۆ تۆ چ کەڵکێکم هەیە، مەگەر مەبەستێکت هەبێت؟

سڤیدریگایلوف بەبێ ئەوەی وەڵامی ئەسڵی پرسیارەکە بداتەوە، وتی:

- ڕاست دەکەیت ناسیاوم زۆرە، من ئەوانم دیووە، ئاخر ئەمە سێیەم ڕۆژە کە من لەم شارەدا دێم و دەچم، هەم خۆم دەیانناسم، هەم ئەوانیش بەسەرم دەکەنەوە. دەی، هەڵبەتە من بەرگی چاک لەبەر دەکەم و هەژار نیم. دەزانیت یاسای چاککردنی کشتوکاڵ ئێمەی نەگرتەوە: دارستان و لەوەڕگاکانم دەستکەوتی چاکیان هەیە، وەلێ من بۆ ئەوێ ناچم، پێشتریش هەر حەزم پێنەدەکرد. سێیەم ڕۆژمە کە هاتوومەتە ئێرە و نەچوومەتە لای کەس.. ئینجا ئێرە شارە؟ تۆ سەرنجی ئەوەیش بدە کە ئەمە چۆن شارێکە؟ بۆم باس بکە، شاری مووچەخۆران، شاری جۆرەها قوتابیی ئاینی، بە ڕاستی من پێشتر گەلێک شتی ترم لێرە نەدەبینی، واتا هەشت ساڵ لەمەوبەر، کاتێک کە لێرە بێهودە دەسووڕامەوە.. ئێستا تاقە هیوام زانستی توێکارییە و بەس، خوا دەزانێت کە وایە!

- چ جۆرە زانستی توێکارییەک؟

سڤیدریگایلوف دیسانەوە بەبێ ئەوەی گوێ بە پرسیارەکە بدا، لەسەری ڕۆشت:

- وەلێ ئەم یانە و چێشتخانانەی پێی دەوترێت ڕستورانی دوسو[1]، ئەو سەما و پێشکەوتنانەی ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن! باشە، با کاریان بەسەر ئێمەوە نەبێت. ئەی دەبێت مرۆڤ ساختەچیش بێت؟

- بۆ تۆیش ساختەچیەتیت کردووە؟

- بۆ نەمکردووە؟ ئێمە پێش هەشت ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێکی زۆر شایستە و بەڕێز بووین، پێکەوە کاتمان بەسەر دەبرد، دەزانیت

---

[1] Dussaud ئوتێل و چێشتخانەیەکی فەڕەنسی کە لەو سەردەمەدا زۆر بەناوبانگ بووە. ماوەیەک دۆستویفسکی لەوێدا ژیاوە -وەرگێڕ-

هەموومان. کەسانێکی زۆر بەڕەوشت، یان شاعیر یان سەرمایەدار بووین. ئاسایی لە کۆمەڵگای ڕووسیدا بەڕەوشتترین کەس نائومێدەکانن. تۆ سەرنجی ئەمەت داوە؟ ئێستاکە دەمبینیت لە گوندێکدا بۆ خۆم کەنار خستووە. زۆری نەمابوو کابرایەکی یونانی خەڵکی نیژینسک، لەسەر ئەوەی قەرزاری بووم، بمخاتە بەندیخانەوە. لەو ساتەدا بوو کە مارفا پتروڤنا دەرکەوت، دانوستانی لەگەڵ کابرادا کرد و بە سی هەزار ڕۆبڵ منی کڕیەوە (کۆی هەموو ئەو قەرزەی لەسەرم بوو، حەفتا هەزار ڕۆبڵ بوو) ئیتر لەگەڵ مارفادا بەپێی یاسا بووین بە ژن و مێرد و وەک خەزێنەیەکی دەست کەوتبێت، زوو لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ گوند. ئاخر ئەو پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، زۆری خۆش دەویستم، حەوت ساڵ لەو گوندە نەچوومە دەرەوە. تۆ بڕوانە، ئەو ژنە لە هەموو تەمەنیدا سەنەدی ئەو سی هەزار ڕۆبڵەی کە منی پێ کڕیبووەوە و لای یەکێکی تر داینابوو، لە دژی من بەکاری نەهێنا، لە کاتێکدا ئەگەر خەیاڵی سەرپێچیکردنم هەبووایە، دەیتوانی وا دەستگیرم بکات، کە وێران بم، بێگومان دەیتوانی بیکات، ئاخر، ئەم هەموو شتە جیاوازانە لە ژندا هەیە.

- ئەی ئەگەر ئەو سەنەدە نەبووایە ڕات دەکرد؟

- نازانم، ناتوانم هیچ بڵێم، بەڵام ئەو سەنەدە هیچ منی بێتاقەت نەکردبوو، حەزم لە هیچ شوێنێکی تر نەبوو، خودی مارفا پتروڤنایش کە هەستی بە بێتاقەتیم کرد، دووجار پێشنیازی بۆ کردم کە بە سەفەر بڕۆمە دەرەوەی وڵات. بەڵام سەفەر بۆ؟ پێشتر چووبوومە دەرەوە، هەمیشە لەوێ دڵم ناخۆش بوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە سووریی شەبەق، لە کەنداوی ناپۆلی و تەماشاکردنی دەریا غەم دایدەگرتم. لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو، کە بە ڕاستی هەستم بە

دڵتەنگی دەکرد. نا، نیشتمان چاکترە، هیچ نەبێت لێرە دەتوانیت کەمتەرخەمی لە هەموو شتەکاندا بخەیتە ئەستۆی کەسانی تر و خۆتی لێ دەرباز بکەیت. ڕەنگە ئێستا من حەزم لە سەفەر بێت بۆ قوتبی باکوور، چونکە شەرابەکەم خراپ بووە و تاقەتی خواردنەوەیم نییە، بەڵام بێجگە لە شەرابییش هیچی ترم بۆ نەماوەتەوە. خۆم ئەمەم تاقی کردۆتەوە. بەڕاست دەڵێن "بیرگ"[1] ڕۆژی یەکشەممە لە باخی یوسوپفەوە بە باڵۆنێکی یەجگار گەورە دەفڕێت و بە پارەیش خەڵکی تر لەگەڵ خۆیدا دەبات. بڵێی ئەمە ڕاست بێت؟

- چۆن، ئامادەیت بفڕیت؟

سڤیدریگایلوف وەک ئەوەی بە ڕاستی بیری لەوە کردبێتەوە، لەسەرخۆ وتی:

- من؟ نا.. هەر ئاوا..

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی: "تۆ بڵێی ڕاست بکات؟"

سڤیدریگایلوف بیری کردەوە و وتی:

- نا، سەنەدەکە نارەحەتی نەدەکردم، من خۆم حەزم لێنەبوو لە گوندەکە دەربچم، بێجگە لەوە، ساڵێکیش دەبێت کە مارفا پتروڤنا لە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونمدا سەنەدەکەی بۆ گێڕاومەتەوە، هەروەها بڕێک پارەی چاکیشی پێبەخشیووم، ئاخر ئەو سەرمایەیەکی هەبوو، پێی وتم: "ئارکادی ئیڤانۆڤیچ، بڕوانە من چەند متمانەم بە تۆیە". بڕوات هەبێت ئەمە دەقی وتەکەیەتی. بێگومان تۆ بڕوا ناکەیت وای وتبێت؟ بەڵام دەزانیت، من لە گوندەکەدا ببوومە مولکدارێکی بەڕێز،

---

[1] Berg ئەڵمانییەک بوو وانەی بالیەی دەوتەوە و بە باڵۆن گەشتی ئاسمانی بە خەڵکی دەکرد -و-

هەموو کەسێکی ئەو ناوە دەیانناسیم، کتێبیشم پەیدا کرد، لە سەرەتادا مارفا پتروڤنا هانی دەدام، بەڵام دوایی لەوە ترسا خوێندنەوە ماندووم بکات.

- گوایا تۆ زۆر دڵت بۆ مارفا پتروڤنا تەنگ بووە؟

- من؟ ڕەنگە، بە ڕاستی دەشێ وا بێت، بەڕاست تۆ بڕوات بە تارمایی و خەونەکان هەیە؟

- چ تارمایی و خەونێک؟

- تارمایی و خەونە ئاساییەکان، ئەی تۆ چیت مەبەستە؟

- ئەی تۆ، بڕوات پێ هەیە؟

- بەڵێ و نەخێر، بە فەڕەنسی لەسەر قسەکەی ڕۆشت:

- لەبەر خاتری تۆ نەخێر.. واتا، نەخێرەکە زیاترە..

- ئایا تارمایی دەبینیت؟

سفیدریگایلوف بە سەرسامییەوە تەماشای کرد، پاشان زەردەخەنەیەکی تەوساوی خستە سەر لێوی و وتی:

- هەندێکجار مارفا پتروڤنا سەردانم دەکات.

- یەعنی چۆن سەردانت دەکات؟

- تا ئێستا سێ جار هاتووە، یەکەمجار هەر لەو ڕۆژەدا کە تەرمەکەیمان ناشت. واتا سەعاتێک دوای گەڕانەوەمان لە گۆڕستان، ڕێک پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، جاری دووەم، سێ ڕۆژ لەمەوبەر، لە کاتی سەفەرەکەمدا، سەرلەبەیانی، لە وێستگەی "ڤیشیری بچووک". سێیەم جارییش دوو سەعات لەمەوبەر لەو ئاپارتمانەدا، کە تیا دەژیم، لە ژوورەکەدا، بە تەنیا بووم.

- بەئاگا بوویت؟

- تەواو بەئاگا بووم، هەر سێ جارەکە بەئاگا بووم، دێتە لام، دەقیقەیەک قسەم لەگەڵدا دەکات و پاشان لە دەرگاکەوە دەڕواتە دەرێ، هەمیشە لە دەرگاوە دەڕواتە دەرەوە، تەنانەت وا دەزانم کە گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانیەتی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا وتی:

- بۆ، من بە ڕاستی وام بیر دەکردەوە، کە دەبووایە تۆ شتی وات لێ ڕوو بدات!

یەکسەر لەوە سەرسام بوو کە بۆ ئەو قسەیەی کردووە، زۆر پەشۆکا.

سفیدریگایلوڤ بە سەرسامییەوە پرسی:

- بەڕاست؟ تۆ وات بیر کردەوە؟ بە ڕاستی وایە؟ چاکە، ئەی من پێم نەوتیت لە نێوان من و تۆ هاوشێوەییەک هەیە، ها؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە زبری و توندییەوە پێی وت:

- تۆ هەرگیز شتی وات نەوتوە!

- نەموتووە؟

- نا.

- وامزانی وتوومە، کە هاتمە ژوورەوە و بە چاوی نووقاوەوە تۆم بینی کە پاڵ کەوتبوویت و خۆت کردبوو بە نوستوو.. یەکسەر بە خۆم وت: "ئەمە خۆیەتی!"

ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری لێهەستا

- یەعنی چی، مەبەستت لە "خۆی" چییە؟

سفیدریگایلوڤ بە گنەگنێکی ڕاستگۆییانەوە وتی:

- مەبەستم؟ بە ڕاستی نازانم مەبەستم چییە..

بۆ چرکەساتێک بێدەنگ بوون و هەردووکیان چاویان لە یەکدی بڕیبوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەوە وتی:

- هەموو ئەمانە قسەی هیچوپووچن، باشە کە دێتە لات چیت پێ دەڵێت؟

- ئای؟ بیری لێبکەرەوە، قسە لەسەر شتی زۆر پووچ دەکات، بە جۆرێک مرۆڤ سەیری پێدێت و ڕقم هەڵدەستێنێت. یەکەمجار کە هات، دەزانیت، من شەکەت بووم، دوای ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و سرود و درود و نانخواردن، لە دواییا، لە ژوورەکەی خۆمدا بە تەنیا مامەوە، دەستم کرد بە جگەرەکێشان و بیرکردنەوە. لە دەرگاکەوە هاتە ژوورێ و وتی: "ئارکادی ئیڤانۆڤیچ، ئەمڕۆ بە هۆی ئەم دەردەسەرییەوە لە بیرت چوو سەعاتی ژووری نانخواردن قوڕمیش بکەیت". لە ڕاستیشدا، ئەو سەعاتە، بە درێژایی حەوت ساڵ، هەموو هەفتەیەک خۆم قوڕمیشم دەکرد، ئەگەر لە بیریشم بچوایە، ئەو بیری دەخستمەوە، ڕۆژی دووەم کە بەرەو ئێرە دەهاتم و لە سپێدەدا گەیشتمە وێستگەکە، شەو ئەمەندەم وەنەوز دابوو، شەکەت ببووم، خەواڵوو بووم، قاوەیەکم داوا کرد. لەپڕێکدا مارفا پتروفنام بینی لە پاڵما دانیشتووە، دەستەیەک کاغەزی قوماری پێیە، پێی وتم: "دەتەوێت بۆ سەفەرەکەت نیازێک لە دڵی خۆتا بگریت؟" ئاخر لە فاڵگرتنەوەدا پسپۆڕ بوو. بە ڕاستی هەرگیز لە خۆم خۆش نابم کە نیازم نەگرت، ترسام و هەڵاتم، بە ڕێکەوت شووتی شەمەنەفەرەکەیش لێی دا. ئەمڕۆیش کە دوای خواردنێکی زۆر بێکەڵک لە میوانخانەکە دانیشتبووم، گەدەم قورس و جگەرەم دەکێشا، لەناکاودا دیسان مارفا پتروڤنا هاتە ژوورەوە، خۆی لە تەل دابوو، بە

بەرگێکی ئاوریشمینی سەوزەوە کە داوێنێکی زۆر درێژی هەبوو، پێی وتم: "سڵاو، ئارکادی ئیڤانۆڤیچ، ئەم جلانەی لەبەرمدان، بە لای تۆوە چۆنە؟ ئانیسیا ناتوانێت وای بدورێت". ئانیسیا بەرگدروویەکی گوندییە و پێشتر کۆیلە بووە، بۆ فێربوون چووەتە مۆسکۆ و کچێکی زۆر جوانە". هەروا وەستا و لە بەردەممدا خۆی سووڕاند، منیش تەماشام کرد و پاشان لە دەموچاویم ڕوانی، وتم: "پێویست ناکات، مارفا پتروڤنا، بەم شتە هیچوپووچانەوە بێیتە لای من و خۆت بێتاقەت بکەیت". پێی وتم: "ئەی هاوار! وای لێهاتووە کە نەتوانم سەر بنێمە سەرت!" بۆ ئەوەی تووڕەی بکەم، وتم: "مارفا پتروڤنا، دەمەوێت ژن بێنم".

- "لێت دەوەشێتەوە، ئارکادی ئیڤانۆڤیچ، بەڵام هونەرێکی گەورە نانوێنیت، کە هێشتا ژنەکەت بە خاک نەسپاردووە، یەکسەر بە تەمای ژنهێنان بیت. خۆزگا یەکێکی چاکیشت هەڵبژاردبێت، بەڵام من دەزانم، ئەمە نە بە قازانجی تۆیە و نە بە قازانجی ئەو، تەنیا ئەوەندە هەیە کە دەبن بە گاڵتەجاڕی خەڵکی شەریف".

پاشان ڕۆیشت و داوێنی کراسەکەی خشەخشی خستە ئەو ناوە، بە ڕاستی کارێکی هیچوپووچ بوو، وانییە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە وەڵامدا وتی:

- ڕەنگە هەموو ئەم شتانەی کە وتت، درۆ بن؟

لەوە دەچوو سڤیدریگایلوف ئاگای لە ڕەقیی پرسیارەکە نەبووبێت، بیری کردەوە و وتی:

- من کەمتر درۆ دەکەم.

- پێشتر، یەعنی پێش ئەم شتانە، هەرگیز خەونت نەدەبینی؟

- ن.. نا، تەنیا جارێک نەبێت، شەش ساڵ لەمەوبەر، نۆکەرێکم هەبوو ناوی ڤدکابوو، تازە ناشتبوویان، کە بێئاگا هاوارم کرد:
- ڤدکا، نێرگەلەکە!

هاتە ژوورێ، ڕاست بەرەو لای ئەو دۆڵابە چوو، کە نێرگەلەکەی منی لێبوو، دانیشتبووم، بیرم دەکردەوە "بێگومان بە تەمای تۆڵە کردنەوەیە"، چونکە پێش ئەوەی بمرێت شەڕێکی سەختمان لەگەڵ یەکتریدا کردبوو، هاوارم کرد: "چۆن وێراوتە بە ئانیشکی دڕاوەوە بێیتە لام؟ بڕۆ دەرەوە گەمژە". ئەویش پشتی تێکردم، چووە دەرێ و ئیتر نەگەڕایەوە.

لەم بارەیەوە یەک وشەم بە مارفا پتروڤنا نەوت. ویستم لە کاتێکی تردا کۆنوێژێک بۆ گیانی بسازێنم، بەڵام لام ستەم بوو.

- بڕۆرە لای پزیشک.

- بەبێ تۆیش من بە خۆم زانیووە کە نەخۆشم. هەرچەندە بە ڕاستی نازانم چیمە، بە لای خۆمەوە پێنج قات لە تۆ تەندروستیم باشترە. وەلێ لێم نەپرسیت کە تۆ بڕوات بە هاتنەوەی ڕۆح هەیە یان نا؟ بەڵکو ئەوەم لێپرسیت کە تۆ بڕوات بە بوونی خەون و تارمایی هەیە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی:

- بە هیچ جۆرێک بڕوام پێی نییە.

سڤیدریگایلوف بەدەم کەمەکێک سەرلارکردنەوەوە وەک لەگەڵ خۆیدا بدوێت، وتی:

- باشە ئاسایی چیت پێدەڵێن؟ پێت دەڵێن: "تۆ نەخۆشیت، بۆیە ئەوەی کە دەیبینیت، بوونی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا خەونە" وەلێ ئەمەیش بە تەواویی لۆژیک نییە. من ئەوە دەسەلمێنم کە خەونەکان تەنیا لە نەخۆشدا دەردەکەون. بەڵام ئەمە تەنیا ئەوە دەسەلمێنێت کە بێجگە لە

نەخۆش کەسی تر خەون نایبینێت، نەک بەو مانایەی کە خەون هەر بوونی نییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەوە جەختی کرد:

- بێگومان هەر بوونی نییە.

سفیدریگایلوڤ تەماشای کرد و لەسەرخۆ وتی:

- بوونی نییە، نا؟ تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟ باشە، چۆنە ئێمە وا بیر بکەینەوە -تۆیش هاوکاریم بکە- کە خەون بریتییە لەو پارچە و کەرتانەی هی دنیایەکی ترن.. سەرەتای ئەو دنیایە. بێگومان مرۆڤی تەندروست پێویستی بە بینینی نییە، چونکە مرۆڤی تەندروست کەسێکە بەم ژیانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات کە سیستمێکی ڕێکوپێک بەرکەماڵ بێت، بەڵام هەر ئەوەندەی کەمێک نەخۆش بکەوێت و سیستمە سروشتییە خاکییەکەی تۆزێک لاسەنگ بێت، ڕاست وای بۆ دەچێت کە دنیایەکی تر هەیە و چەندە لێرە زیاتر نەخۆش بێت، پەیوەندیی لەگەڵ دنیاکەی دیدا کۆکتر دەبێت، بە شێوەیەک کاتێ مرۆڤ دەمرێت، ڕاست دەڕواتە دنیاکەی ترەوە، ئەگەر بڕوات بە ژیانێکی تر هەیە، دەبێت بڕوات بەم چەندوچوونەیش هەبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- من بڕوام بە ژیانی دوای مەرگ نییە.

سڤیدریگایلوف کە بیری پەرت ببوو، لەپڕێکدا وتی:

- بەڕاست؟ ئەی ئەگەر لەو دنیا تەنها جاڵجاڵۆکە و شتی لەو بابەتە هەبن، چۆن؟

- ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە "شێتە".

- بە ڕای من نەمریی بەردەوام چەمکێکی نادیاری هەیە، کە مەوداکەی زۆر فراوانە! ئاخر بۆ دەبێت فراوان بێت؟ ئێستا تۆ وای بیر لێبکەرەوە کە لەباتیی هەموو ئەم خەیاڵانە، نەمریی بریتی بێت لە ژوورێک، وەک گەرماوی لادێ دووکەڵاوی بێت و گۆشە و کەناری بە جاڵجاڵۆکە تەنرابێت و هەموو نەمریی بریتی بێت لەمە، دەزانیت من هەندێکجار وای دەبینم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە هاواری کرد:

- بەڕاست تۆ هیچ وێنایەکی ئاسوودەبەخشتر و دادوەرانە ترت لا نییە بێجگە لەم کارەساتانە!

سڤیدریگایلوف بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە وتی:

- دادوەرانەتر؟ کێ چووزانێت! ڕەنگە ئەمە زۆر دادپەروەریی تێدابێت. دەزانیت. ئەگەر بە دەستی من بووایە، حەتمەن وام لێدەکرد.

لەم وەڵامە درێژەوە لەپڕێکدا سەرمایەکی نادیار کەوتە جەستەی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە. سڤیدریگایلوف سەری بەرز کردەوە. زۆر بە وردی لێی ڕاما. لەناکاوێکدا دایە قاقای پێکەنین و هاواری کرد:

- نا، تۆ بزانە، نیوسەعات لەمەوبەر، هێشتا یەکترمان نەدیبوو، خۆمان بە دوژمنی یەکتر دەزانی، هێشتا کارێک لە نێوانماندا یەکلایی نەکرابووەوە، کەچی وازمان لێهێنا و کەوتینە دنیایەکی ترەوە. باشە، کەواتە من هەڵە نەبووم، کە وتم ئێمە هەردووکمان میوەی باخێکین؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەوە وتی:

- کەواتە تکایە، مەبەستەکەتم زوو پێبڵێ، هۆی ئەوەیش کە تەشریفتان هێناوەتە لام.. و.. و.. من پەلەمە، دەمەوێت بڕۆم.

- ببوورە، حەز ئەکەم پێم بڵێیت ئایا ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنای خوشکت، دەبێت بە ژنی جەنابی لۆژین پتروڤیچ؟

- دەشێت ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە خوشکمەوە هەیە، وازیان لێبهێنیت و ناوی خوشکم نەهێنیت؟ من تێناگەم تۆ چۆن دەوێریت لە بەردەمی مندا ناوی ئەو ببەیت، ئەگەر تۆ بە ڕاستی سڤیدریگایلوفیت؟
- ئاخر من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم لەبارەی ئەوەوە قسە بکەم، چۆن دەتوانم ناوی نەهێنم؟
- زۆر باشە، فەرموو، بەڵام زۆر زوو.
- من دڵنیام، دەربارەی ئەو لۆژینە بەڕێزە، کە لە ژنەکەمەوە خزمایەتیمان هەیە، ئەگەر تا ئێستا دەیبینیت یان هەندێ شتی وردت لەبارەیەوە بیستبێت، تۆ ڕا و سەرنجی خۆت گەڵاڵە کردووە، ئەو شیاوی ئەوە نییە ببێتە مێردی ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنا، دەزانم ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنا لەم مەسەلەیەدا جوامێرانە خۆی دەکاتە قوربانی.. خێزانەکەی، وەک ئەنجام ئەو شتانەی کە لە لایەنی تۆوە بیستوومە، پێم وایە تۆیش لای خۆتەوە پێت خۆش نییە ئەو هاوسەرێتییە سەربگرێت، بەبێ ئەوەی زیانێکی لێبکەوێتەوە، ئێستا کە بە تایبەتی و لە نزیکەوە تۆم ناسی، بە تەواوی بڕوام بەمە هەیە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- هەموو ئەم باسە بەڵگەی سادەیی تۆیە.. ببوورە.. ویستم بڵێم بەڵگەی بێشەرمیی تۆیە.
- واتا مەبەستت ئەوەیە بڵێیت کە من بۆ بەرژەوەندیی خۆم ئەمە دەکەم؟ مەترسە ڕادیون ڕومانوڤیچ، ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی خۆم ئەمەم بکردایە، ئەمەندە بە ڕاشکاوی قسەم نەدەکرد، وا مەزانە، من ئەوەندە گەوج نیم، با شتێکی سایکۆلۆژی سەیرت لەم لایەنەوە بۆ ڕوون بکەمەوە. هەروا ماوەیەک لەمەوبەر، ئەو کاتەی دەمویست پاکانە بۆ ئەو خۆشەویستییە بکەم کە بۆ ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا هەمبوو،

بە خۆمم وت منیش قوربانیم. باشە، ئێستا ئەوە بزانە کە من هیچ هەستێکی خۆشەویستیم بۆی نەماوە، هیچ جۆرە خۆشەویستییەک، تەنانەت سەرم لە خۆم سووڕ دەمێنێت، ئاخر من جاران ئەو هەستەم هەبوو..

ڕاسکۆلنیکۆڤ قسەکەی پێبڕی و وتی:

- هۆیەکەی تەمەڵی و گەندەڵیی خۆت بوو.

- ڕاست دەکەیت، من مرۆڤێکی تەمەڵ و گەندەڵم، بەڵام خوشکت، ئەمەندە ئاکاری جوانی هەبوو، کە تەنانەت من نەمدەتوانی نەکەومە ژێر کاریگەرییەوە. وەلێ هەموو ئەمانە، وەک خۆم هەستم پێکرد، بێجگە لە هەرزەگۆیی هیچی تر نەبوو.

- دەمێکە لەمە گەیشتوویت؟

- ماوەیەکی کەمە هەستم پێکردووە، بەڵام لە سێ ڕۆژ لەمەوبەرەوە یەعنی تا ڕادەیەک لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتە پتروزبورگ، بە تەواویی دڵنیا بووم. دەبێت ئەوەیش بڵێم کە لە مۆسکۆ هێشتا لەسەر ئەو ڕایە بووم کە سەفەرکردنەکەم بۆ ئێرە تەنیا بۆ خوازبێنیکردنی ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا و ڕکەبەرایەتیکردنی جەنابی لۆژینە.

- ببوورە قسەکەت پێدەبڕم، تکایە ئەگەر دەتوانیت، وتەکەت کورت بکەرەوە و بچۆرە ناو کرۆکی ئەو مەسەلەیەوە، کە بۆی هاتوویتەتە ئێرە. من پەلەمە و دەبێت لە ماڵ بڕۆمە دەرێ..

- بە خۆشحاڵییەوە، هەر کە گەیشتمە ئێرە و بڕیارم دا.. سەفەرێکی کورت بکەم، ویستم پێشەکی چەند شتێکی پێویست بە ئەنجام بگەیەنم، مناڵەکانی خۆمم نارد بۆ لای پووریان، ئەوان دەوڵەمەندن و پێویستیان بە من نییە، بێجگە لەوە من چ باوکێکم بۆ ئەوان؟ بۆ خۆم تەنیا هەندێک شتم هەڵگرت کە پار مارفا پتروڤنا پێی بەخشیبووم، من

ئەوەم بەسە، بمبوورە ئێستا دێمە سەر مەسەلەکە، پێش سەفەرەکەم کە دەشێت هەر ڕوو بدات، دەمەوێت کارەکەم لەگەڵ جەنابی لۆژینیشدا تەواو بکەم، وا مەزانە من ڕقم لێیەتی و حەز بە بینینی ناکەم، بەڵام ئەو هۆکاری شەڕی نێوان من و مارفا پتروڤنا بوو، واتا کاتێک کە زانیم ئەو بە تەمای ئەم زەماوەندەیە، ئێستا دەمەوێت چاوم بە ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بکەوێت، بە یارمەتی تۆ و ڕەنگە بە ئامادەبوونی جەنابیشتان، بۆ ئەوەی تێی بگەیەنم کە یەکەم هیچ سودێک لە جەنابی لۆژین نابینێت و بێگومانم زیانی زۆری پێدەگات، دووەم داوای لێبووردنی لێبکەم بەرامبەر بەو پێشهاتە ناخۆشانەی کە من هۆکاریان بووم و ڕێگەم بداتێ دەهەزار ڕۆبڵیان پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی پەیوەندی خۆی لە جەنابی لۆژین ببڕێت. لەو باوەڕەیشدام ئەگەر ئەو دەرفەتە فەراهەم بێنێت، خۆیشی حەز بەو پەیوەندیبڕینە بکات.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زیاتر بە سەرسامی نەک بە ڕقەوە دەنگی هەڵبڕی:

- بە ڕاستی تۆ شێتیت! چۆن دەوێریت ئەم قسانە بکەیت!

- من دەمزانی تۆ دەکەویتە هاوار هاوار. یەکەم، هەرچەندە من دەوڵەمەند نیم، بەڵام ئەم دەهەزار ڕۆبڵە ئەو کاریگەرییەی لەسەر خەرجیی من نییە، یەعنی هیچ پێویستییەکم پێی نییە. خۆ ئەگەر ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا لێم وەرنەگرێت بێگومانم ئەو پارەیە لە شتی بێبایەخ و گەوجانەی تردا خەرج دەکەم. ئەمە یەک. دووەم ویژدانم گەلێک ئاسوودەیە. من بەبێ هیچ حسابێک ئەم پێشنیازە دەکەم، ئیتر باوەڕ دەکەیت یان ناکەیت، کەیفی خۆتە، دوایی تۆیش و ئاڤدوتیا ڕومانوڤنایش پەی بەم ڕاستییە دەبەن. هەموو مەسەلەکە لەوەدایە کە من بە ڕاستی بووم بە هۆی ناخۆشی و دەردەسەری خوشکی

بەڕێزت، لەبەر ئەوە بە ڕاستی هەست بە پەشیمانی دەکەم، لە ناخی دڵمەوە دەخوازم نەک لە تۆڵەی گوناهەکەم یان لە بری ئەو دەردەسەرییانە، بەڵکو تەنیا و تەنیا بۆ ئەوەی کارێکی بە کەڵکیان بۆ ئەنجام بدەم. چونکە من لە خۆمدا مرۆڤێکی بەد و شەڕخواز نیم. ئەگەر لە پێشنیازەکەمدا تەنانەت لە ملیونێکدا یەک حساب هەبووایە، ئەو کاتە پێشنیازی دەهەزار ڕۆبڵم نەدەکرد. لە کاتێکدا کە هەر پێنج هەفتە لە مەوبەر پێشنیازی پارەی لەوە زیاترم بۆ کردبوو. ئەمەیش بەرجا، لەوانەیە بەم زووانە لەگەڵ کچێکدا زەماوەند بکەم، بۆیە دەبێت هیچ جۆرە بەدگومانییەک لەبارەی نیەتخراپی من بەرانبەر ئاڤدوتیا ڕۆمانوفنا لەئارادا نەمێنێت. لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم کە ئەگەر ئاڤدوتیا ڕۆمانۆڤنا شوو بە جەنابی لۆژین بکات، ئەو بڕە پارەیەی هەر پێدەدرێت، بەڵام لە یەکێکی ترەوە.. تووڕە مەبە ڕادیون ڕومانوڤیچ، بە هێوری و لەسەرخۆییەوە داوەری بکە.

خودی سڤیدریگایلوف زۆر لەسەرخۆ و بەوپەڕی ئارامییەوە ئەم قسانەی کرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- تکات لێدەکەم کۆتایی پێبێنە، چونکە بەهەرحاڵ وتەکانت هێند بێئابڕووانەیە، جێگای پۆزشی تیا نابێتەوە.

- هەرگیز، بەپێی قسەی تۆ لەم دنیایەدا مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤی دی تەنیا توانای ستەمکردنی هەیە، واتا بەپێی ئەوەی باوە، مرۆڤ هەقی ئەوەی نییە کەمەکێک چاکە لەگەڵ کەسی تردا بکات، بەڵام ئەمە گەوجایەتییە، ئاخر، ئەگەر بۆ نموونە من بمردمایە و ڕاسپێڕیی ئەوەیشم بکردایە کە ئەو پارەیە بە خوشکت بدەن، ئەو کاتەیش هەر نکۆڵیی لە وەرگرتنی دەکرد؟

- زۆر ڕێی تێدەچێت.
- نەخێر، ئەمە ڕاست نییە، هەر چەندە دەبێت ئەوەیش بڵێم کە دەهەزار ڕۆبڵ دەشێت لە شوێنی خۆیدا بڕە پارەیەکی زۆر باش بێت. بەهەرحاڵ، تکات لێدەکەم ئەو قسانەی کردمان، بە ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنای بگەیەنیت.
- نا، پێی ناڵێم.
- لەم حاڵەتەدا، ڕادیون ڕومانوڤیچ، ناچارم خۆم چاوم پێی بکەوێت، ئەگەرچی پێی ناخۆشە.
- ئەگەر من قسەکانتی پێبگەیەنم، تۆ ئیدی هەوڵی بینینی نادەیت؟
- بە ڕاستی نازانم چیت پێبڵێم، زۆر حەز ئەکەم هیچ نەبێت تەنیا جارێک بیبینم.
- بەتەما مەبە.
- بەداخەوە، بەڵام تۆ من ناناسیت، ڕەنگە بۆ لەمەودوا زیاتر پەیوەندی بگرین.
- تۆ لەو بڕوایەدای کە ئێمە زیاتر لە یەکدی نزیک ببینەوە؟
سڤیدریگایلوف زەردەخەنەیەکی هاتێ، هەستا و کڵاوەکەی هەڵگرت، وتی:
- بۆ نا؟ بەڕاست وا نەزانیت کە زۆر حەزم لە بێزارکردنت بووبێت، بەڵکو ئەو کاتەی بۆ ئێرە دەهاتم، هەر زۆر گەشبین نەبووم، هەرچەندە سیمای ئەم بەیانییەی تۆ منی سەرسام کردبوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە بێزارییەوە وتی:
- ئەم بەیانییە تۆ منت لە کوێ دیوە؟
- هەر بە ڕێکەوت.. من وای بۆ دەچم لە تۆدا شتێک هەیە، کە لە منەوە زۆر نزیکە.. گوێ مەدەرێ، لەوانە نیم بێتاقەتتان بکەم. من

لەگەڵ فڕوفێڵاوییەکاندا هەڵم کردووە. شازادە سڤیربار[1]م بێزار نەکردووە، کە خزمێکی دوورمە و یەکێکە لە خانەدانەکان. لەبارەی حەزرەتی مریەمەوە کە بەرهەمێکی ڕافائیلە، توانیم لە ئەلبوومەکەی خاتوو پریلیکوف[2]دا شتێک بنووسم. حەوت ساڵی تەواو، بەبێ ئەوەی بڕۆم بۆ شوێنێکی تر، لەگەڵ مارفا پتروڤنادا ژیام، لە ماڵی شازادە ڤیازمسکی[3] کە دەکەوێتە گۆڕەپانی کۆنی "سننایا"وە، شەوانم بردە سەر، ڕەنگە لەگەڵ "بیرگ"یشدا بە باڵۆنەکەی بفڕم.

- زۆر چاکە، مۆڵەت هەیە پرسیارێکت لێبکەم: ئایا بەم زوانە سەفەر دەکەیت؟

- سەفەری چی؟

- ئەو سەفەرە کورتەی کە خۆت باست کرد.

- سەفەری کورت؟ ئا، بەڵێ، بەڕاست من وتم سەفەرێکی کورت دەکەم.. باشە، ئەمە مەسەلەیەکی دوورودرێژە.. وەلێ ئەگەر بتزانیایە چ پرسیارێکم لێدەکەیت!

سڤیدریگایلوف دواڕستەی بە دەنگی بەرز وت و کورتەکەنینێکی بۆ کرد:

- ڕەنگە من لەباتیی ئەو سەفەرە کورتە ژن بێنم، سەرقاڵی خوازبێنیکردنن بۆم.

- لێرە؟

---

[1] *Svirber*

[2] *Prilukov*

[3] *Viazemsky*

- بەڵێ.
- کەی ئەو دەرفەتەت دەست خست؟
- وەڵێ زۆر حەز دەکەم جارێک ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا ببینم، بە ڕاستی داوات لێدەکەم، دەی، بە هیوای دیدار.. ئاخ، بەڕاست، خەریک بوو لە بیرم بچێت، بە خوشکت بڵێ لە وەسیەتنامەکەی مارفا پتروڤنادا سێ هەزار ڕۆبڵ بە ناوی ئەوەوە دانراوە، ئەمە تەواو ڕاستە، مارفا پتروڤنا هەفتەیەک لە پێش مردنیا و بە ئامادەیی خۆم ئەم کارەی کرد. دوای دوو، یان سێ هەفتە، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا دەتوانێت پارەکە وەربگرێت.
- بەڕاستتە؟
- بەڕاستمە، پێی بڵێ، دەی، نۆکەرتم، ئاخر ماڵەکەم لێرەوە زۆر دوور نییە.
کە سڤیدریگایلوف لە چوونەدەرەوەدا بوو، لەبەردەرگاکەدا تووشی ڕازومیخین هات.

٢

سەعات لە دەوری هەشتا بوو، کە هەردووکیان بەرەو تەلاری باکالایف بەپەلە دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی پێش لۆژین بگەنە ئەوێ.
هەر ئەوەندەی گەیشتنە شەقامەکە، ڕازومیخین پرسی:
- دەی، ئەوە کێ بوو؟
- ئەوە سڤیدریگایلوف بوو، ئەو مولکدارەی لە ماڵەکەیدا سووکایەتیی بە خوشکم کرابوو کاتێک وەک پەرستارێک لای کاری دەکرد. خوشکم کە زانیبووی ئارەزووی لە دەوروخولدانیەتی، لای نەما. مارفا پتروڤنای ژنی خوشکمی لە ماڵەکەی دەرکرد. ئەو ژنەی لە

دواییدا پۆزشی بۆ دونیا هێنایەوە و لە پڕێکیشدا پێش ماوەیەکی کورت مرد. قسەکانمان لەبارەی ئەوەوە بوو. نازانم بۆ من لەم زەلامە دەترسم، هەر دوای بەخاکسپاردنی ژنەکەی بەپەلە گەیشتۆتە ئێرە. پیاوێکی یەکجار سەیرە و نیازێکی هەیە، لەوە دەچێت شتێکی لەژێر سەردا بێت.. دەبێت ئاگامان لە دونیا بێت.. دەمویست ئەمەت پێبڵێم، گوێت لێمە؟

- ئاگامان لێی بێت! بۆ دەتوانێ چی بەرانبەر ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا بکات؟ بەڵام، ڕودیا من سوپاست لێدەکەم کە تۆ بەم شێوازە قسە لەگەڵ مندا دەکەیت.. حەتمەن، حەتمەن ئاگاداری دەبین.. لە کوێ دادەنیشێت؟

- نازانم.

- بۆ لێت نەپرسی؟ حەیف، وەلێ خۆم دەیدۆزمەوە.

دوای کەمێک بێدەنگی ڕاسکۆلنیکۆڤ پرسی:

- تۆ ئەوت بینی؟

- بەڵێ، بینیم، باش سەرنجیم دا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ جەختی کرد:

- بەڕاستی بینیت، باش بینیت؟

- چاک، بەڵێ، چاکم لە بیر ماوە، لە بەینی هەزار کەسیشدا بێت دەیناسمەوە. لە ناسینەوەی خەڵکا زەینم زۆر باشە.

دیسانەوە بێدەنگ بوونەوە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ ورتەورتێکی کردەوە:

- هوم.. سەیرە.. دەزانیت.. وای بۆ دەچم.. هەموویم لەبەرچاوە.. ڕەنگە ئەمە لە خەیاڵێک زیاتر هیچی تر نەبێت.

- تۆ دەڵێی چی؟ من بە باشی لە مەبەستەکەت تێناگەم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ دەمی بە زەردەخەنەیەک لار کردەوە و بەردەوام بوو:

- ئێوە هەمووتان من بە شێت دەزانن، منیش لە کەمەکێک لەمەوبەرەوە هەستم بەوە کردووە، کە بە ڕاستی شێتم، چونکە ئەوەی بینیم تەنیا تارماییەک بوو.
- دەڵێی چی؟
- کێ چوزانێت! بە ڕاستی دەشێت من شێت بم، هەرچی ئەم شتانەی لەم ڕۆژانەدا ڕوویان دا، ڕەنگە هەر خەیاڵ بووبن..
- ئاه.. ڕودیا، دیسانەوە نارەحەتیان کردیتەوە؟ ... ئاخر، چی دەگوت، بۆچی هاتبوو؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەدایەوە، ڕازومیخین کەمەکێک بیری کردەوە و وتی:
- باشە، کە وایە گوێ لە ڕاپۆرتەکەم بگرە. هاتم بۆ لات، نووستبوویت، پاشان نانی نیوەڕۆم خوارد و چووم بۆ لای پۆرفیری، هێشتا زامیوتوف لەوێ بوو. ویستم دەست پێبکەم، بەڵام نەکرا. هیچ، نەمدەتوانی باش بدوێم. ئەوان هێند حاڵی نین و تێناگەن. بەڵام بەسەر خۆیاندا نەدەهێنا. ئەوسا پۆرفیریم بردە پاڵ پەنجەرەکەوە، کەچی نازانم بۆ وەک پێویست دەرنەچوو: تەماشای سووچێکی دەکرد، منیش بۆ گۆشەیەکی ترم دەڕوانی. سەرئەنجام مشتێکم لە قەپۆزی نزیک خستەوە و پێم وت وەک خزمێک لە هەقی دێم، ئینجا تفێکم ڕۆ کرد و چوومە دەرێ. کارێکی گەلۆرانە بوو. قسەیەکم لەگەڵ زامیوتوفدا نەکرد، دەزانیت، وام دەزانی کارەکەم تێک داوە، وەلێ ئەو کاتەی لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ، بیرۆکەیەکم تێگەڕا: من و تۆ بۆ سەری خۆمان دێشێنین؟ ئەگەر مەترسییەک یان شتێکی لەو بابەتە ڕووبەڕووی تۆ ببووایەتەوە، هەڵبەت قسەیەکی تر بوو، بەڵام ئێستا بە تۆچی! ئاخر تۆ چ دەستێکت لە مەسەلەکەدا نییە، کەواتە با بڕۆن

ملیان بشکێت، دوایی چاک بە ڕیشیان پێدەکەنین. خۆ ئەگەر من لەباتیی تۆ بوومایە، وێڵم دەکردن. بە ڕاستی چەندە خەجاڵەتن! وێڵیان بکە. تەنانەت لەوانەیە لێیشیان بدەین، وەلێ ئێستا با پێبکەنین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:
- ڕاست دەکەیت.
لەگەڵ خۆیشیدا کەوتە بیرکردنەوە "بابزانم بەیانی چی دەڵێیت؟"
سەیر لەوەدا بوو کە تا ئەو کاتە ڕاسکۆلنیکۆڤ تەنانەت تەنیا جارێکیش بیری لەوە نەکردبووەوە کە "کاتێک کە ڕازومیخین تێبگات، چۆن بیر دەکاتەوە؟" هەر بەدەمْ ئەم لێکدانەوەیەوە، چاوی لە هاوڕێکەی بڕی. هەواڵەکەی لەبارەی دیداری پۆرفیرییەوە هێند سەرنجی ڕانەکێشا: لەوساوە تا ئێستا گەلێک شتی تر سەریانهەڵدابوو.
لە ڕاڕەوەکەدا تووشیان بوو بە تووشی لۆژینەوە: ئەو لە سەعات هەشتی ڕێکدا گەیشتبوو، بە دوای ژوورەکەدا دەگەڕا، وا ئێستا هەرسێکیان پێکەوە هاتنە ژوورێ، بەبێ ئەوەی تەماشا یان سڵاو لە یەکتر بکەن. هەردوو لاوەکە پێشکەوتن، وەلێ پیتەر پتروڤیچ کەمێک خۆی دواخست و لە پێش دەرکێوە پاڵتاوەکەی لەبەری داکەند، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خێرا بەرەو پیری لە ژوورەکە هاتە دەرێ، دونیا لە پێشوازیی براکەیدا بوو.
پیتەر پیتروڤیچ چووە ژوورێ و بە میهرەبانییەکی پڕ لە لووتبەرزییەوە سڵاوی لە هەردوو خانمەکە کرد، پێدەچوو کەمێک شپرزە بێت و هێشتا نەهاتبێتەوە سەر خۆی. پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش وەک ئەوەی شڵەژابێت، بەپەلە هەموویانی لە دەوری مێزێک کۆ کردەوە کە سەماوەری لەسەر دەکوڵا. دونیا و

لۆژین بەرانبەر بە یەکتری لەمسەر و ئەوسەری مێزەکەوە دانیشتن. ڕازومیخین لە پاڵ لۆژین و ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پاڵ خوشکیا دانیشت. بۆ چرکەساتێک بێدەنگی بەرقەرار بوو. پیتەر پیتروڤیچ خێرا دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا کە بۆنی عەتری لێدەهات و لووتی سڕی، لەو دەمەدا سیمای چاک دەینواند، وەلێ لە کەسێک دەچوو کەرامەتی ڕوشابێت و داوای ڕوونکردنەوە بکات. تەنانەت لە پێش هاتنەژوورەوەیدا وای بە خەیاڵدا هات کە پاڵتاوەکەی لەبەری دانەکەنێت و بگەڕێتەوە و بڕوات. بەم کارە درشتەی هەردوو ژنەکە تەمێ بکات تا بەیەکجاری مەسەلەکەیان تێبگەیەنێت. بەڵام بڕیاری یەکجاریی لەسەر ئەو کارە نەدابوو، ئەو کەسێک بوو دەیویست بە تەواویی بگاتە ڕاستی و حەزی لە پێچوپەنا نەبوو: ئەگەر ژنەکان ئاوا بە ئاشکرا سەرپێچییان لە فەرمانی ئەو کردبێت، دیارە ئەوە هۆکارێکی خۆی هەیە. کەواتە تا زووتر لە کێشەکە بگات، چاکترە. بۆ تەمێکردنیش هەمیشە کاتی دەبێت، چونکە دەتوانێت بیکات. بۆیە زۆر بە ڕەسمی ڕووی لە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کرد و پێی وت:

- هیوادارم سەفەرەکەتان چاک بووبێت.

- لە سایەی خواوە، پیتەر پیتروڤیچ.

- زۆرم پێخۆشە، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنایش ماندوو نەبووە؟

دونیا وەڵامی دایەوە:

- من گەنجم و بە توانام، ماندوو نابم، بەڵام بۆ دایکم زۆر ناخۆش بوو.

- چی بکەین؟ ڕێگەکانی وڵاتەکەمان زۆر دوورودرێژە، وەک دەڵێن "ڕووسیای دایکمان" گەلێک بەربڵاوە. وەلێ من بەو هەموو پەرۆشییەوە کە هەمبوو، نەمتوانی دوێنێشەو بۆ پێشوازیتان بێم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هیوادارم هەموو شتێک بەبێ سەرئێشە مەیسەر بووبێت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە دەنگێکی تایبەتەوە وتی:

- نا، پیتەر پیتروڤیچ، ئێمە زۆر نائومێد ببووین، ئەگەر دوێنێشەو خوا خۆی دیمیتری پرۆکفیچی بۆ نەناردینایە، بێگومان تیا دەچووین. ئەمە خۆیەتی دیمیتری پرۆکفیچ ڕازومیخین.

بەدەم قسەکانەوە لاوەکەی بە لۆژین ناساند.

لۆژین مۆڕەیەکی لە ڕازومیخین کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

- بەڵێ، دوێنێشەو، بە شانازیەوە.. ناسیم.

پاشان بڕۆی هێناوە یەک و بێدەنگ بوو.

دەتوانین بەگشتی بڵێین کە پیتەر پیتروڤیچ لەو جۆرە کەسانەی ناو کۆمەڵ بوو، کە بە ڕواڵەت زۆر میهرەبان و بەئەدەبن، یان با بڵێین میهرەبانانە خۆ دەنوێنن. بەڵام هەر ئەوەندەی شتێکیان بەدڵ نەبێت یان پێچەوانەی ئارەزووی ئەوان بێت، ئیتر یەکسەر هەموو توانای خۆ لەدەست دەدەن، لەباتیی مرۆڤی ئازاد و خۆش، کە گیان و چالاکی بە خەڵکی دەبەخشن، دەبن بە کیسەیەک ئارد.

هەموویان دووبارە بێدەنگ بوونەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ تەواو بێدەنگ بوو. ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا تا ماوەیەک نەیدەویست بێدەنگییەکە بشکێنێت، ڕازومیخین هیچی نەبوو بیڵێت. بۆیە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دیسانەوە هەوڵیدا بەپێی ڕەوشتی تایبەتیی خۆی دەست بە قسە بکاتەوە.

- ئایا بیستوتانە کە مارفا پتروڤنا کۆچی دوایی کردووە؟

- هەڵبەتە بیستوومە، هەر زوو زانیم و ئێستایش بۆ ئەوە هاتووم ئاگادارتان بکەم کە ئارکادی ئیڤانۆڤیچ سڤیدریگایلۆڤ هەر لە دوای

بەخاکسپاردنی ژنەکەیەوە بەپەلە بەرەو پتروزبورگ کەوتۆتە ڕێ، بەهەرحاڵ، ئەم شتەم زۆر بە وردی پێگەیشتووە.
دونیا بە دوودڵییەوە لەگەڵ دایکیا نیگایەکی خێرایان گۆڕییەوە و پرسی:
- بۆ پتروزبورگ؟ بۆ ئێرە؟
- بەڵێ هەروایە، دیارە لەو پەلەی هاتنەی و بەگشتی ئەو شتانەی لەوەوبەر ڕوویان داوە، مەبەستێکی هەیە.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری کرد:
- خودایا! تۆ بڵێی لێرەیش دەست لە یەخەی دونێچکا بەرنەدات؟
- بە ڕای من پێویست ناکات نە تۆ و نە ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا ئەوەندە بترسن. هەڵبەتە ئەگەر خۆتان ئەوەتان مەبەست نەبێت کە پەیوەندیی لەگەڵدا بکەن. وەلێ ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە منەوە هەبێت، ئاگادارم و ئێستایش لە سەروبەندی دۆزینەوەی شوێنەکەیدام.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا لەسەری ڕۆشت:
- وای پیتەر پتروڤیچ، نازانیت چەند ترساندمت؟ من تەنیا دووجار ئەوم بینیووە، زۆر ترسناک هاتۆتە بەرچاوم، من بێگومانم کە ئەو بوو بە هۆی مردنی خوالێخۆشبوو مارفا پتروڤنا.
- ناتوانین لەم بارەیەوە تەواو دڵنیا بین. من زانیاریی وردترم هەیە، باسی ناکەم. ڕەنگە ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان ئەمەی بەدی هێنابێت. واتا لە ڕێی کاریگەریی دەروونی و سووکایەتیپێکردنەوە. بەڵام لەبارەی گوشار و بەگشتی ڕەوشت و ئاکاری ئەو کەسەوە، من لەگەڵ ڕایەکەی تۆدام. من نازانم ئێستا هەیەتی یان نا، ئایا بە ڕاستی مارفا پتروڤنا چی بۆ بەجێ هێشتووە، ئەمەیش بە زوویی دەزانم، وەلێ، هەڵبەتە لێرە، لە پتروزبورگ، بە کەمێک توانای مادییەوە،

یەکسەر دەچێتەوە سەر ڕەوشتە کۆنەکەی. لە نێو هەموو خەڵکیدا ئەو گەندەڵترین و گومڕاترین کەسە. من بەڵگەیەکی گرنگم بۆ ئەم بۆچوونەی خۆم هەیە، مارفا پتروڤنا کە بەدبەختانە بەو ڕادەیە ئەوی خۆشویست و لە دەست قەرز ڕزگاری کرد، هەشت ساڵیش خزمەتی تری پێکرد: هەر بە هۆی هەوڵ و کۆششی ئەو ژنەوە بوو، بەسەرهاتی تاوانێکی گەورە، کە بریتی بوو لە کوشتنێکی دڕندانەی ئەفسانەئامێز، هەرزوو دیزەبەدەرخۆنە کرا، ئەو کارەساتێک بوو کە زۆر بە ئاسانی ئەوی بەرەو سیبریا دەبرد، بەڵێ، ئەمە هەقیقەتی ئەو پیاوەیە، کە دەتەوێت بیناسیت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا دەنگی هەڵبڕی:

- ئاه، خودایا.

ڕاسکۆلنیکۆڤ جوان گوێی گرتبوو، دونیا بە جیدی و سووربونەوە پرسی:

- بەڕاستتە کە لەم بارەیەوە زانیاریی وردت هەیە!

- من تەنیا ئەو شتە دەڵێم کە بە گوێی خۆم لە خوالێخۆشبوو مارفا پتروڤنام بیستووە. دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە لەبارەی یاساییەوە ئەم کارە گەلێک ئاڵۆزە. لێرە، لە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەرەوە، ژنێک بە ناوی ڕسخیلەوە دەژیا، ڕەنگە ئێستایش هەر مابێت، ژنێکی بێگانەیە، پارە بە سوو دەدات و کاری تریش دەکات. جەنابی سڤیدریگایلوف لەگەڵ ئەم ڕسخیلەدا، کۆنتر پەیوەندییەکی نزیک و نهێنیئامێزیان هەبووە، لە ماڵی ئەم ژنەدا خزمێکی، گوایا خوشکەزای بووە، کچێکی تەمەن پانزە یان چواردە ساڵی کەڕولاڵ ژیاوە. ئەم ڕسخیلە یەکجار ڕقی لەم کچە بووە، لەسەر تیکەیەک نان سەرکۆنەی کردووە و زۆر دڕندانەیش لێی داوە. ڕۆژێک کچە بە خنکاوی

لەسەربان دەدۆزنەوە، وتیان خۆی خۆی کوشتووە. دوای هێنان و بردنی ئاسایی، کۆتایی بە مەسەلەکە هێنرا، بەڵام دوایی زانرا کە کچە لە لایەن سڤیدریگایلوفەوە زۆر درندانە دەستدرێژی کراوەتە سەر. لە ڕاستیا هەموو ئەمانە لە نهێنیدا مانەوە، هەواڵەکە لە ژنێکی تری ئەڵمانییەوە بوو، ژنێکی ناپاک کە باوەڕی پێنەدەکرا، لە ڕاستیا هیچ داوایەکیش لەئارادا نەبوو، بە هۆی کۆشش و پارەی مارفا پتروڤناوە کارەکە لە سنووری واتەوات زیاتر دەرنەچوو. بەڵام واتەواتەکە جێی سەرنجڕاکێشان بوو. تۆ، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، هەڵبەتە ئەو کاتەی لێیانەوە نزیک بوویت، چیرۆکی فیلیپا ناوێکی نۆکەرت بیستووە، کە شەش ساڵ لەمەوبەر، واتا هێشتا یاسای کۆیلایەتی باو بوو، بە هۆی ئازاردانی زۆرییەوە گیانی لەدەست دا.

- بە پێچەوانەوە بیستوومە کە ئەو فیلیپە خۆی خۆی خنکاندووە.

- تەواو ڕاستە، بەڵام هۆکار و تەنانەت ناچارکردنی لەسەر خۆکوژی، دەرکردنی بەردەوامی لە ماڵ و بێزارکردنی بوو لە لایەن سڤیدریگایلوفەوە.

دونیا وەڵامێکی وشکی دایەوە و وتی:

- من ئاگام لەم مەسەلەیە نییە، بەڵام چیرۆکێکی زۆر سەیرم بیستووە کە ئەم فیلیپە کەسێکی مالیخولیایی و جۆرە فەیلەسوفێک بوو، کە خۆی لە ماڵ خزاندبوو، خەڵکی دەیانوت "ئەمەندەی خوێندۆتەوە، ئەقڵی لەدەست داوە" وایش باو بوو کە لەبەر ئەوە خۆی کوشتووە، چونکە خەڵکی گاڵتەیان پێکردووە نەک لەبەر لێدانی جەنابی سڤیدریگایلوف. سڤیدریگایلوف لەبەرچاوی مندا بە چاکی لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنانەت خۆشیان دەویست، هەرچەندە بە ڕاستی ئەوەیان دەزانی دەستی لە کوشتنی فیلیپدا هەیە.

لۆژین کە بەدەم زەردەخەنەیەکی مانادارەوە لێوی بەدەمدا برد، وتی:
- دەبینم ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا کە تۆ، لەپڕێکدا حەز بە پاکانە بۆ کردنی دەکەیت کە بێتاوان دەربچێت، لە ڕاستیدا ئەو پیاوێکی فێڵبازە و دەتوانێت سەرنجی ژنان ڕابکێشێت. باشترین بەڵگە مردنە ناخۆشەکەی مارفا پتروڤنایە. من تەنیا خوازیاری ئەوە بووم یارمەتی تۆ و دایکت بدەم بەرانبەر بەو هەنگاوە تازانەی کە ئەو دەیان نێت و تا ئەوەندەی بتوانم ڕێنماییتان بکەم، چونکە بێگومانم کە ئەو پیاوە جارێکی دی دەکەوێتەوە قەرزوقۆڵە و بەندیخانە دەبێتەوە بە جێگای.
مارفا پتروڤنا هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە پارەومالی بە میراتی بۆ بەجێ بێڵێت، چونکە ئەو هەر بیری لای منالەکانی بوو. خۆ ئەگەر شتێکی بۆ بەجێ هێشتبێت، بێگومان زۆر کەم بووە، بۆ کەسێک کە ڕەوشت و خویەکی تایبەتی هەبێت، بەشی سالێکیش ناکات.
دونیا وتی:
- پیتەر پتروڤیچ تکات لێدەکەم قسە لەبارەی جەنابی سڤیدریگایلوفەوە بخەرە لاوە، ئەو مەسەلەیە من بێزار دەکات.
لەپڕێکدا بۆ یەکەمین جار ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگییەکەی شکاند و وتی:
- سڤیدریگایلوف ئێستا لای من بوو.
لە هەموو لایەکەوە دەنگی سەرسووڕمان بەرز بووەوە و هەموو گەڕانەوە لای ڕاسکۆلنیکۆڤ، تەنانەت پیتەر پتروڤیچیش تووشی نیگەرانی بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەری ڕۆشت:
- سەعاتونیوێک لەمەوبەر، کاتێک نووستبووم، هاتە ژوورێ، لە خەوی هەڵساندم و خۆی پێناساندم. زۆر کراوە و دڵخۆش و تەواو بە هیوای ئەوە بوو کە پەیوەندیی لەگەڵدا بگرم. دونیا، لەو بارەیەوە

زۆری مەبەست بوو کە تۆ ببینێت و داوای لێکردم منیش لەو دیدارەدا بەشدار بم. پێشنیازێکی بۆت هەیە و لەو بارەیەوە شتێکی بە من وت. بێجگە لەوە زۆر جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پێت بڵێم مارفا پتروڤنا هەفتەیەک پێش مردنی، سێ هەزار ڕۆبڵی بۆ تۆ وەسیەت کردووە، دەبێت تۆ، دونیا، زۆر زوو ئەو پارەیە وەربگریت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا خاچێکی بە ڕووی خۆیدا کێشا و بە دەنگی بەرز وتی:

- سوپاس خودایا، دونیا دوعای بۆ بکە، دوعا.

لۆژین بێئیرادە وتی:

- ئەمە ڕاستە.

دونیا خێرا پرسی:

- باشە، پاشان چی؟

- پاشان، وتی ئەو خۆی نیەتی و هەموو سامانەکە لای منداڵەکانیەتی، کە ئەوانیش لای پوریانن. ئەوەیشی وت کە ماڵەکەی نزیک بە ماڵەکەی منە. بەڵام لە کوێیە؟ نازانم، لێم نەپرسی:

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە سەرسامییەوە وتی:

- بەڵام دەیەوێت چ پێشنیازێک بۆ دونیا بکات. ئایا بە تۆی وت؟

- بەڵێ، وتی.

- چی وت؟

- دوایی دەیڵێم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ بوو و کەوتە چاخواردنەوە:

پیتەر پتروڤیچ سەعاتەکەی دەرهێنا، تەماشای کرد و وەک ئەوەی تا ڕادەیەک بێزار بێت، لەسەر کورسییەکە هەستا و وتی:

- دەبێت بڕۆم بە لای کاری خۆمەوە، با لە ئێوەیشی تێک نەدەم.

دونیا وتی:

- پیتەر پتروڤیچ مەڕۆ، تۆ دەتویست هەموو عەسر لێرە بیت، بێجگە لەوە تۆ خۆت نوسیبووت کە دەتەوێت لەگەڵ دایکە گیاندا باسێک بکەیتەوە.

پیتەر پتروڤیچ لە کاتێکدا کە دیسانەوە لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە، کڵاوەکەی هەر بە دەستەوە بوو، بە شێوەیەکی جیدی وتی:

- ڕاستە دایە، ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، من دەمویست بە ڕاستی مەسەلەیەک لەگەڵ تۆ و دایکی بەڕێزتاندا باس بکەم، مەسەلەیەک کە شتی گرنگی تیایە. بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە کاکت نایەوێت لە بەردەمی مندا باس لە پێشنیازەکانی جەنابی سڤیدریگایلوف بکات، منیش نامەوێت و ناتوانم لە بەردەم خەڵکی تردا.. و دەربارەی هەندێک شتی تا ڕادەیەک گرنگ هیچ بڵێم. هەروەها کەس گوێی لە داوای گرنگ و پڕبایەخی من نەگرتووە.

لۆژین ڕووی ترش کرد و بە تەواوی ویقارەوە بێدەنگ بوو.

دونیا وتی:

- داواکاری تۆ لەو لایەنەوە کە کاکم لە کاتی دانیشتنی من و تۆدا ئامادە نەبێت، من خۆم نەمویستووە. تۆ نوسیبووت کە کاکم سووکایەتی پێکردوویت، من وا دەزانم کە دەبێت زوو ئەوە ڕوون بکرێتەوە و ئێوەیش ئاشت ببنەوە. خۆ ئەگەر ڕودیا بە ڕاستی سووکایەتیی بە تۆ کردووە، دەبێت ئەو داوای لێبوردنت لێبکات و دەیشیکات.

پیتەر پتروڤیچ زوو کەوتە خۆی:

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، هەندێک سوکایەتیپێکردن هەیە کە ئەگەر بە نیازی خراپیش نەکرابێت، بەڵام هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. هەر شتێک

سنووری خۆی هەیە و هەر ئاوا تێپەڕین بەسەریدا کارێکی پڕ لە مەترسییە، چونکە کە هەنگاوێکت بەسەریدا نا، هەرگیز ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ دواوە.

دونیا بە کەمێک بێئارامیەوە قسەکەی پێبڕی:

- پیتەر پتروڤیچ، لە ڕاستیا من مەبەستێکی ترم هەبوو، باش لێی ورد بەرەوە، ئایندەی ئێمە ئێستا بەوەوە بەستراوەتەوە، کە هەموو ئەم قسانە زووتر ڕوون بکرێنەوە و نیەتپاکی بەرقەرار بێت. من ڕێکوڕاست و بەبێ ئەملاوئەولا، هەر لەم سەرەتای کارەوە، دەڵێم کە بێجگە لەمە هیچی تر ناکرێت و ئەگەر تۆ کەمێکیش بە دەربەستی منەوە بیت، هەرچەندە دژواریش بێت، بەڵام دەبێت هەر ئەمڕۆ ئەو کێشەیە کۆتایی پێبێت. دیسانەوە دەیڵێمەوە ئەگەر کاکم هەڵەیەکی کردبێت، پۆزشت بۆ دێنێتەوە.

لۆژین کە تا دەهات زیاتر تووڕە دەبوو، وتی:

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، بە لامەوە سەیرە تۆ وا باسی مەسەلەکە دەکەیت، لەگەڵ ئەوەدا کە من زۆر ڕێزت لێدەگرم و وەک دەڵێن دەتپەرستم، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر ڕێی تێدەچێت خۆشیم لە یەکێک لە نزیکەکانی تۆ نەیەت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەگەر زەماوەندت لەگەڵدا بکەم، وەلێ لە هەمان کاتدا ناتوانم ئەو ئەرکانە لەئەستۆ بگرم کە نەگونجاوبن و..

دونیا بە گەرمییەوە قسەکەی پێبڕی و وتی:

- وای پیتەر پتروڤیچ، ئەم هەموو زوو ڕەنجانە بخەرە لاوە و هەر ئەو مرۆڤە ئاقڵ و خانەدانە بە، کە هەمیشە دەمناسی و حەزم بە ناسینیەتی. من بەڵێنی گەورەم بە تۆ داوە. من دەزگیرانتم، لەم کارەدا متمانەم پێبکە و بڕوای تەواوت هەبێت کە دەتوانم بێلایەنانە داوەریی

بکەم. ئەم داوەرییەی من نە بە لای کاکمەوە سەیر بێت و نە بە لای تۆوە. کاتێک کە ئەمڕۆ، دوای گەیشتنی نامەکەت داوام لە کاکم کرد کە ئەویش دەبێت لەم دانیشتنەدا ئامادە بێت، من هیچ شتێکم لەبارەی بڕیاری خۆمەوە پێنەوتووە. ئاخر، تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە ئەگەر ئێوە ئاشت نەبنەوە، من ناچار دەبم لە بەینی هەردووکتاندا یەکێکتان هەڵبژێرم، یان تۆ یان ئەو. ئەمەیش کێشەیەکە، کە لە هەردووکتانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ من ناکرێت و ناشێت لە هەڵبژاردنەکەمدا هەڵە بکەم، لەبەر تۆ دەبێت واز لە براکەم بێنم یان لەبەر ئەو واز لە تۆ بێنم. من ئێستا دەمەوێت و ڕاستودروست ئەوە بزانم کە ئایا ئەو بە ڕاستی برامە یان نا؟ لەبارەی تۆیشەوە دەبێت بزانم کە ئایا تۆ منت خۆش دەوێت، نرخێکت بۆ داناوم و ئایا بە ڕاستی تۆ مێردمیت؟

لۆژین بە بێزارییەوە وتی:

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، قسەی تۆ لای من زۆر بایەخی هەیە، بە ڕاستیش دەیڵێم. بە نیسبەت ئەو جێگایەوە کە بە شانازییەوە من لای تۆ هەمە، وشەکانت هەندێک ڕەق بوون. بێ لەوە، تەنیا بەراوردکردنە سەیرەکەی تۆ، واتا بەراوردکردنی من بەم.. لاوە لووتبەرزە کەمێک سووکایەتییە:

قسەکانیشت لەوە دەکەن کە لەو بەڵێنەی پێتداوم، پەشیمان بووبیتەوە. تۆ دەڵێی: "یا تۆ یان ئەو" بەم قسانە ئەوە دەردەخەیت کە من چ نرخێکی کەمم لای تۆ هەیە.. لەگەڵ ئەو پەیوەندی و تێکەڵییەدا کە لە نێوان من و تۆدا هەیە، من ناتوانم ئەم شتانە بە ڕاست بزانم.

دونیا سوور داگەڕا:

- چۆن! من بەرژەوەندیی تۆم بەرانبەر هەموو ئەو شتانە داناوە، کە لە ڕاستیدا تا ئێستا بەنرخترین شتی ژیانی منن، کەچی لەپڕا تۆ دەڕەنجێیت و وای دادەنێیت من نرخێکی کەمیشم بۆ دانەناویت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ، زەردەخەنەیەکی تەوساوی کرد، ڕازومیخین جوولەیەکی هاتێ، وەلێ پیتەر پتروڤیچ پۆزشەکەی قبووڵ نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەر وشەیەکدا ڕق و تووڕەییەکەی زیاتر دەبوو. دەتوت چێژ لەو ئەنجامە وەردەگرێت.
بە فیزێکەوە وتی:
- خۆشویستنی هاوڕێی ئایندەی ژیان، یەعنی مێرد، دەبێت لە خۆشویستنی برا زیاتر بێت، بەهەرحاڵ، من ناتوانم لە یەک ڕیزدا لەگەڵ.. هەرچۆنێک بێت، هەرچەندە تا ئێستا لەسەر ئەوە سوور بووم کە لە بەردەم براکەتدا نامەوێت و ناتوانم هەموو کێشەکان ڕوون بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا حەز دەکەم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستێکی زۆر گرنگ کە بۆ من تا ڕادەیەک سووکایەتیپێکردنە، ڕووی دەمم لە دایکی بەڕێزتان بکەم.
پاشان ڕووی لە پولخێریا ئەلێکساندرۆڤنا کرد و وتی:
- کوڕەکەت، دوێنێ لە بەردەم بەڕێز ڕازبودکین (زۆر ڕێز و ئەدەبی بۆ ڕازومیخین نواند: ڕەنگە ناوەکەم باش نەوتبێت؟ ببووره ناوی خانەوادەکەتانم فەرامۆش کردووە) بە هەڵگێڕانەوەی بیرۆکەکەم منی ئازاردا، ئەو بیرۆکەیەی ماوەیەک لەمەوبەر لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا، کاتێک قاوەمان دەخواردەوە، دەرمبڕیبوو. وتم زەماوەندکردن لەگەڵ کچێکی هەژاردا کە سەختی ژیانی چەشتبێت، بە لای منەوە چاکترە تا کچێک کە لە ناو نازونیعمەتدا گەورە بووبێت، چونکە لە لایەنی ئاکارییەوە بەکەڵک ترە، کوڕەکەت هەر بە ئانقەست، قسەکانی منی بە

شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە گەورە کرد. منیشی بە کابرایەکی زۆردار تاوانبار کرد، من وا دەزانم کە سەرچاوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە نامەی تایبەتی نێوانتانەوە هەیە. زۆر بەختەوەر دەبم ئەگەر تۆ، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا، بتوانیت پێچەوانەی ئەمەم پێبسەلمێنیت و ئاسوودەم بکەیت. پێم بڵێیت تۆ بە چ واژەیەک لە نامەکانتا قسەی منت بۆ ڕادیون ڕومانوڤیچ گوێزاوەتەوە؟

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا وەک گێژ بووبێت، وتی:

- لە بیرم نییە، خۆم چۆنی لێتێگەیشتبێتم وا. نازانم ڕودیا چۆنی پێوتوون.. لەوانەیشە بە ڕاستی شتێکی لێ زیاد کردبێت.

- ئەگەر تۆ پێت نەوتبێت، ئەو نەیدەتوانی شتی بخاتە سەر.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا زۆر بە ویقارەوە وتی:

- پیتەر پتروڤیچ، بەڵگە بۆ ئەوەی کە من و دونیا قسەی تۆمان خراپ لێک نەداوەتەوە، ئەوەیە کە ئێستا ئێمە لێرەین.

دونیا پاڵپشتیی کرد و وتی:

- ڕاستە، دایکە گیان.

لۆژین بە بێزارییەوە وتی:

- ئەگەر وابێت، کەواتە من لەمەیشدا بە هەڵەدا چووم!

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بوێرانەتر لەسەری ڕۆشت:

- پیتەر پتروڤیچ، تۆ بەردەوام ڕادیون بە هەڵە دادەنێیت، کەچی هەر خۆت دوێنی لە نامەکەتدا شتی ناڕاستت لەسەری نووسیبوو.

- لە یادم نییە شتی ناڕاستم نووسیبێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ ئەوەی ڕووبکاتە لۆژین، بە زبرییەوە وتی:

- تۆ نووسیبووت من دوێنێ لەباتیی ئەوەی پارە بە ژنی کوژراوەکە بدەم –لە ڕاستیا دابوویشم – پارەکەم داوە بە کچەکەی، کچێک کە تا

دوێنێشەو هەرگیز ئەوم نەدیووە. تۆ بۆیە ئەوەت نوسیبوو، تا بەینی من و کەسوکارم تێک بدەیت، هەروەها شتی زۆر ناشیرینت لەبارەی ڕەفتاری کچێکەوە نووسیووە، کە خۆیشت نایناسیت، هەموو ئەو قسانە بوختان و سووکایەتین.

لۆژین کە لە ڕقاندا گیانی کەوتبووە لەرزین، وتی:

- ببوورە جەناب، من لە نامەکەمدا تەنیا لەبەر ئەوە بە درێژی باسی کار و ڕەوشتی تۆم کردووە، چونکە ئەمە داوای خوشک و دایکت بوو، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەم کە من تۆم چۆن دیووە و چ کاریگەرییەکتان لەسەر من داناوە، وەلێ ئەوەی پەیوەندیی بە خودی نامەکەوە هەیە، ئەگەر ڕاست دەکەیت، یەک دێڕم بۆ بدۆزەرەوە دوور لە ویژدان نووسرابێت و درۆ بێت. ئایا تۆ پارەت نەداونەتێ، یان ناشێ لە ناو ئەو خێزانەدا کە ڕەنگە بەدبەخت و نەگبەتیش بن، یەکێکی سووک هەبێت؟

- بە ڕای من، تۆ بە هەموو ڕەوشتی خۆتەوە، بە ئەندازەی پەنجەچکۆڵەی ئەو کچە نەگبەتە کە تۆ بەردی تێدەگریت، نرخت نییە.

- کەواتە، بۆ تۆ ئاساییە کە ئەو کچە لە ڕێزی خوشک و دایکتا دابنێیت.

- ئەگەر زۆر حەز ئەکەی بیزانیت، من ئەم کارەم کردووە. من ئەمڕۆ ئەوم لە تەنیشت دایکم و خوشکمدا دانیشاند.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری لێهەستا:

- ڕودیا!

دونیا سوور داگەڕا، ڕازومیخین بڕۆی هێنانەوە یەک و لۆژین بە گاڵتەپێکردنەوە زەردەخەنەی هاتێ و وتی:

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، خۆت دەبینیت کە ئایا لە حاڵەتێکی وادا دەکرێت لێکحاڵیبوون هەبێت یان نا؟ هیوادارم ئێستا ئەم مەسەلەیە بەیەکجاری چارەسەر بکرێت و هەموو شتێک ڕوون ببێتەوە. وەلێ ئێستا من دەڕۆم بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی خۆشی خێزانیتان لێ تێک نەدەم و نهێنییەکانتان نەبەمە دەرەوە. (لۆژین لە جێگاکەی هەستا و کڵاوەکەی بە دەستەوە گرت) بەڵام پێش ڕۆیشتنم دەمەوێت ئەوەتان وەبیر بێنمەوە، کە لەمەودوا من لەم جۆرە کۆبوونەوە و ئاڵتموساڵتمە ببەخشن. لە تۆیش، پولخێریا ئەلێکساندروڤنای بەڕێز، بەتایبەتی ئەم داوایەم هەیە، بە تایبەتیش کە من نامەکەم تەنیا بۆ تۆ نوسیبوو نەک بۆ کەسێکی دی.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە بێزارییەوە وتی:

- لەوە دەچێت، پیتەر پتروڤیچ، تۆ بتەوێت ئێمە بە تەواوی بخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە. دونیا بۆی باس کردیت کە بۆ داواکەتمان بەجێ نەهێنا، ئەو لەو بارەیەوە بۆچوونی باش بوو. بێجگە لەمە، تۆ لە نامەکانتا کە بۆ منی دەنووسیت، تێم دەخوڕیت. ئایا بە ڕاستی دەبێت ئێمە هەرچی تۆ حەزی لێبکەیت و بیڵێیت، ئیتر بەجێی بهێنین؟ لە کاتێکدا کە بە پێچەوانەوە من دەمەوێت پێت بڵێم، کە بۆ لەمەودوا دەبێت ڕەفتارت لێبوردن و هێوری لەخۆ بگرێت، چونکە ئێمە وازمان لە هەموو شتێک هێناوە و بە پشتی تۆ هاتووینەتە ئێرە، کەواتە بە ڕاستی بەبێ هەموو ئەم قسانەیش تا ڕادەیەک ئێمە لەژێر دەسەڵاتی تۆداین.

لۆژین بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- ئەمە فەرمانێکی دادپەروەرانە نییە، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا، بەتایبەتی لەو ساتەوەی هەواڵی وەسیەتنامەی مارفا پتروڤنات

لەبارەی سێ هەزار ڕۆبڵەکەوە پێگەیشتووە و لە کاتی گونجاودا هاتووە، ئەمەیش لەو زمانە تازەیەتانەوە دەردەکەوێت، کە لەگەڵ مندا قسەی پێدەکەن.

دونیا بە تووڕەییەوە وتی:

- کەواتە بەپێی قسەکەی خۆت، دەشێت تۆ گەلێک ئومێدت لەسەر هەژاری و نەدارایی ئێمە بنیات نابێت.

- بەهەرحاڵ، ئیتر بەتەمای ئەو ئومێدە نیم، بەتایبەتیش ناتوانم ڕێگر بم لە بەردەم ئەو پێشنیازە نهێنییانەی کە ئارکادی ئیڤانۆڤیچ سڤیدریگایلۆڤ بۆی کردوون. ئەو پێشنیازانەی کە کاکت ئاگاداریەتی و وەک من بزانم گەلێک بۆ تۆ گرنگە و دەشێت زۆر خۆشیش بێت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری کرد:

- ئای، خودایا!

ڕازومیخین لەسەر کورسییەکە ئۆقرەی لێبڕابوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ پرسی:

- ئەرێ خوشکێ، تۆ تەریق نابیتەوە؟

- بۆ نا، ڕودیا، من خەجاڵەتم!

پاشان ڕومانوڤنا لە حاڵێکدا کە لە داخا ڕەنگ لە ڕووی پەڕیبوو، ڕووی کردە لۆژین ووتی:

- پیتەر پتروڤیچ، بچۆرە دەرێ.

لەوە دەچوو کە پیتەر پتروڤیچ بە هیچ جۆرێک چاوەڕێی کۆتاییەکی وای نەکردبێت، ئەو لەڕادەبەدەر بە خۆی و توانای خۆی دەنازی و گەلێک ئومێدی بە لاوازیی نێچیرەکەی بوو. تا ئێستایش هەر بڕوای نەدەکرد، ڕەنگی هەڵبزڕکا و لێوی کەوتبووە لەرزین.

- ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا، تۆ کە بەم وشانە ڕەوانەم دەکەیت، ئەگەر من ئێستا لەم دەرگایە بچمە دەرێ، باش بیری لێبکەرەوە، ئیدی هەرگیز ناگەڕێمەوە، باش بیری لێبکەرەوە، قسەی من یەکێکە.
دونیا بەپەلە لە جێگاکەی ڕاپەڕی، بەسەریا هاواری کرد:
- چ بێشەرمی و بێچاووڕوویەک! من هەرگیز نامەوێت تۆ جارێکی تر بگەڕێیتەوە ئێرە.
لۆژین کە تا ئەو چرکەساتە باوەڕی بەم کۆتاییە نەدەکرد و بۆیە تەواو شڵەژابوو، هاواری کرد:
- بەڕاست! ئاوا.. بەڵام تۆ دەزانیت ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا کە من دەتوانم ناڕازی بم و ڕێت لێبگرم.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە گەرمی کەوتە بەرگریکردن لە دونیا:
- بە چ هەقێکەوە تۆ قسەی وا دەکەیت؟ چ ناڕازیبوون و چ ڕێگرتنێک؟ یان تۆ چ هەقێکت بە خۆت داوە؟ ئایا دەشێت من دونیای کچم بە کەسێکی وەک تۆ بدەم؟ بڕۆ و بەیەکجاری وازمان لێبێنە. ئێمە هەڵە بووین کە خۆمان خستە نێو بێویژدانییەکی واوە، هەڵەی منیش لە هەموو کەس زیاترە..
لۆژین ئاگری ڕقی هەڵایسابوو، هاواری کرد:
- بەڵام، پولخێریا ئەلێکساندروڤنا، تۆ بەو بەڵێنەی کە بە منت دابوو و ئێستا لێی پەشیمانیت دەستوبالمت بەستبووەوە.. منیش لە دواییدا دەبێت ئەوە هەر بڵێم کە من بۆ ئەوە پارەم خەرج کردووە..
ئەم داوایەی دوایی پیتەر پتروڤیچ ئەمەندە لەگەڵ ڕەوشت و خوی ئەودا دەگونجا، ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لە ڕک و تووڕەییدا ڕەنگ لە ڕووی پەڕیبوو و دەیویست هەرچۆنێکە خۆی بگرێت، لەپڕێکدا خۆی پێنەگیرا

و دایه قاقای پێکەنین. وەلێ پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بێئاگا لە خۆی هاواری کرد:
- کام خەرجی؟ خەرجیی چی؟ ڕەنگە باسی جانتاکە بکەیت؟ ئاخر، ئەوە کارمەندی شەمەندەفەرەکە بە بەلاش هەڵی گرت. خودایا، ئێمە تۆمان بەستۆتەوە! پیتەر پتروڤیچ وەرەوە سەرخۆت، ئەوە تۆیت کە دەستوپێی ئێمەت بەستۆتەوە و سەرتاپات شەتەک داوین، نەک ئێمە.
ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا جەختی کردەوە:
- دایکە گیان، بەسە، تکات لێدەکەم بەسە، پیتەر پتروڤیچ تکایە بڕۆ دەرەوە.
لۆژین کە تا ڕادەیەک خۆی لەدەست دابوو، وتی:
- دەڕۆم، بەڵام دەمەوێت قسەیەکی تریش بکەم، لەوە دەچێت دایکت هیچی لەبیر نەمابێت: من کاتێک بڕیاری هێنانی تۆم دا، کە لە ناو خەڵکیدا واتەواتێکی زۆر خراپت بە دواوە بوو، من بە پێچەوانەی ڕای خەڵکی جووڵامەوە بۆ گێڕانەوەی ئابڕووی تۆ. بێگومان من دەمتوانی بە ئومێدی پاداشت بم و هیچ نەبێت تۆ سوپاسم بکەیت.. وەلێ وا تازە چاوم کرایەوە. من وای دەبینم کە بە ڕاستی زۆر زۆر کارێکی ناڕەوام کرد کە گوێم لە واتەواتی خەڵکی نەگرت.
ڕازومیخین کەلەسەر کورسییەکە ڕاپەڕی و ئامادەی شەڕ بوو، هاواری کرد:
- دەڵێی سەری بە لەشییەوە زیادە.
دونیا وتی:
- تۆ پیاوێکی سووک و ڕسوایت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕازومیخینی خستە لاوە و پێی وت:
- لەسەرخۆ، هیچ ناکەیت.

پاشان کە زۆر لە لۆژین نزیک کەوتبووەوە، لەسەرخۆ و بە دەنگێکی گڕەوە وتی:

- تکایە بڕۆ و ونبە، یەک وشەی تر نەڵێیت، ئەگینا..

پیتەر پتروڤیچ چەند چرکەساتێک بە ڕەنگی پەڕیووەوە کە ڕق دەموچاوی شێواندبوو تەماشای کرد. پاشان وەرگەڕا و چووە دەرێ. کەم کەس دەیتوانی هەست بەو ڕقە بکات کە لۆژین بەرانبەر بە ڕاسکۆلنیکۆڤ هەڵیگرتبوو، لۆژین تەنیا هەر ئەوی لە هەموو ئەو کارەدا بە تاوانبار دەزانی. سەیر ئەوە بوو، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە پلیکانەکانەوە بەرەو خوار دەبووەوە، هێشتا وای دەزانی کە ڕەنگە کارەکە بە تەواوی کۆتایی نەهاتبێت و ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو خانمەکەوە هەبێت، "زۆر گریمانەی" ئەوە هەیە کە چار بکرێت.

٣

گرنگترین شت ئەوە بوو کە لۆژین تا دوادەقیقەش بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کارەکە بەو جۆرە بشکێتەوە و کۆتایی پێبێت، ئەو هەوڵی زۆری بە گەڕ خستبوو، تەنانەت بیری لەوە نەکردبووەوە دوو ژنی هەژار و بێدەستەڵات ئا بەو جۆرە لێی یاخی بن. لە هەموو شتێک زیاتر فیز و بەخۆنازینی زۆری گەیشتبووە ڕادەی خۆپەسەندی و باوەڕو متمانەیان پێ پەیدا کردبوو: پیتەر پتروڤیچ کە خۆی لە چینێکی خوارەوەوە هەڵگڕابوو، وەک نەخۆشییەکی دەروونی هەبێت، هەموو کارەکانی خۆی گەلێک بە شایستە و باش دەزانی. لە هزر و توانای خۆی زۆر ڕازی بوو، تەنانەت ئەگەر بە تەنیا بووایە، ئاسایی لە بەردەم ئاوێنەدا دەوەستا و چێژی لە تەماشاکردنی خۆی دەبینی. بەڵام لە هەموو شتێک زیاتر

دەربەستی پارەوپوول بوو، کە بە زەحمەت و ڕێگەی جۆراوجۆر بە دەستی هێنابوو.
کەمێک لەوەوبەر، کاتێک ئەو بیرەوەرییە تاڵەی وەبیر دونیا هێنایەوە، کە هەرچەندە ناوبانگی دونیا خراپ بووە و ئەم هەر ویستوویەتی بیخوازێت، لۆژین قسەکانی زۆر بە قەناعەتەوە دەکرد و تەنانەت وتەی ناهەقی قبووڵ نەدەکرد و پێی جارز دەبوو، ئەو کاتەیش کە دونیای خواست، ئەو پڕوپاگەندە و قسە و قسەڵۆکانەی بەبێ بنەما دایە قەڵەم، کە خودی مارفا پتروڤنا بە ئاشکرا بە درۆی خستبووەوە و لۆژین دانی بەمەدا دەنا. دانیشتوانی شارۆچکەکەیش زۆر دەمێک بوو ئەو تۆمەتەی درابووە پاڵ دونیا، بە تەواوی ڕەتیان کردبووەوە و هەموو شتێکی ئەو لایەنەیان فەرامۆش کردبوو. لۆژین هەرگیز نکۆڵیی لەوە نەدەکرد کە پێشتر هەموو ئەو شتانەی زانیووە. کەچی لەبارەی بڕیارەکەیەوە کە دەیویست دونیا بهێنێت و بیخاتە ئاستی خۆی، بڕیارەکەی زۆر بە هەنگاوێکی گرنگ و تەنانەت بە هەڵوێستێکی زۆر مەزنی دەدایە قەڵەم، ئێستا کە ئەمەی وەبیر دونیا دەهێنایەوە، ئەو نهێنییە و ئەو خۆشەویستییەی کە جارەهای جار تەنیا چێژی لە بیرلێکردنەوەی دەبینی، دەیخستنە ڕوو و ئاشکرای دەکردن. لەوەیش سەری سووڕمابوو کە ئەوانی دی بۆ بەرانبەر بەو هەنگاوەی خوێنساردن، کاتێک کە سەردانی ڕاسکۆلنیکۆڤیشی کرد، وەک یەکێک چووە ژوورەکەی، کە کاری چاکی کردووە و شایانی سوپاس و ستایشە. هەڵبەتە هەنووکە کە لە نەردەوانەکانەوە دەهاتە خوارێ، هەستی بەوە دەکرد کە گەلێک دڵی شکاوە و بایەخیشی نەدراوەتێ، بەڵام دونیا هەند بۆ ئەو پێویست بوو، کە هەرگیز نەیدەتوانی دەستبەرداری ببێت. ئەو ماوەیەکی زۆر، بەڵکو ساڵانێک

بوو خەونی بە ژنهێنانەوە دەبینی، بەردەوام و بێپسان پارەی بۆ کۆ دەکردەوە، لە ناوەوەیدا سەرمەستانە خەونی بە کچێکەوە دەبینی، کە ڕەسەن و هەژار بێت (بەڵێ حەتمەن هەژار بێت) زۆر دەلال و جوان و خانەدان، ڕەوشتبەرز، شەرمن و ساردوگەرمیی ڕۆژگاری چەشتبێت، هەروەها دەبێت سەری ڕێز بۆ ئەم دابنەوێنێت، کچێک بێت تا ماوە ئەم بە فریادڕەسی خۆی بزانێت، ملکەچی بێت و کارەکانی (بە تەنیا کارەکانی ئەم) بە چاک و دەگمەن بداتە قەڵەم. لۆژین لە کاتی تەنیایی و حەسانەوەیدا چ دیمەن و وێنایەکی چێژبەخش و شیرین و فریوودەرانەی لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە کردبوو، وا خەریکیش بوو خەونەکانی بێنە دی، جوانی و ڕەوشتی ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنا ئەوی سەرسام کردبوو، نەبوونییش ئەوپەڕی ئازایەتی و بوێریی پێبەخشیبوو. ئەوەی لۆژین بەرانبەر بە خۆی دەیبینی، زیاتر بوو لە خەونەکەی، ئەو کچێکی دەست کەوتبوو: لووتبەرز، خاوەن کەسایەتی، چالاک و بەتوانا، لە باری بیر و زانستیشەوە لە خۆی باڵاتربوو (لۆژین هەستی بەمە دەکرد) کەواتە مرۆڤێکی لەم بابەتە بۆ هەموو ژیانی سوپاسگوزاری هەنگاوەکەی دەبێت و ئامادەی گشت فیداکارییەک دەبێت بۆی، ئەویش بۆی هەیە بە تەواوی مانا فەرمانی بداتێ. بەتایبەتیش تۆزێک پێش ئەم ڕووداوە، دوای بیرکردنەوە و وەستانێکی زۆر سەرئەنجام بڕیاری ئەوەی دابوو کە کارەکەی بگۆڕێت و بڕواتە نێو چالاکیی فراوانترەوە تا بتوانێت وردەوردە جێپێی خۆی لە نێو شوێنی چاکتری کۆمەڵگادا بکاتەوە، ئەو کۆمەڵگایەی کە ماوەیەکی زۆر بوو بە تاموچێژێکی فراوانەوە خەیاڵی لێدەکردەوە. بە کورتی بڕیاری دابوو بەختی خۆی لە پترزبورگدا تاقی بکاتەوە. ئەو دەیزانی دەتوانێت لە ڕێی ژنەوە سەرکەوتنی زۆر

بەدەست بێنێت. ئەو سەرنجڕاکێشانەی لەو ژنە جوان و جوامێر و ڕووناکبیرەدا هەبوو، دەیتوانی جوانییەکی زۆریش بە ژیانی ئەم ببەخشێت، خۆشەویستی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، شەبەنگێک لە دەوروبەریدا دروست بکات: وەلێ هەنووکە تەواوی ئەو ئومێدانە بەبا چووبوون، ئەم دابڕانە ناکاو و بێمانایەی ئێستا وەک بروسکە لێی دا. گشت ئەم بەسەرهاتە، بریتیبوو لە بەدحاڵیبوون و گاڵتەجاڕییەک، ئەو تەنیا کەمێک جەسارەتی نیشان داوە و تەنانەت فریای ئەوە نەکەوتووە بە تەواوی باری سەرنجی خۆی بڵێت. تەنیا گاڵتەی کردووە و لەم کارەیدا کەمێک گەرموگوڕیی پێوە دیار بووە، وەلێ دووچاری چ کۆتاییەکی جیدی و ترسناک بۆتەوە! ئیتر تەنانەت دونیای بە شێوازی خۆی خۆش دەویست. لە خەونەکانیدا فەرمانی بەسەردا دەدا و کەچی لەناکاودا!.. نا، سبەی، هەر سبەی، پێویستە هەموو پەیوەندییەکانی پێشوو وەک خۆیان لێبێتەوە، دەردەکان دەرمان بکرێن و کارەکان چاک بکرێنەوە، لە هەموویش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو هەرزەکارەی هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دێت و ئەم هەموو کێشەیەی دروست کردووە، دەبێت لەناو ببرێت.

بە هەستێکی دەردناک و بێئیرادەی خۆی ڕازومیخینی بیر کەوتەوە.. وەلێ لەو لایەنەوە زوو دڵنیا بوو، بە خۆی وت: "هەر ئەوە مابوو ئەویش بخەنە ئاستی منەوە" بەڵام ئەو کەسەی کە بە ڕاستی لێی دەترسا، سڤیدریگایلوڤ بوو.. بە کورتی چاوەڕوانی دەردەسەرییەکی زۆری دەکرد.

دونیا دایکی لە ئامێز گرتبوو، ماچی دەکرد و دەیوت:

- نا، من، من لە هەمووتان تاوانبارترم، من بە پارەکانی هەڵخەڵەتام، وەلێ سوێند دەخۆم، کاکە، هەرگیز وامنەدەزانی مرۆڤێکی هێند نامەرد

بێت، ئەگەر پێشتر چاک بمناسیبایە هەرگیز دەسخەڕۆی هیچ شتێک نەدەبووم. کاکە، سەرکۆنەم مەکە.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کەوتە ورتەورت:
- خودا ڕزگاری کردین، خودا خۆی ڕزگاری کردین.
ئەم قسانەی بەبێ بیرکردنەوە دەوت و پێدەچوو هێشتا بە چاکی درکی بەوە نەکردبێت کە ڕووی دابوو.
هەموویان خۆشحاڵ بوون و تەنانەت دوای پێنج دەقیقە کەوتنە پێکەنین، تەنیا دونیا نەبێت کاتێک ئەو پێشهاتەی بیر دەکەوتەوە، ڕەنگی سپی دەبوو و برۆکانی دەهاتنەوە یەک. پولخێریا ئەلێکساندروڤنا پێشتر هەرگیز بە بیریدا نەدەهات، کە ئەویش شادمان دەبێت. پەیوەندیبڕینی لەگەڵ لۆژیندا و لەو بەیانییەدا بە بەدبەختییەکی گەورە دەزانی. ڕازومیخین زۆر بەختەوەر بوو. هێشتا نەیدەویرا بە تەواوی بەختەوەرییەکەی خۆی دەربخات. وەلێ چۆن یەکێک تای لێهاتبێت، هەموو گیانی دەلەرزی، وەک ئەوە وابوو کە بارێکی گران لەسەر دڵی لاچووبێت. ئێستا دەیتوانی هەموو ژیانی ببەخشێتە ئەو دوو کەسە و خزمەتیان بکات.. بۆ کەم ڕوو دەدات کە پێشهاتی وا بێتە دی. بەڵام بە ترسەوە بیرەکانی ئایندەی لە خۆی دەتەراند و لە وێنا و خەیاڵەکانی خۆی دەترسا، تەنیا ڕاسکۆلنیکۆڤ بوو کە هەر لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشتبوو، تا ڕادەیەک ڕوو گرژ و بێتاقەت دەردەکەوت. ئەو کە لە هەموویان زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی لۆژین بکرێتە دەرەوە، ئێستا وەک ئەوە وابوو لەوان کەمتر بایەخ بە ڕووداوەکە بدات، دونیا لە خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە، کە هێشتا براکەی لێی تووڕەیە، پولخێریا ئەلێکساندروڤنایش بە ترسەوە تەماشای کوڕەکەی خۆی دەکرد.

دونیا لە ڕاسکۆلنیکۆڤ نزیک بووەوە و وتی:
- باشە، سڤیدریگالوف چی پێ وتیت؟
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە دەنگی بەرز وتی:
- ئاخ، بەڵێ، بەڵێ.. چی بوو..
ڕاسکۆلنیکۆڤ سەری بڵند کرد:
- بێگومان دەیەوێت دەهەزار ڕۆبڵ بدات بە تۆ و پێشی خۆشە بە ئامادەبوونی من جارێک تۆ ببینێت.
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری لێهەستا:
- بڕوانە! هەرگیز ئەوە ناکرێت، چۆن دەوێرێت پارە بە دونیا بدات!
ڕاسکۆلنیکۆڤ دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەو قسانەی لەگەڵ سڤیدریگایلوفدا کردبووی. (ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو) بەڵام ئەوەی نەگێڕایەوە، کە مارفا پتروڤنا لە دوای مردنی جارێکی دی دەرکەوتۆتەوە. ئەمەیش لەبەر ئەوەی لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور نەکەوێتەوە و شتی زیادە نەڵێت کە خۆی لە وتنی بێزارە.
دونیا پرسی:
- ئەی تۆ چۆن وەڵامیت دایەوە؟
- لە پێشا وتم کە هیچ شتێکی ئەو بە تۆ ناڵێم، وەلێ وتی ئەگەر وا بێت هەموو توانای بۆ بینینی تۆ بەکار دەهێنێت. جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەو سۆز و عەشقەی بەرانبەر بە تۆ هەیبوو، لە تراویلکە زیاتر هیچی دی نەبووە و لە ئێستادا هیچ هەستێکی لەو بابەتەی بۆ تۆ نییە.. بەڵام حەزی نەدەکرد تۆ ببیتە ژنی لۆژین.. تێکڕا قسەکانی فریوودەرانە بوون.
- ڕودیا، تۆ ڕات بەرانبەری چۆنە، چۆنی دەبینیت؟

- تێی ناگەم، دان بەوەدا دەنێم کە باش سەری لێ دەرناکەم. دەهەزار ڕۆبڵ پێشکەش دەکات و خۆیشی بە دەوڵەمەند دانانێت. دەڵێت نیازی سەفەری هەیە و دوای دە دەقیقە قسەکەی لە بیر دەچێتەوە، لەپڕێکدا دەڵێت نیازی وایە ژن بێنێت و خەریکن خوازبێنی بۆ دەکەن.. هەڵبەتە چەند ئامانجێکی هەیە و بێگومان ئامانجەکانی دزێون، لەوەیش ناچێت کە ئەو نیازی لەگەڵ تۆدا خراپ بووبێت یان بیەوێت گەوجایەتییەکی وا بکات.. بە ئاشکرا من لەباتیی تۆ پارەکەم بەیەکجاری و بەبێ سێودوو ڕەت کردووە. بەهەرحاڵ، بە کابرایەکی سەیر هاتە بەرچاوم.. نیشانەی شێتیم تیا بینی، ڕەنگە من هەڵە بم، یان لەوانەیە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە فریوویک بێت، پێدەچێت مەرگی مارفا پتروڤنا کاری تێکردبێت.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا وتی:

- خوا لەو ژنە خۆش بێت، تا بمێنم دوعای خێری بۆ دەکەم، دونیا بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر ئەو سێ هەزار ڕۆبڵە نەبووایە ئێمە ئیستا چیمان بەسەر دەهات! خودایا، دەڵێی لە ئاسمانەوە داکەوتووە ئاخ ڕودیا، بەیانی تەنیا سێ ڕۆبڵمان پێمابوو، من و دونیا تاقە ئومێدمان ئەوە بوو کە سەعاتەکەی دونیا بە بارمتە دابنیێن تا ناچار نەبین دەست لەو کابرایە پان بکەینەوە و پاشان خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت.

پێشنیازەکەی سڤیدریگایلوف لەڕادەبەدەر دونیای سەرسام کرد، هەر ڕاوەستابوو بیری دەکردەوە، دوایی ورتەورتێکی کرد و گیانی کەوتە لەرزین، بە خۆی وت: "بیرێکی ترسناکی لەژێر سەردایە".

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەو ساکاوییەی دونیا تێگەیشت و پێی وت:

- پێدەچێت بە ناچاری چەند جارێکی تر ببینمەوە.

ڕازومیخین بە گەرمییەوە وتی:
- چاودێریی دەکەم، شوێنپێی هەڵدەگرم! بۆ هەر کوێ بچێت، چاوی لێناتروکێنم، ڕودیا ڕێگەی پێداوم، کەمێک لەمەوبەر خۆی پێی وتم: "ئاگات لە خوشکم بێت" ئاڤدوتیا ڕومانوڤنا تۆ ئەڵێی چی؟ ڕێگەی ئەم کارەم پێدەدەیت؟
دونیا زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی بۆ درێژ کرد، بەڵام ترس لە دەموچاویدا کەم نەدەبووەوە. پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە ترسێکی شاراوەوە تەماشای کچەکەی خۆی کرد، بەهەرحاڵ، سێ هەزار ڕۆبڵ بە ئاشکرا دڵی دەدایەوە و ئاسوودەی دەکرد.
دوای چارەکە سەعاتێک هەموو لە گەرمەی باسوخواسدا بوون، تەنانەت ڕاسکۆلنیکۆڤ هەرچەندە قسەی نەدەکرد، بەڵام بە وردی گوێی گرتبوو. ڕازومیخین دابوویە دەمی و بە پەرۆشییەوە قسەی بۆ دەکردن:
- بۆچی، بۆچی دەتانەوێت بڕۆن! ئاخر لەو شارۆچکەیەدا چی دەکەن؟ لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لێرە هەمووتان پێکەوەن و بەتەنگ یەکترەوە دێن، نازانن چەند بۆ یەکدی پێویستن! باوەڕ بکەن، دەی، هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەم بمێننەوە، منیش بە هاورێی خۆتان بزانن و هاوبەشی هەموو شتێکتان. بەڵێنتان پێدەدەم کە کاری باش ڕایی بکەین. گوێ بگرن، من ئەمانەتان بە وردی بۆ باس دەکەم، گشت پلانەکە. هەر ئەم بەیانییە، پێش هەموو ئەم شتانەی کە ڕوویان دا، وام بە بیردا هات کە.. مەبەستم ئەوەیە من مامێکم هەیە (پێکتان دەناسێنم، پیرەمێردێکی زۆر بەڕێز و ڕێکوپێکە) هەزار ڕۆبڵ سەرمایەیەتی، وەلێ ژیانی بە مووچەی خانەنشینی بەسەر دەبات و پێویستی بە پارەی تر نییە. ئەوە دوو ساڵە وازم لێناهێنێت و سوورە

لەسەر ئەوەی کە هەزار ڕۆبڵەکەی لێوەربگرم و لەسەدا شەش قازانجی بدەمێ. من تێی دەگەم: ئەو تەنیا ئەوەی مەبەستە کە یارمەتیم بدات. ساڵی پار پێویستم پێی نەبوو، بەڵام ئەمساڵ چاوەڕێی هاتنی بووم و بڕیارم داوە پارەکەی لێوەربگرم، کەواتە ئێوەیش هەزار ڕۆبڵ بدەن. لەوسێ هەزار ڕۆبڵەی کە هەتانە، ئەمەیش وەک سەرەتایەک چاکە، بەم جۆرە دەبینە شەریک، بەڵام ئینجا چی بکەین؟

ڕازومیخین زیاتر کەوتە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی، باسی ئەوەی کرد کە تا ڕادەیەک خاوەن کتێبخانە و بڵاوکەرەوەکانی ئێمە کەمتر ئاگاداری چۆنایەتین، بۆیە زۆربەیان بڵاوکەرەوەیەکی خراپن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بڵاوکراوەی باش بەهەرحاڵ زیانی نییە و هەندێکجار کەڵکێکی باشیشی هەیە.

ڕازومیخین حەزی لە بڵاوکردنەوەی کتێب بوو، دوو ساڵی ڕێک بوو ئەو کارەی بۆ خەڵکی تر دەکرد. لە کاتێکدا کە سێ زمانی بێگانەی تا ڕادەیەکی باش دەزانی. هەرچەندە شەش ڕۆژ لەوەوبەر بە ڕاسکۆلنیکۆڤی وتبوو کە زمانە ئەڵمانییەکەی چاک نییە. بەڵام بەو مەبەستە ئەوەی پێ وتبوو، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ قایل بکات نیوەی کاری وەرگێڕانەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی و لەباتیی ئەوە سێ ڕۆبڵ وەربگرێت. بەڵام لەو بارەیەوە درۆی دەکرد و ڕاسکۆلنیکۆڤیش دەیزانی درۆ دەکات.

ڕازومیخین بە گەرمییەکی لەوەوبەر زیاترەوە وتی:

- بۆچی، بۆچی لەم دەرفەتەی هاتۆتە بەردەستمان سوود نەبینین. لە حاڵێکدا کە یەکێک لە گرنگترین کەرەسەکانی ئەو کارە، کە پارەیە، لەبەردەستماندایە؟ هەڵبەتە دەبێت هەوڵی زۆری بۆ بدەین، ئێمەیش ئەو زەحمەتەی بۆ دەکێشین. یەعنی ئێوە، ئاڤدوتیا ڕۆمانوڤنا، من و

ڕودیا.. گەلێک بڵاوکراوەکانی ئێستا دەرامەتێکی باشیان هەیە، گرنگ ئەوەیە بزانین کامە وەرگێڕان پێویستە، پێکەوە، هەم وەرگێڕان، هەم بڵاوکردنەوە و خوێندنیش دەکەین. هەنووکە من دەتوانم بەکەڵک و کاریگەر بم، چونکە ئەزموونم هەیە. نزیکەی دوو ساڵە لەگەڵ بڵاوکەرەوەکاندا هاتوچۆمان هەیە و لە هەموو بێنەوبەردەیەکیان شارەزام، باوەڕ بکەن کە ئەوانە موجیزە ناکەن! ئاخر، بۆ شتێک بۆ خۆمان نەپچڕین، نابێت هەروا دەرفەت لەدەست بدەین، خۆم دوو سێ کتێب دەزانم کە بە کەسم نەوتووە، لە هەر یەکێکیان، هەر تەنیا بە ناوهێنانیان بۆ مەبەستی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە ڕەنگە سەد ڕۆبڵم دەست بکەوێت. بەرهەمی تر هەیە تەنانەت بۆ پێنج سەد ڕۆبڵیش ناوی ناهێنم. دەڵێن چی؟ تازە ئەگەر بە هەندێک کەس بڵێم، لەوانەیە گومان بکەن. خەڵکێکی ئەمەندە گەوجن! هەموو دەردەسەرییەک کە پەیوەندیی بە چاپخانە و کاغەز و فرۆشتنەوە هەیە، ڕووبەڕووی منی بکەنەوە. هەموو کونوکەلەبەرەکانی دەزانم. لە بچووکەوە دەست پێبکەین بە گەورە دەگەین. هەر هیچ نەبێت خەرجیی ڕۆژانەمانی تیا دەبێت و بێگومانم کە زەرەر ناکەین.

چاوی دونیا دەدرەوشانەوە:

- دیمیتری پرۆکفیچ، هەموو ئەو شتانەی کە تۆ وتت، من زۆر پێم باشن.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا وتی:

- هەڵبەتە من هیچ لەم مەسەلەیە نازانم، دەشێت باش بێت، وەلێ بەهەرحاڵ، خوا خۆی دەیزانێت چۆنە. کارێکی تازەیە و ڕوو لە نادیارە، دیارە ئێمە ناچارین لێرە بمێنینەوە.. هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەم.

تەماشایەکی ڕودیایشی کرد.
دونیا پرسی:
- کاکە، تۆ دەڵێی چی؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:
- من وای بۆ دەچم بیرێکی زۆر باشی کردۆتەوە، هەڵبەتە ئێستا جارێ پێویست ناکات بیر لە دروستکردنی بنکەیەکی بڵاوکردنەوە بکەینەوە. وەلێ دەتوانین زۆر سەرکەوتوانە پێنج شەش کتێب بڵاو بکەینەوە، خۆیشم بە بەرهەمێک دەزانم، کە بێگومانم فرۆشی زۆر دەبێت.. لە لایەنی ڕازومیخینیشەوە دڵنیا بن، خۆی دەزانێت چی دەکات. بەهەرحاڵ، دەرفەتی زیاترمان هەیە بۆ قسەلەسەرکردنی..
ڕازومیخین بە دەنگی بەرز وتی:
- بژیت. کەواتە گوێ بگرن، لێرەدا. هەر لەم تەلارەدا ئاپارتمانێک هەیە هی خاوەنی ئەم شوێنەیە، ئاپارتمانێکی تایبەتی و جیاوازە و ڕێگەی نایەتەوە سەر ئەم ژوورانە، هەموو شتێکی تێدایە، نرخەکەیشی گونجاوە و سێ ژووری تیایە. باشە، بۆ دەستپێکردنی کارەکە بڕۆنە ناوی، هەر بەیانی سەعاتەکەت دەخەمە بارمتە و پارەکە دێنم و ئیدی هەموو شتێک دروست دەبێت. گرنگ ئەوەیە کە دەتوانن پێکەوە تیایدا بژین و ڕودیایشتان لەگەڵدا بێت.. ها! ڕودیا بۆ کوێ دەچیت؟
پولخێریا ئەلێکساندروڤنا بە سەرسامییەوە پرسی:
- چییە، ڕودیا، دەتەوێت بڕۆیت؟
ڕازومیخین بە بێزارییەوە دەنگی لێهەڵبڕی:
- لەم کاتەیشدا؟

دونیا بە ساکاوییەکی تێکەڵ بە بڕواپێنەکردنەوە تەماشای کاکی کرد. ڕودیا کڵاوەکەی بە دەستەوە و ئامادەی چوونە دەرەوە بوو، بە دەنگێکی سەیرەوە وتی:

- پێدەچێت بتانەوێت لە گۆڕم نێن، یان بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لەگەڵدا بکەن.

پاشان زەردەخەنەیەکی کرد کە لە ڕاستیدا زەردەخەنەیش نەبوو، بێئیرادە وتی:

- کێ چووزانێت؟ ڕەنگە ئەمە دواجار بێت کە یەکدی ببینین.

ئەو دەیویست ئەمە تەنیا بۆ خۆی بڵێت، کەچی بیرۆکەکە هەر لە خۆیەوە بە دەنگی بەرز وترا.

دایکی هاواری لێکرد:

- تۆ چیتە؟

دونیا بە دەنگێکی تایبەتییەوە پرسی:

- ڕودیا، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

- هیچ، دەبێت بڕۆم.

وەڵامەکەی هیچی بە دەستەوە نەدا و وایش وتی، دەتوت خۆیشی بەگومان بێت لە وتنی، بەڵام لە دەموچاویدا وا دەردەکەوت کە بڕیاری تەواوی دابێت.

- کاتێک کە بۆ ئێرە دەهاتم.. دەمویست بڵێم.. بە ئێوە و بە تۆ، دونیا، دەمویست بڵێم کە بۆ ئێمە وا باشترە تا ماوەیەک لە یەکتری دوور بین، من حاڵم باش نییە، ناڕەحەتم.. پاشان دێم، خۆم دێم. هەر کاتێک بتوانم، لە بیرمن و خۆشم دەوێن، لێم بگەڕێن، با بە تەنیا بژیم، من ئەم بڕیارەم پێشتر دابوو.. ئەمە بڕیارێکە پاشگەزبوونەوەی تیا نییە، هەرچیەکم بەسەر دێت، لەناو بچم یان نا، حەز دەکەم تەنیا بم، بە

تەواویی لە بیر خۆتانم بەرنەوە، ئەمەیان باشترە. بەدوامدا مەگەڕێن، هەر کاتێک کە پێویست بوو خۆم دێم یان.. ئاگادارتان دەکەمەوە، بەڵکو هەموو شتێک لە نوێ ببووژێتەوە.. بەڵام لە ئێستادا، ئەگەر خۆشتان دەوێم، لێم ببوورن.. ئەگینا نەفرەتتان لێدەکەم، من وا هەست دەکەم.. خواتان لەگەڵ.

پولخێریا ئەلێکساندروڤنا هاواری کرد:

- خودا گیان!

پێکەوە دایک و خوشک سەرسام ببوون، ڕازومیخینیش هەروا.

دایکی بێچارە پاڕایەوە:

- ڕودیا، ڕودیا، با ئاشت ببینەوە، وەرە با وەک جاران وابین، بەڵام ئەو لەسەرخۆ بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و لە ژوورەکە چووە دەرێ، دونیا کەوتە دوای و بە نیگایەک کە تووڕەیی تیا دەبریسکایەوە، وتی:

- کاکە، ئەی ئێمە چی بکەین؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ کەمێک لێی ڕاما و بە دەنگێک، کە لە ڕاستیدا دەتوت خۆیشی نازانێت چی دەڵێت، وتی:

- هیچ نییە، دێم بۆ لاتان، سەرتان لێدەدەم

دونیا قیژاندی:

- بێهەستی خۆپەرست، درندە.

ڕازومیخین توند دەستی دونیای گوشی و بە گوێیدا چرپاند:

- شێتە، شێت، نەک بێهەست، ئەقڵی لەدەست داوە، بەڕاست هەستی پێناکەیت؟ تۆیش هەستت نییە ئەگەر بەمە نەزانیت.

پاشان ڕازومیخین ڕووی لە پولخێریا ئەلێکساندروڤنا کرد، کە دەتوت لە جێگاکەی خۆیدا بەستوویەتی و پێی وت:

- هەر ئێستا دەگەڕێمەوە!

لە ژوورەکە چووە دەرێ، ڕاسکۆلنیکۆڤ لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا چاوەڕێی بوو و پێی وت:
- زانیم بەدوامدا ڕادەکەیتە دەرەوە، بگەڕێرەوە لایان و لەگەڵیاندا بە.. سبەینێش هەر لایان بە.. هەر لایان بە، من.. ڕەنگە بێم.. ئەگەر بتوانم، خوات لەگەڵ.
بێ ئەوەیش کە دەستی بۆ درێژ بکات ڕۆیشت. ڕازومیخین کە بە تەواوی شڵەژابوو، کەوتبووە بۆڵەبۆڵ:
- ئاخر بۆ کوێ دەچیت؟ چیتە؟ چی دەکەیت؟ باشە وا دەبێت؟
ڕاسکۆلنیکۆڤ دیسانەوە وەستایەوە و وتی:
- بۆ یەکجاری پێت دەڵێم، هەرگیز لەبارەی هیچ شتێکەوە لێم مەپرسە، چونکە من وەڵامی تۆم لانییە.. مەیەرە لام، ڕەنگە خۆم بێم بۆ ئێرە.. واز لە من بهێنە، بەڵام واز لەوان مەهێنە، تێم دەگەیت؟
ڕاڕەوەکە تاریک بوو، ئەوان لە نزیک چراکەوە وەستابوون، بۆ چرکەساتێک لەیەکتریان ڕوانی. ڕازومیخین بە درێژایی تەمەنی ئەو چرکەساتەی لە یاد ناچێت. ڕوانینە ئاگرین و تیژەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەتوت تادێت توند و بەهێزتر دەبێت و دەچێتە ناو قوڵایی گیان و دەروونی ڕازومیخینەوە. لەپڕێکدا ڕازومیخین موچرکێکی پێدا هات. وەک ئەوەی شتێکی سەیر کەوتبێتە نێوانیانەوە.. وەک بیرۆکەیەکی بەئاماژە بێت لە نێوانیاندا، شتێکی دزێو و ترسناک، کە هەردووکیان پێی بزانن.. ڕازومیخین ڕەنگی مردووی لێ نیشت.
لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕوویەکی گیراوی نەخۆش ئاساوە وتی:
- ئێستا تێگەیشتیت؟ دە بگەڕێرەوە بۆ لای ئەوان...
ئەمەی وت و خێرا پشتی تێکرد و لە ماڵەکە چووە دەرێ.

ئیتر من باس لەوە ناکەم کە دوای ئەوە چی لە ماڵی پولخێریا ئەلێکساندروڤنا ڕووی دا، چۆن ڕازومیخین گەڕایەوە لای ژنەکان و دڵی دانەوە، سوێند و دڵنیاکردنیان لەسەر حەسانەوەی ڕاسکۆلنیکۆڤ، ڕازومیخین لەوە دڵنیای کردن کە ڕودیا هەموو ڕۆژێک سەردانیان دەکات و دەیوت ئەو زۆر زۆر نەخۆشە و نابێت تووڕە بکرێت. بەڵێنی ئەوەیشی دا کە خۆی ئاگاداریی لێبکات و پزیشکێکی چاکی بەرێتە سەر، باشترین پزیشک، هەروەها لیژنەیەکی پزیشکی بۆ ساز بکات.. بە کورتی ئەو شەوە ڕازومیخین بۆ ئەوان بوو بە کوڕ و برا.

٤

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست بەرەو ماڵی سۆنیا تێی کێشا، کە لە پاڵ ڕووبارێکدا بوو. خانوویەکی سێ قات، کۆن و ڕەنگ سەوز، هەر چۆنێک بوو، پاسەوانەکەی دۆزیەوە و ناونیشانێکی سەرپێی ماڵی کاپێرناومۆڤی خەیاتی بەدەست هێنا. دوای ئەوەی لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا، ڕێگەی نەردەوانە تەنگ و تاریکەکەی دۆزیەوە، چووە سەرەوە، گەیشتە نهۆمی دووەم و چووە هەیوانێکەوە، کە بەسەر حەوشەکەدا دەیڕوانی. کاتێک لە تاریکییەکەدا سەرگەردان و نەیدەزانی چۆن ماڵەکەی کاپێرناومۆڤ پەیدا بکات، لە ناکاودا سێ هەنگاو لەولایەوە دەرگایەک کرایەوە، ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو بە دەرگاکەوە نووسا.

دەنگی ژنێکی ترساو هات و پرسی:

- ئەوە کێیە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:

- منم.. هاتووم بۆ لای تۆ.
چوە ڕاڕەوە چکۆڵەکەوە، لەوێ لەسەر کورسییەکی شکاو، مۆمێک لە مۆمدانێکی مسی قوپاودا دەسووتا.
سۆنیا لە جێگاکەیدا چەقی، هاوارێکی کپی لێوەهات!
- ئەمە تۆیت؟ ئای خودایە!
- کامەیە ژوورەکەت؟ لێرەوەیە؟
بەبێ ئەوەی تەماشای سۆنیا بکات، ڕاسکۆلنیکۆف هەوڵی دا زووتر بڕواتە ژوورەکەوە.
دوای دەقیقەیەک سۆنیایش بە مۆمێکەوە چووە ژوورەوە، مۆمەکەی لە شوێنێکدا دانا و خۆی بەرانبەر بە ڕاسکۆلنیکۆف ڕاوەستا، تەواو شپرزە بوو، لەم دیدەنییە ناوەختە ترسێکی وای لێنیشت، کە ناتوانرێت باس بکرێت، لەپڕێکدا دەموچاوە هەڵبزرکاوەکەی سوور داگەڕا و فرمێسک لە چاویدا قەتیس ما.. لە یەک کاتدا هەستی بە شەرم و هەڵچون و شادمانی دەکرد.. ڕاسکۆلنیکۆف خێرا ڕووی لێوەرگێڕا، لەسەر کورسییەکی بەردەم مێزێک دانیشت، بە نیگایەکی خێرا هەموو ژوورەکەی پشکنی.
ژوورەکە گەورە و بنمیچێکی زۆر نزمی هەبوو، ئەمە تاقە ژوورێک بوو، کە لە خانووەکەی کاپێرناومۆڤ جیا ببووەوە، دەرگای هاوبەش و هەمیشە قفڵێدراویان کەوتبووە دیواری لای چەپەوە، لە بەرانبەردا، لە دیواری لای ڕاستەوە، دەرگایەکی تر هەبوو کە بەردەوام ئەویش بە قفڵ داخرابوو. لەولای خانووەکەوە، دراوسێیەکی تریان هەبوو ژمارەکەیان جیاواز بوو، ژوورەکەی سۆنیا زیاتر لە ئەمباری دەکرد.. شێوەی چوارگۆشەیەکی نارێکی هەبوو، بۆیە دیمەنەکەی ناجۆر دەینواند، دیوارێکی کەلوکۆم کە بەسێ پەنجەرەوە بەسەر

ڕووبارەکەدا دەیڕوانی، لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری ژوورەکە کشابوو، سووچێکی ژوورەکە بە گۆشەیەکی تیژ کۆتایی دەهات و بە تەواویی نەدەزانرا تا کوێ دەڕوات. لەبەر ڕوناکایی کەمی مۆمەکەدا، نەتدەتوانی شتەکان لە یەکدی جیا بکەیتەوە. بەڵام گۆشەکەی تر، بە پێچەوانەی ئەوەوە، زیاد لە پێویست فراوان بوو، لە هەموو ئەو ژوورە گەورەیەدا تا ڕادەیەک هیچ کەرەسەیەکی ماڵی تیا نەبوو. لە سووچێکی لای ڕاستەوە، تەختە خەوێک و لە پاڵیا و نزیک بە دەرگاکە کورسییەک دانرابوو، لە پاڵ هەمان ئەو دیوارەدا کە تەختە خەوەکەی لاوە بوو، هەر نزیک بەو دەرگایەی کە دەڕۆیشتە ماڵە دراوسێکەوە، مێزێکی سادەی دار سفرەیەکی شینی لەسەر داخرابوو. لە پاڵ مێزەکەدا دوو کورسی پووش، لە پاڵ دیوارەکەی بەرانبەر و نزیک بە گۆشە تیژەکە دۆڵابێکی بچووک کە لە داری سادە دروست کرابوو و لەو ناوە خاڵییەدا چ جێگایەکی نەدەگرت، دانرابوو. ئەمە هەموو کەرەسە و مۆبیلیاتی ناو ژوورەکە بوو، لە سووچێکی ژوورەکەدا، کاغەزی زەردی دیواری کۆن و بەکارهاتوو، لە ڕەشیدا دەبریسکایەوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەم ژوورە لە زستاندا شێدار و نیشانەی هەژاریی پێوە دیار بوو: تەنانەت بە دەوری جێخەوتنەکەدا پەردەیەک نەکێشرابوو.

سۆنیا بێدەنگ بە میوانەکەیدا هەڵیدەڕوانی کە بە وردی و بەبێ ئەوەی شەرمی لێبێت، تەماشای ژوورەکەی دەکرد، وای لێدەڕوانی سەرئەنجام لە ترسا، وەک لە بەردەم دادوەر و فەرمانڕەوایەکدا چاوەڕێی چارەنووسی خۆی بکات، کەوتە لەرزین.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە هێشتا سەری هەڵنەبڕیبوو تەماشای ئەو بکات، پرسی:

- درەنگ هاتووم، بووە بە سەعات یانزە؟
سۆنیا لەبەر خۆیەوە وتی:
- بەڵێ.
پاشان وەک ئەوەی تەواوی ڕێگەچارەکەی لەمەدا بێت، بەپەلە وتی:
- ئاە، بەڵێ، سەعات یانزەیە، هەر ئێستا سەعاتی دراوسێکەمان لێی دا.. خۆم گوێم لێبوو، بەڵێ سەعات یانزەیە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕوویەکی گرژەوە وتی:
- ئەمە دواجارە دێم بۆ لات (لەڕاستیدا ئەمە یەکەمجار بوو بچێتە ئەوێ) ڕەنگە ئیتر نەتبینمەوە.
- سەفەر دەکەیت؟
- نازانم.. سبەی دەردەکەوێت.
سۆنیا بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پرسی:
- کەواتە تۆ بەیانی نایەیت بۆ لای کاترینا ئیڤانۆڤنا؟
- نازانم، هەموو شتێک بەیانی دەردەکەوێت.. بەڵام قسەکە لەمەدایە، هاتووم شتێکت پێبڵێم..
ڕاسکۆلنیکۆڤ نیگایەکی خەیاڵاوییانەی کرد و لەپڕێکدا لەوە بە ئاگا هاتەوە کە خۆی دانیشتووە و سۆنیا هەر بەرانبەری بە پێوە وەستاوە. بۆیە کتوپڕ دەنگی گۆڕا، بە هێوری و میهرەبانییەوە وتی:
- بۆ وەستاوی؟ دابنیشە.
سۆنیا دانیشت، ڕاسکۆلنیکۆڤ بۆ چرکەیەک ڕووخۆش و تا ڕادەیەک بە سۆزەوە لێی ڕوانی.
- تۆ چەند لاوازیت! تەماشای دەستت بکە! زۆر شەفافن.. پەنجەکانت لە پەنجەی مردوو دەچێت.

دەستی سۆنیای خستە ناو دەستی، سۆنیا زەردەخەنەیەکی ناتەواوی کرد و وتی:

- من هەمیشە وابووم.

- لەو کاتانەیشدا کە لە ماڵی کەسوکارت بوویت؟

- بەڵێ.

- کەواتە، هەڵبەتە!

دیسانەوە کتوپڕ دەموچاو و دەنگی گۆڕا، جارێکی تر بە ژوورەکەدا هەڵیڕوانییەوە.

- تۆ ئێرەت لە کاپەرناومۆڤ بە کرێ گرتووە؟

- بەڵێ.

- ئەوان لەولاوە، لە پشت دەرگاکەوەن؟

- بەڵێ، ژوورەکەی ئەوانیش هەر ئاوایە.

- هەموویان لە ژوورێکدان؟

- بەڵێ هەموویان لە ژوورێکدان.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ڕوویەکی گرژەوە وتی:

- ئەگەر لە شوێنی تۆبام، شەوانە لێرەدا دەترسام.

سۆنیا کە پێدەچوو هێشتا نەهاتبێتەوە سەر خۆی و نەیدەزانی مەسەلەکە چییە، وەڵامی دایەوە:

- خاوەن ماڵەکە گەلێک باش و میهرەبانە.. هەموو ئەم شتانەیش هی ئەون، خێزانەکە هەموو دڵسۆزن و زۆرجار مناڵەکانیان دێنە لام..

- ئەوانەن کە زمانیان دەیگرێت؟

- بەڵێ.. مێردەکە زمانی دەیگرێت و کەمێکیش دەشەلێت، ژنەکەیشی هەروایە، نەک هەر زمانی بیگرێت.. بەڵکو لەوە دەچێت نەتوانێت بە تەواوی پیتەکانیش بڵێت. زۆر دڵسۆزە. مێردەکەی لە نۆکەرە

کۆنەکانە. حەوت منالیان هەیە.. تەنیا کوڕە گەورەکەیان زمانی دەیگرێت.. ئەوانی تر نەخۆشن، بەڵام زمانیان نایگرێت.. دوایی بە کەمێک سەرسووڕمانەوە پرسی:

- تۆ چۆن لەبارەی ئەمانەوە ئەو شتانە دەزانیت؟

- باوکت هەموو ئەم شتانەی بۆ باس کردووم، هەموو شتێکی لەبارەی ئێوەوە پێوتووم. باسی ئەوەی بۆ کردووم کە چۆن تۆ سەعات شەش چوویتەتە دەرەوە و سەعات هەشت گەڕاویتەوە، ئەوەیشی بۆ باس کردووم چۆن کاترینا ئیڤانۆڤنا لە بەردەم جێخەوەکەتدا کەوتۆتە سەر ئەژنۆ.

سۆنیا کەمێک بێتاقەت بوو، بە گومانەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

- وادەزانم ئەمڕۆ دیومە.

- کێ؟

- باوکم، بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشتم، لەوێ، لە پێچەکەدا، دوای سەعات نۆ، وەک لە پێشمەوە بێت وابوو، هەر بە تەواوی خۆی بوو، من دەمویست بڕۆم بۆ لای کاترینا ئیڤانۆڤنا..

- پیاسەت دەکرد؟

سۆنیا خێرا وتی:

- بەڵێ.

پاشان دیسانەوە شڵەژا و چاوی داخست.

- ئەوسا کە لەگەڵ باوکتا دەژیایت، کاترینا ئیڤانۆڤنا لێی دەدایت؟

- وای، نا، تۆ ئەڵێی چی، ئەڵێی چی، نا!

تەنانەت بە کەمە ترسێکەوە لە ڕاسکۆلنیکۆڤی ڕوانی.

- کەواتە خۆشت دەوێت؟

سۆنیا کتوپڕ وەک دەستی ئازاری هەبێت/ گرمۆڵەی کردن و بەدەنگێک کە بۆنی سکاڵای لێدەهات وتی:
- ئەو؟ باشە، هەڵبەتە! ئاه، تۆ ئەو.. ئەگەر تۆ بتناسیایە، ئاخر هەر تەواو لە منداڵ دەچێت.. بە تەواوی ئەقڵی تێک چووە... لە بەدبەختی، لە کاتێکدا کە چەند ئاقڵ بوو.. چەند زرنگ بوو، چەند دڵسۆز بوو! تۆ هیچ، هیچ نازانیت.. ئاه.
سۆنیا ئەم وشانەی زۆر بە نائومێدییەوە وت، غەمبار و پەشۆکاو دەهاتە بەرچاو، لە ناڕەحەتیدا دەستی هەڵدەگلۆفت. ڕوومەتە ڕەنگپەڕیووەکەی دیسانەوە سوور داگەڕانەوە، لە چاویدا نیشانەی خەمێکی زۆر دەردەکەوت. دیار بوو سۆزەکان تەواو دەروونیان هێنابووە جۆش، حەزی دەکرد شتێک بڵێت، داخی دەروونی بڕێژێت و پشتیوانیی لە کاترینا ئیڤانۆڤنا بکات. لەپڕێکدا کڵپەی سۆزێکی زۆر گەرم کە لە کوژانەوە نەیەت بەسەر دەموچاویەوە دەرکەوت.
- لێی دەدام؟ تۆ ئەڵێی چی؟ خودایا، لێی دەدام؟ با بڵێین باشە لێی داوم، ئینجا چییە! دەی، چییە؟ تۆ هیچ، هیچ نازانیت.. ئەو ئەوەندە بەدبەختە، ئای کە بەدبەختە! نەخۆشیشە.. ئەو وێڵی دوای دادپەروەرییە.. پاکە، بڕوای وایە دەبێت لە هەموو شتێکدا دادپەروەری هەبێت، ئەو دادپەروەریی گەرەکە.. تەنانەت ئەگەر ئازاریشی پێبگەیەنیت، نادادپەروەری ناکات. ئەو وای نابینێت کە مرۆڤ نەتوانێت هەمیشە دادپەروەر بێت، لەم لایەنەوە تووڕە دەبێت.. تەواو وەک منداڵ، وەک منداڵ! دادپەروەرە، دادپەروەر.
- باشە، تۆ چیت بەسەر دێت؟
سۆنیا تەماشایەکی پرسیارئامێزی لێکرد:
ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- ئاخر، ئاخر، ئەوان بەَ تەنیا تۆیان هەیە، ڕاستە کە پێشتریش هەموو بارەکەی ئەوان بە کۆڵی تۆوە بووە. تەنانەت ئەو خوالێخۆشبووە بۆ خومارشکێنی هاتۆتە لای تۆ، باشە، ئەی ئێستا چۆن؟

سۆنیا بە خەمبارییەوە وتی:

- نازانم.

- ئەوان هەر لێرە دەمێننەوە؟

- نازانم، ئەوان قەرزاری خاوەن خانووەکەیانن، ئەمڕۆ گوێم لێبوو خاوەن ماڵەکەیان بە دەنگی بەرز دەیوت دەبێت بڕۆنە دەرەوە، کاترینا ئیڤانۆڤنایش دەڵێت لەوێ نامێنێتەوە.

- چۆن دەوێرێت ئەو قسەیە بکات؟ پشتی بە تۆ قایمە؟

لەپڕێکدا سۆنیا وەک کەنارییەک یان وەک باڵندەیەکی بچووک کە بێزار بووبێت، دیسانەوە نیگەران و تەنانەت ڕک گرتییەوە و وتی:

- ئاخ نا، قسەی وا مەکە.. ئێمە یەکێکین، ژیانێکی هاوبەشمان هەیە، لە ڕاستیشدا دەتوانێت چی بکات؟ دەتوانێت چی بکات؟ چی؟

سۆنیا هەر بەو گەرمی و تووڕەییەوە بەردەوام بوو لە پرسیارکردنەکە:

- ئەگەر بتزانیایە ئەمڕۆ چەند گریاوە! ئاوەزی تێک چووبوو. تۆ بەوەت نەزانیووە؟ بە ڕاستی تێک چووە، هەندێکجار وەک منداڵ نیگەرانی دایدەگرێت تا سبەینێ هەموو شتێک بە شێوەیەکی شایستە لەَ جێگای خۆیدا بێت، خۆراک تەواو بەش بکات و خوانەکان پڕ بن. جاری وایش هەیە دەستی هەڵدەگۆڤێت، خوێن هەڵدەهێنێتەوە، دەگری و لەپڕێکدا لەتاو نائومێدی سەری خۆی بە دیواردا دەکێشێت، پاشان جارێکی دی هێور دەبێتەوە، هومێدی بە تۆیە، دەڵێت ئێستا تۆ کۆمەکی دەکەیت. بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت، لە شوێنێک هەندێ پارە

قەرز بکات و بڕواتەوە شارەکەی خۆی، ئێمەیش لەگەڵ خۆیدا ببات و لەوێ بۆ کچانی خێزانە خانەدانەکان قوتابخانە بکاتەوە و منیش بکاتە سەرپەرشتیاریان، ئەوسا ژیانێکی تازە و قەشەنگ دەست پێبکاتەوە. ماچم دەکات و لە ئامێزیم دەگرێ و دڵم دەداتەوە. لە ڕاستیشدا بڕوای بە هەموو ئەمانە هەیە. نازانیت چەندە بڕوای بە خەونەکانی خۆی هەیە! بۆ دەکرێت چەندوچوونی لەگەڵدا بکەیت؟ هەرگیز. بە درێژایی ڕۆژەکە خۆی سەرقاڵی پاکوخاوێنی و چاککردنی تابووتەکە بوو، تەنانەت بەو بێهێزییەی خۆیەوە تابووتەکەی ڕاکێشایە ژوورەوە و ئیتر خۆی کەوت. ئەمڕۆیش هەردووکمان چووین بۆ بازاڕ، تا پێڵاو بۆ پولیچکا و لینا بکڕین، چونکە پێڵاویان بە پێوە نەماوە، بەڵام پارەمان کەم پێبوو، زۆر کورتی هێنا.. ئەو پێڵاوی زۆر جوانی بۆ هەڵبژاردبوون، لەبەر ئەوەی، وەک خۆت دەزانیت، ئەو خاوەن سەلیقە و زەوقە. بۆیە هەر لەوێدا، لە دووکانەکەدا دایە پڕمەی گریان، هەر لە بەردەم دوکاندارەکاندا، چونکە پارەی کەم پێبوو.. ئاخ، نازانیت دیمەنەکەی چەند کاریگەر بوو!

ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەخەنەیەکی تەوساویی هاتێ و وتی:

- چاکە، کەواتە ئاشکرایە تۆ مەبەستتە وا بژیت..

سۆنیا دیسانەوە هاواری لێهەستا:

- تۆ دڵت پێی ناسوتێت؟ بەزەییت پیا نایەتەوە؟ ئاخر تۆ، من دەزانم، دوافلسی خۆتت دایە، بەبێ ئەوەی هێشتا شتێک لەبارەیەوە بزانیت، خۆ ئەگەر هەموو شتێکت دەبینی و دەتزانی، ئەوسا، ئای خودایا! ئەگەر دەتزانی چەند جار من ئەوم کردۆتە گریان! هەر هەفتەی پێشوو، وای لە خۆم! تەنیا یەک هەفتە پێش ئەوەی باوکم بمرێت، من

چ کارێکی زاڵمانەم کرد! تا ئێستا چەند جارێک ئەو کارەم کردووە، کە ئێستا بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، خەم و ئازارێکی زۆرم تێدەگەڕێت.. سۆنیا لەتاو ئازاری ئەو یادەوەرییانە، وا پەنجەی هەڵدەگلۆفت دەتوت بەتەمای شکاندنیانە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:

- کەواتە تۆ دڵڕەقیت؟

سۆنیا بەدەم گریانەوە وتی:

- بەڵێ، من، من، من ئەو ڕۆژە هاتبووم بۆ سەردانیان، خوالێخۆشبوو پێی وتم: "سۆنیا، بۆم بخوێنەوە، نازانم بۆ سەرم دێشێت، بۆم بخوێنەوە.. وەرە، ئەمەیش کتێبەکە". نەمزانی کتێبەکە چی بوو، لە ئاندرێ سمیونوڤیچی وەرگرتبوو، واتا لە لیبێزیاتینکۆڤ، ئەو لێرە دەژی و کتێبی سەیر دێنێت. وتم: "دەبێت بڕۆم". نەمویست بیخوێنمەوە. من بۆیە سەرم دابوون تا یەخەکان پیشانی کاترینا ئیڤانۆڤنا بدەم. لیزاڤێتای دەڵاڵ یەخە و سەردەستی جوان و تازەی هێنابوو، کە نەخشونیگاریان لەسەر بوو. کاترینا ئیڤانۆڤنا زۆر خۆشی لێیان هات. کردنی بە جلەکانییەوە و لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی کرد و گەلێک پەسەندی بوو، وتی: "سۆنیا تکات لێدەکەم بیانده بە من، پێمی ببەخشە". زۆری دڵ پێوە بوون، وەلێ بۆ ئێستا چی لێدەکردن؟ تەنیا ئەوەی هەبوو، کە یادی ڕۆژانی ڕابووردووی پێدەکردنەوە. لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی دەکرد و سەری لە خۆی سووڕدەما، وەلێ ئەو کە هیچ بەرگێکی شیاوی نەبوو، چەند ساڵێکیشە هیچی نییە، هەرگیز داوای هیچی لە کەس نەکردووە. لووتبەرزە. ئەو زیاتر ئەوەی پێخۆشە کە شتی خۆی بە خەڵکی بدات. کەچی لەپڕێکدا داوای کرد، چونکە زۆری لا جوان بوون. منیش حەیفم لێهات ئەوانەی

بدەمێ و وتم: "تۆ تازە بۆ چیتە، کاترینا ئیڤانۆڤنا؟" بەڵێ وام پێوت: "تۆ تازە بۆ چیتە؟" نەدەبووایە ئەم قسەیەم بکردایە، لە تەماشاکردنەکەیدا دیار بوو وەڵامەکەم چەندە سەخت بووە. نازانیت ڕوانینەکەی چ خەم و کەسەرێکی تیابوو.. ئەو دڵی بۆ یەخەکان نەدەسووتا، ئەوەی لا ناخۆش بوو کە من بەو جۆرە وەڵامیم دابووەوە. من ئەمەم بە ئاشکرا بینی. ئاخ! خۆزگا توانیبام هەموو شتێکم بگێڕایەتە دواوە، هەموو ئەو شتەی کە ڕووی دابوون، دەمگۆڕین.. واتا ئەو قسانەی کە کردبووم.. هاوار لە خۆم.. بەڵام چی؟.. لای تۆ گشتی وەک یەکە و هیچ مەبەستت نییە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ پرسی:

- تۆ لیزاڤێتای دەڵاڵت دەناسی؟

سۆنیا بە کەمێک سەرسووڕمانەوە وتی:

- بەڵێ.. ئەی تۆ نەتدەناسی؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای کەمێک بێدەنگی بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، وتی:

- کاترینا ئیڤانۆڤنا نەخۆشیی سیلەکەی زۆر سەختە و بەم زوانە دەمرێت.

- ئاخ، نا،نا.

سۆنیا بێئاگا لە خۆی پەلاماری هەردوو دەستی ئەوی دا، وەک ئەوەی داوای لێبکات کە نابێت ئەوە ڕوو بدات.

- ئاخر ئەوە چاکترە کە بمرێت.

سۆنیا بە ترسێکی زۆرەوە و بەبێ ئەوەی بزانێت چی دەڵێت، دیسانەوە وتی:

- نا چاکتر نییە، بە هیچ جۆرێک چاکتر نییە.

- ئەی منالەکان چۆن؟ ئەگەر نەیانهێنیتە لای خۆت، ئەی بۆ کوێیان دەبەیت؟

سۆنیا سەری خۆی نابووە نێوان هەردوو دەستیەوە و زۆر بە نائومێدیەوە هاواری کرد:

- ئاخ، نازانم!

دیار بوو ئەو بیرۆکەیەی تا ئێستا چەند جارێک بە بیردا هاتبوو، وەلێ ڕاسکۆلنیکۆڤ وا سەرلەنوێ تازەی کردەوە.

لاوەکە بێبەزەییانە جەختی دەکرد:

- باشە، ئەی ئەگەر تۆ پێش مردنی کاترینا ئیڤانۆڤنا نەخۆش بکەویت و بتبەن بۆ نەخۆشخانە، ئەوسا چی ڕوو دەدات؟

- ئاخ، تۆ چی دەڵێیت، چی دەڵێیت؟ ئەمەیان هەرنابێت.

لە تاوا دەموچاوی سۆنیا بە تەواوی تێک چوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەیەکی تەوساوی و بێبەزەییانەی هاتێ و لەسەری ڕۆشت:

- بۆ نابێت؟ بۆ بە ڕاستی تۆ گرنتیی ئەوەت داوە کە نەخۆش نەکەویت؟ ئەگەر ڕووی دا، ئەوان چییان بەسەر دێت؟ هەموویان دەکەونە ناو کۆڵانەکان، کاترینا ئیڤانۆڤنا دەکۆکێ و دەکەوێتە دەرۆزەکردن، وەک ئەمڕۆ سەری بە دیواردا دەکێشێت و منداڵەکانیش دەگرین.. پاشان دەکەوێت، دەیبەنە پۆلیسخانە و ئینجا بۆ نەخۆشخانە و لە دواییشدا دەمرێت، منداڵەکانیش..

- ئاخ نا، نا، خوا ئەوە ناکات.

ئەم وشانە لە سنگی گیراوی سۆنیاوە بە زەحمەت دەردەچوون. زەبوونانە گوێی گرتبوو، وەک بلاڵێتەوە، دەستی نابوونە سەر یەک و

وا لە ڕاسکۆلنیکۆڤی دەڕوانی، دەتوت هەموو شتێک بەوەوە بەستراوەتەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستا و لە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆکردن، چرکەساتێک تێپەڕی، سۆنیا هەر وەستابوو، بە خەمێکی گەلێک زۆرەوە هەردوو دەستی بەردابووەوە و سەری داخستبوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ناکاوێکدا بەرانبەر بە سۆنیا وەستا و پرسی:
- ناتوانیت پاشەکەوت بکەیت؟ بۆ ڕۆژانی ڕەش، نەوەکا؟!
سۆنیا لەبەر خۆیەوە وتی:
- نا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەوسەوە وتی:
- هەڵبەتە نا! بەڵام هەوڵت دا؟
- بەڵێ هەوڵم دا.
- نەگەیشتە ئەنجام! بێگومان وایە، هیچ پێویست بە پرسیار ناکات.
دیسانەوە لە ژوورەکەدا کەوتەوە هاتوچۆ، دەقیقەیەکی تر تێپەڕی.
- دیارە هەموو ڕۆژێک دەستکەوتت نییە؟
سۆنیا بە تەواوی شڵەژا و خوێن پەڕییە دەموچاوی، زۆری لە خۆی کرد و وتی:
- نا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کتوپڕ وتی:
- بێگومان ئایینده‌ی پولیچکایش هەروا دەبێت.
- نا، نا، هەرگیز ئەوە نابێت.
دەنگی سۆنیا ئەوەندە بەرز و نائومێدانە بوو، دەتوت یەکێک بە چەقۆ بریندارى کردووە:
- یەزدان.. یەزدان ڕێگە بەم جۆرە بەدبەختییە نادات.

- ڕێگە بە کەسانی تر دەدات.
سۆنیا هەر لەبەر خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە:
- نا، نا، خودا پشتیوانی لەو دەکات، خودای گەورە!
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە جۆرە ڕەقییەکەوە وتی:
- ڕەنگە خوا هەر لەئارادا نەبێت.
پاشان پێکەنی و چاوی تێبڕی.
لەپڕێکدا دەموچاوی سۆنیا بە تەواوی گۆڕا، ڕوومەتی کەوتە پلدان. ئینجا بە سەرکۆنەکردنێکی بێسنوورەوە تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد. دەیویست بدوێت، وەلێ نەیتوانی وشەیەک چییە بدرکێنێت. تەنیا ئەوە نەبێت کە لەپڕا دایە پڕمەی گریان و دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستیدا شاردەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ دوای کەمێک بێدەنگی وتی:
- تۆ دەڵێیت کاترینا ئیڤانۆڤنا ئەقڵی لەدەست داوە، خۆیشت هەروات بەسەر هاتووە.
پێنج دەقیقە تێپەڕی، ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ ئەوەی تەماشای سۆنیا بکات، هەر لە ناو ژوورەکەدا هاتوچۆی بوو، لە دواییدا لێی نزیک بووەوە، چاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ لە درەوشانەوە نەدەکەوت، بە هەردوو دەستی شانی گرت و ڕێک لە دەموچاوە گریاناوییەکەی ڕاما، ڕوانینەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ وشک و ئاگراوی و تیژ بوو، لێویشی توند دەلەرزین.. لەناکاودا زۆر خێرا چەمایەوە، چۆکی دادایە سەر زەوییەکە و قاچی سۆنیای ماچ کرد. سۆنیا زۆر پەشۆکا، وەک لە شتێک دوور بکەوێتەوە، خۆی لێ لادا، لە ڕاستیشدا ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەواوی وەک شێت دەهاتە بەرچاو، کچە بە ڕەنگی پەڕیووەوە، لە کاتێکدا کە دڵی تەواو گوشرا بوو، کەوتە ورتەورت:

- تۆ چیتە؟ چی دەکەیت؟ بەرانبەر بە من!..
ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو لەسەر زەوییەکە ڕاست بووەوە. بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و بە ئاوازێکی تایبەتیەوە وتی:
- من کڕنووشم بۆ تۆ نەبردووە، بەڵکو و کڕنووشم بۆ تەواوی ئازارەکانی مرۆڤایەتی بردووە.
پاشان گەڕایەوە لای و لەسەر قسەکانی ڕۆشت:
- گوێ بگرە، کەمێک لەمەوبەر، بە کەسێکم گوت کە سووکایەتی پێکردبووم، گوتم ئەو قیمەتی پەنجەچکۆڵەی تۆی نییە.. ئەمڕۆ، کاتێک کە خوشکمم لە پاڵ تۆدا دانا، شانازییەکی گەورەبوو بۆ ئەو.
سۆنیا بە ترسەوە هاواری کرد:
- ئاخ، ئەوە تۆ چیت وت؟ ئەمەت لە بەردەم خوشکتا وت؟ دانیشتن لە پاڵ مندا شانازیە! ئاخر من.. بێئابڕووم.. ئاخ، چیت وت!
لاوەکە بە دەنگێکی تا ڕادەیەک شیاوەوە وتی:
- من لەبەر بێئابڕوویی و گوناهت ئەوەم نەوتووە، بەڵکو لەبەر ئەو ئازار و ڕەنجە زۆرەیە کە دەیکێشیت، گومان لەوەدا نییە کە تۆ گوناهبارێکی گەورەیت، ئەمەیش بەتایبەتی لەوەوە هاتووە، کە تۆ بێهودە خۆت کردە قوربانی و ناپاکیت لەگەڵ خۆتا کرد، هەڵبەتە ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە، جا چۆن ترسناک نەبێت کاتێک تۆ لە زەلکاوێکدا دەژیت، کە خۆت نەفرەتی لێدەکەیت، لە کاتێکدا دەزانیت (تەنیا بە چاوکردنەوەیەک) کە بەم کارەت یارمەتی کەس نادەیت و کەسیش لە هیچ ڕزگار ناکەیت! ئاخر، پێم بڵێ..
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەڵچوونەوە وتی:
- چۆن ئەم بێئابڕوویی و لە ڕێدەرچوونە لەگەڵ پیرۆزترین هەستوسۆزی تۆدا کە پێچەوانەیەتی، لە وجودی تۆدا کۆ بوونەتەوە؟

ئاخر زۆر دادپەروەرانەتر دەبێت، هەزار جار چاکتر و ئاقڵانەتر دەبێت ئەگەر بەسەردا خۆت فڕێ بدەیتە ئاوێکەوە و بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنیت!

سۆنیا لە کاتێکدا کە بە قەهرەوە لێی دەڕوانی و دەتوت هیچ سەیری بە پێشنیازەکەی ئەو نەهاتووە، بە دەنگێکی نزم پرسی:

- باشە ئەگەر ئەمە بکەم، ئەوان چییان بەسەر دێت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ تەماشایەکی سەیری کرد و بە ڕوانینێک لە هەموو شتێک تێگەیشت: گومان لەوەدا نەبوو کە ئەو بیرۆکەیە بە ڕاستی بە مێشکی ئەویشدا تێپەڕیووە، ڕەنگە دڵکارانە و چەند جارێک لە کاتی نائومێدیدا کەوتبێتە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەوەی بەیەکجاری کۆتایی بەو کارە بێنێت، هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە پێشنیازەکەی ئێستای ڕاسکۆلنیکۆڤ زۆر سەرسامی نەکردبوو، تەنانەت گوێی بە قسە ڕەقەکانیشی نەدا، (سەرکۆنەکردن و دیدی تایبەتی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەربارەی بێئابڕوویی ئەو هێشتا بێمانا مابووەوە و تێی نەدەگەیشت، ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەمەی دەزانی) بەڵام ڕاسکۆلنیکۆڤ دەرکی تەواوی ئەوەی کردبوو کە دەمێک بوو سۆنیا هەستی بێئابڕوویی و بێشەرەفی ببووە ئازارێکی سەخت و بە ڕیشەیدا ڕۆ چووبوو. لەگەڵ خۆیدا دوا:

"باشە چ شتێک، چی ڕێگەی ئەوەی لێگرتووە کە بڕیار بدات و بە تەواوی خۆی ڕزگار بکات؟" لەو چرکەساتەدا ئەوەی زانی کە ئەو منداڵە هەژار و هەتیووە سەروپێچکانە و خودی کاترینا ئیڤانۆڤنا، ئەو ژنە نیوەشێت و سیلاوییەی سەری خۆی بە دیواردا دەکێشا، تا چ ڕادەیەک جێی بایەخ و نرخپێدانی سۆنیان.

لەگەڵ ئەمانەیشدا ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەوەی لا ڕوون بوو، کە سۆنیا بەو خوو و ڕەوشت و کەمەزانینەوە کە هەیەتی، بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لەم حاڵەی ئێستایدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو پرسیارێکی هەر لا مابووەوە کە ئەگەر سۆنیا ئەوەندە بوێر و ئازا نەبووە خۆی فڕێ بداتە ناو ئاوێکەوە تا بخنکێ، ئەی چۆن توانیویەتی لە هەموو ئەم ماوەیەدا هەر ئاوا بمێنێتەوە و شێت نەبێت؟ بێگومان ئەوە دەزانێت کە حاڵەتەکەی سۆنیا دیاردەیەکی ڕێکەوتی ناو کۆمەڵگایە، بەڵام بەداخەوە بە هیچ جۆرێک نە ئاوارتەیە و نە دەگمەن. وەلێ ئەو ڕێکەوتە و ئەو پەروەردە کەمەی کە سۆنیا هەیبوو، لەگەڵ گشت ژیانی ڕابووردوویدا، ئەوەیان دەسەلماند کە لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ئەو ڕێگە ڕسوا و نەفرەتلێکراوەدا، دەبوو سۆنیا لەناو بچێت و نەمێنێت. کەواتە چ شتێک لەسەر ئەو ڕێگەیە هێشتوویەتەوە؟ ئەو خۆی بێئابڕوو نەبوو، ئاشکرا بوو کە هەموو ئەو ڕسواییە تەنیا بە ڕووکەش داوێنگیری بووە، ئەگینا سووکی و ڕسوایی تەواو و ڕاستیی هێشتا بە ئەندازەی گەردیلەیەک نەگەیشتبووە ناو دڵی. ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەمەی بە چاکی دەبینی. کچە بەبێ هیچ پەردەیەک، وەک خۆی لە بەرانبەریدا وەستابوو. ڕاسکۆلنیکۆڤیش بیری دەکردەوە: "ئەو سێ ڕێگەی لەبەرە: یان خۆی لە ئاودا بخنکێنێت، یان شێت بێت و بکەوێتە شێتخانە، یان.. یان بە تەواویی خۆی بۆ ئەو ڕسواییە تەرخان بکات. ڕسواییەک ئەقڵ دەکاتە تاریکستان و دڵیش بە بەرد". ئەمەی دوایی لای ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دوانەکەی دی بەد و ناقۆلاتر بوو، وەلێ بەدگومانیش بوو. لەبەر ئەوەی ڕاسکۆلنیکۆڤ گەنج و لە زۆر شت دابڕاو و دڵڕەق بوو. بۆیە نەیتوانی بڕوا بەوە

نەکات کە ڕێگەی سێیەم، واتا مانەوە لەسەر بێئابڕوویی لە هەموو ئەوانی دی زیاتر چاوەڕێ دەکرا.
لە دڵی خۆیدا نالاندی: "ئایا لەواقیعدا ئەمانە ڕاستن؟ ئایا ئەم بوونەوەرە کە تاکو ئێستا پاکیزەیی ڕۆحی خۆی پاراستووە، بەوەی زانیووە یان هەستی پێکردووە چۆن کێشراوەتە ناو زەلکاوێکی ئاوا پۆخڵ و بۆگەنەوە! ئایا ئەو چوونە ناو زەلکاوەوە بە ڕاستی ڕووی داوە؟ ئایا توانیویەتی لە ناو ئەو زەلکاوە پیسەدا بمێنێتەوە و ڕسواییەکەی بەهەند وەرنەگرێت؟"
هەر بەو جۆرەی کە کەمێک لەمەوبەر سۆنیا هەڵوێستی نواند، ڕاسکۆلنیکۆڤیش وای بە بیردا هات: "نا، نا، هەرگیز ئەوە نابێت، نا، تا ئێستا بۆیە سۆنیا خۆی نەکوشتووە یان خۆی نەداوەتە دەم ئاوەوە، چونکە کارەکە بە تاوان دەزانێت و لەبەر خاتری ئەوانیش.. کە تا ئێستایش شێت نەبووە.. بەڵام کێ دەڵێت شێت نەبووە؟ بۆ ئەو دەتوانێت داوەری ڕاستودروست بکات؟ بۆ دەکرێت وەک ئەوەی ئەو دەیڵێت، کەسی تر هەبێت وای بڵێت؟ تەنانەت ئەوانەیش کە ئەقڵیان تەواوە، دەتوانن وەک ئەو داوەری بکەن؟ ئایا دەبێت ئەو لە پەنا هەڵدێرێکدا کە مەرگی لە دوایە، یان لەسەر زەلکاوێکی بۆگەندا کە دەیەوێت وردەوردە لە خۆیدا نقومی بکات، دابنیشێ، کە ئاگاداری مەترسییەکەی بکەن دەستی ڕاوەشێنێت و گوێی خۆی بگرێت؟ بە ڕاستی دەکرێت چاوەڕێی موجیزەیەک بێت؟ بێگومان هەروایە، بەڵام ئایا هەموو ئەمانە نیشانەی شێتی نین؟"
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر ئەم بیرۆکەیە وەستا و جەختی لێکرد. بە لایەوە ئەم ئەنجامە لە هەموو ئەوانی دی ڕاستترە. زۆر بە وردی لە سۆنیا ڕامایەوە و پرسی:

- سۆنیا، تۆ زۆر لە خودا دەپاڕێیتەوە؟
سۆنیا بێدەنگ بوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ لە پاڵیا وەستا و چاوەڕێی وەڵام بوو.
لەپڕێکدا سۆنیا چاوە درەوشاوەکانی تێبڕی، دەستی ڕاسکۆلنیکۆڤی لە ناو دەستی خۆیدا گوشی و بە توانایەکی تایبەتییەوە کەوتە ورتەورت:
- ئاخر، بەبێ خوداوەند من چی بووم؟
لاوەکە بە خۆی وت: "هەر ئەوەیە کە من بیرم لێدەکردەوە".
پاشان بۆ زانیاریی زۆرتر لێی پرسی:
- خوا لە پاداشتی ئەوەدا چیت بۆ دەکات؟
سۆنیا ماوەیەک وەستا، وەک بڵێی توانای وەڵامدانەوەی نەبێت، سنگە لەڕولاوازەکەی لەتاوا هاتبووە لەرزین، پاشان بە نیگایەکی توڕەوە لە لاوەکەی ڕوانی و بە دەنگی بەرز پێی وت:
- بێدەنگ بە، ئیدی هیچم لێمەپرسە، تۆ شایانی ئەوەنیت..
ڕاسکۆلنیکۆڤ سوور بوو لەسەر ئەوەی کە: "هەر ئەوەیە، هەر ئەوەیە کە خۆم وتم".
سۆنیا دیسانەوە چاوی داخست و لەبەر خۆیەوە وتی:
- خوا دەتوانێت هەموو شتێک بکات.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە گەرمییەکی زۆرەوە کەوتە تەماشاکردنی و گەیشتە ئەو بڕیارە: "ئەمەیە ئەنجام و هۆکارەکانی".
ڕاسکۆلنیکۆڤ بە هەستێکی تازە و سۆزێکی تا ڕادەیەک بیمارانەوە، لە دەموچاوە لاواز و باریک و شێواوەکەی سۆنیا ورد بووەوە. بەو چاوە شین و شەرمەندانەوە کە دەیانتوانی بەو بڵێسە و هەستە دڵگیر و توانایەوە بدرەوشێنەوە، لەو جەستە بچووکەی ڕوانی، کە هێشتا لە

داخ و تووڕەییدا دەلەرزی. تەماشای ئەمانەی دەکرد و لە دڵی خۆیدا وای دەبینی کە هەموو ئەم حاڵەتە سەیر و سەرسووڕهێنەرانە تا ڕادەیەک بەدیهاتنیان مەحاڵە، بۆیە هەر لە دڵی خۆیدا دەیوت: "ئەم کچە تێک چوە، شێتە!"

کتێبێک لەسەر مێزەکە بوو، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ لە ژوورەکەدا دەگەڕا، هەموو جارێک کتێبەکەی دەبینی. وەلێ ئەمجارەیان هەڵی گرت و تەماشای کرد. کتێبەکە "ئینجیل" بوو بە زمانی ڕووسی. کتێبێکی کۆن و دڕاوی بەرگتێگیراو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەو جێگایەوە کە وەستابوو بەرەو ئەو لایەی تری ژوورەکە کە سۆنیای لێبوو، بە دەنگی بەرز پرسیاری لێکرد:

- ئەم کتێبە لە کوێوە هاتووە؟

سۆنیا هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە، سێ هەنگاو لەولای مێزەکەوە وەستابوو، بەبێ ئەوەی تەماشای لاوەکە بکات، بە دەنگێکەوە کە وات دەزانێ بەبێ ئارەزووی خۆی دەیڵێت. وەڵامی دایەوە:

- بۆیان هێناوم.

- کێ بۆی هێناویت؟

- لیزاڤێتا بۆی هێنام، داوام لێکردبوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بیری کردەوە: "لیزاڤێتا! زۆر سەیرە!" هەموو شتەکانی لای سۆنیا تا دەهات سەیر و سەمەرەتر دەهاتنە بەرچاو. لاوەکە کتێبەکەی لە مۆمەکە نزیک خستەوە، پەڕەکانی هەڵدایەوە و لەپڕا پرسی:

- باسی ئیلیازر لە کوێدایە؟

سۆنیا سەخت لە زەوییەکەی دەڕوانی و وەڵامی نەبوو، نزیک بە مێزەکە وەستابوو.

- ڕاستبوونەوەی ئیلیازر لە کوێدایە؟ سۆنیا، دەی پیشانم بدە.
کچەکە دزە چاوێکی تێگرت و بەبێ ئەوەی بچێتە لایەوە، بە دەنگێکی سارد و دڵکارانەوە وتی:
- لێرەدا نییە.. لە بەشی چوارەمی ئینجیلدایە.
- بۆم بگەڕێ و بۆمی بخوێنەوە.
لەگەڵ ئەو وتەیەیدا ڕاسکۆلنیکۆڤ دانیشت و پاڵی بە مێزەکەوە دا، سەری نایە سەر دەستی، چاوی تووڕەی لە سووچێک بڕی و ئامادەی گوێگرتن بوو. پاشان لەگەڵ خۆیدا دوا: "سێ هەفتەی تر لە شێتخانەم، ئەگەر لە جێگایەکی خراپتر نەبم".
سۆنیا کە ئاگای لە بێباوەڕیی ڕاسکۆلنیکۆڤ و ئەم داوا تازەیەی بوو، بە دوودڵییەوە لە مێزەکە نزیک کەوتەوە و کتێبەکەی بە دەستەوە گرت.
پاشان لەوبەری مێزەکەوە لەژێرەوە تەماشایەکی لاوەکەی کرد و وتی:
- بۆ تۆ نەتخوێندۆتەوە؟
وردەوردە دەنگی سەخت و سەختتر دەبوو.
- دەمێکە خوێندومەتەوە.. لەکاتی قوتابیەتیمدا، دەی بۆم بخوێنەرەوە.
- لە کڵیسایشدا گوێت لێنەبووە؟
- بۆ ئەوێ نەدەچووم، ئەی تۆ، زۆر دەڕۆیتە کڵێسا؟
سۆنیا لەبەر خۆیەوە:
- نـ. نا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ زەردەیەکی هاتێ:
- تێدەگەم.. کەواتە وا پێدەچێت.. بەیانی نەڕۆیت بۆ بەخاکسپاردنی باوکت؟

- دەڕۆم، هەفتەیەک لەمەوبەرییش هەرلەوێ بووم.. ڕێوڕەسمم بەجێهێنا و دوعام کرد.
- بۆ کێ؟
- بۆ لیزاڤێتا، ئەویان بە تەور کوشتبوو.
تا دەهات دەماری ڕاسکۆلنیکۆڤ گرژتر دەبوو، کەم کەم کەوتە سەرەگێژە.
- تۆ هاوڕێی لیزاڤێتا بوویت؟
- بەڵێ.. ژنێکی ڕاست بوو.. دەهاتە ئێرە.. زۆر کەم.. نەیدەپەرژا.. پێکەوە شتمان دەخوێندەوە و.. قسەمان دەکرد، خودا بە چاوی خۆی دەبینێت[1].
ئەم وشانەی ناو کتێب سەری ڕاسکۆلنیکۆڤیان بەسووڕ هێنا. مەسەلەیەکی تریش، دیدارە نهێنییەکانی سۆنیا لەگەڵ لیزاڤێتادا.. هەردووکیان دێوانە و دەمارگیر.. بیری کردەوە "مرۆڤ لێرەدا شێت دەبێت، پەتایە". بە تووڕەیی و پێداگرتنەوە هاواری لێهەستا:
- بخوێنە.
سۆنیا هەر دوودڵ بوو، دڵی توند لێی دەدا، پێدەچوو نەوێرێت بۆی بخوێنێتەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ تا ڕادەیەک هاودەردیی دەکرد، لێی دەڕوانی و بە خۆی دەوت: "ئای شێتی بەدبەخت".
سۆنیا لەسەرخۆ وەک دەنگی گیرا بێت، لێی پرسی:
- تۆ چیت دەوێت؟ تۆ بێباوەڕیت؟

---

[1] خودا دەبینێت" ئاماژەیە بۆ ئایەتێکی ئینجیلی مەتتا کە دەڵێت: "خۆزگە بە پاکیزەکان، چونکە ئەوان خودا دەبینن" (ئیسحاحی پێنج).

ڕاسکۆلنیکۆڤ پێی بە زەویدا کێشا:
- بخوێنە، من پێم خۆشە، ئەی بۆ لیزاڤێتات نەدەخوێندەوە؟
سۆنیا کتێبەکەی کردەوە و ئەو شوێنەی دۆزیەوە، دەستی دەلەرزی، دەنگی نزم بوو، دووجار ویستی بخوێنێتەوە، وەلێ یەکەم وشەی بۆ نەوترا، سەرئەنجام دوای هەوڵێکی زۆر دەستی پێکرد: "... یەکێک بە ناوی ئیلیازرەوە نەخۆش بوو.." لەپڕێکدا لە وشەی سێیەمدا دەنگی زایەڵەیەکی تایبەتی تێکەوت و بڕا. وەک تەلێک زۆر ڕاکێشرابێت. هەناسەی لێبڕا و سنگی کرخ بوو.
ڕاسکۆلنیکۆڤ تا ڕادەیەک دەیزانی بۆ سۆنیا ناوێرێت بۆی بخوێنێتەوە، هەرچەندە ئەمەی زۆر چاک دەزانی کەچی زیاتر و زیاتریش بە ڕک و تووڕەییەوە جەختی خوێندنەوەی لە سۆنیا دەکرد. زۆرباش دەیزانی بۆ سۆنیا ئەوەندەی لا زەحمەت و دژوارە کە لایەنی دەروونی خۆی دەربخات. زانی کە ئەم دیاردەیە، چ لە ئێستا و چ لە ڕابووردوودا، بەشێک لە ژیانی ئەوی پێک هێناوە، ڕەنگە هەر لە کچۆلایەتییەوە، واتا لەو کاتەوەی کە سۆنیا لە ناو خێزانەکەیدا و لە پاڵ باوکە نەگبەتەکەی و باوەژنە غەمگین و دێوانەکەی دەستی ڕۆژگار لە نێو منداڵی برسی و هەراوزەنا و سەرکۆنەی دزێودا دەژیا، ڕەگی تیا داکوتابێت. بەڵام لە هەمان کاتدا لەوە گەیشت و تەواو دڵنیا بوو، کە هەرچەندە لە کاتی خوێندنەوەدا، سۆنیا ئازاری دەچەشت و دەتوت ترسی شتێکی هەیە، کەچی لەگەڵ ئەمانەیشدا و لەگەڵ ئەو هەموو غەم و خەفەتەدا کە هەیبوو، سۆنیا بە ئارەزوویەکی پڕ و دەردناکەوە دەیویست ئینجیلەکە بخوێنێتەوە و بەتایبەتیش بۆ ئەوی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی گوێی لێبێت. بێگومان هەر ئێستایش، "ئیتر چی دەبێت با ببێت".

ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەمانەی لە چاوی سۆنیا و لە پەشۆکانەکەیدا دەخوێندەوە..

سۆنیا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، گیرانی گەرووی لە کاتی یەکەم خوێندنەوەی ئایەتەکاندا وەلا نا و کەوتە خوێندنەوەی فەسڵی یانزەهەمی ئینجیلی یوحەنا، تا گەیشتە ئایەتی نۆزدەهەمین:

.."گەلێک لە جوولەکەکان هاتبوونە لای مرتا و مریەم بۆ ئەوەی پرسە و سەرەخۆشیی مەرگی براکەیانی لێبکەن، کە مرتا بیستی مەسیح دێت، بۆ پێشوازیلێکردنی ڕۆیشت و مریەم لە ماڵدا مایەوە، مرتا بە مەسیحی وت: بەڕێز. ئەگەر تۆ لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد، بەڵام ئێستایش هەر ئەوە دەزانم کە تۆ چی لە خودا بخوازیت، خودا پێتی دەبەخشێت".

لێرەدا، سۆنیا وەستا، چونکە هەم شەرم دایگرتبوو، هەم دەنگی دەلەرزی و دەیبڕی، پاشان دەستی پێکردەوە:

.."عیسا وتی: براکەت هەڵدەستێتەوە. مرتا وتی: دەزانم، لە قیامەتدا، لە ڕۆژی دواییدا هەڵدەستێتەوە. عیسا وتی: من خۆم ڕۆژی دوایی و ژیانم، هەر کەس بڕوا بە من بێنێت، ئەگەر مردوویش بێت، زیندوو دەبێتەوە، هەر کەسێکیش زیندوو بێت و بڕوا بە من بێنێت، هەرگیز نامرێت. ئایا تۆ بڕوات بەمە هەیە؟" ژنە وتی: (لێرەدا سۆنیا بە زەحمەت و ناخۆشییەوە هەناسەی تازە کردەوە، هەر وشەیەکی بە توانا و بە ڕوونی وەک لە ناو خەڵکیدا دان بە گوناهی خۆیدا بنێت، دەستی کردەوە بە خوێندنەوە). "مرتا وتی، بەڵێ گەورەم، من بڕوادارم، تۆ مەسیحی کوڕی خودایت کە ڕەوانەی دنیا کراویت".

سۆنیا چرکەیەک وەستا و ویستی سەیری ڕاسکۆلنیکۆڤ بکات. وەلێ خێرا خۆی گرتەوە و کەوتەوە خوێندنەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤ بێجووڵە

دانیشتبوو، بەبێ ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت، لە کاتێکدا کە پاڵی بە مێزەکەوە دابوو، لە سووچێکی دەڕوانی و گوێی تەکاندبوو، تا گەیشتە ئایەتی سیودوو.

"مریەم کە گەیشتە ئەو شوێنەی عیسای لێبوو، بەسەر قاچیدا کەوت و پێی وت: "گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد". عیسا کە بەو گریانەوە ئەوی بینی و جوولەکەکانیش کە لەگەڵیدا هاتبوون، گیانی هاتە جۆشوخرۆش و وتی: لە کوێ داتانناوە؟ وتیان: بەڕێز، وەرە و تەماشای بکە. عیسا گریا، جوولەکەکان وتیان، بڕوانن چەندی خۆش ویستووە. هەندێکیشیان وتیان: ئەمەی کە کوێری چاک دەکردەوە، نەیتوانی فەرمانی نەمردنی ئەم پیاوە بدات؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ گەڕایەوە لای سۆنیا و بە شپرزەیی لێی ڕوانی: بەڵێ، هەر وایە! بە ڕاستییش سۆنیا هەموو لەشی کەوتبووە لەرزین و موچرکی پێدا دەهات. ڕاسکۆلنیکۆڤ چاوەڕێی ئەمە بوو، سۆنیا لە خوێندنەوەکەیدا لەو چیرۆکە نزیک دەکەوتەوە، کە مانای موجیزەیەکی گەورە و بێوێنەی لەخۆ گرتبوو. هەستی سەرکەوتنێکی مەزن دایگرتبوو. لەرینەوەی دەنگی لە زرنگانەوەی کانزایەک دەچوو، خۆشی و سەروەرییەکی لێهەڵدەستا کە توانایەکی تایبەتی پێدەبەخشی. دەتوت دێڕەکانی پێشچاوی تێک دەچرژێن، چونکە بەرچاوی ڕەش دەبوو، وەلێ ئەوەی دەیخوێندەوە، لەبەری بوو، لە دوائایەتدا: "ئەو کەسەی توانی چاوی کوێر چاک بکاتەوە.." سۆنیا دەنگی نزم کرد، زۆر بە گەرمی بەرجەستەی گومان و سەرزەنشتی ئەو کەسە بێبڕوا و ئەو جوولەکە کوێرانەی کرد، کە هەر ئێستا، واتا لە دوای ئەو چرکەساتەوە، وەک ئەوانەی هەورە تریشقە لێیان دەدات، دەکەونە سەر زەوی، دەگرین و ئیمان دەهێنن. سۆنیا حەزی دەکرد

کە "ئەو، ئەوی نابینا و بێبڕوا، ئێستا گوێی لێبێت.. و بڕوا بێنێت، بەڵێ، بەڵێ، هەر ئێستا، هەر ئێستا وای لێبێت.. سۆنیا لە خۆشی ئەم چاوەڕوانییەدا هەموو گیانی دەلەرزی. "عیسایش کە لە خۆیدا گەلێک بێزرابوو، هاتە نزیک گۆڕەکەوە. گۆڕەکە ئەشکەوتێکی چکۆلە بوو بەردێکی نرا بووە سەر، عیسا وتی: بەردەکە لادەن، مرتای خوشکی مردووەکە وتی: گەورەم، ئێستا ئەو بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە نێژراوە".

سۆنیا زیاتر دانی بە وشەی چوارەکەدا نا و کەوتەوە خوێندنەوە: "عیسایش وتی: بۆ پێم نەوتیت، ئەگەر بڕوا بێنیت، شکۆمەندی خوداوەند دەبینیت؟ پاشان بەردەکەیان لەسەر کونەکە لابرد، عیسا چاوی لە ئاسمان بڕی و وتی: باوکە لێ، سوپاست دەکەم کە گوێت لێگرتم، دەمزانی تۆ هەمیشە گوێ لە قسەم دەگریت، بەڵام لەبەر خاتری ئەمانەی لێرەن ئەمەم وت بۆ ئەوەی بڕوا بهێنن کە من ڕەوانەکراوی لای تۆم. کە عیسا ئەمەی وت، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: ئیلیازر، وەرە دەرەوە. ڕاست مردووەکە هاتە دەرێ.."

(سۆنیا لە کاتێکدا کە گیانی دەلەرزی و موچرکی پێدا دەهات، بە خۆشی و سەرکەوتنەوە وشەکانی خوێندەوە، دەتوت ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە، بە چاویش دەیبینێت).

..."دەستوپێی لە کفنەوە پێچرابوون و دەموچاویشی بە دەسماڵێک. عیسا پێی وتن: بیکەنەوە تا بڕوات".

"گەلێک لەو جوولەکانەی لەگەڵ مریەمدا هاتبوون، کە کارەکەی عیسایان بینی، باوەڕیان پێهێنا".

سۆنیا لەوە زیاتر چی تری نەخوێندەوە و نەیشیدەتوانی بیخوێنێتەوە، ئینجیلەکەی داخست و خێرا لەسەر کورسییەکە هەستا. بە چەند وشەیەکی دابڕدابڕ و دڵکارانە کەوتە ورتەورت:

- هەستانەوەی ئیلیازر تەواو بوو.

سۆنیا بێجووڵە، ڕووی وەرگێڕابوو، وەستا، وەک ئەوەی نەوێرێت، یان شەرم لە ڕوانینی ڕاسکۆلنیکۆڤ بکات، وابوو، هێشتا هەر دەلەرزی، مۆمی ناو مۆمدانەکە لە کۆتاییدا بوو، لەو ژوورە هەژارانەیەدا، هێشتا ڕووناکی دەدایە سەر بکوژێک و سۆزانییەک کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و سەیر لە دەوری کتێبی نەمر کۆببوونەوە. پێنج دەقیقە یان زیاتر تێپەڕی. لەپڕا ڕاسکۆلنیکۆڤ ناوچاوی پێکدا دا و لە سۆنیا نزیک کەوتەوە، بە دەنگی بەرز وتی:

- من هاتووم لەبارەی کارێکەوە لەگەڵتا بدوێم.

کچە بێدەنگ چاوی تێبڕی، ڕوانینەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ گەلێک وشک و هیچ مانایەکی تیا نەدەبینرا، وتی:

- ئەمڕۆ من وازم لە کەسوکارم هێنا، دایکم و خوشکم، من ئیدی ناگەڕێمەوە بۆ لایان، بە تەواویی پەیوەندیم لەگەڵیاندا بڕی.

سۆنیا بە سەرسامییەوە پرسی:

- بۆ؟

ئەو دیمانەیەی کەمێک لەوەوبەر لەگەڵ دایک و خوشکی ڕاسکۆلنیکۆڤدا کردبووی، کاریگەرییەکی هێند لەڕادەبەدەری لەسەر دانابوو، کە خۆیشی نەیدەتوانی دیاریی بکات. بۆیە هەواڵی ئەو پەیوەندیبڕینەی زۆر بە لاوە سەیر بوو.

لاوەکە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- ئێستا من هەر تۆم هەیە.. وەرە با پێکەوە بڕۆین، من هاتوومەتە لات، ئێمە هەردووکمان نەفرەتلێکراوین، وەرە با پێکەوە بڕۆین.
چاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەبریسکایەوە و سۆنیا لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسە: "بەڕاست هەر لە شێت دەچێت!" پاشان هەنگاوێکی بۆ دواوە نا و بە ترسەوە وتی:
- بۆ کوێ بچین؟
- من چوزانم؟ تەنیا ئەوەندە دەزانم کە من و تۆ یەک ڕێگەمان هەیە، لەمە تەواو دڵنیام و هیچی دی، هاوئامانجیشین.
سۆنیا لێی دەڕوانی و لە هیچ تێنەدەگەیشت، تەنیا ئەوەی دەزانی کە ڕاسکۆلنیکۆڤ گەلێک داماوە و ئەوپەڕی بەدبەختە.
لاوەکە بەردەوام بوو:
- هیچ کامێک لەوانە ناتوانێت لە تۆ تێبگات، تەنانەت ئەگەر زۆر هەوڵی تێگەیاندنیشیان بدەیت. بەڵام من لێت گەیشتووم، پێویستم پێتە و هەر لەبەر ئەمەیش هاتوومەتە لات.
سۆنیا لەبەر خۆیەوە وتی:
- تێناگەم..
- دوایی تێدەگەیت، بۆ تۆیش وەک منت نەکردووە؟ تۆیش لە یاسا دەرچوویت و.. توانیشیت پێشێلی بکەیت، تۆ خۆت کوشتووە، ژیانی خۆتت داوە بە ئاودا، ژیانی خۆت.. وەلێ جیاوازیی نییە.. تۆ دەتتوانی بە ئەقڵ و ڕۆحت بژیت، وەلێ ئەنجامت بەرەو مەیدانی سەننایە، بەڵام تۆ بەرگە ناگریت، ئەگەر بە تەنیایش بمێنیتەوە شێت دەبیت.. منیش هەروا، تۆ ئێستا لەوە دەچیت ئەقڵت لەدەست دابێت، کەواتە بۆ بڕیار نەدەین، دەبێت پێکەوە بە ڕێگەیەکدا بڕۆین. با بڕۆین.

سۆنیا کە لە قسەکانی ڕاسکۆلنیکۆف بە تەواویی سەراسیمە ببوو و وتی:

- بۆ، تۆ بۆ وا دەڵێیت؟

- بۆ؟ لەبەر ئەوەی نابێت هەر ئاوا بمێنیتەوە، لەبەر ئەمە، ئاخر دەبێت دڵکارانە و بە دیدێکی کراوەوە بڕیار بدەیت و چارەیەک بدۆزیتەوە، نەک وەک منداڵ بگریت و هاوار بکەیت کە خودا ناهێڵێت، باشە، ئەگەر بەیانی تۆیان برد بۆ خەستەخانە، چی دەبێت؟ ئەوی تر کە ئاوەزی ناجۆرە و نەخۆشی سیلی لەگەڵدایە و بەم زووانە دەمرێت، ئەی منداڵەکان چۆن؟ بۆ پولیچکایش نامرێت؟ بۆ تۆ هەر لێرە، لە گۆشە و کەناری شەقامەکاندا منداڵانێکت نەدیووە کە دایکیان بۆ دەرۆزەکردنی ناردبن؟ من دەزانم ئەو دایکانە لە کوێ و چۆن دەژین، لەم ژینگەیەدا منداڵ ناتوانێت وەک منداڵ بژی، لێرە منداڵی حەوت ساڵان بەرەڵا و دز دەردەچن، ئەگەرچی منداڵ وێنەیەکی مەسیحە: "فریشتەی خوایان لەگەڵدایە". عیسا فەرموویەتی ڕێزیان لێبگرن و خۆشتان بوێن، چونکە ئەوان ئایندەی مرۆڤایەتین..

سۆنیا کە خۆبەخۆ دەگریا و بە توندی دەستی هەڵدەگۆڕفتن، دووبارەی کردەوە:

- باشە چی بکەین؟ چی؟

- چی بکەین؟ ئەوەی کە دەبێت بشکێت، پێویستە یەکجار و بۆ هەتا هەتایە بشکێنرێت، ئەمە دەکەین و ئازارەکەی دەچێژین، چۆن؟ تێناگەیت؟ دوایی تێدەگەیت.. ئازادی و دەسەڵات، دەسەڵات گرنگە، بەسەر هەموو بوونەوەرە لاوازەکاندا، بەسەر ئەم لانەیەی مێروولەکاندا!.. ئەمە ئاماڵنجە، لە بیرت نەچێت! ئەمە دواوشەیە کە پێتی دەڵێم، ئەگەر سبەی نەهاتم، خۆت هەموو شتێک دەبیستیت و ئەوسا دەڵێم، ئەگەر سبەی نەهاتم، خۆت هەموو شتێک دەبیستیت و ئەوسا

قسەکانمت بیر بکەوێتەوە، پاشانیش ڕۆژێک، دوای ساڵانێک، بە درێژایی تەمەن لەوە دەگەیت کە مەبەستم چی بووە، ئەگەریش بەیانی هاتم، پێت دەڵێم، کێ لیزاڤێتای کوشتووە، خوات لەگەڵ:

سۆنیا لە ترسا لەرزی و لە حاڵێکدا کە موچرک بە لەشیدا دەگەڕا، تەماشای ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و وتی:

- بەڕاست تۆ دەزانیت کێ کوشتویەتی؟

- دەیزانم و دەیشیلێم.. بە تۆ، تەنیا بە تۆ، من تۆم دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوە نەهاتوومەتە لات داوای لێبوردنت لێبکەم، بەڵکو و تەنیا بۆ درکاندنی مەبەستەکە، ماوەیەکە تۆم بۆ ئەوە دەستنیشان کردووە، کە ئەو شتەت پێبڵێم، هەر لەو کاتەوە کە باوکت لەبارەی تۆوە قسەی لەگەڵدا دەکردم و هێشتا لیزاڤێتا زیندوو بوو، من بیرم لەمە کردبووەوە، خوات لەگەڵ، تەوقەم لەگەڵدا مەکە، تا بەیانی!

ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە دەرەوە، سۆنیا وای تەماشا دەکرد دەتوت لە شێتێک دەڕوانێت، وەلێ خۆیشی لە شێتی دەکرد و هەستیشی پێدەکرد، سەری گێژی دەخوارد "خودایا! ئەو چۆن دەزانێت کێ لیزاڤێتای کوشتووە؟ ئەم قسانەی ئەو چ مانایەکیان هەیە؟ سەیرە، زۆر سەیرە!" بەهەرحاڵ، بە ئەقڵیدا نەچوو، نا، بە هیچ جۆرێک، ئاخ، دیارە ئەو زۆر بەدبەختە.. وازی لە دایک و خوشکی هێناوە، بۆ؟ چی ڕوو یداوە؟ چ بڕیارێکی داوە؟ بەڕاست ڕاسکۆلنیکۆڤ چی پێوت؟ پێی ماچ کرد و وتی.. بەڵێ، ئەوەی بە ئاشکرا وت کە ئەو ناتوانێت بەبێ من بژی.. ئاخ خودایا!..

بە درێژایی ئەو شەوە سۆنیا لەرزوتا دایگرتبوو، هەندێکجار لە خەو ڕاست دەبووەوە، دەگریا، دەستی هەڵدەگۆفت و جاری تریش سەرلەنوێ دەکەوتەوە نێو خەوێکی بیمارانەوە و پولێچکا و کاترینا

ئیڤانۆڤنا و لیزاڤێتا و خوێندنەوەی ئینجیل و ئەو.. ئەوی بە ڕەنگی پەڕیوو و چاوی ئاگرینەوە لە خەونیدا دەبینی.. کە پێی ماچ دەکات و دەڵێت.. ئاخ.. خودایا!

لە پشتِ دەرگاکەوە، لای ڕاست، لە دوای هەمان ئەو دەرگایەوە کە ماڵەکەی سۆنیای لە ماڵی خاتوو گرتود ڕسیلخ جیا دەکردەوە، ژوورێک هەبوو، ماوەیەک بوو چۆڵ و بەشێک بوو لە خانووەکەی خاتوو ڕسیلخ کە بە کرێی دەدا. بۆ ئەو مەبەستە ئاگاداری و پۆستەری بە دەرگای هاتنە ژوورەوە و شووشەی ئەو پەنجەرانەوە نابوو، کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەیانڕوانی. سۆنیا دەمێک بوو کە ئەو ژوورە بە خاڵی و بێکرێگرتە بزانێت، وەلێ بە درێژایی ئەو قسانەی لەگەڵ ڕاسکۆلنیکۆڤدا کردبوویان، لە پشت دەرگای ژوورە چۆڵەکەوە، جەنابی سفیدریگایلوڤ وەستابوو و گوێی گرتبوو. کە ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە دەرێ، سفیدریگایلوڤ وەستا و بیری کردەوەو لەسەر نووکی پەنجە گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، کورسییەکی هێنا و بێدەنگ لەبەر ئەو دەرگایە داینا، کە دەچووەوە سەر ژوورەکەی سۆنیا. گفتوگۆکەی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێش هاتە پێشچاو، ئەمەندەی لا خۆش بوو، کورسییەکەی بۆ ئەوە هێنا کە دوایی، با بڵێین بەیانی، جارێکی تر تووشی ناڕەحەتی نەبێت و سەعاتێک بەپێوە بوەستێت. بەڵکو بارێکی ئاسانتر بۆ خۆی فەراهەم بێنێت و چێژ و خۆشییەکە فراوان و کاملتر بێت.

٥

کە بەیانی ڕۆژی دوایی، لە سەعات یانزەی ڕێکدا، ڕاسکۆلنیکۆڤ گەیشتە بەشی پۆلیس و لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەدا داوای کرد هاتنەکەی بە پۆرفیری پتروڤیچ ڕابگەیەنن، زۆر سەیری پێهات، کە تا ماوەیەک کەس پێشوازیی لێنەکرد. نزیکەی دە دەقیقە تێپەڕی تا بانگ کرا، ئەو وا بەتەما بوو زۆر زوو بەدەنگییەوە بێن. لە ژووری چاوەڕوانییەکەدا وەستابوو، خەڵکی بە بەردەمیدا دەهاتن و دەچوون و پێنەدەچوو مەبەستیان بێت. لە ژوورێکی تردا کە لە ژووری نووسینگەکەی دەکرد، چەند نووسەرێک دانیشتبوون و شتیان دەنووسی. دیار بوو هیچ یەکێک لەوانە نەیدەزانی ڕاسکۆلنیکۆڤ کێیە و چییە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە دوودڵی و گومانەوە چاوی بە دەوری خۆیدا دەگێڕا بۆ ئەوەی بزانێت هەواڵگرێک یان سیخوڕێک لەو ناوەدا نییە کە چاودێریی ئەم بکات نەوەکا هەڵبێت؟ وەلێ هیچی لەو بابەتەی نەدی. تەنیا کارمەندی بچووکی دەبینی، کە سەرگەرمی کاری خۆیانن و هەندێک کەسی تر. وەلێ کەس گەنترین کاری بەو نەبوو. بە جۆرێک، کە دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی بۆ هەر جێگایەک بیەوێت بڕوات.

تا دەهات بیرێک زیاتر و زیاتر لە سەریدا ڕەگی دادەکوتا، بیری ئەوەی ئەو پیاوە بەنهێنییەی دوێنێ کە دەتوت تارماییە و لەژێر زەوییەوە هەڵتۆقیوە، بە ڕاستی هەموو شتێکی دیبوو، هەموو شتێکی دەزانی. خۆ ئەگەر وابووایە، دەیانهێشت ئەو، واتا ڕاسکۆلنیکۆڤ، ئاوا لێرانەدا ئاسوودە بوەستێت و چاوەڕوان بێت؟ ئایا لێدەگەڕان تا سەعات یانزە چاوەڕێی بکەن تا هەر کاتێک دڵی ویستی بە ئارەزووی خۆی بێت بۆ لایان؟ ڕەنگە ئەو کەسە تا ئێستا هەواڵەکەی

نەگەیاندبێت... یان هەر لە بنەڕەتەوە شتێک نازانێت و بە چاوی خۆی هیچی نەدیووە (جا چۆن دەبوو ببینێت؟) کەواتە دەشێت ڕووداوەکەی دوێنێشەو، کە بەسەریدا، یەعنی بەسەر ڕاسکۆلنیکۆڤدا هات، بێجگە لە تارمایی و خەونێک چی تر نەبووبێت، تەنیا خەیاڵی نەخۆش و دەمارگیرییەکەی ئەم ئاوا گەورە و گرنگی کردبێت، ئەم هەستە لە دوێنێشەوەوە خۆی بەسەر بیری ڕاسکۆلنیکۆڤدا سەپاندبوو، لەو کاتەوە کە ترس و نائومێدییەکی زۆری تێگەڕابوو.
کە ئێستا هەموو ئەو شتانەی لە بیری خۆیدا شەنوکەو دەکرد و خۆی بۆ جەنگێکی تازە ئامادە دەکرد، لەناکاوێکدا هەستی کرد دەلەرزێت، ئەم لەرزینە تەواو خرۆشاندی، چونکە وای لێکدایەوە لە ترسی ڕووبەڕووبونەوەیەتی لەگەڵ پۆرفیری پتروڤیچی نەفرەتیدا. لە هەمووی ناخۆشتر بۆی ئەوەبوو جارێکی دی لەگەڵ ئەو زەلامەدا ڕووبەڕوو ببێتەوە. هەستی دەکرد ڕقێکی بێئەندازەی لێیەتی و ترسی ئەوەی بوو ئەو ڕقە زۆرە ببێتە هۆی ئەوەی کە خۆی تێوە بگلێنێت. خەستیی ڕقەکەی لەرزینەکەی نەهێشت. ڕاسکۆلنیکۆڤ خۆی ئامادە کرد تا بە قیافەیەکی سارد و جەسورانەوە بڕواتە ژوورەکە، بڕیاریشی دا تا بتوانێت بێدەنگ و هێور بێت و هەرچۆنێک بووە، ئەم جارە بەسەر ئارەزووە نەخۆش و دەمارگیرییەکەی خۆیدا زاڵ بێت، ڕێک لەو چرکەساتەدا بۆ لای پۆرفیری پتروڤیچیان بانگ کرد.
لەو کاتەدا پۆرفیری پتروڤیچ بە تەنیا، لە ژووری نووسینگەکەیدا بوو، ژوورەکەی نە بچووک بوو نە گەورە، لە بەرانبەر قەنەفەیەکدا کە بە مشەمایەک بان درابوو، مێزێکی گەورەی نووسین بەرچاو دەکەوت. لە سووچێکیشدا دۆلابێک و چەند کورسییەک دیاربوون. هەموو ئەمانە مولکی دەوڵەت و لە دارێکی زەردی وارنیشکراو دروست

کرابوو. لە سووچێکی تردا لە دیواری دواوە، یان باشترە بڵێین لەو تیغەیەی لە کۆتایی ژوورەکەدایە، دەرگایەکی داخراو هەیە. لەولاترەوە، لە پشت تیغەکەوە، دەبوو ژووری تر هەبێت. هەر کە ڕاسکۆلنیکۆڤ چووە ناوەوە، پۆرفیری پتروڤیچ یەکسەر ئەو دەرگایەی داخست، کە لێوەی چووبووە ژوورێ و هەردووکیان بە تەنیا مانەوە. پۆرفیری بە ڕووی خۆش و پێشوازییەکی گەرمەوە خۆی بۆ میوانەکەی دەرخست، بەڵام هەر دوای چەند دەقیقەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤ بەپێی هەندێک نیشانە و بەڵگە لەوە تێگەیشت، کە پۆرفیری پەشۆکاوە! وەک ئەوەی لەپڕێکدا لە بیرکردنەوەیان کردبێت یان بەسەر کارێکی تایبەتی و نهێنیەوە بووبێت. پۆرفیری دەستی بەرەو لای میوانەکەی درێژ کرد و وتی:

- بەە.. بەە.. گەورە و بەڕێز، ئاخری تۆیش.. لەم ناوەوە هاتیت، باشە بەڕێز، فەرموو دابنیشە، ڕەنگە پێت خۆش نەبێت بە ناوی قوربان و گەورە و بەڕێزەوە بانگت بکەم. داوای لێبووردنت لێدەکەم، ئەمە بەبێ ئەدەبی و زۆرخۆییانە مەزانە.. فەرموو لەسەر قەنەفەکە دابنیشە.

ڕاسکۆلنیکۆڤ بێ ئەوەی چاوی لەسەر هەڵبگرێت، دانیشت.

واژەکانی "لەم ناوەوە هاتن" و داوای لێبوردنکردن لە بەکارهێنانی زمانی خۆییانە و یەک دوو وشەی فەڕەنسی و شتانی تریش هەموو نیشانەیەکی ئاشکرا بوون. لەپڕێکیشدا بە دوودڵییەوە بیری کەوتەوە: "ئەو هەردوو دەستی بۆ لام درێژ کرد، بەڵام هیچیانی نەدامێ و کێشانییەوە".

هەردووکیان لە چاودێریکردنی یەکا بوون، بەڵام کە نیگایان بەر یەکدی دەکەوت، هەردووکیان بە خێرایی بروسکە بۆ لایەکی تر دەیانگوێزایەوە..

ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- من لەبارەی سەعاتەکەوە نامەیەکم بۆ هێناویت.. فەرموو بیبینە.. بزانە باش نووسراوە یان دەبێت جارێکی تر بینووسمەوە؟
پۆرفیری پتروڤیچ وەک ئەوەی پەلەی ڕۆیشتنی بێت: وتی:
- چی؟ نامە؟ بەڵێ، بەڵێ.. نیگەران مەبە.. هەروایە..
دوای ئەم قسانە نامەکەی لێوەرگرت و خوێندییەوە، لەگەڵ خستنە سەرمێزی نامەکەدا، بە هەمان پەلەپەلی پێشووەوە وتی:
- باشە، هەر ئەمەیە و هیچی تری ناوێت.
ئەوسا دوای چرکەساتێک، لە کاتێکا کە دەربارەی کارێکی دی دەدوا، دووبارە نامەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و خستییە سەر مێزی نووسینەکە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتەوە قسەکردن:
- وا بزانم دوێنێ تۆ دەتویست لە من.. بە ڕەسمی.. لەبارەی ناسیاویم لەگەڵ.. ژنە کوژراوەکەدا پرسیار بکەیت؟
لەو کاتەدا کتوپڕ وەک بروسکە ئەوەی بە بیردا هات کە بۆ هەر لە خۆمەوە وشەی "وابزانم"م بەکار هێنا. بەڵام هەر زوویش وەک بروسکە بیرێکی تری بەسەردا هات: "باشە، جا بۆ ئەوەندە لە وشەی وابزانم بترسم؟"
لەپڕێکدا هەستی کرد پەیوەندیکردنی بە پۆرفیریەوە و ئەم چەند قسە و یەک دوو نیگایە، لە یەک کاتدا، هەموو ئەم دڵەڕاوکێ و ترسەی لێکەوتۆتەوە.. "بارێکی گەلێک ترسناکە، دەمارم دەهاڕێ و نیگەرانیم ڕوو لە زیادیە، چ بەدبەختییەکە! ئیدی هەر ناتوانم زمان هەڵبێنمەوە و ڕاستییەکە نەڵێم".

پۆرفیری پتروڤیچ، بەبێ هیچ ئامانجێکی گچکە بە بەردەم مێزی نووسینەکەیدا دەهات و دەچوو، جارێک بەرەو پەنجەرەکە و جارێکی تر بەرەو خانەی کتێبەکان و دیسانەوە بەرەو مێزی نووسینەکەی دەڕۆیشت. هەندێکجاریش لە نیگای ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕای دەکرد یان دەوەستا و بە وردی لێی ڕادەما. پاشان کەوتە ورتەورت:

- بەڵێ، بەڵێ، نیگەران مەبە، پەلەمان نییە، دەرفەتمان لەبەردەستایە.

لەو کاتەدا لەشی چکۆڵە و قەڵەو و خڕی کە وەک تۆپ بە هەموو لایەکدا دەسووڕاوە و لە هەر سووچ و قوژبنێکی ژوور و دیوارەکاندا خولی دەخوارد، دیمەنێکی زۆر سەیری دابوویە. جگەرەیەکی بۆ میوانەکەی دەرهێنا و وتی:

- دەرفەتمان زۆرە، دەرفەتمان زۆرە.. تۆ جگەرە دەکێشیت؟ خۆت هەتە؟ دەزانیت، من لێرەدا پێشوازی لە تۆ دەکەم لەگەڵ ئەوەدا کە ماڵەکەم لەوێندەر، لە پشت ئەو دیوارەوەیە. ماڵێکی دەوڵەتییە، وەلێ جارێ لە شوێنێکی ترم، دەبێت ئێرە چاک بکرێتەوە، گۆڕانی تێدا بکرێت. تا ڕادەیەک ئێستا لە تەواوبووندایە.. دەزانیت، لە ڕاستیدا خانووی دەوڵەتی شتێکی باشە، وایە؟ تۆ دەڵێی چی؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تەوسەوە لێی ڕوانی و وتی:

- بەڵێ، شتێکی باشە.

ئەم دووبارەکردنەوە گەوجانەیەی ئەو وشە بێمانایانە، کە گوایا خانووی دەوڵەتی شتێکی باشە، لەگەڵ ئەو ڕوانینە پڕ لە ڕاز و جیدی و ڕامانانەی بۆ میوانەکەی دەکرد، گەلێک لە یەکدی جیاواز بوون. هەر ئەمە ڕقی ڕاسکۆلنیکۆڤی زیاد لە جاران هەڵساند، بە جۆرێک کە ئیدی نەیتوانی لەو خۆهەڵنان و گاڵتەجاڕییە چاو بپۆشێت، بۆیە لەپڕێکدا بە ڕوانینێکی بێئەدەبانە، کە پێدەچوو چێژی لێببینێت، پرسی:

- دەزانیت، گوایا یاسایەکی دادوەری هەیە، واتا شێوازێکی دادوەری، بۆ هەموو لێکۆڵەرەوەکان، کە یەکەم جار لە دوورەوە، واتا لە مەبەستی بێهودەوە دەست بە پرسیار دەکەن، تەنانەت لە مەبەستی گرنگ بەڵام تەواو نامۆ و سەیر، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن دڵنیا بێت. یان باشتری بڵێین بێئاگای بکەن و پاشان کتوپڕ و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پرسیارێکی مەترسیداری لێبکەن و بیپێکن، وانییە؟ لەم لایەنەوە دەڵێیت لە هەموو یاسا و دەستوورەکاندا جەخت لەسەر ئەمە دەکرێت و پەیڕەویی لێ دەکرێت.
- بەڵێ، بەڵێ.. تۆ چۆنی لێک دەدەیتەوە.. کە من قسەم لەسەر مولکی دەوڵەت دەکرد.. بەڵێ؟
بەدەم ئەم قسانەوە پۆرفیری پتروڤیچ پێڵووی لێک نزیک خستنەوە و چاوی داگرت، حاڵەتێکی خۆش و فریوودەرانە بە ڕوویەوە دەرکەوت و چینەکانی تەوێڵی ڕێک بوونەوە، چاوی جوان و هەموو دەموچاوی کرایەوە، لە کاتێکدا کە ڕاستەوخۆ چاوی لە چاوی ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕی، قاقایەکی تووڕەی دوورودرێژی کرد.
ڕاسکۆلنیکۆڤیش سەرەتا هەوڵی کەمێک پێکەنینی دا، وەلێ کە پۆرفیری زانی دەیەوێت پێبکەنێت قاقایەکی هێند بەرزی لێدا، کە ڕەنگی سوور بووەوە. لەپڕێکدا بێزاریی ڕاسکۆلنیکۆڤیش ئەوەندە پەرەیسەند، کە هەر جۆرە خۆپارێزییەکی لەدەست دا، وازی لە پێکەنین هێنا، برۆی هاتنەوە یەک و بۆ ماوەیەک بە ڕقەوە لە پۆرفیریی ڕوانی، بە درێژایی قاقای پێکەنینەکەی کە دەتوت هەر بە دەستی ئانقەست نایبڕێتەوە، ڕوانینەکەی بەردەوام بوو. دیار بوو هەردووکیان بێدەربەستن، وا دەردەکەوت پۆرفیری پتروڤیچ بە ئاشکرا گاڵتە بە میوانەکەی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیبینی

میوانەکە نەفرەتی لە پێکەنینەکەی دێ، کەچی ئەو بەمە بێتاقەت نەدەبوو. شتێکی دی کە بۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ مایەی سەرنجدان بوو: ئەو دەیزانی پۆرفیری پتروڤیچ کەمێک لەمەوبەر نە شڵەژاوە و نە بێتاقەت بووە، بەڵکو خۆی، واتا ڕاسکۆلنیکۆڤ، لە داوەکە کەوتووە. زانی لەو لایەنەوە بێگومان شتێک، واتا مەبەستێک هەیە کە ئەم پێی نازانێت.. ڕەنگە هەموو شتێک ئامادە کرابێت و هەنووکە و هەر لە چرکەساتێکدا ئاشکرا ببێت و بەسەری ئەمدا بشکێت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو لە مەبەستەکە گەیشت، لە جێگاکەی هەستا، کڵاوەکەی گرتە دەست و بە دەنگێکی تەواو تووڕە و یەکلاییکەرەوە دەستی پێکرد:

- پۆرفیری پتروڤیچ، تۆ دوێنێ بە حەزەوە داوات کرد بۆ لێپرسینەوە بێم بۆ لات، (جەختی لەسەر وشەی لێپرسینەوەکە کرد). وا من هاتووم و ئەگەر پرسیارێکت هەیە بیکە، ئەگینا ڕێگەم بدە بڕۆم. کاتم نییە و کارم هەیە.. دەبێت بچم بۆ ناشتنی ئەو کارمەندەی کەوتبووە ژێر پێی ئەسپەکانەوە.. تۆیش دەیناسیت.

لە زیادکردنی دواڕستەکەی ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕقی هەستا و بە تووڕەیی زیاترەوە وتی:

- من لە گشت ئەم شتانە بێزار بووم، تێدەگەیت؟ ماوەیەکیشە وام لێهاتووە.. تا ڕادەیەک نەخۆشییەکەیشم هەر پەیوەندیی بەوەوە هەیە.. بە کورتی..

هەستی کرد ئەو ڕستەیەی پەیوەندیی بە نەخۆشییەوە هەیە، تەواو لە جێی خۆیدا نییە. دەنگی لێهەڵبڕی:

- بە کورتی، داوات لێدەکەم پرسیارەکانت بکەیت یان ڕێگەی ڕۆیشتنم پێبدە.. خۆ ئەگەر دەتەوێت پرسیاریش بکەیت، بە هیچ

جۆرێک نابێت پێچەوانەی یاسا و ڕێسا بێت، ئەگینا وەڵام نادەمەوە. بۆیە دەڵێم خوات لەگەڵ، چونکە من و تۆ ناتوانین هیچ کارێک بکەین.
پۆرفیری پتروڤیچ لەپڕا کەوتە پەلەقاژە و زوو زمانی گۆڕی و بەبێ ئەوەی ئیتر پێبکەنێت، وتی:
- خودایا، ئەوە تۆ چیتە؟ ئاخر، چیت لێبپرسم، تکات لێدەکەم ناڕەحەت نەبیت.
بەدەم قسەکانەوە لەناو ژوورەکەدا هەر ئەملاوئەولای دەکرد و هەندێکجاریش لە ڕاسکۆلنیکۆڤ دەپاڕایەوە کە دابنیشێت:
- هێشتا زووە، کاتمان لەبەردەستایە، هەموو ئەمانەیش بێهودەن، بە پێچەوانەوە: بەم سەردانەت گەلێک خۆشحاڵم.. من وەک میوانێکی خۆم پێشوازیت لێدەکەم، ئەو پێکەنینە نەفرەتییەیش، بەڕێز، ڕادیون ڕومانوڤیچ، داوای لێبوردنت لێدەکەم، ڕادیون ڕومانوڤیچ؟ ناوەکەتم بە ڕاستی وتووە؟ من کابرایەکی تووڕەم، تۆ بە سەرنجە وردەکەت منت هێنایە پێکەنین، هەندێکجار بە ڕاستی وەک داری بی دەلەرزم و لەرزینەکەم زیاد لە نیوسەعات دەخایەنێت.. زوو پێکەنین دەمگرێت، بەم لەشولارەیشمەوە دەترسم ڕۆژێک لەپڕێکدا دڵم بوەستێت، ئاخر، بۆ دانانیشیت؟.. بەڕێز تکات لێدەکەم دابنیشیت، ئەگینا بە زویرت تێدەگەم.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە هێشتا ڕقەکەی نەڕەویبووەوە و برۆی هێنابوونەوە یەک، بێدەنگ گوێی گرتبوو و کونپشکنی دەکرد، دانیشت، بەڵام کڵاوەکەی هەر بە دەستەوە بوو.
پۆرفیری پتروڤیچ کە هێشتا ئەمسەروئەوسەری ژوورەکەی دەکرد و وەک پێشتر نەیدەویست ڕوانینەکەی بەر ڕوانینی میوانەکەی بکەوێت، کەوتەوە ئاخاوتن:

- ڕادیون ڕومانوڤیچی ئازیز، دەمەوێت لەبارەی ڕەوشت و خوی خۆمەوە شتێکت پێبڵێم، دەزانیت، من تا ئێستا ژنم نەهێناوە و کەسێکم نە تێکەڵی خەڵک دەبم و نە ناسراوم، بێجگە لەمانە مرۆیەکی تەواو کامڵم، مرۆیەکی چەقبەستووی لاکەوتە.. و.. ئایا تۆ سەرنجی ئەوەت داوە، ڕادیون ڕومانوڤیچ، کە لێرە، واتا لە ڕووسیای ئێمەدا، لە هەموویش زیاتر لە ئەنجومەنەکانی پتروزبورگماندا، ئەگەر دوو مرۆڤی بەئاوەز کە هێشتا بە چاکی نەبوونەتە هاوڕێی یەکتری، بەڵام با بڵێین ڕێز لە یەکدی دەگرن، وەک من و تۆ، ئەگەر پێک بگەن، بۆ ماوەی نیوسەعاتی تەواو ناتوانن بابەتێک بدۆزنەوە قسەی لەسەر بکەن. بەرانبەر بە یەکدی دەمیان دەبێت بە تەڵەی تەقیوو، دادەنیشن و هەردووکیان بێتاقەت دەبن: هەموو کەس بۆ خۆی باسێکی هەیە بیکات: بۆ نموونە خانمەکان.. کەسانی تری ناو کۆمەڵگا، وەک ئەوانەی لە چینی سەرەوەدان هەمیشە بابەتی باسیان هەیە. وەلێ ئەوانەی لە چینی ناوەندن، وەک ئێمە، هەموو شەرمن و کەمدوون.. مەبەستم کەسانی بیرمەندە. گیانە هۆی ئەمە چییە؟ نازانم کێشەی کۆمەڵایەتی هاوبەشمان نییە یان زۆر شەریفین و نامانەوێت یەکتر فریوو بدەین؟ نازانم، بەڵێ، ئەی تۆ دەڵێی چی؟ دەیسا کڵاوەکەت لابەرە، دەڵێی دەتەوێت هەر ئێستا بڕۆیت، بێگومان دیاردەیەکی ناخۆشە.. بەڵام من بە پێچەوانەوە دڵخۆشم.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کڵاوەکەی نایە لاوە، وەلێ بە ڕووە گرژەکەیەوە بێدەنگ و بە وردی گوێی لە قسە بێسەرەوبەرەکانی پۆرفیری گرتبوو. "ئاخر، مەبەستی چییە؟ ئایا بە ڕاستی دەیەوێت بەم زۆربڵێیە گەمژانەیەی خۆی هەستوبیرم پەرت بکات؟"

پۆرفیری کە هێور دەیڕوانی، لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- قاوەت پێشکەش ناکەم چونکە ئێرە جێگای نییە، بەڵام بۆ نابێت پێنج دەقیقە لەگەڵ هاوڕێیەکتا دابنیشیت و خەمێک بە بادەن.. وەک دەزانیت هەموو ئەمانە ئەرکی کارن.. گیانەکەم، لەوە زویر نەبیت کە من بەردەوام بە ژوورەکەدا دێم و دەچم. بمبەخشە گیانە، بە ڕاستی پێت بڵێم زۆر لەوە دەترسم دڵت بڕەنجێنم، بەڵام ئەم جووڵانە بۆ من پێویستن، بەردەوام دانیشتووم و زۆر بەوە خۆشحاڵ دەبم، کە دەرفەت لە پێنج دەقیقە دەهێنم و دێم و دەچم.. مایەسیریمە.. دەمەوێت بە وەرزش چاری بکەم، دەڵێن ڕاوێژکەرانی دەوڵەت و کارمەندان و تەنانەت ڕاوێژکارە بەپایەوپلە گرنگەکان هەموو ڕۆژێک زۆر بە ئارەزووەوە تەنافبازی دەکەن، بەڵێ.. زانستی ئەم سەردەمە داوای دەکات. بەڵێ.. وەلێ لەبارەی ئەرکی ئێرەمەوە، لێکۆڵینەوە و هەموو ئەم ڕەسمیاتانە.. کە جەنابی خۆت ئێستا دەربارەی لێکۆڵینەوە باست کرد.. بەڵام حەز دەکەم بزانیت، ڕادیون ڕومانوڤیچ گیان، ئەم لێکۆڵینەوانە جاری وا هەیە خودی لێکۆڵەرەوە زیاد لەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات، تووشی سەرەگێژە دەبێت. لەم لایەنەوە تۆ زۆر بە ویژدان و هۆشیارانەوە ئاماژەت پێکرد. (ڕاسکۆلنیکۆڤ شتی وای نەوتبوو) مرۆڤ گێژ دەبێت، بە ڕاستی گێژ دەبێت، بەردەوام قەوانێکە و دووبارە دەبێتەوە، تەواو وەک دەنگی تەپڵ هەر دەیڵێ و دەیڵێتەوە. وەلێ گۆڕانێک بەدەستەوەیە، هەرچەندە ناوونیشانمان دەگۆڕێت، هە، هە، هە! بەڵام لە کاری داوەریماندا، وەک خۆت زرنگانە ئاماژەت پێدا، من تەواو لەگەڵتا هاوڕام، بەڕاست حەز دەکەم پێم بڵێیت کام تاوانبار، تەنانەت ئەگەر نەزانترین جوتیار بێت، ئەوە نازانێت کە سەرەتا بە پرسیاری بێمانا گێژی دەکەن و پاشان لەناکاوێکدا یەک لە دوای یەک دەیدەنە بەر پرسیار و بە تەپڵی

سەریدا دەکێشن، هە، هە، هە! هەر بە تەپڵی سەریدا وەک جەنابتان فەرمووتان، هە، هە، هە! تۆ بە ڕاستی وات لێکدایەوە کاتێک من لەبارەی شوێن و خانووی دەوڵەتەوە دوام، واتزانی.. هە، هە، هە! تۆ کەسێکی سەیریت، زۆر چاکە، بەڵام من نایکەم! ئاخ، بەڕاست، قسە قسە ڕادەکێشێ و بیرێک بیرێکی دیی لێدەکەوێتەوە: تۆ هەر ئێستا لەبارەی یاساوڕێساوە شتێکت وت، لە بیرتە، لەبارەی لێکۆڵینەوەوە.. باشە ڕێسا چییە؟ دەزانیت لە زۆر شوێندا ڕێسا بێمانایە. هەندێکجار گفتوگۆیەکی دۆستانە بەکەڵکترە، ڕێم بدە لەم بارەیەوە دڵنیات بکەم کە ڕێسا هەمیشە لە شوێنی خۆیدایە و بە تەواویی لەناو ناچێت. دەمەوێت لێت بپرسم بەڕاست ڕێسا یانی چی؟ نابێت ڕێسا بەردەوام ڕێ لە لێکۆڵەرەوە بگرێت. کاری دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەگەر بتوانین ناوی بنێین "هونەری ئازادە" یان شتێکی لەو بابەتە. هە، هە، هە!

پۆرفیری پتروڤیچ هەناسەیەکی دا، هەروا، بەبێ ماندوبوون هەندێکجار ڕستەی پووچ و بێمانای دەوت و جاری تریش وشەی وای دەوت، کە لە مەتەڵ دەچوو، لەپڕێکدا دیسانەوە دەکەوتەوە قسەی هیچوپووچ، ئیتر تا ڕادەیەک بە ناو ژوورەکەدا کەوتبووە ڕاکردن، هەنگاوە کورتەکانی تا دەهات تیژتر دەکرد، بەردەوامیش چاوی بڕیبووە زەوی، دەستی ڕاستی خستبووە پشتی و دەستی چەپی بەردەوام ڕادەوەشاند و وای دەجووڵاند کە بە شێوەیەکی سەیر لەگەڵ وتەکانیدا ڕێ نەدەکەوت. ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕا سەرنجی دا لەو کاتەدا کە زۆر خێرا دەهات و دەچوو، پۆرفیری یەک دووجار نزیک بە دەرگاکە وەستا و بۆ چرکەساتێک گوێقوڵاغ بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: "تۆ بڵێی چاوەڕێی یەکێک بێت؟" پۆرفیری کە زۆر بە سادەییەوە لە ڕاسکۆلنیکۆڤی دەڕوانی و ئەوەیش لاوەکەی خستبووە

گومان و دوودڵییەوە و خۆی ئامادە دەکرد، دیسانەوە بە گەرمی کەوتەوە قسەکردن:

- بە ڕاستی تۆ لەسەر هەقیت کە بڕیارە یاساییەکان بە گاڵتە دەزانیت و قەشمەریان پێدەکەیت، هە، هە، هە! ئەم شێوازە سایکۆلۆژییە زۆر قووڵانە – بێگومان هەندێکیان نەک هەموویان – گەلێک گاڵتەجاڕن و ڕەنگە زۆریش بێکەڵک بن ئەگەر خۆمان بە پیت بە پیتی بڕیارەکانییەوە ببەستینەوە.. بەڵێ، با بێینەوە سەر ڕێسا: چاکە، ئەگەر من لە لێکۆڵینەوەی خۆمدا دەستنیشانی یەکێکم کرد، جا هەر کەسێک بێت، کە تاوانبارە، بەڕاست، ڕادیون ڕومانوڤیچ تۆ بۆ کاری مافناسی خۆت ئامادە دەکەیت؟

- بەڵێ، من یاسام دەخوێند..

- باشە، کەواتە ئەمە نموونەیەکە و بۆ ئایندەت بەکەڵکە، وا تێنەگەیت من لە خۆم ڕاببینم تۆ فێری شت بکەم، ئاخر، تۆ لەبارەی تاوانەوە وتاری سەرنجڕاکێش دەنووسیت! نا، من تەنیا ئەوەم دەوێت لەبارەی کارەساتێکەوە کە ڕووی داوە، نموونە بهێنمەوە، باشە، با بڵێین ئەگەر من فڵان یان فیسارم بە تاوانباردایە قەڵەم، بە ڕاستی لە تۆ دەپرسم، بە چ بەڵگەیەک پێشوەخت ئەو کەسە نارەحەت بکەم، تەنانەت ئەگەر چەند بەڵگەیەکیشم لەسەری هەبێت؟ ڕاستە من ناچارم هەندێک کەس زوو بگرم، بەڵام کەسانی تر هەن دەشێت لەو جۆرە نەبن، بە ڕاستی ئەمە وایە، کەواتە وازی لێدەهێنم بۆ خۆی بە شاردا بگەڕێت، هە، هە، هە! نا، من وا هەست دەکەم تۆ بە تەواوی لە مەبەستەکەم نەگەیت، با ڕوونتر بۆتی بڵێم: بۆ نموونە ئەگەر لە پێش وەختی پێویستا بیگرم، ڕەنگە بەو کارە –ئەگەر بشێ ناوی لێبنێین- پەناگایەکی ئاکاری و دەروونی بۆ دروست بکەم هە، هە، هە! تۆ پێدەکەنیت؟ (ڕاسکۆلنیکۆڤ

به هیچ جۆرێک خەیاڵی پێکەنینی نەبوو، لێوی توند دەکرۆشت و نیگا ئاگرینەکانی خۆی لە چاوی پۆرفیری کەلا نەدەخست و بە هێوری لە شوێنەکەیدا دانیشتبوو) ئەمە ڕاستییەکە و لەبارەی هەندێک کەسەوە بەتایبەتی وایە. چونکە خەڵکی جۆراوجۆرن، بەڵام شێوازی کار لەگەڵ هەموویاندا هەر یەکێکە. تۆیش ئێستا فەرمووت "بەڵگاندن"، گریمان بەڵگە هەیە، بەڵام برا گیان بەڵگە زۆرجار دوو سەری هەیە، ئاخر من دادوەری لێکۆڵینەوەم، کەواتە لایەنی لاوازم هەیە، من دان بەمەدا دەنێم: باشە ئەگەر پیشەی لێکۆڵەرەوە تەواو ڕوون و کۆک بێت. دەبێت بەڵگەیەکی وا لەبەردەستا بێت وەک دوو لەگەڵ دوودا دەکاتە چوار. بەڵگەیەکی هێند ڕوناک بێت کە نکۆڵیی لێنەکرێت. وەلێ ئەگەر من بۆ ماوەیەک ئەوم گرت، هەرچەندە تەواو لەوەیش دڵنیا بم کە تاوانباری ڕاستەقینەیە، ئەوسا من خۆم لەو بەڵگانە بێبەش دەکەم، کە تاوانەکە دەسەلمێنن. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی من – ئەگەر دەربڕینەکە تەواو بێت – دەستنیشانی بارێکی تایبەتیم بۆ ئەو کردووە، واتا لە باری سایکۆلۆژییەوە دڵنیا بووە، ئەوسا دەچێتەوە ناو قاوغەکەی خۆی و لەبەرچاوی من گوم دەبێت و پاشان دەرک دەکات کە ئەو لە گیراوەکانە و بڕاوەتەوە. دەڵێن لەم سیڤاستوپولە یەکسەر دوای ڕووداوەکەی "ئالما" خەڵکی زانا و هزرمەند زۆر لەوە دەترسان کە دوژمن بە ئاشکرا پەلاماریان بدات و سیڤاستوپوڵ داگیر بکات. بەڵام هەر ئەوەندەی بینییان دوژمن هەر مەبەستی گەمارۆدانە، دەڵێن نازانن خەڵکی تێگەیشتوو چەندە بەختەوەر و دڵشاد بوون، چونکە دیارە هیچ نەبێت کارەکە دوو مانگی پێدەچێت، لە کوێ دوژمن بە ڕێگەی گەمارۆدان سەردەکەوێت! دیسانەوە پێدەکەنیت، دیسان بڕوا ناکەیت؟ هەڵبەتە تۆیش هەقتە، بەڵێ هەقتە. من لەگەڵ تۆدا هاوڕام کە

هەموو ئەم شتانە پێشهاتی تایبەتین، بە ڕاستی تایبەتین. وەلێ لەگەڵ ئەوەیشدا ڕادیون ڕومانوڤیچی ئازیز، دەبێت لەم نێوەندەدا ئاگامان لەوە بێت حاڵەتی گشتی کە هەموو ڕێساویاساکانی بۆ بگونجێت و لە کتێبەکاندا تۆمار کرابێت، بوونی نییە. بۆیە هەر کارێک، یان هەر تاوانکارییەک کە بە ڕاستی ڕووی دابێت، ڕاست دەگۆڕێت بە حاڵەتێکی تەواو تایبەتی، هەندێکجار بۆ حاڵەتێکی ئەوەندە تایبەتی، کە هەرگیز لە هیچ شتێکی پێشتری خۆی ناکات. لەم لایەنەوە جاری وا هەیە پێشهاتی زۆر گاڵتەجاڕ ڕوو دەدات. بۆ نموونە ئەگەر من کەسێک وەک خۆی واز لێبێنم، هەرگیز نە بیگرم و نە سەر بکەمە سەری، بەو مەرجەی ئەوە بزانێت کە من لە هەر سات و هەر دەقیقەیەکدا.. یان لایەنی کەم هەست بکات کە من هەموو شتێک دەزانم و شەوورۆژ بە دوایەوەم و چاودێریی دەکەم و بزانێت کە بەردەوام شوێنی گومانە و بترسێت، سوێند دەخۆم گێژ دەبێت و خۆی دێتە پێشێ و دەشێت کاری وایش بکات، کە تەواو وەک ئەوە وابێت کە بڵێیت دوو لەگەڵ دوودا دەکاتە چوار و ڕێک بێتە پێشێ.. باشە، ئەمەیش لە خۆیدا تاموچێژێکی خۆشی هەیە.

ڕەنگە ئەم تێکەوتنە لە جوتیارێکی سادە و ساکار ڕوو بدات، یان کەسانێکی زرنگ و هۆشیاری ئەم سەردەمە کە بەتایبەتی لە زۆر ڕووەوە چاووگوێ کراوە بن. هەر لەبەر ئەمەیە ئازیز، زۆر گرنگە ئەوە بزانرێت کە مرۆڤ، واتا ڕەهەند، بە چ ڕەهەندێک چاووگوێی کراوەیە. ئەوسا دەمار، تۆ دەمارت بە تەواوی لە بیر کردووە؟ ئاخر هەموو ئەمانە نەخۆش و لاواز و شپرزەن!.. بێجگە لەوەی هەموو کەسەکان ڕقاوین، ئەمەیش لە خۆیدا، با پێت بڵێم، لە هەندێک لایەنەوە کۆمەکێکی باشمان پێدەکات. ئیتر بۆ لەوە دڵگران بم کە کەسێکی وا

نەگیراوە و بۆ خۆی لە شاردا دێت و دەچێت. لێی گەڕێ، لێی گەڕێ با بۆ خۆی پیاسە بکات. چونکە من باش دەزانم کە بەو حاڵەیشەوە هەر نێچیری منە و ناتوانێت بۆ هیچ جێگایەک لە دەستم هەڵبێت، باشە بۆ کوێ بچێت؟ هە، هە، هە، بۆ دەرەوەی وڵات؟ ڕەنگە کابرایەکی پۆڵەندی بتوانێت بۆ دەرەوە ڕا بکات، نەک ئەو، بەتایبەتی کە من لە کەمیندام بۆی و چی پێویست بێت کردوومە. ئەی بۆ شوێنێکی زۆر دووری ناو وڵات هەڵدێت؟ ئاخر، لەوێ جووتیار هەن، جووتیاری ڕاستەقینەی ڕووسی، بۆیە ئەمێکی ڕوناکبیری ئەم سەردەمە، پێی باشترە لە زیندانداا بێت و کاری زۆر قورسیشی پێبکرێت بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە جوتیارە نامۆیانەماندا نەژی. هە، هە! وەلێ هەموو ئەم قسانە زۆربڵێی و ڕووکەشن. هەڵهاتن یانی چی؟ ئەمە لایەنە ڕووکەشەکەیە. مەبەستی سەرەکی شتێکی ترە. لەبەر ئەوە لە دەستی من ڕا ناکات چونکە نازانێت بۆ کوێ بچێت. بەڵکو لەبەر لایەنی دەروونی ناڕوات. هە، هە، هە! چ دەربڕینێکی سەرکەوتووە! ئەو لەبەر یاسای سروشت لە من ڕا ناکات. تەنانەت ئەگەر جێگایەکی هەبێت کە خۆی تیا حەشار بدات. پەروانەت بینیووە بە دەوری شەمدا؟ باشە، ئەویش ئاوا بە دەوری مندا دەسووڕێت. حەزی لە ئازادی نییە، هەمیشە لە بیرکردنەوەدایە، وەک داو خۆی لە نێو تەونێک دەنێت و ترس تا سەر سنووری مەرگ هەراسانی دەکات.. بێجگە لەمە خۆی مەسەلەیەکی لە بابەتی ٢+٢=٤ دەخاتە پێشم.. بێگومان بەو مەرجەی دەرفەتی زیاتری بدەمێ.. هەر بەو جۆرە بە دەورمدا دەسوڕێت و دەسوڕێت تا وردەوردە بازنەکە تەسکتر دەبێتەوە، ئینجا دەکەوێتە ناو دەممەوە! منیش بە ئارەزووی خۆم قووتی دەدەم و ئەوەیش زۆر بە لەزەتە. هە، هە، هە! باوەڕ ناکەیت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی نەبوو. بە ڕەنگی پەڕیوویەوە بێجووڵە دانیشتبوو. بە وردی لە دەموچاوی پۆرفیریی دەڕوانی. بۆ خۆی بیری دەکردەوە: "وانەیەکی چاکە، وەک ئەوەی دوێنێشەو نییە، لە یاریی مشک و پشیلە ناچێت و بێهودە نییە، توانای خۆیم پیشان دەدات.. دەڵێی.. پێم دەڵێ.. زۆر لەوە ئاقڵترە ئەوە بکات.. ئامانجێکی تری هەیە، بەڵام چ ئامانجێک؟ نا، هاوڕێ یاغنیشیت، دەمترسێنیت و داوم بۆ دەچنیت. چ بەڵگەیەکت پێنییە و زەلامەکەی دوێنێش لێرە نییە! تۆ هەر دەتەوێت لە ڕێگەم دەربکەیت. دەخوازیت زوو ڕقم هەستێنیت و ئەوسا لە داوم نێیت، وەلێ خراپ بۆی چوویت و هەڵەیت. هەڵە! باشە ئەی بۆ تا ئەم ڕادەیە ئاماژەم بۆ دەکات؟ ئایا دەماری نەخۆشم بەهەند وەرناگرێت! نا، هاوڕێ کوێرانە لێی دەڕوانیت، تۆ هەڵەیت، هەرچەندە هەر چاڵێکت هەڵکەندووە.. باشە، پاشان دەبینین چ خەوێکت پێوە دیوم!"

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو هێز و توانای کۆ کردەوە و بەرانبەر بە بەسەرهاتێکی نادیار و ترسناک خۆی ئامادە کرد، هەندێکجار دەیویست پەلامار بدات و پۆرفیری لە شوێنی خۆیدا بخنکێنێت. ئەو لەو کاتەوەی هاتبووە ژوورێ، ترسی ئەوەی لێنیشتبوو تووشی تووڕەییەکی وا ببێت. هەستی کرد لێوی وشک بووە، دڵی تەپەتەپەتی و کەف لالێوی گرتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا بڕیاری دا بۆ ماوەیەک بێدەنگ بێت و قسە بە زاریدا نەیەت، دەیزانی کە بۆ ئەم بارەی ئێستا ئەوە باشترین سیاسەتە، چونکە نەک تەنیا بە بێهودە قسە ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە بە بێدەنگییەکەی خۆی دوژمنەکەی تووڕە دەکات، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بەرانبەرەکەی بە قسەکانی

تێبکەوێت، لایەنی کەم ئەمەیش هیوایەک بوو ڕاسکۆلنیکۆڤ ئومێدی پێبەستبوو.
پۆرفیری کە زۆر سەرحاڵ و بەردەوام لە خۆشیدا پێدەکەنی و بە ژوورەکەدا هاتوچۆی بوو، کەوتەوە قسەکردن:
- نا، من وا دەزانم تۆ بڕوام پێناکەیت، وا تێدەگەیت من سووکە گاڵتەیەکت لەگەڵدا دەکەم، باشە، هەڵبەت تۆیش هەقی خۆتە، خوداوەندیش هەیکەلی منی وا دروست کردووە کە خەڵکیی هەر پێکەنینیان پێی بێت، ڕێک وەکو لێبووک، بەڵام دەمەوێت پێت بڵێم و دووبارەیشی دەکەمەوە. کە تۆ، گیانەکەم، ڕادیون ڕومانوڤیچ، لە منی پیرەمێرد ببووریت، تۆ گەنجیت، واتا لە سەرەتای گەنجیدایت و بۆیە وەک هەر لاوێکی دی، هزر و زرنگیی مرۆڤ لە هەموو شتێکی دی زیاتر دەنرخێنیت. توانای هزری پڕ لە تەنز و ئەنجامگیرییە ڕووتەکان سەرسامت دەکەن، لەمەدا لە ڕاوێژکارە سوپاییەکانی نەمسا دەچیت، واتا تا ئەو جێگایەی دەتوانم لەبارەی ڕووداوە سەربازییەکانەوە داوەری بکەم: ئەو بەڕێزانە لەسەر پەڕەی کاغەز، ناپلیونیان شکست دا و بەدیلیان گرت، لە نووسینگەکەشیاندا، کە نازانم چی پێدەڵێن، هەموو مەسەلەکانیان بە وردی شەنوکەو کرد، ڕێکیان خست و دەیانزانی ئەنجامەکەی چۆنە، بەڵام بڕوانە چۆن سەرلەشکرەکەیان "ماکس" لەگەڵ هەموو سوپاکەیدا خۆی بەدەستەوە دا. هە، هە، هە! باشە، دەبینم، ڕادیون ڕومانوڤیچی ئازیز، پێم پێدەکەنیت، لەبەر ئەوەی من کەسێکی مەدەنیم و کەچی نموونەکانم لە مێژووی سەربازییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵێ، ئەی چی بکەم. ئەمەیە لاوازیی من، حەزم لە کاری سەربازییە و نازانیت چەند لە خوێندنەوەی کاروباری سەربازی چێژ وەردەگرم.. لە ڕاستیدا من لە هەڵبژاردنی

پیشەدا هەڵەم کردووە. دەبوو من ژیانی سەربازیم هەبێت و لە سوپادا بم. ڕەنگە نەبوومایە بە ناپلیون، بەڵام حەتمەن دەبووم بە کۆلۆنێل، هە، هە، هە!

باشە ئازیزم، ئێستا هەموو وردەکاری و ڕاستییەکانی مەسەلەکە، واتا مەسەلە تایبەتییەکەت بۆ ڕاڤە دەکەم: ڕاستی و سروشت، بەڕێزم، شتێکی زۆر گرنگن، زۆرجار ئەم دووانە پلانە هەرە وردەکان بەتاڵ دەکەنەوە. گوێ لەم پیرەمێردە بگرە. دڵگیرانە ئەمە دەڵێم، ڕادیون ڕومانوڤیچ (پۆرفیری پتروڤیچ کە ئەم قسانەی دەکرد، تەمەنیشی لە دەوروبەری سیوپێنج ساڵیدا بوو، تەواو وەک پیرەمێردێک دەهاتە بەرچاو، تەنانەت دەنگی گۆڕابوو و پشتیشی کۆمابووەوە) پاشان من پیاوێکی قسەلەڕووم.. بەڕاست من قسەلەڕووم یان نا؟ دەڵێی چی؟ من قسەلەڕووم، من ئەمە هەروا بێبەرانبەر بە تۆ دەڵێم و هیچم لە تۆ ناوێت، هە، هە، هە! باشە، کەواتە قسەکەم تەواو دەکەم: هۆشیاری بە لای منەوە گەلێک گەورەیە، وەک دەڵێن، جوانیی سروشت و دڵخۆشیی ژیانە، لە ڕاستیشدا هۆشیاریی دەتوانێت شتی زۆر نهێنی دروست بکات، کەواتە لێکۆڵەرەوەیەکی بێچارەی ئاسایی کە خۆیشی گیرۆدەی خەیاڵە –چونکە ئەویش مرۆڤێکە وەک مرۆڤەکانی تر– چۆن دەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات، وەلێ نەگبەتی لەوەدایە کە سروشت فریای ئەو لێکۆڵەرەوە بێچارەیە دەکەوێت و ڕزگاری دەکات. کەچی ئەو لاوانەی شەیدای هۆشیارین کە –بە زاراوەی دوێنێشەوی زرنگانە و فێڵزانانەی تۆ– "بەسەر هەموو گیروگرفتێکدا زاڵ دەبن" تەنانەت بیر لەمە ناکەنەوە. لاوی هۆشیار، لەو لایەنە تایبەتیەوە، دەشێت درۆ بکات و درۆکەیشی زۆر لێزانانە و فێڵبازانە بکات و وایش بزانێت کە سەرکەوتووە و لە بەرهەمی هۆشیارانەی

خۆی چێژ وەربگرێت، وەلێ ناتوانێت و دەکەوێت، لەپڕێکدا لە جێگایەکی زۆر گرنگ و حەساسدا لە هۆش خۆی دەچێت. ڕەنگە نەخۆشیش بێت، هەندێکجار هەوای ژوورێک پیس و خەفەکەرە، بەڵام هەر گومانێک دروست دەکات! درۆکەی زۆر باش کرد، بەڵام حسابی بۆ سروشتی خۆی نەکرد و کەوتە داوەکەوە. هەندێکجاریش کە بە یاریی هۆشیارییەکەی مەست دەبێت، سەر دەکاتە سەر یەکێک، کە گومانی لێی هەیە، کەچی لەپڕێکدا یارییەکەی خۆ دەکێشێتە ئەوەی کە ڕەنگی خۆی هەڵبزرکێنێت، وەلێ ڕەنگی زۆر سروشتییانە دەپەڕێت و حاڵوباری گەلێک باش و سروشتییە، ئەمەیش بەدگومانییەکی تری بۆ دروست دەکات.

هەرچەندە جاری یەکەم فیڵەکە سەردەگرێت و لێکۆڵەرەوەکە دەخەڵەتێ، بەڵام ئەو لێکۆڵەرەوە خەڵەتاوە بە درێژایی شەو دێتەوە سەر خۆی و ئاوەزەکەی. بێگومان ئەگەر خۆیشی مرۆڤێکی هۆشیار بێت. ئاخر، لەم بابەتانە زۆرن، بۆ نموونە، خۆی پێش دەستی هەندێک کاروبار دەکات کە کەس لێی نەپرسیووە، هەمیشە خۆی لە شتگەلێک هەڵدەقورتێنێت، کە لە ڕاستیدا دەبێت لێی بێدەنگ بێت. قسە دەکات و دەدرکێنێت و ئاماژە دەکات. هە، هە! خۆی دێت و پرسیار دەکات کە بۆچی ئەم ماوە زۆرە منتان نەگرتووە؟ هە، هە، هە! دەشێت ئەمە لە زرنگترین کەس، یان زانایەکی دەروونی و ئەدیبێکیش ڕوو بدات. سروشت ئاوێنەیەکی زۆر شەفافە، تەماشای بکە و بڕۆ. بەڵام، ڕادیون ڕومانوڤیچ بۆ وا ڕەنگت هەڵبزڕکاوە، هەناسەت تەنگ بووە، پەنجەرەکەت بۆ بکەمەوە؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری کرد:

– نا، تکایە زەحمەت مەکێشە.

لەپڕێکدا دایە قاقای پێکەنین.
- تکایە زەحمەت مەکێشە!
پۆرفیری بەرانبەری وەستا، کەمێک چاوەڕێی کرد و لەپڕێکدا ئەویش لە دوایەوە دایە قاقای پێکەنین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو پێکەنینە هیستریاییەکەی خۆی وەستاند، لەسەر قەنەفەکە هەستا، ئەگەرچی نەیدەتوانی بە پێوە بوەستێت، بەڵام بە دەنگێکی پڕ لە تواناوە وتی:
- پۆرفیری پتروڤیچ، من سەرئەنجام بە ئاشکرا دەبینم تۆ لە کوشتنی ئەو پیرێژنە و لیزاڤێتای خوشکی تەواو لە من بەدگومانیت، من لای خۆمەوە ڕایدەگەیەنم کە ئەو بەسەرهاتە ماوەیەکە منی تەواو بێتاقەت کردووە، ئەگەر دەزانیت لەسەر هەقیت، بە شێوەیەکی یاسایی چاودێریم بکە، ئەگەر دەیشزانیت پێویستە بمگریت، بمگرە. بەڵام من ڕێگەت پێنادەم گاڵتەم پێبکەیت و ئازارم بدەیت.
لەناکاودا لێوی لەرزی، چاوی ڕقی تێزا و دەنگی کە تا ئەو کاتە لە کۆنترۆڵی خۆیدا بوو، بەرزبووەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ لەپڕێکدا بە هەموو توانای مشتی بەسەر مێزەکەدا کێشا و هاواری کرد:
- بەڵێ ڕێگەت پێنادەم، گوێت لێمە پۆرفیری پتروڤیچ؟ هەرگیز ڕێگەت پێنادەم.
پۆرفیری پتروڤیچ کە پێدەچوو ڕووبەڕووی مەترسییەک بووبێتەوە، دەنگی هەڵبڕی:
- ئای خودایا، دیسانەوە چی ڕووی داوە، گیانەکەم، ڕادیون ڕومانوڤیچ، ئازیزم، باوکم، ئاخر تۆ چیتە؟
دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری لێ بەرز بووەوە:

- ڕێگەت پێنادەم.
پۆرفیری پتروڤیچ ڕووی لە ڕووی ڕاسکۆلنیکۆڤ نزیک خستەوە، بە ترسەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:
- ئازیزم، لەسەرخۆ بە، چونکە گەر گوێیان لێبێت، دێنە ژوورێ، چاکە، ئەوسا ئێمە چییان پێبڵێین. بیری لێبکەرەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ زوو وتیەوە:
- ڕێگەت پێنادەم، ڕێگەت پێنادەم.
بەڵام ئەمجارەیان قسەکانی لەبەر خۆیەوە وت.
پۆرفیری خێرا ڕووی وەرگێڕا و بەرەو لای پەنجەرەکە چوو تا بیکاتەوە، وتی:
- چاکە هەوای تازە بێتە ژوورێ، وا چاکە تۆزێک ئاو بخۆیتەوە، ئازیزم ئەمە کاتی بەڵاکەیە.
بەدەم قسەکانەوە بەرەو لای دەرگاکە چوو تا داوای ئاو بکات، بەڵام خۆشبەختانە هەر لە ژوورەکەدا، لە گۆشەیەکیدا گۆزەیەک ئاوی دۆزیەوە، پەرداخێکی هێنا بۆ ڕاسکۆلنیکۆڤ و لەبەر خۆیەوە وتی:
- باوکە گیان، فەرموو، بەڵکو تۆزێک چاک بیت.
ترس و دڵسۆزیی پۆرفیری پتروڤیچ هێند سروشتی بوو، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ بێدەنگ بوو، زۆر بە وردی کەوتە تەماشای، وەلێ ئاوەکەی لێوەرنەگرت.
- ڕادیون ڕومانوڤیچ، ئازیزم، ئاخر تۆ بەم حاڵەوە حەز بە شێتبوون دەکەیت، باوەڕم پێبکە، کەمێک ئاو بخۆرەوە، ئاخر هەر هیچ نەبێت تۆزێک.
ڕاسکۆلنیکۆڤی ناچار کرد پەرداخە ئاوەکەی لێوەربگرێت. ڕاسکۆلنیکۆڤ بەبێ بیرکردنەوە خێرا ویستی پەرداخەکە بخاتە سەر

لێوی، بەڵام زوو هاتەوە سەر خۆی و بە بێزارییەوە لەسەر مێزەکە داینا.
پۆرفیری پتروڤیچ بە زمانێکی خۆش، بەڵام بە سیمایەکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێوە کەوتە دڵدانەوەی:
- بەڵێ، ئەمە بەڵاکە بوو، ئازیزم، نەخۆشییە کۆنەکە سەری لێداویتەوە، خودایا! ئاخر بۆ ئاگاداریی خۆت ناکەیت؟ دیمیتری پرۆکفیچیش دوێنێشەو هاتە لام، لەگەڵ ئەوەدام، من لەگەڵ ئەوەدام کە خوویەکی توندوتیژم هەیە، خوویەکی خراپ، بەڵام ئەو ج بەرئەنجامێکی لەم مەسەلەیە گرت. خودایا! دوێنێشەو دوای تۆ هات، پێکەوە نانمان خوارد، هەر قسەی کرد و من سەراسیمە بووم و لای خۆمەوە بیرم کردەوە: "عەجەب!.. ئایا تۆ ناردووتە؟" ئاخر دانیشە، ئازیزم، توو سەری مەسیح دابنیشە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وەڵامی دایەوە:
- نا، لای منەوە نەهاتووە! وەلێ دەمزانی دێتە لات و بۆچیش دێت.
- دەتزانی؟
- دەمزانی، جا ئەوە چییە؟
- ڕادیون ڕومانوڤیچی ئازیز، من نەک هەر ئاگام لەو کارەت بێت، بەڵکو ئاگاداری هەموو شتێکتم، هەموو شتێک. دەزانم چۆن چووبوویت بۆ بەکرێگرتنی ئاپارتمانەکە. ڕێک لە خۆراوابووندا، کاتێک دنیا تاریک داهاتبوو، زەنگەکەت لێدا و لەبارەی خوێنەوە چەند پرسیارێکت کرد، کرێکار و دارتاشەکانت تەواو وڕ کرد، لەو ساتەدا بە چاکی دەرکی باری دەروونیتان دەکەم.. لەگەڵ ئەمانەیشدا، سوێند دەخۆم کە تۆ وا بکەیت، شێت دەبیت. لە دەروونی تۆدا ڕق لەڕادەبەدەر هاتۆتە جۆش، بێگومان ڕقێکی پیرۆزە. ئەنجامی ئەو

ئازارانەیە کە دەیچێژیت، لە سەرەتادا لە چارەنووس و پاشان لە پۆلیس، هەر لەبەر ئەوەیە تۆ ئەملاوئەولا دەکەیت تا وەک دەڵێن، زوو خەڵکی بهێنیتە قسە و کارەکە یەکلایی بێتەوە. چونکە ئەم قسە بێمانا و بەدگومانییە تەواو بێتاقەتیان کردوویت، وایە؟ باش لە لایەنی دەروونیت گەیشتووم، نا؟.. وەلێ تۆ لەمەدا نەک هەر خۆت، بەڵکو ڕازومیخینیش تێک دەدەیت. ئاخر، ئەو لەم کێشانەدا گەلێک میهرەبانە، تۆ خۆت دەزانیت، تۆ نەخۆشیت و ئەو سادە و پاکە و لە ئەنجامدا ئەویش تووشی نەخۆشییەکەی تۆ دەبێت.. من، ئازیزم، کاتێک دێیتەوە سەر خۆت، بۆت ڕوون دەکەمەوە.. ئاخر گیانەکەم گوێ بگرە، بۆ خاتری مەسیح دابنیشە، تکات لێدەکەم بحەسێرەوە، ڕەنگ بە ڕووتەوە نەماوە، ئاخر، ئیدی دابنیشە..

ڕاسکۆلنیکۆڤ دانیشت، لەرزەکەی هاتبووە کۆتایی، بەڵام تا هەموو لەشی داخ کردبوو، بە وردی و سەرسامییەوە گوێی لە قسە دۆستانەکەی پۆرفیری گرتبوو، وەلێ بڕوای بە تاقە وشەیەکی نەدەکرد، هەرچەندە هەستی وابوو کە ئارەزوویەکی سەیری تیایە بۆ ئەوەی بڕوا بە قسەکانی بکات. وتە کتوپڕەکەی پۆرفیری لەبارەی بەکرێگرتنی ئاپارتمانەکەوە بەجارێ سەرسامی کردبوو، بیری کردەوە: "چۆن لەبارەی بەکرێگرتنی ئاپارتمانەکەوە شت دەزانێت و خۆیشی بۆم باس دەکات؟"

پۆرفیری بەپەلە لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- بەڵێ، پێشتریش، لە ئەزموونی دادگاییماندا، ڕووداوی لەم جۆرە نەخۆشییە سایکۆلۆژییە بەرەو ڕوومان بۆتەوە، یەکێک هەر بەم شێوەیە خۆی بە تاوانی کوشتن دایە قەڵەم، چۆن ئەنجامدانێکیش! کەوتە وڕێنەیەکی بەردەوام و بەڵگەهێنانەوە، بە وردی ڕووداوەکەی

گێڕایەوە، سەری هەمووی بەگێژ هێنا و ڕێی لێ هەڵە کردن. لە کاتێکدا کە بەبێ بیرکردنەوە و ویستی خۆی تا ڕادەیەک ببووە هۆی کوشتنەکە، بەڵێ تا ڕادەیەک، چونکە کە زانی بووە بە هۆکارێک کە بکوژەکان ئەو تاوانە بکەن، تاسا، تێک چوو، کەوتە نێو خەیاڵ و وەهمێکەوە تەواو سەری لێشێوا و خۆی دڵنیا کرد کە ئەو بکوژی ڕاستەقینەیە. بەڵام ئەنجومەنی دادگای باڵا سەرئەنجام گرێکەی کردەوە و ئەو نەگبەتەی بەرەڵا کرد و خستییە ژێر چاودێرییەوە، سوپاس بۆ دادگای باڵا، ئەی داد و بێداد، ئاخر، ئاخر ئازیزەکەم وا نابێت، نابێت ئاوا خۆت دووچاری ماخولیا بکەیت، ئەمە دەمارت دەهاڕێ و ڕەنگە شەوانە بگەڕێیت و لە زەنگی ماڵان بدەیت و پرسیاری خوێن بکەیت. من ئەم باری دەروونییە بە تاقیکردنەوە باش فێری بووم. مرۆڤ هەندێکجار پێی خۆشە لە پەنجەرەوە یان لە قەڵایەکی بەرزەوە خۆی هەڵبداتە خوارێ، ئەم هەستە لەو حاڵەتەدا خۆش دێتە بەرچاو، هەروەها لەزەنگدانیش.. نەخۆشییە ڕادیون ڕومانوڤیچ، نەخۆشی. تۆ زۆر گوێ بە نەخۆشییەکەت نادەیت. دەبێت سەر لە پزیشکێکی شارەزا بدەیت. ئاخر ئەو هاوڕێ قەڵەوەت بە کەڵکی چی دێت! تۆ دووچاری نەخۆشیی وڕێنەیت. هەموو ئەم شتانەیش لە کاتی وڕێنەکردندا ڕوو دەدەن!

بۆ چرکەساتێک هەموو ژوورەکە لەبەرچاوی ڕاسکۆلنیکۆڤدا سووڕا، بە خۆی دەوت: "تۆ بڵێی تا ئێستا هەر درۆ بکات؟ مەحاڵە، مەحاڵە!" دەیویست ئەو بیرە لە سەری خۆی دوور بخاتەوە، لەبەر ئەوەی تا دەهات، زیاتر هەستی بەوە دەکرد کە تا چەند دەشێ ئەم بیرە تووڕەوتەوسنی بکات و لەوانەیشە هەر ئەم تووڕەییە بیگەیەنێتە

شێتی. پاشان بۆ درکپێکردنی یارییەکەی پۆرفیری، بە تەواوی توانای هزری خۆی کۆ کردەوە و دەنگی لێهەڵبڕی.
- ئەوەی تۆ باسی دەکەیت لە کاتی وڕێنەکردندا نەبوو، بەڵکو من گەلێک هۆشیار بووم، لە هۆشیاریدا بوو دەبیستیت، لە هۆشیاریدا؟
- بەڵێ تێدەگەم و دەبیستم، تۆ دوێنێش هەر دەتوت لە کاتی وڕێنەکردندا نەبووە. بەتایبەتیش پێت لەسەر ئەوە دادەگرت کە لە کاتی وڕێنەکردندا نەبووە! هەرچی تۆ دەیڵێت من تێی دەگەم! ئەی داد.. ئاخر تۆ گوێ بگرە، ڕادیون ڕۆمانوڤیچ، گەورەم، با بڵێین وایە.. ئاخر، ئەگەر تۆ بە ڕاستی.. ئەم کارەت ئەنجام دابێت، یان بە هەر شێوەیەک بەشداریت لە کارێکی وا قێزەوندا کردبێت، ئەوسا دەکرا، ئاخر تۆ خوات بێت، دەکرا جەخت لەسەر ئەوە بکەیت کە هەموو ئەو کارانەت لە کاتی وڕێنەدا نەکردووە و بە پێچەوانەوە بە تەواوی هۆشیارییەوە ئەنجامت داوە؟ ئەمە دەبێت ئاوا جەخت بکەیت و پێ لەسەر سەرسەختیی خۆت دابگریت؟ ئاخر، دەبوو، تۆ خوات بێت، ئەوە دەبوو؟ بە ڕای من تەواو بە پێچەوانەوە دەشکایەوە. ئەگەر تۆ هەستت بە تاوانباری بکردایە، ئەوسا دەبوو جەخت بکەیت کە حەتمەن لە حاڵەتی وڕێنەکردندا بوویت. وانییە؟ وایە، نا؟
پرسیارەکە سەگایەتییەکی تیابوو، ڕاسکۆلنیکۆڤ لە نزیک پۆرفیرییەوە کە بەسەریدا نووشتابووەوە، پاڵیدا بە پشتی قەنەفەکەوە و بێدەنگ، بە سەرسامییەوە کەوتە لێڕامانی.
پۆرفیری کەوتەوە قسەکردن:
- یان لەبارەی جەنابی ڕازومیخینەوە، کە دوێنێشەو لە خۆیەوە یان لای تۆوە هاتبوو. وا بۆ تۆ چاکە بڵێیت ئەو لە خۆیەوە هاتووە و نکۆلیی لەوە بکەیت کە تۆ ناردبێت، بەڵام کە تۆ نکۆلی لە هاتنی

ناکەیت، کەواتە سووریت لەسەر ئەوەی بڵێیت ئەو بە دنەدانی تۆ هاتۆتە ئێرە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەرگیز جەختی لەسەر ئەوە نەکردبوو، سەرما خزیبووە پشتی و لەسەرخۆ و بە زەردەخەنەیەکی کەچی لالێویەوە وتی:

- ئەوەی کە وتت هەمووی درۆیە، تۆ تازە دەتەوێت وا لە من بگەیەنیت کە لە گەمەی من ئاگاداریت، پێشتر هەموو وەڵامەکانم دەزانیت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی کرد کە قسەکانی ئەم وەک پێویست وەرناگرێت:

- دەتەوێت بمترسێنیت.. ڕێکوڕەوان تۆ گاڵتەم پێدەکەیت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە ئەم قسانەی دەکرد، زۆریش لێی ڕامابوو، لەپڕا ڕقێکی خەست لە چاویەوە بروسکەی دا و هاواری کرد.

- هەموو قسەکانت درۆن، تۆ خۆت زۆر باش دەزانیت چاکترین ڕێگە بۆ خۆدزینەوەی تاوانبار ئەوەیە تا ئەو جێگایەی کە بشێت بیڵێت، نکۆڵیی لێنەکات و نەیشارێتەوە. من بڕوام بە تۆ نییە.

پۆرفیری بە تەوسەوە وتی:

- چ کابرایەکی جەربەزەیت! لەگەڵ تۆدا چنگاوشبوون زەحمەتە. بیرۆکەیەک لە ناختا ڕەگی داکوتاوە، کەواتە بڕوات بە من نییە؟ وەلێ حەز دەکەم پێت بڵێم تا ڕادەیەک بڕوات پێکردووم، هەر بە ئەندازەی موویەک بڕوات بە قسەکانم هەیە و من هەوڵی ئەوەمە تەواو ببمە جێی بڕوات، چونکە بە ڕاستی من تۆم خۆش دەوێت و لە ناخەوە حەز بە چاکەت دەکەم.

لێوی ڕاسکۆلنیکۆڤ هاتبووە لەرزین.

پۆرفیری کە بە هێوری و دۆستانە دەستی بە سەر باسکی ڕاسکۆلنیکۆڤدا هێنا، کەوتەوە قسەکردن:

- بەڵێ، لە ناخەوە حەز دەکەم.. بڕوام پێبکە، وەک هاوڕییەک پێت دەڵێم و بەبێ هیچ پێچوپەنایەک کە دەبێت ئاگات لە تەندروستیی خۆت بێت. بە تایبەتی کە ئێستا خێزانەکەت هاتوون بۆ لات، هیچ نەبێت ئاگاداریان بە، تۆ دەبێت دڵیان خۆش بکەیت و نازیان هەڵگریت، کەچی دەیانترسێنیت..

- ئەوە چ پەیوەندیی بە تۆوە هەیە؟ لە کوێ دەزانیت؟ بۆ ئەوەندە خۆت لە کاری خەڵکی هەڵدەقورتێنیت؟ دیارە تۆ هەر بە دوای منەوەیت و مەبەستیشتە من ئەوە بزانم؟

- ئای خودایا! ئاخر من هەموو ئەمانەم لە خۆت بیستووە، تۆ هەر ئاگات لەوە نییە کە حاڵت خراپ دەبێت هەموو شتێک یەک بەدوای یەکدا بە من و کەسانی تریش دەڵێیت. دوێنێشەو، لە ڕازومیخینی بەڕێز، واتا دیمیتری پرۆکفیچ ڕازومیخین، زۆر شتی سەرنجڕاکێشم بیست، نا، تۆ قسەکەت پێبڕیم، دەخوازم پێت بڵێم کە بە هۆی ئەو بەدگومانییەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر وریایت، دەربارەی گەلێک کاروباری جیاواز بیری خۆت لەدەست داوە، بڕوانە، با بگەڕێینەوە سەر مەبەستەکەی پێشوو، مەسەلەی زەنگەکە، کە بە ڕاستی بەڵگە و ڕووداوێکی گرنگە، گومان هەڵناگرێت. من کە لێکۆڵەرم، پاک و پوخت خۆم خستمە بەردەستت، تۆ هیچ لەمەدا نابینیت؟ ئاخر، ئەگەر من کەمێک لە تۆ بەدگومان بوومایە، ئەوەم دەکرد؟ بە پێچەوانەوە ئەگەر وا بووایە و من گومانم لێبکردیتایە، ئەوسا دەبوو بەدگومانییەکەت بخەوێنم و بە ڕوومدا نەهێنم کە من ئاگاداری ئەوەم و دەیزانم، تۆیش بە لایەکی تردا بەرم و ئەوسا لە ناکاوێکدا، بە تەور (وەک

١

خۆت دەڵێیت) بکێشم بە تەوقی سەرتا و وردوخاشت بکەم، بۆ نمونە لێت بپرسم: "ئەرێ بەڕێز، تۆ سەعات دە یان یانزەی شەو لە ماڵی کوژراوەکە چیت دەکرد؟ بۆ پەتی زەنگەکەت ڕاکێشا؟ بۆ لەبارەی خوێنەوە پرسیارت کرد؟ بۆ سەرت لە دەرگاوانەکان شێواندبوو و دەتویست بیانکێشیتە لای سەرۆکی بەشی پۆلیس؟" بەڵێ، دەبوو من ئەوە بکەم، تەنانەت ئەگەر یەک تۆزیش گومانم لە تۆ بکردایە، دەبوو بە هەموو ڕێوڕەسمێکەوە لێکۆڵینەوەت لەگەڵدا بکەم، ماڵەکەت بپشکنم و لەوانە بوو بیشتگرم.. کەواتە، دیارە من لە تۆ بەدگومان نیم و بە پێچەوانەوە ڕەفتارم لەگەڵ تۆدا کردووە. بەڵام تۆ تەندروستیی خۆتت لەدەست داوە، دووبارەیشی دەکەمەوە، کە تۆ هیچ شتێک بە چاکی نابینیت!

بە جۆرێک هەموو لەشی ڕاسکۆلنیکۆف کەوتە لەرزین، کە پۆرفیری پتروڤیچ بە چاکی هەستی پێکرد.

ڕاسکۆلنیکۆف دەنگی هەڵبڕی:

- هەرچییەک دەڵێیت درۆیە. من لە مەبەستت تێناگەم، وەلێ دەزانم درۆ دەکەیت.. پێشتر قسەکانت بۆنی ئەمەی لێنەدەهات و من هەرگیز بە هەڵەدا ناچم.. تۆ درۆ دەکەیت!

پۆرفیری کە خرۆشانی پێوە دیار بوو، بەڵام خۆی دەگرت و نەیدەویست خۆشحاڵییە زۆر و گاڵتەجاڕییەکەی لەدەست بدات، بەوەی کە بەرانبەر بە ڕاوبۆچوونەکانی ڕاسکۆلنیکۆف لەسەر خۆی هیچ نیگەران نییە. بەردەوامیش بوو لەسەر قسەکانی:

- من درۆ دەکەم؟ درۆ دەکەم؟.. باشە، جاری پێشوو ڕەفتارم لەگەڵتا چۆن بوو؟ من کە دادوەری لێکۆڵەرم، خۆم هاوکاریم کردیت، هەموو کەرەسەیەکی بەرگریکردنم خستە بەردەستت و خۆم مەسەلە

سایکۆلۆژییەکانم پێوتیت: "نەخۆشی، وڕێنەکردن، خەمۆکی، ڕەنجی زۆر، مالیخولیا و پۆلیسەکان" و شتی تریشم بیر خستیتەوە، وایە؟ هە، هە، هە! ئەگەرچی دەبێت ئەوەیش بڵێم کە هەموو ئەم کەرەسەی بەرگری لەخۆکردنانە، تەواوی ئەم پاساو و هەوڵانە تەنیا ڕووکەشن و دوو سەریان هەیە: "نەخۆشی، وڕێنە، خەون و فەرامۆشی" هەموویان ڕاستن، بەڵام بەڕێز، بۆ لە کاتی نەخۆشی و وڕێنەکردندا تۆ هەر ئەم جۆرە خەونانە بە بیرتا دێت نەک شتی تر، ئاخر نەدەبوو خەونی تریش ببینیت؟ وا نیە؟ هە، هە، هە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بەدەم لەجێگاهەستانەوە پۆرفیریی کەمێک دایە دواوە، بە فیز و بێزارییەوە لێی ڕوانی و بە دەنگی بەرز پێی وت:

- بە کورتی دەمەوێت بزانم، ئایا تۆ هیچ جۆرە بەدگومانییەکت بەرانبەر بە من هەیە یان نا؟ دەی پۆرفیری پتروڤیچ، بە ڕوونی و خێرا ئەمەم پێبڵێ، دەبێت هەر ئێستا پێم بڵێیت!

پۆرفیری بە ڕوویەکی شاد و فێڵاوی و بەبێ ئەوەی هیچ دوودڵییەکی پێوە دیار بێت، بە سەریدا خوڕی:

- چ داوایەکی سەیرە! بە ڕاستی پەیوەندیبەستن لەگەڵ تۆدا کارێکی ئاسان نییە! ئاخر، تۆ دەتەوێت چی بزانیت، دەتەوێت چی بکەیت تا هەموو شتێک بزانیت! تا ئێستا کەس تەنگی پێ هەڵچنیویت! تۆ هەر لە منداڵ دەکەیت: داخوازیت هەیە، دەتەوێت ئاگر بە دەستەوە بگریت. ئاخر، تۆ بۆ ئەوەندە خۆت ئازار دەدەیت؟ بۆ هێندە سووریت کە پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا ببەستیت، هۆیەکەی چییە؟ بۆ؟ هە، هە، هە!

ڕاسکۆلنیکۆڤ بە تووڕەییەکی زۆر نائاساییەوە شیڕاندی:

- پێت دەڵێم کە ئیتر من لە حەوسەڵەمدا نەماوە..

پۆرفیری قسەکانی پێبڕی:

- بێحەوسەڵەیی لە چی؟ بێباوەڕیی؟
دیسانەوە ڕاسکۆلنیکۆڤ مشتی بەسەر مێزەکەدا کێشا و هاواری کرد:
- سەرمەنێرە سەرم، نامەوێت.. پێموتیت نامەوێت، ناتوانم و نامەوێت! تێدەگەیت!
- لەسەرخۆتر، لەسەرخۆتر. ئاخر، گوێیان لە دەنگمان دەبێت، بە ڕاستی پێت دەڵێم: ئاگات لە خۆت بێت. گاڵتە ناکەم!
پۆرفیری ئەم قسانەی تا ڕادەیەک بە هێوری وت، ئەمجارە وەک پێشتر لە دەموچاویدا ئەو حاڵەتی ڕاستگۆیی و سەرسامییەی ژنێکی گوندیی نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەمجارە ڕاستوڕەوان فەرمانی دەدا، ڕووی گرژ و بڕۆی هێنابوونەوە یەک، وەک ئەوەی بیەوێت هەموو نهێنی و ئاماژە گوماناوییەکان بخاتە لاوە. بەڵام ئەمە تەنیا چرکەساتێکی خایاند، ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بارەکەی هەر ئاوا بەبێ یەکلاییکردنەوە بینی، خەریک بوو تەواو لە پێستی خۆی دەربچێت، بەڵام سەیر ئەوە بوو گوێڕایەڵیی فەرمانەکەی کرد، هەرچەندە ڕق و تووڕەیی تەواو بەرکیان گرتبوو، کەچی ئەو دەنگی نزم کرد و لەسەرخۆ کەوتە قسە کردن:
- ڕێگەی ئازاردانی خۆمت پێنادەم.
لەگەڵ ئەو ئازار و بێزارییەی هەستی پێدەکرد، هەستی کرد ناتوانێت فەرمانی بەرانبەرەکەی بەجێ نەهێنێت. بۆیە لە جاری پێشوو زیاتر ڕق گرتی و وتی:
- بمگرە، ماڵەکەم بپشکنە، بەڵام تکایە بەپێی یاساوڕێسا مامەڵەم لەگەڵدا بکە و یاریم لەگەڵدا مەکە! هەقی ئەوەت نییە..

پۆرفیری وەک پێشوو زەردەخەنەیەکی پڕ لە تەفرەی بۆ کرد، دەتوت لە تەماشاکردنی ڕاسکۆلنیکۆڤ چێژ وەردەگرێت، قسەی پێبڕی و وتی:

- هێند نائومێد مەبە، من تۆم بە تایبەتی و خۆمانە میوانداری کردووە، وەک هاوڕێی ڕاستەقینە.

- من هاوڕێیەتی تۆم مەبەست نییە و تفی لێدەکەم، گوێت لێمە؟ ئێستایش کڵاوەکەم هەڵدەگرم و دەڕۆم، دەی، دەڵێی چی، ئەگەر دەتەوێت بمگریت؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەگەڵ قسەکانیدا کڵاوەکەی هەڵگرت و بەرەو لای دەرگاکە چوو، دیسانەوە پۆرفیری پێکەنی و جارێکی تریش بازووی گرت و لەبەر دەرگاکە وەستاندی:

- حەز دەکەیت شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش ببینیت؟

دیار بوو پۆرفیری لەڕادەبەدەر دڵخۆش و هێور بوو، ئەمە ڕاسکۆلنیکۆڤی دەهری کردبوو. لەپڕێکدا وەستا و بە نیگەرانییەکەوە کە لە پۆرفیری دەڕوانی، لێی پرسی:

- چ شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش؟ چی بووە؟

- شتێکی سەیری چاوەڕواننەکراو، لێرەدا، لە پشت دەرگای ژوورەکەمدا دانیشتووە، هە، هە، هە!

بەدەم قسەکانییەوە بە پەنجەی ئاماژەی بۆ لای دەرگایەکی داخراو کرد لە دیوارێکی باریکدا، کە دەچووەوە سەر باڵکۆنە دەوڵەتییەکەی:

- تەنانەت دەرگاکەیشم لەسەر داخستووە نەک ڕا بکات.

- چییە مەسەلە؟ لە کوێ! چی؟

ڕاسکۆلنیکۆڤ لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە و ویستی بیکاتەوە، وەلێ دەرگاکە داخرابوو.

- داخراوە و ئەمەیش کلیلەکەیەتی.
بەڕاستیش پۆرفیری کلیلێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و پیشانی دا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە ئیتر خۆی پێنەگیرا، بەسەریدا نەڕاندی:
- هەرچی دەڵێیت درۆیە، درۆیە، لێبووکی نەفرەتی!
خۆیشی بەرەو لای پۆرفیری ڕادا، کە ئەویش بەبێ ترس بەرەو لای دەرگاکە پاشەکشەی کرد. لێی نزیک کەوتەوە و بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی:
- من هەموو شتێک تێدەگەم، هەموو شتێک! تۆ درۆ دەکەیت، سەردەخەیتە سەرم تا تەواو بمهاڕیت و شت لەسەر خۆم بڵێم..
- ئاخر، بەڕێز ڕادیون ڕومانوڤیچ، لەمە زیاتر کە تۆ دەیکەیت، چی تر هەیە بۆ ڕاستی لەسەرخۆ وتن، تۆ هیچ ئاگات لە خۆت نەماوە! هاواریش مەکە ئەگینا ناچار دەبم پیاوەکانم بانگ بکەم.
- درۆ دەکەیت، هیچ نییە، بانگیان بکە، تۆ دەتزانی من نەخۆشم و دەتویست مێشکم بهێنیتە ژاروژەنگ و تووڕەم بکەیت بۆ ئەوەی ڕاستی لەسەرخۆم بڵێم. ئەمەیە ئامانجی تۆ! نا، بەڵگەت بەدەستەوەیە، بیسەلمێنە. من لە هەمووی تێگەیشتووم! تۆ بەڵگەیەکت نییە، تۆ تەنها گریمانەیەکی سووک و ڕسوات بەدەستەوەیە، کە لە زامیوفەوە پێت گەیشتووە.. تۆ خووی من دەزانیت، دەتویست، لە پێستی خۆمم دەربکەیت و پاشان قەشە و پارێزەرم[1] بێنیتە سەر.. تۆ چاوەڕێی ئەم شتانەیت؟ وایە چاوەڕێی ئەوەیت؟ ئەی کوان؟ بۆ نایانهێنیت!

---

[1] (قەشە و پارێزەر) لە سیستمی قەزایی ئەوسادا ئەوە باو بووە کە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەدا قەشەیەک ئامادە کراوە بۆ سوێنددانی تاوانبارکراو و پارێزەرەکەیش بۆ ناسینی شوناسنامەکەی. -و-

- پارێزەری چی، بەڕێز! بەڕاست مرۆڤ چی بەسەر دێت! بەم حاڵەی ئێستاوە ناکرێت وەک تۆ دەڵێیت ڕەچاوی یاساوڕێسا بکرێت، هاوڕێ، تۆ تەواو نیت، نازانیت.. ئێمە لە یاسا و ڕێسا دەرناچین، دەیبینیت!..
لەگەڵ ئەم ورتەورتەدا پۆرفیری گوێی لای دەرگاکە بوو، بە ڕاستیش هەر لەو کاتەدا لە پشت دەرگاکەوە، لە ژوورەکەی تردا، دەنگەدەنگ دەبیسترا.
ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری لێهەستا:
- ها، هاتن، تۆ بە دووتا ناردوون!.. تۆ چاوەڕێت دەکردن! تۆ حسابت بۆ کردوون.. باشە، پێیان بڵێ با هەموویان بێن بۆ ئێرە، پارێزەر و شایەت و هەرچییەک دەتەوێت.. زووبە، من ئامادەم، ئامادەم.
وەلێ لەم کاتەدا ڕووداوێکی سەیر هاتە پێش: ڕووداوێک بە نیسبەت سەرجەمی بەسەرهاتەکەوە هێند چاوەڕواننەکراو بوو، کە نە ڕاسکۆلنیکۆڤ و نە پۆرفیری پتروڤیچ هیچیان چاوەڕوانی کۆتاییەکی وایان نەدەکرد.

٦

لە دواییدا، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ ئەو دەقیقەیەی دەهاتەوە یاد، وای دەهاتە بەرچاو کە دەنگەدەنگی پشت دەرگاکە لەپڕێکدا زۆر بە خێرایی زیادی کرد و کەمەکێک دەرگاکە کرایەوە.
پۆرفیری پتروڤیچ بە ناقایلی هاواری لێ بەرز بووەوە:
- چی ڕووی داوە؟ ئاخر، من ئاگادارم کردبوون..
بۆ چرکەساتێک وەڵام نەبوو، وەلێ دیاربوو چەند کەسێک لە پشت دەرگاکەوە یەکێکیان بەرەو دواوە ڕادەکێشا.
پۆرفیری پتروڤیچ بە نیگەرانییەوە دووبارەی کردەوە:

- ئاخر، چی بووە؟
دەنگێک هاتە گوێ کە:
- زیندانییەکمان هێناوە، نیکۆلا.
پۆرفیری بەپەلە ڕووی لە دەرگاکە کرد و هاواری لێهەستا:
- پێویست ناکات: دوور بکەونەوە، ڕاوەستن.. بۆ هاتۆتە ئێرە! چ بێسەرەوبەرەییەکە!
دەنگەکەی پێشوو وتییەوە:
- ئاخر، ئەو..
وەلێ لەپڕا دەنگەکە بڕا، دوای دوو سێ چرکەسات، نەک زیاتر، هەراوزەنایەک کەوتە ڕێ، پاشان وەک لەناکاوێکدا یەکێک دڕی بە یەکێکی تر دابێت، کەسێکی ڕەنگ هەڵبزڕکاو ڕاستەوخۆ هاتە ژوورەکەی پۆرفیرییەوە.
دیمەنی کەسەکە لە یەکەم بینینیدا گەلێک سەرسامکەر بوو، ڕاست چاوی لە بەرانبەری خۆی بڕیبوو، بەڵام لەوە نەدەچوو کەسی دیبێت. لە چاویا ویستێک دەدرەوشایەوە، کەچی دەموچاوی ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، دەتوت بەرەو لای سێدارەی دەبەن، لێوی سپی هەڵگەڕابوو کەمێکیش دەلەرزی.
کوڕەکە لە هەڕەتی لاویدا بوو، جلەکانی ئاسایی بوون، باڵای مامناوەند و لەشی لاواز، قژی لە شێوەی چەترا چاک کرابوو، سیمای دەموچاوی جوان و مەنگ بوو، ئەو کەسەی کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەم لە دەستی دەرباز ببوو، پێش ئەوانی دی لە دوایەوە هاتە ژوورێ و شانی لاوەکەی گرت، ئەمە پاسەوان بوو، وەلێ نیکۆلا خۆی ڕاپسکاند و جارێکی تر خۆی لە دەستی ڕزگار کرد. چەند کەسێکی کونپشکن لەبەر دەرگاکەدا کۆ ببوونەوە،

هەندێکیان دەیانەویست بچنە ژوورێ، هەموو ئەم ڕووداوە تەنیا چرکەیەکی خایاند. پۆرفیری پتروڤیچ کە پێدەچوو ئاگای لە خۆی نەمابێت، بە بێزارییەکی زۆرەوە لەسەرخۆ وتی:

- بڕۆ، هێشتا زووە، ڕاوەستە تا بانگت دەکەم.. بۆ پێشوەخت هێناوتانە؟

لە ناکاوێکدا نیکۆلا لە بەردەمیدا کەوتە سەر چۆک.

پۆرفیری بە سەرسامییەوە هاواری کرد:

- چی بووە؟

نیکۆلا وەک تووشی تەنگەنەفەسی هاتبێت، لەپڕێکدا بە دەنگی بەرز وتی:

- تاوانبارم، من تاوانەکەم کردووە، من پیاوکوژەکەم.

ماوەی دە چرکە بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا، دەتگوت هەموو شتەکان لە جێگای خۆیاندا وشک بوون، تەنانەت پاسەوانەکەیش سڵەمییەوە و ئیتر نزیکی نیکۆلا نەکەوتەوە، بەڵکو لای دەرگاکە پاشەکشەی کرد و بەبێ چرکە لەوێدا وەستا.

پۆرفیری پتروڤیچ لە حاڵەتی ساکاوییەکەی دەرهات و هاواری کرد:

- چی بووە؟

نیکۆلا کەمێک وەستا و دووبارەی کردەوە:

- من.. پیاوکوژەکەم.

- چۆن.. تۆ! چۆن.. کێت کوشتووە؟

دیاربوو پۆرفیری پتروڤیچ تەواو پەشۆکابوو، دیسانەوە نیکۆلا دوای کەمێک بێدەنگی لەپڕێکدا لەسەر قسەکانی ڕۆشت:

- ئەلێنا ئیڤانۆڤنا و لیزاڤێتا ئیڤانۆڤنای خوشکی من.. کوشتوومن.. بە تەور، هۆشم لەسەردا نەمابوو..!

دیسانەوە بێدەنگ بووەوە، هێشتا هەر لەسەر زەوییەکە بە چۆکدا هاتبوو.

پۆرفیری پتروڤیچ چەند چرکەساتێک لە جێگای خۆیدا مایەوە، وەک لە بیرکردنەوەدا بێت، پاشان لەپڕێکدا کەوتەوە جووڵە و بە دەستی ئاماژەی چوونەدەرەوەی لە ئامادەبووەکان کرد، ئەوانیش لە چاو تروکانێکدا ونبوون و دەرگاکە داخرایەوە. ئینجا تەماشایەکی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد کە لە سووچێکدا وەستابوو و بە سەرسامییەوە لە نیکۆلا دەڕوانی، خەریک بوو بڕوات بۆ لای و لەپڕێکدا وەستا، دیسانەوە تەماشای کردەوە و لە ناکاوێکدا ڕوانینەکەی گواستەوە بۆ لای نیکۆلا و لە نیکۆلاەوە بۆ ئەو و دیسانەوە لەوەوە بۆ لای نیکۆلا و ئینجا پەلاماری دایە نیکۆلا و بە تووڕەییەوە هاواری لێکرد:

- تۆ بۆچی پێشوەخت بەم بیرە ئاڵۆزەتەوە سەرم لێ تێک دەدەیت؟ من هێشتا پرسیارم لێنەکردوویت کە ئایا ئەقڵت لەسەردا ماوە یان نا.. ئایا تۆ کوشتووتە یان نا؟

نیکۆلا وتی:

- من کوشتوومن.. بەڵگەم هەیە.

- سەیرە! بەچی کوشتونت؟

- بە تەور، لە پێشا ئامادەم کردبوو.

- چەندی پەلەیە! بە تەنیا بوویت؟

نیکۆلا لە پرسیارەکە تێنەگەیشت.

- بە تەنیا کوشتنت؟

- بە تەنیا، میتکا هیچی لەسەر نییە و بەشداری هیچی نەکردووە.

- باشە، لەبارەی میتکاوە پەلە مەکە! ئاە.. ئاخر، چۆن تۆ.. چۆن لە نەردەوانەکەوە هاتیتە خوارێ؟ ئاخر، دەرگاوانەکان هەردووکتانیان پێکەوە دیبوو؟

نیکۆلا بەپەلە، وەک پێشتر وەڵامەکەی ئامادە کردبێت، وتی:

- ئەم کارە من.. ئەوسا.. بۆ ڕێونی لەگەڵ میتکادا هاتمە خوارێ.

پۆرفیری بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

- باشە، ڕاستە.

پاشان وەک لەگەڵ خۆیدا لەسەرخۆ بڵێت: ئەمانە قسەی ئەونین. لەپڕێکدا دیسانەوە چاوی بە ڕاسکۆلنیکۆڤ کەوتەوە. دیار بوو هێند بە نیکۆلاوە خۆی سەرگەرم کردبوو، کە بۆ ماوەیەک ڕاسکۆلنیکۆڤی بە تەواوی لە بیر نەمابوو، وا ئێستا لەپڕێکدا هاتەوە سەر خۆی و تەنانەت کەمەکێکیش شڵەژا. بۆیە ڕووی تێکرد و وتی:

- ڕادیون ڕومانوڤیچ، برا گیان، ببوورە، وا نابێت.. فەرموو بڕۆ.. تۆ کارت لێرە نییە.. من خۆیشم.. دەبینیت چ ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێشێ.. تۆ فەرموو.

پاشان دەستی گرت و بەرەو لای دەرگاکە ئاماژەی بۆ کرد.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بێگومان هێشتا بە تەواویی لە مەسەلەکە نەگەیشتبوو، بەڵام دەرفەتی بڕوابەخۆبوونی جارێکی تر ڕەخساندەوە و وتی:

- دەڵێی تۆ چاوەڕێی شتێکی وانەبوویت؟

- تۆیش، بەڕێزم، چاوەڕێی شتی وا نەبوویت، بڕوانە دەستت چۆن دەلەرزێت! هە، هە، هە!

- تۆیش دەلەرزیت پۆرفیری پتروڤیچ.

- بەڵێ منیش دەلەرزم، چاوەڕێی شتی وانەبووم!

ئیدی ئەوان لەبەر دەرگاکە وەستابوون، پۆرفیری ئارامی لێبڕابوو، چاوەڕێی ڕۆیشتنی ڕاسکۆلنیکۆڤی دەکرد.
لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ وتی:
- ئەی شتە چاوەڕواننەکراوەکەم پیشان نادەیت؟
- ئەمە دەڵێیت، بەڵام لە ترسا دانەچۆقەی پێکەوتبوو. هە، هە، بە ڕاستی گاڵتەجاڕیت، دەی، بە ئومێدی دیدار.
- بڵێ خوات لەگەڵ.
پۆرفیری بە زەردەخەنەیەکەوە کە لێوی شۆڕکردبووەوە وتی:
- هەرچی خوا نەیکات نابێت، هەرچی خوا نەیکات نابێت.
ئەو کاتەی ڕاسکۆلنیکۆڤ بە ژووری نووسینگەکەدا تێدەپەڕی، سەرنجیدا کۆمەڵێک لێی دەڕوانن، لە ژووری چاوەڕوانیدا، لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا، توانی دوو دەرگاوانی "ئەو" ئاپارتمانە ببینێت، کە لەو شەوەدا پێشنیازی بۆ کردن ببەن بۆ لای پۆلیس، ئەو دووانە وەستابوون و چاوەڕێی شتێکیان دەکرد. بەڵام هەر ئەوەندەی پێی نایە سەر نەردەوانەکان، سەرلەنوێ لە دوای خۆیەوە دەنگی پۆرفیری پتروڤیچی گوێ لێبووەوە. کە گەڕایەوە، بینی لە دوایەوە ڕادەکات و هانکەهانکیەتی.
- تەنیا وشەیەک، ڕادیون ڕومانوڤیچ، لەبارەی هەموو ئەم ڕووداوانەوە.. بێگومان هەرچی خوانەیکات نابێت. وەلێ بەهەرحاڵ، بەپێی یاسا، ناچارم هەندێک شتت لێپرسم.. کەواتە پاشان یەکدی دەبینین، وانییە؟
بەدەم قسەکانیەوە بەرانبەر بە ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستابوو و زەردەخەنەی دەکرد، دیسان دووبارەی کردەوە: وانییە؟
پێدەچوو بیەوێت شتێک بڵێت، وەلێ نەیدەتوانی.

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە تەواو ورەی هاتبووەوە بەر و زۆر ئارەزووی بەخۆنازینی دەکرد، وتی:
- تۆیش پۆرفیری پتروڤیچ، دەربارەی ئەوەی کە ڕۆشت، بمبەخشە.. من تەواو ڕقم هەستابوو.
پۆرفیری تا ڕادەیەک بە خۆشحاڵییەوە دوای قسەکانی ئەو کەوت و وتی:
- گرنگ نییە، گرنگ نییە، خۆیشم، تۆزێ ڕەقم، بەداخەوە، بەداخەوە، باشە، کەواتە من و تۆ یەکتر دەبینینەوە، ئەگەر خوا بیکات زیاتر یەکدی دەبینین.
ڕاسکۆلنیکۆڤ بۆی تەواو کرد:
- یەکتریش باشتر دەناسین؟
- یەکتریش باشتر دەناسین.
لەگەڵ ئەم قسانەدا پۆرفیری پتروڤیچ چاوی کەمێک کز کرد و دڵگیرانە چاوی لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بڕی و وتی:
- ئێستا دەچیت بۆ ئاهەنگی لەدایکبوون؟
- دەچم بۆ بەخاکسپاردنی مردوو.
- وایە، بۆ بەخاکسپاردن! ئاگات لە تەندروستیی خۆت بێت، تەندروستی..
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە بە پلیکانەکاندا بەرەوخوار دەبووەوە، وتی:
- بەڵام من نازانم لای خۆمەوە چ دوعایەکت بۆ بکەم!
دیسانەوە ڕووی لە پۆرفیری کردەوە و لەسەر قسەکانی ڕۆشت:
- پێم خۆش بوو کارەکەت بەرەو پێش بڕوات، بەڵام وا خۆت دەبینیت کارەکەت چەند ڕسوایە!

پۆرفیری کە بۆ ڕۆیشتن ڕووی وەرگێڕابوو، زوو گوێقوڵاغ بوو و پرسی:

- بۆ ڕسوایە؟

- ئیتر، تۆ ئەم نیکۆلا قوڕبەسەرەت وا ئازار داوە –بێگومان بە شێوازی خۆت– تا کەوتۆتە دانپیانان. بێگومان شەووڕۆژ پێت وتوە: "تۆ پیاوکوژیت، تۆ پیاوکوژیت.." ئێستایش کە دانی پێداناوە، تۆ جارێکی تر باوکی لە گۆڕ دەردێنیت و پێی دەڵێی: "درۆ دەکەیت، تۆ پیاوکوژ نیت! مەحاڵە تۆ پیاوکوژ بیت! ئەمانە قسەی تۆ نین و فێریان کردوویت!" باشە، دوای ئەم هەموو شتانە چۆن کارەکەت ڕسوایی نییە؟- هە، هە، هە! کەواتە ئاگادار بوویت کە ئێستا بە نیکۆلام وت کە ئەو "قسەی خەڵکی تر دەڵێتەوە؟"

- چۆن ئاگادار نەبم؟

- هە، هە، هۆشیاریت، هۆشیاریت، سەرنجی هەموو شتێک دەدەیت! بە ڕاستی بیرت تیژ و گاڵتەئامێزە، سەرنجی پێکەنیناویترین شت دەدەیت.. هە، هە! دەڵێن لە نێو نووسەراندا گۆگۆل بەهرەدارترین نووسەری لەم بابەتە بووە.

- بەڵێ گۆگۆل[1].

- بەڵێ، گۆگۆل.. باشە، بە ئومێدی دیدار..

ڕاسکۆلنیکۆڤ ڕاست چووەوە بۆ ماڵەوە. ئەمەندە شەکەت بوو، هەر کە گەیشتە ژوورەکەی، لەسەر قەنەفەکەی کەوت. نیوسەعات مایەوە تا بحەسێتەوە و بیر و ئەندێشەکانی کۆ بکاتەوە. نەیویست لەبارەی

---

[1] گۆگۆل (١٨٠٩-١٨٥٢) گەورە نووسەر و شانۆکاری ڕووسی لە بەرهەمە گرنگەکانی: پشکنەر، پاڵتۆ، تاراس بولبا، گیانە مردووەکان. –ی–

نیکۆلاوە هیچ خۆی خەریک بکات. هەستی بە شپرزەییەکی سەخت کرد، لە دانپیانانی نیکۆلادا نهێنییەکی سەرسووڕهێنەر هەیە، کە بە هیچ جۆرێک ئێستا تێی ناگات.

بەڵام دانپیانانی نیکۆلا شتێکی ڕاست بوو، ئەنجامەکەی زۆر بە ڕوونی لەبەرچاوی خۆیدا بەرجەستە کرد: نەدەبوو ئەو درۆیە تا سەر هەر بە شاراوەیی بمێنێتەوە، ئەوسا جارێکی تر دێنەوە وێژەی ئەم، بەڵام هیچ نەبێت تا ئەو کاتە ئازادە و دەبێت شتێک بۆ حاڵی خۆی بکات، چونکە مەترسییەکە هەر لەئارادایە.

وەلێ ئەمە تاکەی؟ بارودۆخەکە وردەوردە ڕووناکتر دەبووەوە، چونکە زۆر بە خێرایی، کەوتەوە بەسەرکردنەوەی ئەو قسانەی لەگەڵ پۆرفیریدا کردبووی. دیسانەوە ترس و لەرزی لێهێنایەوە، بێگومان هێشتا لە هەموو ئامانجەکانی پۆرفیری تێنەگەیشتبوو، بۆیە نەیدەتوانی گشت حسابەکانی ئەو بپێکێت، وەلێ بەشێکی یارییەکانی کەوتبوونە ڕوو، دیارە کەسیش لەم چاکتر نەیدەتوانی لەوە بگات کە شێوازی پۆرفیری لەم یارییەدا تا چ ڕادەیەک بۆ شەخسی ئەم پڕ لە مەترسییە. ئەگەر هەندێکی تری پێبچوایە، لەوانەبوو ئەمیش بە تەواوی بێتە سەر چۆک و چی هەیە بیڵێت. پۆرفیری هەر لە یەکەم بینینەوە بە تەواوی چوو بووە ناو ڕۆحی ڕاسکۆلنیکۆڤەوە و شارەزای ئەوە ببوو، کە ڕاسکۆلنیکۆڤ چەندە نەخۆش و شپرزەیە، هەرچەندە زۆر هەنگاوی نەدەنا، بەڵام لەسەرخۆ و بەدڵنیاییەوە جێپێی خۆی خۆش دەکرد. ڕاستە ڕاسکۆلنیکۆڤ لەو ماوەیەدا بەرانبەر پۆرفیری لە هەندێک قسەدا تێکەوتبوو، وەلێ هێشتا بەڵگەیەکی سەلمێنەری نەدابوو بە دەستەوە، ئەوەی هەبوو، تەنیا گریمانە و گومان بوو. وەلێ ئایا ئەوەی ئێستا بە خەیاڵیدا دێت،

ڕاستە؟ ئایا هەڵە نییە؟ پۆرفیری ئەمڕۆ دەیویست بگاتە چ ئەنجامێک؟ ئایا لە ڕاستیدا شتێکی ئامادە کردبوو؟ ئەی ئەو شتە چی بوو؟ ئایا چاوەڕێی شتێکی دەکرد یان نا؟ ئەگەر ئەو بەسەرهاتەی نیکۆلا پێش نەهاتایە، چۆن ئەمڕۆ لە یەکتری جیا دەبوونەوە؟

تا ڕادەیەک پۆرفیری هەموو شێوازی کارەکەی خۆی ئاشکرا کردبوو، هەڵبەتە پەلەی تیا بوو، وەلێ بەهەرحاڵ، شێوازەکەی خۆی خستبووە ڕوو، لای ڕاسکۆلنیکۆڤ وا کەوتبووەوە ئەگەر پۆرفیری زانیاری زیاتری لابووایە، هیچ گومانی تیا نەبوو کە دەیوت. ئەی "ئەو شتە چاوەڕواننەکراوە" چی بوو کە ئاماژەی بۆ کرد؟ گاڵتە بوو؟ بڵێی بەڵگەیەکی سەلمێنەر نەبێت؟ یان شتێکی شاراوە؟ ئەی پیاوەکەی دوێنێ؟ ئەو چی لێهات؟ ئەمڕۆ لە کوێ بوو؟ باشە ئەگەر پۆرفیری بەڵگەیەکی سەلمێنەری هەبووایە، بێگومان دەبوو پەیوەندییەکی تەواوی بە کابرای دوێنێوە هەبێت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، سەری دانەواندبوو، ئانیشکی نابووە سەر ئەژنۆی و دەموچاوی خستبووە ناو لەپیەوە. مووچرکێکی تووڕەیی بە هەموو لەشیدا دەگەڕا، لە دواییدا هەستا، کڵاوەکەی هەڵگرت، بیری کردەوە و بەرەو لای دەرکەکە چوو.

ڕاسکۆلنیکۆڤ هەستی ئەوەی تێگەڕابوو کە لایەنی کەم دەتوانێت ئەمڕۆ بەبێ سەرئێشە بێت. لەپڕا لەناو دڵیدا هەستی بە خۆشی کرد، حەزی دەکرد زووتر بگاتە لای کاترینا ئیڤانۆڤنا. بێگومان بۆ لە گۆڕنانی تەرمەکە درەنگ کەوتبوو، بەڵام بۆ ڕێوڕەسمی داوەتیی پرسەکە هێشتا دەرفەت مابوو، بێگومان لەوێ سۆنیایش دەبینێت.

ڕاسکۆلنیکۆڤ وەستا، بیرێکی کردەوە و زەردەخەنەیەکی بیمارانەی کەوتە سەرلێو، دیسانەوە لەگەڵ خۆیدا کەوتەوە قسە:

- ئەمڕۆ! ئەمڕۆ! بەڵێ، هەر ئەمڕۆ، دەبێت بەم جۆرە..
کە ویستی دەرگاکە بکاتەوە، دەرگاکە لە خۆیەوە درزێکی تێکەوت، ڕاسکۆلنیکۆڤ موچرکێکی پێداهات و گەڕایەوە دواوە، دەرگاکە لەسەرخۆ و بێدەنگ دەکرایەوە و لەپڕێکدا دەموچاوێکی لێدەرکەوت. دەموچاوی ئەو زەلامەی دوێنێ لەژێر زەوییەوە هەڵقوڵابوو، کابرا لەبەر دەرگاکەدا وەستا، نیگایەکی بێدەنگیی ڕاسکۆلنیکۆڤی کرد و هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوە، هەروەک دوێنێ وابوو، بە هەمان داروبار و جلوبەرگەوە، وەلێ لە دەموچاو و ڕوانینیدا گۆڕانێکی گرنگ دیاربوو، ئەمڕۆ غەمگینتر دەهاتە بەرچاو. دوای کەمێک وەستان، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، تەنیا ئەوەندەی مابوو کە ڕوومەتی بگرێتە ناولەپی دەستی و سەری بخات بە لایەکدا بۆ ئەوەی تەواو لە پیرێژنێک بکات.
ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لە شوێنی خۆیدا وشک ببوو لێی پرسی:
- چیت دەوێت؟
پیاوە کە دەنگی لێوە نەهات، دوای کەمێک بەڕێزەوە خۆی تا نزیک زەوییەکە چەماندەوە، تا ئەو ڕادەیەی پەنجەی دەستی ڕاستی بەر زەوییەکە کەوت.
ڕاسکۆلنیکۆڤ هاواری کرد:
- تۆ چی دەکەیت؟
- پیاوەکە لەسەرخۆ وتی:
- من تاوانبارم.
- تاوانباری چیت؟
- تاوانباری ئەو بیروباوەڕە شەڕئەنگێز و زاڵمانەیەی کە هەمە.
هەردووکیان لەیەکدیان ڕوانی.

- ناڕەحەت بووم، ئەو کاتەی کە هاتیت و وابزانم کەمێکیش سەرخۆش بوویت، داوات لە دەرگاوانەکان کرد بتبەن بۆ لای پۆلیس و چەند پرسیارێکت دەربارەی خوێن کرد، ناڕەحەت بووم کە گوێیان نەدایێ و بە سەرخۆشیان زانیت، هێند ناڕەحەت بووم خەوم لێنەکەوت، لەبەر ئەوەی شوێنەکەتم دەزانی، دوێنێ هاتم و هەواڵم پرسیت..

ڕاسکۆلنیکۆڤ کە یەکسەر شتەکانی وەبیر هاتەوە، قسەکانی پێبڕی و پرسی:

- کێ هات؟

- من، چونکە سووکایەتیم پێکردبوویت.

- کەواتە تۆ لەو ئاپارتمانەدایت؟

- بەڵێ، من لەوێدا، لە هەمان کاتدا لەناو دەرگاکەدا لەگەڵیاندا وەستابووم، ئەڵێی لە بیرت نەماوە؟ من لەوێ لە کۆنەوە کاری کەوڵدوورین دەکەم، ئێمە هەر لە ماڵەکەماندا ئەو کارە دەکەین.. بە ڕاستی لە هەموویان زیاتر من ناڕەحەت بووم..

لەپڕێکدا ڕاسکۆلنیکۆڤ هەموو بەسەرهاتەکەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر کە لەبەر دەرگاکە ڕووی دابوو، هاتەوە بیر، بیری کەوتەوە کە بێجگە لە دەرگاوانەکان، لەو جێگایەدا چەند کەسێکی تریش وەستابوون و ژنیشیان تیابوو. بیری کەوتەوە کە دەنگێک پێشنیازی کرد ڕاستەوخۆ ئەم ببەن بۆ بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، نەیدەتوانی دەموچاوی ئەو کەسەی قسەکەی کردبوو، بهێنێتە بەرچاوی، ئێستایش هەر نەیدەناسی، وەلێ دەیزانی کە وەڵامێکی ئەو زەلامەی داوەتەوە و ڕووی بۆ لای وەرگێڕاوە..

کەواتە، ئەمە هەموو بەسەرهاتە تراژیدییەکەی دوێنێ بوو! لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو کە نزیک بوو تیا بچێت، خەریک بوو بە هۆی مەسەلەیەکی نابووت و بێنرخەوە خۆی لەناو بەرێت. دیارە ئەم زەلامە بێجگە لە کێشەی خانوو بەکرێگرتن و قسەکردن لەبارەی خوێنەوە هیچی تری پێنییە، بێگومان پۆرفیرییش هیچ لە هەمانەکەیدا نییە، بێجگە لە مەسەلەی هوڕاوەکردنەکە نەبێت، چ بەڵگەیەکی ڕاستی، جگە لە لایەنی "سایکۆلۆژی" کە ئەویش دوو سەری هەیە، شتێکی تری دروستی پێنییە. ئەگەر شتی تری دەست نەکەوێت، (نایشبێت دەستی بکەوێت، نابێت و نابێت).

ئەی ئیتر دەتوانن چی لەگەڵ ئەمدا بکەن؟ چۆن دەتوانن تاوانەکەی بەسەردا ساغ بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بیشیگرن؟ پێدەچێت پۆرفیرییش تازە شتێکی لەبارەی چوونی ئەم بۆ ئاپارتمانەکە زانیبێت و تا ئێستا ئاگای لە هیچ نەبووبێت، ڕاسکۆلنیکۆڤ کە لەپڕێکدا ئەم بیرۆکەیە بەسەریدا تێپەڕی، هاواری کرد:

- کەواتە تۆ بوویت ئەمڕۆ بە پۆرفیریت وت کە.. کە من هاتبووم؟

- کامە پۆرفیری؟

- دادوەری لێکۆڵەرەوە.

- من پێم گوت، ئەوسا دەرگاوانەکان نەچوون، بەڵام من چووم.

- ئەمڕۆ؟

- لە پێش تۆدا، دەقیقەیەک لە پێش تۆوە لەوێ بووم و هەموو شتێکم بیست. بینیم چۆن ئازاریان دەدایت.

- لەکوێ؟ چی؟ کێ؟

- لەوێ، لە پشت دیوارەکەوە، هەموو وەختەکە لەوێ دانیشتبووم.

- سەیرە؟ کەواتە "شتە چاوەڕواننەکراوەکە" تۆ بوویت؟ ئاخر چۆن شتی وا دەبێت؟

کابرا وتی:

- کە بینیم دەرگاوانەکان گوێ لە قسەم ناگرن و دەیانوت درەنگە و ڕەنگە تازە کاتی دادوەر ناجۆر بێت کە بۆ زوو نەچووینەتە لای، ناڕەحەت بووم، تەنانەت خەوم لە خۆم حەرام کرد و کەوتمە تاقیبات. کە دوێنێ شتێکم لەم ناوە دەست کەوت، ئەمڕۆ چووم، یەکەمجار کە چووم، لەوێ نەبوو، دوای سەعاتێک ڕۆشتمەوە، گوێیان پێنەدام، جاری سێیەم، ڕێگەیاندام، ئەوسا هەرچی هەبوو نەبوو بۆم باس کرد، ئەو لە ژوورەکەیدا کەوتە پیاسە، مشتی بە سنگیا دەکێشا و دەیوت: "چ بەڵایەکم بەسەردێنن ڕێگرینە؟! ئەگەر ئەمەم بزانیایە پۆلیسم دەنارد و دەمگرت" پاشان لە ژوورەکە دەرپەڕی، یەکێکی بانگ کرد و لە سووچێکدا کەوتنە قسە، دوایی هاتەوە لام و کەوتە تاقیبات و جوێندان، گەلێک سەرزەنشتی کردم، من هەموو شتێکم پێوت، باسی ئەوەیش کە تۆ نەتوێرا وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە و هەر نەیشتناسیم، دیسانەوە بە ناو ژوورەکەدا کەوتەوە ڕاکەڕاکە و بە سنگدا کێشان، تووڕەوترۆ ئەمسەروئەوسەری دەکرد و کە هەواڵی هاتنی تۆیان دایە، وتی: "بڕۆ پشت تیغە دیوارەکەوە، لەوێ دابنیشە و هەرچیت بیست، نابێت بجوڵێیت" خۆیشی کورسیی بۆ هێنام و دەرگاکەی لەسەر بەستم، وتی: "ڕەنگە تۆیش بانگ بکەم" بەڵام کە نیکۆلایان هێنا، دوای ڕۆیشتنی تۆ منی هێنایە دەرەوە و وتی: "جارێکی تر دەتهێنمەوە ئێرە و دیسانەوە هەندێک پرسیاری ترت لێدەکەمەوە".

- کە تۆ لەوێ بوویت، هیچیان لە نیکۆلا پرسی؟

- كە تۆی ڕەوانە كرد، منیشی ڕەوانە كرد و كەوتە لێكۆڵینەوە لەگەڵ نیكۆلا.
كابرا وەستا و لەپڕا دیسانەوە دانەویەوە تا پەنجەی بەر زەوی كەوت.
- لێم ببوورە تۆمەتبارم كردیت، ڕقم هەستابوو.
ڕاسكۆلنیكۆڤ وەڵامی دایەوە:
- خوا لێت ببوورێت.
كە ئەمەی وت، كابرا دیسانەوە دانەویەوە، بەڵام نەك وەك جاری پێشوو، بەڵكو تا ناوقەدی. لەسەرخۆ گەڕایەوە و چووە دەرێ.
ڕاسكۆلنیكۆڤ كە لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە "هەمووی دوو سەری هەیە، ئێستا هەموو شتێك دوو سەری هەیە" لە جاران چالاكتر لە ژوورەكە چووە دەرەوە و پاشان لەو كاتەدا كە لە پلیكانەكانەوە دەچووە خوارێ بە زەردەخەنەیەكی ڕكاوییەوە وتی: "ئێمە دیسانەوە لەململانێداین!" بەڵام ڕكەكەی بەرەوڕووی خۆی بوو، چونكە بە بێزاری و شەرمەوە بیری لەو و بیری لەو (ترسنۆكییەی) خۆی دەكردەوە كە لەمەوبەر باڵی بەسەریدا كێشابوو.